حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی
سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی
فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان
سکوڵی زمان

# پرۆسەو یاساکانی وشەدروستکردن لە زمانی کوردیدا

( بەشەدیالێکتی سلێمانی )

نامەیەکە

هێمن سەلاحەدین ڕەمەزان

پێشکەشی ئەنجومەنی سکوڵی زمان/ فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان لە زانکۆی سلێمانی کردووەو بەشێکە لە پێویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی ماستەر لە زمانی کوردیدا

بە سەرپەرشتی

پ.د. محەمەد عەبدولفەتاح حەمەسەعید

(٢٧١٥) کوردی (٢٠١٥) زاینی

# پرۆسەو یاساکانی وشەدروستکردن لە زمانی کوردیدا

( بەشەدیالێکتی سلێمانی )

نامەیەکە

هێمن سەلاحەدین ڕەمەزان

پێشکەشی ئەنجومەنی سکوڵی زمان/ فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان لە زانکۆی سلێمانی کردووەو بەشێکە لە پێویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی ماستەر لە زمانی کوردیدا

بە سەرپەرشتی

پ.د. محەمەد عەبدولفەتاح حەمەسەعید

(٢٧١٥) کوردی (٢٠١٥) زاینی

# پێشەکی

# بەشی یەکەم

# پێکهاتەی مۆرفۆلۆژی لە مۆدێلی ڕێزمانی کوردیدا

# بەشی دووهەم

# پۆلەڕەگەزە فەرهەنگییەکان و لاگرەکان

# بەشی سێهەم

# تاقیکردنەوەو هەڵسەنگاندن

# ڕاپۆرتی سەرپەرشت

ئــەم نامەیــە بــە چــاودێری مــن لــە زانکــۆی ســلێمانی ئامــادەکراوەو بەشــێکە لــە پێداویستییەکانی پلەی ماجستێر لە زمانی کوردیدا .

ناو: پ.د. محەمەد عەبدولفەتاح حەمەسەعید
ڕۆژ:   /   /٢٠١٥

بە پێی ئەو پێشنیازە، ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم .

ناو: کاروان عومەر قادر
سەرۆکی بەشی زمانی کوردی
ڕۆژ:   /   /٢٠١٥

## ڕاپۆرتی لیژنەی گفتوگۆو هەڵسەنگاندن

ئێمە ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆو هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیەمان خوێندەوەو لەگەڵ خوێندکارەکەدا گفتوگۆمان لە بارەی ناوەڕۆك و لایەنەکانی تری کردو بڕیارماندا، کە شایانی ئەوەیە بە پلەی (                    )، بڕوانامەی ماجستێری لە زمانی کوردیدا پێبدرێت .

ناو: پ.ی.د. مهاباد کامل عەبدوڵڵا
ئەندام
ڕۆژ:    /    /٢٠١٥

ناو: پ.ی.د. مەحموود فەتحوڵڵا ئەحمەد
سەرۆکی لیژنە
ڕۆژ:    /    /٢٠١٥

ناو: پ.ی.د. شیلان عومەر حسەین
ئەندام
ڕۆژ:    /    /٢٠١٥

ناو: پ.د. محەمەد عەبدولفەتاح حەمەسەعید
ئەندام و سەرپەرشت
ڕۆژ:    /    /٢٠١٥

لەلایەن سکوڵی زمانەوە پەسەندکرا .

ناو: پ.   د. عەبدولقادر حەمەئەمین محەمەد
سەرۆکی سکوڵی زمان
ڕۆژ:    /    /٢٠١٥

## پێشکەشە بە:

- هەموو ئەو بەڕێزانەی، کە خزمەتی زمان و خاك و دۆزی کورد دەکەن.
- دایك و باوکم.
- خوشك و براکانم.
- هەموو هاوڕێکانم.

# سوپاس و پێزانین

**سوپاس و پێزانینم بۆ:**

- سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی و ڕاگرایەتی فاکەڵتی زمان و زانستە مرۆڤایەتییەکان و سەرۆکایەتی سکوڵی زمان و سەرۆکایەتی بەشی کوردی و لیژنەی خوێندنی باڵا، کە هەمیشە پشتیوانی خوێندنی باڵا دەکەن.
- مامۆستای سەرپەرشتم بەڕێز پ.د محەمەد عەبدولفەتاح حەمەسەعید، کە زۆر هاوکارم بووە.
- ئەو مامۆستا دڵسۆزانەی لە هەموو قۆناغەکانی خوێندندا وانەیان پێگوتوومەتەوە.
- کتێبخانەی ناوەندی زانکۆی گەرمیان، بە پێدانی سەرچاوە هاوکارم بوون.
- هاوڕێیانم (ئارام ئەمین) و (محەمەد مەجید)، کە لە وەرگێڕاندا هاوکارییانکردم.
- (د. جەلال سەعدوڵڵا) و (م. ملکۆ ئەحمەد)، کە بە وەرگێڕانی پوختەکە بۆ زمانی ئینگلیزی و عەرەبی هاوکارم بوون.

# هێماو کورتکراوەکان

| | |
|---|---|
| / | یان |
| ← | دەبێت بە |
| −* | نارێزمانی |
| [ ] | سیمای واتایی |
| / / | مۆرفێم |
| { } | فرێز |
| >> << | زاراوە |

# فەرهەنگۆکی زاراوەکان

| به زمانی کوردی | به زمانی ئینگلیزی |
|---|---|
| ئەکرۆنێم | Acronymy |
| بەڕێزمانی بوون | Gramaticalzation |
| به لێکسیمبوون | Lexicalization |
| به لێکسیمبوونی  پێڕەوبەند | Systematic lexicalization |
| پارچەلێوەرگرتن/ وردکردنەوە | Clepping |
| پۆلەڕەگەزی فەرهەنگی | Lexical categories |
| تێکەڵکردن | Belending |
| چەپکە سێم | Sem-Clusters |
| سەرەناو | Substantive |
| سیمای هاوبەش | Noem |
| سیما واتاییەکان | Semantic features |
| کرداره ڕازێنراوەکان | Oranative verb |
| له ڕێزمانی کەوتن | Degramaticalization |
| لاگرەکانی شکاندنەوە | Inflexional affixes |
| لاگرەکانی هەڵگواستن | Derivational affixes |
| مۆرفێم | Morpheme |
| مۆرفۆلۆژی | Morphology |
| وشەدروستکردن | Word building |
| وشه گەردانکراوەکان | Conjugated words |
| وشه نیشانه وەرگرەکان/ چەماوەکان | Declinable words |
| وەرگرتن | Borrowing |

# پێڕستی ناوەڕۆك


| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| ١ | **پێشەکی** |
| ٢ | ١/٠) ناونیشان و بواری نامەکە |
| ٢ | ٢/٠) گرنگی و هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە |
| ٢ | ٣/٠) سنوورو کەرەستەی نامەکە |
| ٢ | ٤/٠) گرفتی نامەکە |
| ٣ | ٥/٠) ڕێبازی لێکۆڵینەوەی نامەکە |
| ٣ | ٦/٠) بەشەکانی نامەکە |
| ٤-٧٩ | **بەشی یەکەم: پێکهاتەی مۆرفۆلۆژی لە مۆدێلی ڕێزمانی کوردیدا** |
| ٧ | ١/١) مۆدێلی ڕێزمانی کوردی |
| ١٦ | ١/١-١) مۆرفێمە فەرهەنگییەکان |
| ١٧ | ١/١-٢) مۆرفێمە سینتاکسییەکان |
| ١٧ | ١/١-٢-١) نیشانە وەرگرەکان/ وشە چەماوەکان Declinable words |
| ٢١ | ١/١-٢-٢) وشە گەردانکراوەکان Conjugated words |
| ٢٤ | ٢/١) مۆرفۆلۆژی وشەدروستکردن |
| ٢٦ | ٢/١-١) وشەدروستکردن لە مۆرفۆلۆژییدا |
| ٢٧ | ٢/١-١-١) لەیەکدان و وشەی لێکدراو |
| ٣٠ | ٢/١-١-١-١) وشەی لێکدراو بە بێ مۆرفێمی ناوگر |
| ٣٣ | ٢/١-١-١-٢) وشەی لێکدراو بە یارمەتی مۆرفێمی ناوگر |
| ٣٦ | ٢/١-١-٢) هەڵگواستن و وشەی هەڵگوێزراو |
| ٣٧ | ٢/١-١-٢-١) ناوی هەڵگوێزراو |
| ٣٨ | ٢/١-١-٢-٢) ئاوەڵناوی هەڵگوێزراو |
| ٣٩ | ٢/١-١-٢-٣) کرداری هەڵگوێزراو |

| | |
|---|---|
| ١/٢-١-٢-٤) ئاوەڵکرداری هەڵگوێزراو | ٣٩ |
| ١/٢-١-٣) تێکەڵکردن Belending | ٤٠ |
| ١/٢-١-٤) پارچەلێوەرگرتن/ وردکردنەوە Clepping | ٤٠ |
| ١/٢-١-٥) ئەکرۆنێم Acronymy | ٤١ |
| ١/٢-١-٦) وەرگرتن Borrowing | ٤١ |
| ١/٢-٢) وشەدروستکردن لە سینتاکسدا | ٤١ |
| ١/٢-٢-١) لەیەکدان (وشەی دروستکراو لە سینتاکسدا) | ٤٤ |
| ١/٢-٢-٢) مۆرفۆلۆژی وشەدروستکردن لە سینتاکسدا | ٤٦ |
| ١/٣) سیما واتاییەکان Semantic features | ٥٠ |
| ١/٣-١) سیما واتاییە جیهانییەکان | ٥٣ |
| ١/٣-٢) سیما واتاییە تایبەتەکان | ٥٤ |
| ١-٤) پۆلەڕەگەزە فەرهەنگییەکان و پۆلێنکردنی باوورۆیشتوو | ٥٥ |
| ١/٤-١) چەشنەکانی ناو | ٥٦ |
| ١/٤-٢) ناوی کرداری | ٥٩ |
| ١/٤-٣) چەشنەکانی ئاوەڵناو | ٦٦ |
| ١/٤-٤) چەشنەکانی ئاوەڵکردار | ٧٢ |
| **بەشی دووهەم: پۆلەڕەگەزە فەرهەنگییەکان و لاگرەکان** | **٨٠- ١٣٨** |
| ٢/١) پۆلێنکردن بە پێی بەکارهێنان | ٨١ |
| ٢/١-١) پۆلێنکردن و دەرهێنانی سیما واتاییەکان | ٩١ |
| ٢/١-١-١) وشەی لێکدراو | ٩١ |
| ٢/١-١-٢) وشەی هەڵگوێزراو | ١١٨ |
| ٢/٢) پرۆسەو یاساکانی وشەدروستکردن | ١٢٣ |
| ٢/٣) بەربەستەکانی وشەدروستکردن | ١٣٣ |
| ٢/٣-١) بەربەستی فۆنۆلۆژییانە Phonological constraints | ١٣٣ |
| ٢/٣-٢) بەربەستی مۆرفۆلۆژییانە Morphological constraints | ١٣٤ |

| | |
|---|---|
| ٢/٣-٣) بەربەستی سینتاکسی Syntactic constraints | ١٣٥ |
| ٢/٣-٤) بەربەستی سیمانتیکی Semantic constraints | ١٣٥ |
| ٢/٣-٥) بەربەستی جوانکاری/ ئیستاتیکی Aesthetic constrints | ١٣٧ |
| **بەشی سێهەم: تاقیکردنەوەو هەڵسەنگاندن** | **١٣٩-١٥٨** |
| ٣/١) وشەی دروستبوو بە پێی یاساکانی وشەدروستکردن | ١٤٠ |
| ٣/١-١) / بەرکەوتە/ | ١٤٠ |
| ٣/١-٢) / خۆژێن/ | ١٤٢ |
| ٣/٢) وشەی دروستبوو دژ بە یاساکانی وشەدروستکردن | ١٤٣ |
| ٣/٢-١) /* ئەزموونکردن/ | ١٤٤ |
| ٣/٢-٢) /* شارەدار/ | ١٤٦ |
| ٣/٢-٣) /* کۆرۆژ/ | ١٤٩ |
| ٣/٢-٤) /* گوێبیست/ | ١٥٢ |
| ٣/٢-٥) /* نیورۆژ/ | ١٥٤ |
| **ئەنجامەکان** | **١٥٩** |
| **لیستی سەرچاوەکان** | **١٦٠** |
| **الخلاصة** | **١٦٥** |
| **Abstract** | **١٦٦** |

# پێشەكی

**١/٠) ناونیشان و بواری نامەكە :**

نامەكە بۆ ( پرۆسەو یاساكانی وشەدروستكردن لە زمانی كوردیدا ) تەرخانكراوە. مەبەستی سەرەكی ئەم توێژینەوەیە دەستنیشانكردنی هەندێك لەو یاسایانەی وشە دروستكردنە, كە دەركردەكەی, لە ڕووی مۆرفۆلۆژی و سیمانتیكەوە ڕاست و دروست بێت. لەبەر كاتی سنووداری دیاریكراوی نامەكەو زۆری بابەتە پەیوەستدارەكان و فراوانییان بە ناونیشانی نامەكەوە، توانراوە بە تایبەتی ژمارەیەك لە وشەی لێكدراوو لە ناو ئەوانیشدا ناوە لێكدراوەكان شیكردنەوەیان بە پێی سیما واتاییەكان لە سەر بكرێت، بۆیە چەشنەكانی تری وشەی لێكدراوو وشە هەڵگوێزراوەكان لەم نامەیەدا ئەو كارە زانستییەیان لە سەر نەكراوە.

**٢/٠) گرنگی و هۆی هەڵبژاردنی بابەتەكە:**

نامەكە هەوڵێكە بۆ دەستنیشانكردنی هەندێك لەو پرۆسەو یاسایانەی وشەدروستكردن, بە پێی مۆرفۆلۆژی / فۆرم و واتا, كە دەبنە بنەما بۆ دیاریكردنی هەندێك لەو یاسایانەی وشەدروستكردن, كە بۆ نامەكە پێویستن، هەروەها دەبێتە بەربەست لە بەردەم بەئارەزوو دروستكردنی وشەی نوێ. نامەكە دەبێتە بنەمایەك بۆ لێكۆڵینەوەی نوێی وشەدروستكردن لەسەر بنەمای فۆرم و سیما واتاییەكان لە بەكارهێناندا.

**٣/٠) سنوور و كەرەستەی نامەكە:**

كەرەستەی نامەكە، وشە لێكدراوەكان و هەندێكیش لە وشە هەڵگوێزراوەكانە لە ئاخاوتنی قسە پێكەرانی كرمانجی ناوەڕاست (بەشە دیالێكتی سلێمانی) و ژمارەیەك لە وشەی داتاشراوی نوێی دیاریكراون.

**٤/٠) گرفتی نامەكە:**

لێكۆڵینەوەو شیكردنەوەی كێڵگەی واتایی گەنجی وشە كوردییەكان، كە بە شیكردنەوەو پەسنكردنی واتاییان بەپێی سیما واتاییەكانیان كرابێت، بە تایبەتی دەرهێنان و چەسپاندنی سیما واتاییەكانیان، لەبەر دەستدانەبوون. ئەمەیش لەگەڵ نەبوونی فەرهەنگێكی زانستی كوردی – كوردیدا كێشەو گرفتی سەرەكی ئەم نامەیەن, لەگەڵ دەستنەكەوتنی زۆرێك لە سەرچاوەكانی تایبەت بەم بوارە.

**٥/٠) ڕێبازی لێکۆڵینەوەی نامەکە:**

لـەم لێکۆڵینەوەیـەدا ڕێبـازی پەسـنی شـیکاری پـەیڕەو کـراوە, لـە چـێوەی تیـۆری بەرهـەمهێنان و گواستنەوەی چۆمسکیدا.

**٦/٠) بەشەکانی نامەکە:**

نامەکە لە پێشەکی و سێ بەش وئەنجام پێکهاتووە.

**بەشی یەکەم:**

بەناو نیشانی ( پێکهاتەی مۆرفۆلـۆژی لـە مـۆدێلی ڕێزمـانی کوردیـدا )یـە. تێیـدا هەنـدێك لـە تیۆرەکـانی سیمانتیك خراونەتەڕوو, لەگەڵ هەندێك لـەو بنەمایانـەی، کـە مۆرفۆلـۆژی کاریـان لـە سـەر دەکـات. لـە گـەڵ خـستنەڕووی هەنـدێك یاسـای وشـەی لێکـدراوو هـەڵگوێزراو، پاشـانیش پـۆلێنکردنی هەنـدێك زمانـەوان بـۆ پۆلەڕەگەزە فەرهەنگییەکان، خراوەتەڕوو.

**بەشی دووهەم:**

بە ناونیشانی (پۆلەڕەگـەزە فەرهەنگییـەکان و لاگرەکـان)ە. تێیـدا هەنـدێك وشـەی لێکـدراوو کـەمێکیش وشەی هەڵگوێزراو، لە گەڵ جومگە/ پێکهاتەکانیاندا لە ڕستەدا و تـا ڕادەیـەکیش لـە فرێـزو وشـەی ناسـادەدا بەکارهێنراون، پاشان بە پێی بەکارهێنانەکانیان یاساکانیان خراونەتەڕوو. لە کۆتایشدا ئامـاژە بـەو هۆکارانـە دراوە، کە دەبنە بەربەست لە بەردەم وشەدروستکردندا.

**بەشی سێهەم:**

بە ناونیشانی (تاقیکردنەوەو هەڵسەنگاندن)ە. تێیدا هەندێك وشەی نوێی تازە دروستبوو لە سەر بنـەمای کارکردنەکانی بەشـی دووهـەم لـە ڕسـتەو مۆفۆلۆژیـدا هەڵسەنگینراون و تاقیکراونەتـەوە، پاشـان ئامـاژە بـە ڕاستی و دروستی ئەو وشانە دراوە.

لـە کۆتاییـدا ئـەو ئەنجامانـە گرنگانـە خراونەتـەڕوو، کـە لـە شـیکردنەوەی زانیارییـەکانی نامەکـەدا بەدەستهاتوون.

## بەشی یەکەم

## پێکهاتەی مۆرفۆلۆژی لە مۆدێلی ڕێزمانی کوردیدا

### پێکهاتــە شــیکردنەوە Component-analysis یــان نیــشانە شــیکردنەوە Feature-analysis

پەسـنکردنی واتـای یەکـە فەرهەنگییـەکان و دروسـتەی نـاوەوەی فەرهـەنگی لـە ڕێـی کۆمـەڵی سـیما سیمانتیکییەکانەوە، کە دروستەی خۆیان هەیە، پێشەنگی هەڵوەشـاندنەوەو لەیەکترازانـدنی/ جیاکردنـەوەی واتـا ڕێزمانییـەکان بـۆ توخمـە واتاییـە بـچووکەکانیان ڕێبـازی پـشکنینی فۆنۆلـۆژی بـوو[1]. وێنـەو پـەیکاڵی فۆنۆلـۆژیی، پێکهاتــە– شــیکردنەوە لــەو پیــشمەرجانەوە دەردەچــێت، کــە ئەگــەری ئــەوەی هەیــە، لــە سیمانتیکیشدا بە گەنجێکی سنووردار لە سیمای سیمانتیکی جیهانی تەواوی فەرهەنگی زمانێك پەسنبکرێت[2]. ئەنجامەکانی ئەو کەرەسـتە شـیکراوانەی لەسـەر ڕەنـگ، ناوەکـانی کەسـوکارو خزمـوخێش، پلـەکانی سـوپا، کردارەکان و جوڵـە بـەرەو پـێش ... هتـد لەبەردەسـتدان. بـە تـەواوی لەبەردەسـتدا نـین، تـاوەکو گریمانـە جیهانییەکـەی تـەواو ئاشـکرا بـسەلمێنرێن. هەڵوەشـاندنەوەی یەکـە سـیمانتیکییەکان بـۆ توخمـە بـچووکە واتاییــەکانیان، زانــین و ســەلیقەی لێکۆڵــەری لەســەر پەیوەنــدی و پەیوەســتەگییە ســیمانتیکییەکان وەك پیشمەرج، پێویستە. ئەمەیش کێشەی بۆ ڕێبازی دۆزینەوەی سیما سیمانتیکییەکان دروستکردووە، بۆیە لەم لێکۆڵینەوەیەدا پەنابراوەتەبەر بەکارهێنانی سینتاکسی و مۆرفۆلۆژییانەیش. کێشەو گرفتێکی تر ئەوەیە، کـە بەشێکی گەنجی وشە ڕێگەنادەن، یان ناتوانرێت لە ڕێـی چـەپکە سـیما سـیمانتیکییە خـاوەن دروسـتەکانەوە پەسنبکرێن. ئەم پەسنکردنە بۆ پەیوەندییەکانی خزموخێش باش دەکرێت. چەپکە سیما سیمانتیکییەکان بۆ کردارە تێپەڕەکانی وەك / کوشتن/ ڕوون و ئاشکرا پەیوەندی دوو ئارگۆمێنت ( +کارا، +کارتێکراو دەکوژرێت ) دەردەبڕێت[3].

[1] محەمەدی مەحویی، (٢٠٠٦: ٦) و بیشڕوانە کلۆد جێرمان و ڕیمۆ لۆبلان، (٢٠٠٦: ٥٣).

[2] هەمان سەرچاوە، (٢٠٠٦: ٧) و بیشڕوانە محەمەدی مەحویی، (٢٠٠٩–ب: ١٦١).

[3] بڕوانە: محەمەدی مەحویی، (٢٠٠٩–ب: ١٦٨–١٦٩).

ڕێگەی ئـاڵۆزتری نـوێ، سـیمانتیکی بەرهـەمهێنان هێناویەتییـەئاراوەو گەشـەی پێـداوە. بـارو کەسـێتی/ چییەتی پێکهاتە سیمانتیکییەکان، کە بە دەربـڕاوی زمـانی وەك ( نێـر، بەرجەسـتە )، دەنوێنرێـت، ئـەدگارو ئاکاری پەسنکردنی خودزمانییان هەیە: [ ± نێر ]، [ ± بەرجەستە].

سیما سیمانتیکییەکان ڕاستەوخۆ وێنەی فیزیکـی ئـەدگارەکانی دنیـای ڕاسـتەقینە نـانوێنن، یـان وێنـەی ئاوێنەی ئەو دنیـا ڕاسـتەقینەیە نـین، بـەڵکو یەکـەی گریمانەکارانـەی نـەزەری/ نادیـارن/ نابەرجەسـتەن، کـە مەرجە فیزیکی و کۆمەڵایەتییەکان، بە پێیان دەوروبەر لە ڕێی سیماکانەوە پۆلێنبوون و دروستەی دەنوێنن[٤]. دەبێت و دەشێت سیماکان پەیکاڵی دروستەی بیرو پەیپێبردنی یان درککردنی مرۆڤـ بـن. لێرەیـشەوەیە، کـە بانگەشەی ئەوەی کە جیهانییە پشتڕاستدەبێتەوە، تەواوی گەنجێکی جیهانی سیماکان هەیەو هەر زمانێك بـە گـوێرەی مەرجـە مێژوویـەکانی خـۆی، بـەکارهێنانی تایبـەت بـە خـۆی ئـەو سـیمایانەی هەیـە، وەك ڕێبـازی پەسنکردنی سیمانتیکی، پێکهاتە– شیکردنەوە، بناغەو بنچینەی مۆدێلی جۆراوجۆرە: ڕێزمـانی گواسـتنەوە، سیمانتیکی لێکدەرەوەیی، سیمانتیکی بەرهەمهێنان و گریمانەکاری کێڵگەی وشە.

## سیمانتیکی لێکدەرەوەیی Interpretative semantics

ئەمە بۆچوونێکە لە چێوەی ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گواستنەوەدا، کە بە پێـی سـینتاکس، پێکهاتەیـەکی بەرهەمهێنەری سەربەخۆیەو سیمانتیکیش تەنها ئەدگارو ئاکاری لێکدەرەوەیی هەیـە[٥]، ئەمـەیش لـەو ڕێیـەوە کە دروستە گوێزەرەوەییە transformation structures نادیارە سینتاکسییەکانی هـۆو هۆهانـدەری خۆیان هەیە. دروستە قووڵەکان لـە ڕێـی یاسـای سـیمانتیکییەوە لێکدەدرێنـەوەو لەبـەر ئـەوە خوێندنـەوەی جۆراوجـۆر بـە ڕسـتەکان دەدەن. ئامـانجی ئـەم سـیمانتیکە لێکدەرەوەییـە ئەوەیـە، توانـستی قـسەکەری نموونەیی و توانای لێکدانەوەی قسەکەر تاقیبکاتـەوە، بـە تایبـەتی لـە ڕووی پێـزانین بـە ژمـارەو نـاوەڕۆکی واتاکانی ڕستەیەکەوە، لە ڕووی خستنەڕووی ناوەڕۆکی واتاکـانی ڕسـتەیەکەوە semsntic anomalien لە ڕووی پەیوەندییـەکانی نێـوان ڕسـتەکانەوەو پەیوەسـت بـە ئاوەڵفرێزکردنـەوەو لـە ڕووی پەیوەندییـەکانی ترەوە[٦].

---

[٤] محەمەدی مەحویی، (٢٠٠٩–ب: ١٦٤).

[٥] محەمەدی مەحویی، (٢٠٠٦: ٣).

[٦] Katz,J.J. and Fodor, A, (١٩٦٣: ٢١٣).

نواندنی سیمانتیکیی سیمانتیکی لێکدەرەوەیی لەسەر سێ گریمانە وەستاوە[7]: (أ) واتای دەربڕاوە زمانییەکان لە ڕێی گەنجێك لە سیمای سیمانتیکییەوە بە تەواوی پەسندەکرێت، کە سروشتی جیهانییان هەیە. (ب) دروستە قووڵە سینتاکسیەکە هەموو زانیارییە سیمانتیکییە سینتاکسییە پێویستەکانی بۆ لێکدانەوەی سیمانتیکی پێویستن، دەخاتە بەردەستمان و (پ) گواستنەوەکانی نێوان دروستەی قووڵ و دروستەی ڕووکەش لە ڕووی واتاوە بێلایەنن (واتاگۆڕنین). گریمانەکاری سیمانتیکی لێکدەرەوەیی لە دوو پێکهاتە پێکهاتووە، کە فەرهەنگ (وشەنامە) و یاساکانی پرۆژەسازدانن projection rules[8]. فەرهەنگەکە هەم زانیاری سینتاکسی و هەم زانیاری سیمانتیکیشمان دەداتێ. زانیارییە سیمانتیکییەکان لە (أ) پەیوەندییە سیمانتیکییە پێڕەوبەندەکانی نێوان یەکە یەکەی لێکسیمەکان و باقی گەنجی وشەکەی زمان (سیمای سیمانتیکی), (ب) نیشانە ئیدۆسینکراسییە (ناپێڕەوبەندەکان/جیاوازەکان) لەگەڵ نیشانەکانی هەڵاوێرکردن selection feuture دروستبوون[9]. ئەم تۆمارکراوە فەرهەنگیانە دەهێنرێنەناو ئاستی قووڵەوە، لە لێکسیمە فرەواتاییەکاندا (polosemy) بە پێی ژمارەی واتاکانیان ژمارەیەك لە خوێندنەوەیان بۆ دەکرێت. ئەم خوێندنەوە جۆراجۆرانە لە ڕێی یاساکانی پرۆژەسازدانەوە لەسەر بنەمای ( بە پێی مەرجەکانی هەڵکردن لەگەڵ یەکتریدا هەڵدەبژێردرێن و دانەدانەی توخمە فەرهەنگییەکان بە ڕەچاوکردنی پەیوەندییە ڕێزمانییەکانیان، واتای گشتی ڕستەکە دیاریدەکرێت[10]. بەکارهێنانی سیمانتیکی لێکدەرەوەیی بەسەر کەرەستەی کوردیدا، تا ئەو ڕادەیەی بزانرێت، لەبەردەستدانییە. لەم لێکۆڵینەوەیە، بە یارمەتی سیما واتاییەکان وشە مۆرفۆلۆژییەکان شیدەکرێنەوە.

## ١/١) مۆدێلی ڕێزمانی کوردی

لە مۆدێلی ڕێزماندا یەکە گەورەکانی ڕێزمان بۆ وەچەپێکهاتەکانیان شیدەکرێنەوەو لە ڕێی ئەم شیکردنەوەیشەوە یاساکانی چوونەپاڵیەکی یەکەزمانییەکان دەستنیشان و پەسندەکرێن. بەم جۆرە لە ڕێی شیکردنەوەی یەکەپێکهێنەرەکانی دروستەکانەوە دەتوانرێت مۆدێلی ڕێزمانی زمانێك دەستنیشان و

---

[7] محەمەدی مەحویی، (٢٠٠٦: ٤) و بیشڕوانە: سەرچاوەی پێشوو (١٩٦٣: ٢١٣).

[8] یاساکانی پرۆژەسازدان، یاساکانی لێکدانی کەرەستە فەرهەنگییەکانن، کە واتایەك دەدەنەپاڵ ڕستەیەك، یان پەیوەستکردنی دروستەی قووڵ و دروستەی ڕوکەش و فۆرمی ڕووکەش و فۆرمی لۆژیکییە بۆ گەیشتن بە لێکدانەوەی گشت واتای ڕستەکە بە هەنگاو بە هەنگاوی هەموو یەکەکانی لە نزمترین ئاستی هەڵگواستنەوە بۆ بەرزترین ئاست. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: شیلان عومەر حسەین (٢٠١٢: ١١٤).

[9] محەمەدی مەحویی، (٢٠٠٦: ٤).

[10] هەمان سەرچاوە، (٢٠٠٦: ٤-٥).

پەسنبکرێت و بەمەیش مۆدێلی ڕێزمان بنیاتدەنرێت. مۆدێلی ڕێزمان پێڕەوێکە بۆ پەسنکردنی دروستە زمانییەکان لە ڕێی پێڕەوێکی شێوازبەندەوە[11]. واتە مۆدێل وێنەگرتن و خستنەڕووی ڕێزمانە بە دیارییکردنی پێکهاتەکانی و جیاکردنەوەیان لە یەکتری و بەستنەوەی پەیوەندییەکانیان پێکەوە[12].

ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گواستنەوە ئامانجی ئەوەیە, توانستی قسەکەری/ گوێگری زمانێك پەسنبکات و ڕوونیبکاتەوە. ئەم کارەیش لە ڕێی دروستکردنی مۆدێلەوە دەکات. مۆدێلەکە مۆدێلێکی ئەو ڕێزمانە پێکدەهێنێت, کە لە کۆئۆرگانی مرۆڤدا داڕێژراوە. ئەو مۆدێلەی زمانەوان پێکیدەهێنرێت, ناودەنرێت <<ڕێزمان>>[13].

مۆدێلی ڕێزمان لە پێکهاتەکانی فەرهەنگ, فۆنۆلۆژی، مۆرفۆلۆژی, سینتاکس و سیمانتیك پێکهاتووەو ئەو ئاستانەی زمان پەسندەکات. لە زۆربەی زمانەکاندا پێکهاتەی مۆرفۆلۆژی و سینتاکس جیان لە یەکتری, بەڵام لە مۆدێلی ڕێزمانی کوردیدا مۆرفۆلۆژی و سینتاکس چوونبەناویەکداو تا ڕادەیەك تێکەڵبەیەکتری بوون[14]. واتە لە زۆربەی زمانەکانی جیهاندا دەتوانرێت لە مۆدێل بنیاتناندا پێکهاتەی مۆرفۆلۆژی و سینتاکس بە جیا پەسنبکرێن, بەڵام لە مۆدێلی ڕێزمانی کوردیدا تێکەڵدەبن و هێڵێکی جیاکەرەوە لە نێوانیاندا ئاشکرا نییە. وەك لە هێڵکاری (١–١)دا، پێکهاتەی مۆرفۆلۆژی و پێکهاتەی سینتاکس لە زمانەکانی ترداو لە زمانی کوردیدا خراونەتەڕوو:

[11] محەمەدی مەحوی، نەرمین عومەر، (٢٠٠٤: ٨٧).

[12] هەمان سەرچاوە، (٢٠٠٤: ٩).


[13] محەمەدی مەحویی، (٢٠٠٩–أ: ٣٥٢).

[14] محەمەدی مەحویی، (٢٠١١: ٣٣–٣٦)، محەمەدی مەحویی، (٢٠١٠: ١١٦).

**هێڵکاری ژمارە (١-١): پێکهاتەی مۆرفۆلۆژی لە مۆدێلی ڕێزمانی کوردیدا**

پێکهاتەی مۆرفۆلۆژی و سینتاکس **لە زمانەکانی تردا**

پێکهاتەی مۆرفۆلۆژی و سینتاکس **لە زمانی کوردیدا**




پێکهاتەی مۆرفۆلۆژی لە هەردوو ئاستی مۆرفۆلۆژی و سینتاکسدا خۆی دەنوێنێت. یەکە مۆرفۆلۆژییەکان لە وشەو پرۆسەکانی وشەدروستکردندا (لەیەکدان و هەڵگواستن) و لە فرێز و ڕستەیشدا لە پرۆسەکانی شکاندنەوە (خستنەتەکیەکی پۆلەڕەگەزە فەرهەنگییەکان و ڕێزمانییەکان ( فۆرمداڕشتن)) بەدیدەکرێن. نموونەکان ئەمە دەخەنەڕوو:

أ) پێکهاتەی مۆرفۆلۆژی :

١- / گوڵەگەنم, هێلکەوڕۆن, ئاسنگەر,.../

٢-أ- / شەقامی سالم، مزگەوتی گەورە، .../

ب- / بەخۆدانازین، دەستبەسەرداگرتن، .../

ب) پێکهاتەی سینتاکسی :

٣-أ- کوڕە کوردەکە

ب- منداڵەکە هێلکە و ڕۆن دەخوات.

پ- ئاسنگەرەکە ئامێری باش درووستدەکات.

زمانی کوردی داڕێژەرییەو پرۆسەکانی وشەدروستکردن بە گشتی بە وشەو لاگرەکان بەڕێوەدەبات. هەرچەندە ئەم دوو پێکهاتەیە لە زمانی کوردیدا تێکەڵبەیەکتری بوون, بەڵام وشەدروستکردن کەم یان زۆر لە ڕێی پێنج بنەما و مەرجەوە سنووری خۆی لە شکاندنەوە جیاکردۆتەوە, کە ئەمانەن[١٥]:

(أ) وشەیەك دروستدەکەن، (بڕوانە نموونەکانی (١)و(٢)!)، نەك فۆرمە وشەیەك, (بڕوانە نموونەکانی (٣)و بیشڕوانە: /خواردن/← دەخۆم، ناخۆم، نەخۆیت، ...)، دەبنە بەشێك لە فۆرمە نوێیەکە، بەڵام مۆرفێمە شکێنەرەوەکان فۆرمی وشەیەك دادەرێژن و نابنە بەشێك لە وشە نوێیەکە.

(ب) واتا دەگۆڕن[١٦], بەڵام شکێنەرەوەکان واتا ناگۆڕن و حاڵەتی ڕێزمانی جیاواز دروستدەکەن.

(پ) پۆلەڕەگەزی فەرهەنگیی/ بەشەئاخاوتن دەگۆڕن, شکێنەرەوەکان پۆلی سینتاکسی وشەکان ناگۆڕن[١٧]، بەڵکو پۆلی سینتاکسییان دەستنیشاندەکەن.

(ت) مەودای بەکارهێنانی تەرزێکی وشەدروستکردن سنووردارو قەیدکراوە.

(ج) هەمیشە لاگرەکانی شکاندنەوە لە دوای لاگرەکانی هەڵگواستەوە دێن. واتە شکێنەرەوەکان ڕووی دەرەوەی دروستە مۆرفۆرفۆلۆژییەکە دەگرن[١٨]، بڕوانە (/ئاسن/←/ئاسنگەر/، /ئاسن/← ئاسنەکە، /ئاسن/ ←ئاسنگەرەکە).

بۆ جیاکردنەوەی مۆرفێمەکانی وشەدروستکردن لە مۆفێمەکانی وشەشکاندنەوە، پێویستناکات ئەو بنەماو مەرجانە هەمیشە لە یەك کاتدا پێکەوە بێن و هەبن. ڕەنگە لکاندنی لاگرێکی هەڵگواستن ببێتەهۆی گۆڕینی واتا، یان واتاو پۆلەڕەگەزی فەرهەنگی lexical category ئەو بناغەیەی base , کە

---

[١٥] محەمەدی مەحویی، (٢٠١٠: ٥٠، ١٧٥-١٨٤)، بیشڕوانە: (محەمەد مەعروف , سەباح ڕەشید، (٢٠٠٦: ٤٨-٦٣).

[١٦] Scalise, S. (١٩٨٦: ١٠٣)

[١٧] بڕوانە: Fromkin,v. and Etic.(٢٠٠٣: ١٠٠) و Scalise, S. (١٩٨٦: ١١٢)

[١٨] Scalise, S. (١٩٨٦: ١٠٣)

پێوەیدەلکێنرێت و لکاندنی لاگرێکی تر تەنها واتا بگۆڕێت، یان هیچیان نەگۆڕێت[19]. وشەکانی / نەرمایی , سەوزایی , .../ ناوی هەڵگوێزراون لە ئاوەڵناوی سادە وەرگیراون.

لەبەر ئەوەی ئاسان نییە توخمەکانی شکاندنەوە لەوانەی وشەدروستکردن لەیەکجیابکرێنەوەو بە وردی دەستنیشانبکرێن[20], پێناسە و ڕوونکردنەوەی هەریەکەیان بە گرنگ دادەنرێت. بەڵام لەبەرئەوەی بابەتەکەمان پەیوەندی بە مۆرفێمەوە هەیە, پێویستە سەرەتا مۆرفێم و مۆرف و ئەلەمۆرف و پەیوەندییان بە وشەوە بخرێنەڕوو.

زمان دەربڕینە بە دەنگ/ بە نووسین و واتایەك بەرانبەریەتی, واتە دروستەزمانییەکان پێکهاتەی فۆنەتیکی و پێکهاتەی سیمانتیکییان هەیە. لە زانستی زمانی کۆندا وشە کرابوو بە بنەمای لێکۆڵینەوەکانیان لەبارەی زمانەوە. هەر لەسەر ئەم بنەمایەش پۆلەڕەگەزە فەرهەنگییەکان (ناو, کردار , ئامراز/ پیت ) دانران. دواتر لە سەرەتای چلەکاندا بیری مۆرفێم هاتە کایەوە. بەپێی ئەم بیرە هەموو کەرەستەیەکی ڕێزمانی بۆ چەند دانەیەکی بچووك شیدەکرێتەوە، کە پێی دەوترێت >>مۆرفێم<<[21]، کەواتە مۆرفێم بچووکترین یەکەی واتادارە لە زماندا[22]، کە واتاو ئەرکی هەیە لە دروستەی مۆرفۆلۆژی وشەدا.

لە زانستدا، کەرەستەی لێکۆڵینەوە گرنگە. لە هەموو زانستەکاندا یەکێك لە بنەما سەرەکییەکانی ناساندنی زانستەکە بچووکترین یەکەیە، کە ئەو بەشە بنجییەیە, کە یەکەی ئاڵۆزتر دروستدەکات[23]. بەمەیش مۆرفێم وەك بچووکترین یەکەی واتادار یان خاوەن واتا لە لێکۆڵینەوەی زمانییدا ناسرا. ڕۆنانکارە ئەمریکییەکان ئەو ڕاستییەیان سەلماند، کە وشە کەرتدەکرێت بۆ یەکەی وردتر، کە واتا یان ئەرکی ڕێزمانی هەبێت. بەم جۆرە ڕۆنانکارەکان مۆرفۆلۆژییان کرد بە بەشێك لە زانستی زمان و ئەرکی لێکدانەوەو ڕێکخستنی مۆرفێمیان لە چێوەی وشەدا پێسپارد[24]. لێرەوە لە مۆرفۆلۆژیدا لێکۆڵینەوە لە واتای مۆرفێمەکانی وشەو چۆنێتی پێڕەوبەندانەی ئەو مۆرفێمانە لە وشەکە دەکرێت، کەواتە مۆرفۆلۆژی لێکۆڵینەوەیە لە پێکەوە گرێدانی گونجاوی مۆرفێمەکان بۆ بەدەستخستنی وشەکان[25] و بەمەیش مۆرفێم وەك

[19] محەمەدی مەحویی، (٢٠١٠: ٤٩).

[20] بیشڕوانە: .(٢٠٠٦: ٤٣) Katamba,

[21] محمد معروف فتاح، (١٩٩٠: ٨٠) و حاتم صالح الضامن، (١٩٨٩: ٥٨).

[22] Farrokhpey,M, (١٣٧٧: ١٥٣)

[23] یووسف شەریف سەعید، (٢٠١٣–أ: ٦).

[24] بڕوانە: مەحەمەد مەعروف, سەباح ڕەشید، (٢٠٠٦: ٧) و حاتم صالح الضامن، (١٩٨٩: ٥٨).

[25] محەمەدی مەحویی، (٢٠١٠: ٢).

بچووکترین دانەی واتاداری زمان سەیردەکرێت، بەڵام لەبەرئەوەی لە مۆرفۆلۆژییدا لە وشە دەکۆڵرێتەوە[٢٦]، کەواتە وشە کەرتدەکرێت بۆ سەگمێنتە پێکهێنەرەکانی، کە مۆرفیمەکانن. واتە وشەکان لە زنجیرەی ئاخاوتن دەردەهێنرێن و سەگمێنتەکانیان دەستنیشاندەکرێن. (بڕوانە نموونەکانی (٤)و (٥)!).

٤- مامۆستـــاکـــــــە چـــــــــــووە پــــــــــــۆلەوە.

↓ ↓ ↓ ↓ ↓ ↓

مۆرفیمی مۆرفیمی ڕەگی مۆرفیمی پێشناو مۆرفیمی سەربەخۆ

سەربەخۆ دیاریکەرناسیاری کردار کات

٥- کـــــــــوڕەکـــــــــە نــــــــان دەخـــــــــــوات.

↓ ↓ ↓ ↓ ↓ ↓

مۆرفیمی مۆرفیمی مۆرفیمی مۆرفیمی ڕەگی مۆرفیمی

سەربەخۆ دیاریکەر ناسیاری سەربەخۆ تاف کردار کەس و ژمارە

ئەگەر سەرنج لە نموونەکان بدەین، دەبینین بە گشتی لە ڕستەکاندا دوو جۆر مـۆرفیم دەستنیـشانکراون، کـــە مـــۆرفیمی ســـەربەخۆ و مـــۆرفیمی ناســـەربەخۆن. مۆرفیمـــە ناســـەربەخۆکان مـــۆرفیمی بەنـــدی ڕێزمانیین/شکاندنەوەن. مۆرفیمە سەربەخۆکانی/ مامۆستا, چوو, پۆل, کوڕ, نـان, دەخـوات/ دەتـوانن وەکـو وشـە سـەیربکرێن و بەتـەنها و بـەبێ مـۆرفیمی لاگـر لـە ژینگـەی ئاخـاوتنی تـردا دەربکـەون، بـەڵام مۆرفیمـە لاگرەکانی/ کە, بۆ, ەکە, ات/ بەتەنیا بەکارناهێنرێن و لە گەڵ یەکەی مۆرفیمە سەربەخۆکاندا دەردەکەون[٢٧]. مۆرفیمە ناسەربەخۆکان، جگە لە مۆرفیمەکانی شکاندنەوە، مۆرفیمی هەڵگواستنیش هـەن. بڕوانـە پاشـگری /-ەوا/ لە وشەی / نانەوا/ لە نموونەی (٦)!

٦- نانەواکە نانی جۆ دەفرۆشێت.

---

[٢٦] حاتم صالح الضامن، (١٩٨٩: ٥٧).

[٢٧] بڕوانە: جۆن لوینز، (٢٠٠٩: ١٣٢).

لێرەدا گرفت ئەوەیە، کە ئایا /–کە/ ی / مامۆستا/ و /–ەکە/ ی / کوڕ/ یەك مۆرفێمن یان نا؟ چارەسەری زۆر لەو گرفتانە کراوە. لە نموونەکاندا /– کە/ ی /مامۆستا/ و/ –ەکە/ ی /کوڕ/ ەکە یەك گۆکردنی ڕێزمانییان هەیەو یەك واتایان هەیە، لەبەرئەوە بە >>ئەلەمۆرف<< ناو دەبرێن، لێرەوە پێویستە ئاماژە بە جۆرەکانی واتا لە مۆرفێم و ئەلۆمۆرف بکەین:

مۆرفێم لە ڕووی واتاوە سێ جۆرە[٢٨]:

(١) "پڕواتا" : ئەو واتا کۆنکرێتییانەن، کە بە ئاسانی پەسندەکرێن، وەك / پیاو, جوان, شتن, نا, نە, مە.../.

(٢) "خاوەن - واتا": ئەو واتایانەن، کە نادیارن و بەئاسانی پەسنناکرێن، وەك/ ـ گەر / لە وشەی / ئاسنگەر/.

(٣) "خاوەن - نیشانەی واتایی" (هەڵگری واتا) و بێ واتا/ (هەڵنەگری واتا): ئەو مۆڕفێمە ئەبستراکتانە دەگرێتەوە، کە ناتوانرێت بگوترێت خاوەن - واتایشن. ئەم مۆرفێمانەیان دووجۆرن: ( أ) هەندێك لە واتاکان کۆمەڵێك نیشانەی وەك "کەس , ژمارە, توخم" ن و (ب) هەندێك مۆرفێمی دیکەیان هێندە نادیارن، کە ناتوانرێت ناوی واتایان لێبنرێت یان واتا بخرێتە تەکیان، وەك بۆ نموونە مۆرفێمەکانی دۆخی ڕێزمان grammatical case, یان /–ە–/ لە/ کوڕەکورد/دا.

لە شیکردنەوەی نموونەکاندا بینیمان، کە /–کە/ و/–ەکە/ ئەلەمۆرفەکانی مۆرفێمی ناسەربەخۆ/ بەندی ڕێزمانی (دیاریکەری ناسیاری) ین. هەردووکیان خاوەنی واتای ناسراویین، بەڵام لە دوو حاڵەتی جیاوازدان. وشەی یەکەم / مامۆستا/ بەبڕگەی ڤاوڵ کۆتایی هاتووە، بەڵام وشەی دووهەم / کوڕ/ بە بڕگەی کۆنسۆنانت کۆتایی هاتووە، کەواتە دەشێت مۆرفێمەکان لە حاڵەتی جۆراوجۆرییدا alternation شێوەی/ فۆڕمی جۆراوجۆریان هەبێت[٢٩]. بەم جۆرە، ئەلەمۆرفەکان شێوە جیاوازەکانی هەمان مۆرفێمن. دەرکەوتنی لەژینگە جیاوازدا ئەو شێوە جیاوازانەی پێدەبەخشێت، کە هەریەکە لەم شێوە جیاوازانە >>مۆرف<<ێکە[٣٠]. بەمەیش هەریەك لە /– کە/ و/– ەکە/ مۆرفن و هەریەکەیان بۆ ئەویتریان دەبێتە ئەلەمۆرف. جیاوازییەکی

[٢٨] محەمەدی مەحویی، (٢٠١٠: ٨).

[٢٩] هەمان سەرچاوە ، (٢٠١٠: ١٦).

[٣٠] وریا عومەر ئەمین، (٢٠٠٩: ٢٤٣).

دیار لـه نێـوان مـۆرف و مـۆرفێم و ئەلەمۆرفـدا ئەوەیـە، کـە (مـۆرف) دانەیـەکی کۆنکریتـە/ فیزیکییـە[31] و لـە ئاخاوتن/ قسە(– کردن) یان نووسین هەستپێدەکرێت، بەڵام (مۆرفیم) دانەیەکی ئەبستراکتە لـە مێشکدایە. ئەلەمۆرفیش ئەو مۆرفە جیاوازانەن، کە هاوواتا یان هاو ئەرکی یەکێك لەو مۆرفێمانەن، کە لە مێشکدان بە بێ ئەوەی بتـوانن جـێ بگۆڕنـەوە[32]. پەیوەسـت بـە ئەلـەمۆرف و ژینگـەی جیـاوازەوە بڕوانـە / مامۆسـتاکە/ و / کوڕەکە/ لە نموونەکانی (٤) و (٥)، بەڵام زۆر جار ژینگەی جیاواز نابێتـە هـۆی دروسـتبوونی ئەلـەمۆرف، بـۆ نموونە:

٧–أ– کوڕانی دێ چوون بۆ شار.

ب– کوڕگەلی دێکەمان هاتنەوە.

دەبینین وشەی / کوڕان/ لە دوو مۆرفێم پێکهاتووە, / کوڕ/، کە مۆرفێمێکی سەربەخۆیە, لەگـەڵ /– ان/ کە خاوەن واتای کۆیە. وشەی / کوڕگەل/یش لە دوو مۆرفێم پێکهاتووە: /کوڕ/, لەگەڵ /– گەل/، کە خـاوەن واتـای کۆیـە، لـە هـەردوو نموونەکـەدا مەبەسـت لـە کـوڕانی دێیـەو هـەر بـەو واتایـەش بـەکارهاتووە، بـەڵام هەریەکەیان بە مۆرفێمێك کۆکراوەتەوە، کە ژینگەی جیاواز نەبووەتە هۆی دەرکەوتنیان و دەتوانرێـت لـە زۆر باردا لە جێی یەکتر بەکاربهێنرێن. ئەمەو چەندین حاڵەتی لەم جۆرە وای لە زمانەوانان کردووە، کـە دوو جـۆر لە ئەلەمۆرف دەستنیشان بکەن. ئەوانیش : (أ) ئەلەمۆرفی فۆنۆلۆژییانە، کە بە هۆی یاسا فۆنۆلۆژییەکانەوە دروسـتدەبن. وەك / مامۆسـتاکە/ لەگـەڵ / کوڕەکـە/ و (ب) ئەلـەمۆرفی تەواوکەرانـە[33]. جگـە لـە هۆکـاری فۆنۆلۆجی, هەندێك هۆکاری تر کاردەکەنە سەر دابەشبوونی ئەلەمۆرف، وەك هۆکاری لێکسێکی، مۆرفۆلۆژی، ڕێزمانی و شێوازی[34]. لە/ کوڕان/ و/کوڕگەل/ دا بەدیدەکرێت, کە هۆکاری لێکسیکی بووەتە هۆی جیاوازییان. مەرجی لێکسیکی ئەلەمۆرف یاسابەند نییە، بەڵکو دەبێت مۆرفێمەکان لەبەر بکرێن[35]. هۆکاری ڕێزمـانیش لـە مۆرفێمەکانی کاتی ڕابوردوو و ڕانەبوردوو لە ڕستەی بکەر نادیاردا دەردەکەوێت. بڕوانە نموونەکانی (٨):

٨–أ– سەربازەکە کوژرا.

---

[31] Katamba, (٢٠٠٦: ٢٤).

[32] محەمەد مەعروف, سەباح ڕەشید، (٢٠٠٦: ١٦).

[33] محەمەدی مەحویی، (٢٠١٠: ١٨، ٢٠).

[34] محەمەد مەعروف, سەباح ڕەشید، (٢٠٠٦: ١٩).


[35] بڕوانە: Aitchison,J. (٢٠١٠: ٧٤) ، بیشڕوانە: محەمەدی مەحویی، (٢٠١٠: ٢٧).

ب- سەربازەکە دەکوژرێت.

وشە دەشێت تەنیا یەك مۆرفێم بێت و سەربەخۆبێت، وەك / دار , گولّ, بەرد, ئاسن.../، دەشێت لە مۆرفێمێك زیاتر بێت، وەکو/ داربەڕوو, گوڵەگەنم, بەردەکە، ئاسنگەر .../، مۆرفێمەکانیش دەشێت سەربەخۆبن، یان لاگرین وەك/ -ەکە, -ێك, - گەر.../. کەواتا مۆرفێمەکان دوو جۆرن: مۆرفێمی سەربەخۆ ئەوەیە، کە لە شێوەی وشەیەکی سەربەخۆدا دەبینرێت. بەتەنیا دێت و ئاسایی واتایەکی ئاوەزیی هەیە. مۆرفێمی ناسەربەخۆیش ئەوەیە، کە هەرگیز وەك دانەیەکی سەربەخۆ دەرناکەوێت و دەبێت لەگەلّ مۆرفێمێکی تر بەکار بێت[36].

(١) مۆرفێمی سەربەخۆ، کە مۆرفێمی پڕ واتان, (٢) مۆرفێمی ناسەربەخۆ/ بەند، کە خاوەن واتان یان خاوەن نیشانەی واتایین، لاگرەکان و ناوگرەکان دەگرێتەوە، ئەمەیش دووجۆر لاگر دەگرێتەوە (أ)"لاگرەکانی هەڵگواستن"، کە وشەی نوێ دروستدەکەن و (ب)"لاگرەکانی شکاندنەوە"، کە ئەرکی ڕێزمانی بەجێدەهێنن, وەك لە هێڵکاری ژمارە (١-٢) خراوەتەڕوو:

**هێڵکاری ژمارە (١-٢):**




بەم کارە بۆمان ڕووندەبێتەوە، کە وشەکان لە مۆرفێم دروستبوون و دانەیەکی فەرهەنگیین. ئامادەن بۆ بەکارهێنان، بەڵام مۆرفێم لەوانەیە هێندە کەموکورتی هەبێت لە هەڵکەوتدا, کە تەنیا بە خستنە ناو وشەوە بتوانێت ڕاستەوخۆ ئامادەبێت بۆ بەکارهێنان[37]. لێرەوە دەردەکەوێت، کە مۆرفێم دەشێت وشە بێت, یان بەشێك بێت لە سەرەتا، یان ناوەڕاست، یان کۆتایی وشە[38].

---

[36] کەوسەر عەزیز ئەحمەد، (١٩٩٠:٢٧).

[37] کەوسەر عەزیز ئەحمەد، (١٩٩٠: ٢١).

[38] شەهاب شێخ تەیب، (٢٠١٢: ٨٤) و بیشڕوانە: (٨٣ :١٩٨١) Stageberg.N.C, .

لــە ڕوانگــەی ئــەم پێــشینەیەوە بۆمــان ڕووندەبێتــەوە، کــە زانــستی مۆرفۆلــۆژیی، لــە(مــۆرفێم morpheme)ی وشەکانی زمان دەکۆڵێتەوە, لە ڕووی فۆرم و جۆر و واتایانەوە[39]. مۆرفۆلـۆژی پـشکنینی ڕۆنانی نـاوەوەی/ دروسـتەی وشـەیە[40]. ئـەم زانسته لـە دروسـتەی نـاوەوەی وشـەکانی زمـان دەکۆڵێتـەوە . دروستەی ناوەوەی وشەکانیش دوو چەشنی سەرەکیین[41]:

(أ) دروستەی فۆنۆلۆژییانەی وشە، سەگمێنتە فۆنۆلۆژییـەکان/ زنجـیرە دەنگـەکانی وشـەیە. هەریـەك لـە سەگمێنتە فۆنۆلۆژییەکان واتایەکی خۆی نییە, بەڵکو سەگمێنتەکان بەهای بەرانبـەرییان هەیـەو بـەهاکانیش بۆ نیشانە فۆنۆلۆژییەکانن: / دار/ بەرانبەر / مار/. (ب) کاتێك دروستەی مۆرفۆلۆژیانە هەیـە, کـە گروپێـك لـە وشە هـەبن, لەیەکـچوونی کەمـەکیی لـە فـۆڕم و واتـادا نیـشانبدەن. شـیکردنەوەی مۆرفۆلۆژیانـە بریتییـە لـە هەڵوەشـاندنەوەو لەیەکترازانـدن و جیاکردنـەوەی پێکهاتـەکانی (سـەگمێنتەکانی) و بەدەستخـستنی توخمـە مۆرفۆلۆژییەکانی و چەسپاندنی یاساکانی پێکەوەهاتن و پێکەوەبەستنی گونجاوی ئەو پێکهاتانە[42].

ئـەم باسـە لـەبارەی مـۆدێلی ڕێزمـانی کوردییـەوە، بنـەمایی و گرنگـە، چـونکە لـە ڕێگەیـەوە دەتـوانین مۆرفێمـەکانی هەڵگواسـتن لـە مۆرفێمـەکانی شـکاندنەوە جیابکەینـەوە. مۆرفێمـەکانی فەرهـەنگ، مـۆرفێمی سـەربەخۆو ناسـەربەخۆن. مۆرفێمــە ناســەربەخۆکان، مۆرفێمــەکانی وشەدروســتکردنن، بــەڵام مۆرفێمــە شـکێنەرەوەکان، هـەموویان ناسـەربەخۆن و کاریـان شـکاندنەوەی وشـەو فرێزەکانـە لـە ڕسـتەدا، کـە بـە شکێنەرەوەکان ناسراون و بە مۆرفۆسینتاکسیش ناودەبرێن[43]. لە (١/٢-١)و لە (١/٢-٢) دا بە جیا پەسنیان دەکـەین. لەبـەر ئـەوەی بابەتەکـەی ئێمـە پەیوەنـدی بـە مۆرفێمـەکانی وشەدروسـتکردنەوە هەیـە، زیـاتر لێیاندەکۆڵینەوەو پەسنیاندەکەین. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم لایەنە، بڕوانە (١/٢-١)و وەچەپارەکانی.

## ١/١-١) مۆرفێمە فەرهەنگییەکان

پۆلەڕەگـەزەکانی/ کاتیگۆرییـەکانی (نـاو، ئاوەڵنـاو، ئـاوەڵکردار، پێـشناو، کـردار)، وەك کەرەسـتەی فەرهەنگی لە پرۆسەکانی لەیەکدان و لکاندندا بەشداری لە دروستکردنی وشەی نوێ (وشەی لێکـدراوو وشـەی

[39] بڕوانە: محەمەد ئەمین هەورامانی، (٢٣:١٩٧٣) و حاتم صالح الضامن (١٩٨٩ : ٥٩).
[40] محەمەد مەعروف، سەباح ڕەشید، (٢٠٠٦ : ٧).
[41] محەمەدی مەحویی، (٢٠١٠: ٢-٤).
[42] هەمان سەرچاوە ، (٢٠١٠: ٥).
[43] ئەبوبەکر عومەر قادر، (٢٠٠٣: ١٤).

هـەڵگوێزراو) دا دەکـەن، وەك مـۆرفێمی سـەربەخۆیش (وشـەی یـەك مـۆرفێمی) لـە فەرهەنگـدا هـەن و نـاوی پۆلەڕەگەزی فەرهـەنگی/ کـاتیگۆری لێکسیکیlexical categories یـان لێنـراوەو لـە فەرهـەنگی زمانـدا تۆمارکراون[٤٤]. لەگەڵیشیاندا ئەو لاگرانەی(پێشگرو پاشگر) بەشداری لە دروسـتکردنی وشـەی نوێـدا دەکـەن و دەبن بە مۆرفێمەکانی فەرهـەنگ و ئاسـتی مۆرفۆلـۆژی. بـۆ ڕوونکردنـەوەی ئـەم لایەنـە (بڕوانـە (١/٢-١)!)و وەچەپارەکانی و ئەو ڕوونکردنەوانەی لەوێدا دراون.

## ١/١-٢) مۆرفێمە سینتاکسییەکان

بەرانبەر بە مۆرفێمەکانی فەرهەنگ، کە بۆ پرۆسـەی وشەدروسـتکردنن ( لەیەکـدان و لکانـدن)، مۆرفێمـە سینتاکـسییەکانیش هــەن، کــە بــۆ پرۆســەی شــکاندنەوەن[٤٥]. شــکێنەرەوەکان، هــەموو ئــەو فۆرمــە مۆرفۆلۆژییانەن، کە گـۆکردنی سینتاکسییان هەیـەو چـەمکەکانی ناسـراوی، نەناسـراوی، ژمـارە(تـاك–کـۆ)، توخم/ ڕەگەز، تاف، ڕێژەmood، ڕووکار[*]...هتد دەگرێتەوە[٤٦].

مۆرفێمە شکێنەرەوەکان بە ئامادەکراوی لە فەرهەنگدا لە شێوەی جەمسەرگر یان ناوگردا هـەن، بەتـەنها ناتوانن دەرکەون و واتای سەربەخۆیان نییە، بەڵکو بە جەمسەری وشەکانەوە بەندن و لـە نـاو فرێـزو ڕسـتەدا گۆکردنی ڕێزمانی بەجێـدەهێنن[٤٧]. ئـەم مۆرفێمانـە بەرانبـەر بـە مۆرفێمـە هـەڵگوێزەرەکان ژمارەیـان کەمـەو کۆمەڵەیەکی نیمچە داخراو پێکدێنن و نابن بە بەشێك لە فۆرمە نوێیەکە، بە پێچەوانەی هەڵگوێزەرەکانەوە[٤٨].

مۆرفێمە ڕێزمانییەکان، وشەکانی زمان دەشکێننەوە/ فۆرمەوشە دروسـتدەکەن. وشـە شـکاوەکانیش لـە ڕێی شکاندنەوەیانەوە دەکرێن بـە دوو گروپـەوە: أ) وشـە نیـشانە وەرگرەکـان/ چـەماوەکان declinable words ، ب) وشە گەردانکراوەکان conjugated words

## ١/١-٢-١) وشە نیشانەوەرگرەکان/ چەماوەکان **declinable words**

---

[٤٤] محەمەدی مەحویی، (٢٠١١: ٤٧).

[٤٥] محەمەدی مەحویی، (٢٠١٠: ٥٣).

[*] بەشـێك لـە زمانـەوانانی کـورد زاراوەی ڕووکاریـان بەرانبـەر بـە ڕێـژە mood دانـاوە. بڕوانـە: ئەبوبـەکر عومـەر قـادر، (٢٠٠٣: ٦٧–٧١)، هەندێکیشیان بەرانبەر بە ئەسپێکت. بڕوانە: محەمەدی مەحویی،(٢٠١١). لێرەدا ڕووکار بەرانبەر بە ئەسپێکت بەکارهاتووە.

[٤٦] ئەبوبەکر عومەر قادر، (٢٠٠٣: ٢٨) و بیشڕوانە: محەمەدی مەحویی، (٢٠١١: ٥١–٥٧).

[٤٧] یارا قادر حەمەد مەلازادەیی، (٢٠١٣: ٥١).

[٤٨] محەمەد مەعروف فەتاح، سەباح ڕەشید قادر، (٢٠٠٦: ٤٩–٥٠).

بەگشتی (سەرەناو، ئاوەڵناو، جێناو)ن. ئەم مۆرفێمانە لە شێوەی پێشگرو پاشگردا خۆیان دەنوێنن و بەشداری لە بەرهەمهێنانی فرێزو ڕستەکان دەکەن. گرنگترینیان ئەمانەن:

١) مۆرفێمەکانی شکاندنەوەی ناو/ سەرەناو*، نیشانەکانی ناسراوکردن و نەناسراوی و ژمارە(تاك/ کۆ)و ئەلەمۆرفەکانیانن، وەك:

٩- أ- دارەکە/ دارێك زەردبووە.

ب- گەڵاکان وەرین.

پ- پۆلیسەکان دزەکەیان دەستگیرکرد.

٢) مۆرفێمەکانی شکاندنەوەی ئاوەڵناو، /-تر، -ترین/[٤٩] ن، کە پلەی بەراوردو بالای نێوان دوو کەس، دوو شت، دوو دیاردە یان زیاتر بە ئاوەڵناوەکان دەبەخشن و دەچنە کۆتایی ئاوەڵناو، یان ناو بە نیشانەی واتایی ئاوەڵناوەوە:

١٠-أ- گوێز لە بادەم خۆشترە.

ب- گوێز خۆشترین خواردنە.

پ- ساماڵ لە سەردار پیاوترە.

مۆرفێمی /-تر/ دەچێتەسەر هەندێك ئاوەڵکرداو ڕۆڵی بەراوردی دووبارەبوونەوەی دەکات، یان ئاماژە بۆ جێگەیەکی دیاریکراو دەکات، یان دەچێتەسەر ئەو ئاوەڵناوانەی لە ڕستەدا ئەرکی ئاوەڵکردار دەبینن[٥٠]، ڕادەیش وەك ئاوەڵناو (تر، ترین) وەردەگرێت و چەندێتی ناوی دەرخراو دەخاتەڕوو (بڕوانە نموونەکانی (١١)!).

١١-أ- ئەم ساڵ زووتر دەستمانکرد بە خوێندن.

---

* سەرناو شازاراوەیە، بۆ گشت جۆرەکانی ناو، کە ناویشی پێدەگوترێت. بڕوانە محەمەدی مەحویی، (٢٠١١: ٥٨).

[٤٩] بڕوانە: ئەبوبەکر عومەر قادر، (٢٠٠٣: ٣٨-٤١).

[٥٠] ئەبوبەکر عومەر قادر، (٢٠٠٣: ٤٠-٤١).

ب– ماڵی ئێمه لەولاترە.

پ– کتێبەکەم باشتر خوێندەوە.

ت– خوێندکارێکی زۆرتر لە زانکۆکاندا وەرگیراون.

ج– – زۆرترین خوێندکار لە زانکۆکاندا وەرگیراون.


٣) مۆرفیمەکانی خستنەپاڵ و خاوەنێتی Genitive morphemes ی (–ی، –ە), دوو مۆرفێمی تری بواری سینتاکسن و ئەرکی سینتاکی نێوان ناوی دەرخراو دەرخەرەکەی رێکدەخەن، لە پێکهاتەی فرێزی خستنەپاڵ/ یان خاوەنێتیدا دەبن بە بەشێك لە وەچەپێکهاتەی دەرخەرەکە، (بڕوانە نموونەکانی (١٢)!).

١٢–أ– باوکی سەردار چوو بۆ سەیران.

ب– گیای سەوز

پ– کوڕە کوردەکە

**هێڵکاری ژمارە (١–٣): دروستەی فرێزی خستنەپاڵی**




لەڕووی خاوەنداریشەوە کۆمەڵێك لە جێناوە لکاوەکان بە بێ یارمەتی مۆرفێمەکانی خاوەنێتی (–ی، –ە) ڕۆڵی خاوەنێتی دەبینن و دەبن بە دەرخەری ناوەکەی پێش خۆیان و لە ڕێزمانی کوردیدا بە کلیتیك Clitic ناسراون ( بڕوانە (١٣)! ).

١٣- باوكم، باوكت، باوكی، باوكمان، باوكتان، باوكیان....

٤) مۆرفێمەكانی بانگكردن Vocative دەچنەسەر ناوی گشتی و لەگەڵ بانگكردندا توخمی ناوەكەی پێش خۆیان دەستنیشاندەكەن, مۆرفێمەكان ئەمانەن:

(-ە,-ۆ) بۆ تاكی نێر، (-ێ,-ە) بۆ تاكی مێ، (-ینە) بۆ كۆی نێرو مێ و دوولایەن[٥١]، (بڕوانە نموونەكانی(١٤)! ).

١٤-أ- باوكە ,خاڵە ,خاڵۆ ,...

ب- كچێ ,خوشكێ ,خوشكە , ...

پ- كوڕینە ,خوێندكارینە ,...

٥) پێشناوەكان, پۆلێكی فەرهەنگی داخراون و لەچوارچێوەی فرێزی كرداریدا ڕۆڵ بە ناو، یان جێناو دەدەن و فرێزی پێشناوی دروستدەكەن. دەبن بە سەری ڕێزمانی فرێزەكانیان و لە ڕاستەوە بۆ چەپ حوكمی ناوەكەی دوای خۆیان دەكەن, كە ئەمانەن: (لە, بە, بۆ, تا ,بێ, وەك, ە[*]):

١٥-أ- دوێنێ لە هەولێر بووم. / لە /

ب- گوێزی هەورامان بە دەست دەشكێت. / بە /

پ- كتێبەكەم بۆ ئارام نارد. / بۆ /

ت- دوێنێ تا هەولێر چووم. / تا /

ج- بێ تۆ ناچم بۆ هەولێر. / بێ /

چ- منیش وەك تۆ هەوڵدەدەم. / وەك /

ح- دوێنێ چوومە هەولێر . / - ە /

---

[٥١] ئەبوبەكر عومەر قادر، (٢٠٠٣: ٥٦).

[*] پێشناوی (-ە) بە پێچەوانەی پێشناوەكانی ترەوە لە چەپەوە بۆ ڕاست حوكم دەكات.

### ١/١–٢–٢) وشە گەردانکراوەکان conjugated words

کردار چەند توخمێکی تایبەت بە خۆی هەیە, کە مۆرفیمە شکێنەرەوەکانی کردارن، ئەم مۆرفیمانە کردارەکان گەردان دەکەن و بە(Conjugation) ناسراون[٥٢]. ئەم توخمانە بە کاتیگۆرییەکانی مۆرفۆلۆژی ئاماژەیی گشتی ناو دەبرێن[٥٣]و بریتین لە: تاف tense, ڕووکار aspekt, ڕێژە mood.

أ) تاف tense, مەبەست لە کاتە ڕێزمانییەکانە, نەك کاتی ئاسایی time. لە ڕێزمانی کوردیدا ڕابردوو و ڕانەبردوو (داهاتوو، ئێستا) دەستنیشانکراون و مۆرفیمە شکێنەرەوەکانی کردار دەیاننوێنن. کاتی ڕابردوو مۆرفیمەکانی کات /–ا، –ت، –د، –ی، –و/ دەیاننوێنن و قەدی کردار دروستدەکەن. کاتی ڕانەبردوویش پێشگری / دە–/ دەچێتەسەر ڕەگی کردارو ئاماژە بە کات دەکات. مۆرفیمی کات لە کرداری بکەر نادیاردا بۆ ڕابردوو /–ا/یە و بۆ ڕانەبردوو /دە–/و/–ێ/ ن. نموونەکان ئەمە دەسەلمێنن.

١٦– کێڵاَم، گرتم، خواردم، کڕیم، چووم، کێڵرا. ڕابردوو

١٧– دەکێڵم، دەکێڵرێت. ڕانەبردوو

ب) ڕووکار Aspect ەکان، ئەو مۆرفیمانەن، کە ماوەی ڕوودانی کات بە تەواوبوون یان تەواونەبوون پیشاندەدەن و جیاوازن لە مۆرفیمەکانی کات tense، لە ڕێزمانی کوردیدا ئەمانە دەستنیشانکراون[٥٤]:

١– / دە–/ لەگەڵ کرداری ڕابردووی بەردەوام و کرداری ڕانەبردوودا دێت و سەرەتای دەستپێکردن دەنوێنێت. دەچنە سەرەتای کردار.

١٨–أ– نانم دەخوارد، کە ئەوان دەهاتن. ڕابردووی بەردەوام (هەواڵی)

ب– نانەکە دەخورا، کە ئەوان خەریکی ڕاو بوون. ڕابردووی بەردەوام (بکەر نادیار)

پ– نان دەخۆم. ڕانەبردووی هەواڵی/ ڕاستەقینە

ج– نانەکە دەخورێت. ڕانەبردووی بکەرنادیار

---

[٥٢] بڕوانە: محەمەدی مەحویی، (٢٠١١: ٥٣، ١٤٨)

[٥٣] ئەبوبەکر عومەر قادر، (٢٠٠٣: ٦٠).

[٥٤] هەمان سەرچاوە ، (٢٠٠٣: ٦٣–٦٧).

٢- /-ووه، -وه/، بەستنەوەی ڕابردووە بە ئێستاوە, ڕوودانە تا کاتی ئاخاوتن:

١٩-أ- نانم خواردووە. /-ووه/

ب- نانەکە برژاوە. /-وه/

٣- /-ەوە، -وه/ دەچنە کۆتایی کردارو واتای دووبارەبوونەوەی ڕوودان/کار دەگەیەنێت.

٢٠-أ- هێنامەوە. /-ەوە/

ب- کتێبەکەم هێناوە. /-وه/

پ) ڕێژە mood، پەیوەندی کردەکە یان حاڵەتەکەی لە لایەن کردارەوە دەردەبڕێت، بەو جۆرە بە واقیعەوە دەبەستێتەوە، کە قسەکەر ئاماژەی پێدەکات (واقیع real، ناواقیع unreal)[٥٥] و بریتییە لە هەستی قسەکەر بەرانبەر بە ڕاستی ڕوودان یان کار، لە ڕوانگەی جێبەجێبوون یان جێبەجێنەبوونی کارەوە. ڕێژەی دڵنیایی و گومان و دانانی و داخوازی و فەرمان دەستنیشانکراون. مۆرفێمە شکێنەرەوەکان دەیاننوێنن[٥٦]، چ بکەردیار بێت یان بکەرنادیار، ئەرێ/ کردن بێت یان نەرێ/ نەکردن. دانانی لە ئەرێییدا بە پێشگری / ب-/ ە و لە نەرێییدا/ نەکردندا بە پێشگری / نە-/ دەردەبڕێت. داخوازی و فەرمانیش بە کردن / ب- / و بە نەکردن / مە-/ یە. ڕێژەی هەواڵیش بە کردن دەرناکەوێت و نەکردنیش بۆ ڕابردوو / نە- / و بۆ ڕانەبردوو / نا- / یە. نموونەکان ئەمە دەخەنەڕوو:

**١- هەواڵی:**

٢١-أ- من نامەکەم نووسی/ نەنووسی. ڕابردووی بکەردیار

ب- من نامە دەنووسم/ نانووسم. ڕانەبردووی بکەردیار

پ- نامەکە نووسرا/ نەنووسرا. ڕابردووی بکەرنادیار

ج- نامەکە دەنووسرێ/ نانووسرێ. ڕانەبردووی بکەرنادیار

---

[٥٥] شیلان عومەر حسەین، (٢٠١٢: ٦٠).

[٥٦] بڕوانە ئەبوبەکر عومەر قادر، (٢٠٠٣: ٦٧-٧٤) و محەمەدی مەحویی، (٢٠١١: ١٩٩-٢٠٩).

**٢- مەرج و خۆزگە و دانانی:**

**٢٢-أ- ئەگەر هاتیت/ نەهاتیت، دوو قسەت بۆ دەکەم. مەرج**

**ب- خۆزگە بهاتیتایە/ نەهاتیتایە بۆ ئاهەنگەکە. دانانی**

**٣- فەرمان و داخوازی:**

**٢٣-أ- نامەکە بنووسە/ مەنووسە. فەرمان**

**ب- تکایە وەرە/ مەیە ژوورەوە. داخوازی**

**پ- تکایە برۆ/ مەرۆ ژوورەوە. داخوازی لە شێوەی دانانی/ ئیلزامی**

**جگە لە مۆرفیمەکانی تاف و ڕێژەو ڕووکار، چەند مۆرفیمێکی تر، بەشداری لە پێکهاتەی کرداردا دەکەن. مۆرفیمەکانی کات و کەس INFL بەشداری لە پێکهاتەی کرداردا دەکەن. مۆرفیمەکانی کات خرانەڕوو. مۆرفیمەکانی کەس جێناوە لکاوەکان دەیاننوێنن و بە نووسەك clitic ناودەبرێن[٥٧]. دوو کۆمەڵە جێناوی لکاو هەن[٥٨]، کە لە دابەشبوونی تەواوکەرانەدان و لە لێکۆڵینەوە ئەرگەتیڤییەکاندا بە کلیتیکی ڕێکەوتن ناسراون[٥٩]. کۆمەڵەکانیش ئەمانەن: /-م، -مان، -ت، -تان، -ی، -یان/ لەگەڵ / -م، -ین، -یت، -ن، -ات/-ێت، -ن/.**

**٢٤-أ- خواردم/ خواردمان.**

**ب- هاتم/ هاتین.**

**مۆرفیمەکانی گۆڕینی توانای/ بەبڕشتی کردار لە تێپەڕ بۆ تێنەپەڕ، بە مۆرفیمەکانی بکەر نادیار دەکرێت[٦٠] و لە تێنەپەڕ بۆ تێپەڕ بە مۆرفیمی تێپەڕاندنی /-اند/ دەکرێت[٦١]:**

---

[٥٧] ئەبوبەکر عومەر قادر، (٢٠٠٣: ٧٤-٧٨).

[٥٨] بەراوردی بکە لەگەڵ وریا عومەر ئەمین، ( ٢٠٠٩: ٢٥، ٩١).

[٥٩] بڕوانە: محەمەدی مەحویی، (٢٠١١: ٢٥-٣١) و بیشڕوانە: فەرەیدوون عەبدول محەمەد، (٢٠١٢: ٢٧-٣٤) و وریا عومەر ئەمین، (٢٠٠٩: ٢٦-٣٤).

[٦٠] بڕوانە: محەمەدی مەحوی، (٢٠١١: ٢٠٧).

٢٥-أ- ئامانج كتێبەکەی خوێندەوە. ← کتێبەکە خوێنرایەوە.

ب- ئامانج کتێبەکە دەخوێنێتەوە. ← کتێبەکە دەخوێنرێتەوە.

پ- خانووەکە ڕووخا. ← (pro) خانووەکەم ڕووخاند.

ج- خانووەکە دەڕووخێت. ← (pro) خانووەکە دەڕووخێنم.

## ٢/١) مۆرفۆلۆژی وشەدروستکردن

وشەدروستکردن ئەو بەشەی زانستی زمانە، کە لە چۆنێتی پێکهاتن و یاسای دروستبوونی وشەکانی ئەمڕۆی زمان دەکۆڵێتەوە[٦٢]. لەم لقەی زانستی زماندا، وشەکان بۆ پێکهێنەرەکانیان/ سەربەخۆو ناسەربەخۆ شیدەکرێنەوە. سوودی وشەدروستکردن هەر ئەوە نییە لە ڕێزمانی وشەکان بکۆڵێتەوەو بەشە پێکهێنەرەکانی دەستنیشان بکات، کە ئەمەیان ڕەنگە بۆ لێکسیکۆلۆژی پرۆسەیەکی بەبەها بێت، چونکە وشەدروستکردن بابەت و چشتی لێکسیکۆلۆژییە. لێکسیکەکان شیدەکرێنەوەو ڕێزمانیش مامەڵە لەگەڵ یاسابەندێتی دروستکردنی دەربڕینە نوێکاندا دەکات, کە بە >>داهێنەریی<< Creativity ناسراوە[٦٣]. لێرەدا لە ڕووی واتاوە لێی ناکۆڵرێتەوە, بەڵکو کاری پێویست و گرنگ نیشاندانی چۆنیەتیی پێکهاتن و دروستبوونی وشەو دیاریکردنی مۆرفێمەکانێتی/ کەرتەکانێتی[٦٤]. لە ڕێگەی زانینی چۆنێتی دروستکردنی وشەکان و ڕیزبوونی پێکهاتەکانیانەوە دەتوانین وشەی نوێ لە زماندا دروستبکەین. بەم پێیە وشە دروستکردن، ئەو لقەی زانستی زمانە، کە تێیدا ئەو تەرزانە پێکدەهێنرێنەوەو پەسندەکرێن، کە بە پەیڕەوکردنیان دروستەی ناوەوەی وشەکانی زمان و لەم حاڵەتەدا ئەوانەی وشەکانی زمانی کوردیی دروستبووەو وشەی نوێیش پێیان دروستدەکرێن[٦٥].

---

[٦١] بڕوانە: ئەبوبەکر عومەر قادر، (٢٠٠٣: ٧٨-٨٣)، بەراوردی بکە لەگەڵ : محەمەدی مەحویی، (٢٠٠١: ٢٣١).

[٦٢] ئەوڕەحمانی حاجی مارف، (٢١:١٩٧٧).

[٦٣] محەمەدی مەحویی، (٤٥:٢٠١٠).

[٦٤] ئەوڕەحمانی حاجی مارف، (٢١:١٩٧٧).

[٦٥] محەمەدی مەحویی، (٤٥:٢٠١٠).

(Ipsen,١٩٩٨ –١٩٩٩:٤٤) پێیوایە، بۆ دروستکردنی وشەی نوێ, دەبێت پێڕەوی یاسا مۆرفۆلۆژییەکانی ئەو زمانە دیاریکراوە بدۆزینەوە، کە کاری تێدا دەکەین[٦٦]. بۆ دروستکردنی وشەی نوێ دەبێت شارەزای پرۆسەی لکاندن و پرۆسەی لەیەکدانی زمانەکە بین، بۆ ئەم مەبەستەیش دەبێت ئەو یەکە زمانییانەی/ مۆرفێمانەی، کە لە وشەیەکدا شیدەکەینەوە لە دەربڕاوی تردا/ یان لە وشەی تردا بەهەمان واتا بەکارهاتبن[٦٧], وەك / گوڵفرۆش/ کە لە دوو مۆرفیم پێکهاتووە,/ گوڵ/ و / فرۆش/. یەکەمیان ناوێکە بۆ شتێك و دووەمیان واتای فرۆشتن و سەوداکردنی هەیە، کە شتێك لە بەرانبەر شتێك (بە زۆری دراو) دەگۆڕرێتەوە. دەبێت وشەی/ مۆرفێمی / گوڵ/ لە وشەی تردا ببینرێتەوە, وەك/ گوڵدان, گوڵەباخ,.../، واتای گوڵ لە هەردوو نموونەکەدا هەیە. مۆرفیمی / فرۆش/ یش لە وشەکانی / دارفرۆش, کتێبفرۆش,.../ بە واتای ( کەسێك دار بفرۆشێت و کەسێك کتێب بفرۆشێت و ...) دا هەیە.

تەنها ئەو وشانەی، کە لە مۆرفێمێك زیاتر پێکهاتوون, ڕۆنانیان/ دروستەی مۆرفۆلۆژییانەیان هەیەو وشەی تاك مۆرفێمی دروستەی مۆرفۆلۆژییانەی نییە[٦٨]، ئەمەیش بە واتای ئەوە نایەت، کە بۆ دروستکردن و داهێنانی وشەی نوێ تەنها هەردوو پرۆسەی (لەیەکدان ) بۆ دروستکردنی وشەی لێکدراو و پرۆسەی (لکاندن) بۆ دروستکردنی وشەی هەڵگوێزراو هەن، بەڵکو زمانانی جیهان چەندین ڕێگەیان بۆ داهێنانی وشەی نوێ هەیە، چونکە ئاخێوەر/ قسەکەر بێئەوەی ئاگای لەوە بێت زمانەکەی بە داهێنەری بەکاردەهێنێت. هەروەها دەتوانێت یاساکانی دروستکردنی وشەی نوێ و یاسا ڕێزمانییەکانی مۆرفێمەکانی شکاندنەوە لەسەر ئەو وشانە پەیڕەو بکات، کە پێشتر نەیبیستوون، یان سوود لە وشەی تازە داهێنراو یان خواستراون ببینێت, بۆ نموونە "کۆ" ی ناوێکی وەکو / ماڵپەڕ/، یان /سەتەلایت/، بە مۆرفێمی ناساندن /–ەکە/ بیانناسێنێت /ماڵپەڕەکە , سەتەلایتەکە, مۆبایلەکە,.../. دەیشتوانێت بە مۆرفێمی گۆڕینی کرداری تێنەپەڕ بۆ تێپەڕ کرداری تێنەپەڕ لە ناوی دەنگ/ دەنگە سروشتییەکانیش بە هەمان مۆرفێم /–اند/ دروستبکات[٦٩]، وەکو / قیژاندن، گرماندن، .../ و دروستکردنی کرداری تێپەڕ لە ئاوەڵناو بە هەمان مۆرفێم / گەوجاندن، .../ ئەمە خۆی داهێنەرییە.

[٦٦] بێستوون حەسەن ئەحمەد، (٣٣:٢٠١٢).

[٦٧] ئەوڕەحمانی حاجی مارف، (١٩٧٧: ٢١)، بیشڕوانە (Stageberg,N.C,(١٩٨١: ٨٣ .

[٦٨] ساکار ئەنوەر حەمید، (٩:٢٠٠٩).

[٦٩] بڕوانە: محەمەدی مەحویی، (١١٨:٢٠١٠).

### ١-٢/١) وشەدروستکردن لە مۆرفۆلۆژیدا

مۆرفۆلـۆژی ئـەرکی شـیکردنەوەی وشــە مۆرفۆلۆژییــەکان و دەرخـستنی ڕێگاکـانی وشەدروسـتکردن و وشەداهێنان و پەسنکردنیانە. پەیوەست بە وشەو وشەدروستکردنەوە دەبێت تێبینی ئەوە بکرێـت، کـە وشـە لـە مۆرفۆلۆژیـدا دروسـتدەکرێت و لـە سینتاکـسدا فۆرمەکـەی دادەڕێـژرێت، وەك لـەم نموونـەکانی (٢٦)دا خراونەتەڕوو:

٢٦-أ- کوڕەکە یاری تۆپی پێ دەکات.
ب- کچەکە هێلکەوڕۆن دەخوات.
پ- ئاسنگەرەکە تەورداس دروستدەکات.

لە هەریەك لە نموونەکاندا بە دوو جۆر وشەکان دروستکراون: (أ) داڕشتنی فۆرمی وشە/وشەدروسـتکردنی سینتاکسی: / کوڕەکە، کچەکە، یاریدەکات، دروستدەکات/ و (ب) دروسـتکردنی وشـەی مۆرفۆلـۆژی / تـۆپ/ +/-ی/+/ پێ/ = / تۆپی پێ/، / هێلکە/+/-و-/ +/ڕۆن/=/ هێلکەوڕۆن/ و / ئاسن/+/-گەر/=/ ئاسنگەر/, / تەور/+/ داس/=/ تەورداس/. ڕێگەی دووەمیان ڕێگای سەرەکی فراوانبوونی گەنجینـەی وشـەکانی فەرهـەنگی زمان و گەنجی وشەکانیەتی. دەشێت تێبینی ئەوە بکرێت، کە دەکرێت ئەو وشانەی بە ڕێگای سینتاکسی لـە پێکهاتەی ڕستەدا دروستبوون، بە پرۆسەی وەکو >>بەلێکسیمبوون<< ببن بـە لێکسیم و بگوێزرێنـەوە بـۆ ناو فەرهەنگ و وەکو وشەیەکی فەرهەنگی سەیربکرێن. لە نموونەکاندا، وشەکانی > یاریدەکات < بـووە بـە / یاریکردن/، > تۆپی پێ < بووە بە / تۆپیپێ/، >دروستدەکات < بووە بە / دروسـتکردن/، بەمـەیش بۆمـان دەردەکـەوێت، کـە بەرانبـەر بـە پێکهاتـەی سـینتاکس و پرۆسـەکانی لکانـدنی لاگـرە سینتاکـسییەکانی ( لاگرەکـانی شـکاندنەوە inflexional affixes )، کـە بـۆ گـۆڕکردن و کـاری سینتاکـسین، لـە پێکهاتـەی مۆرفۆلۆژییدا "پرۆسەکانی دروستکردنی وشەی نوێ" هەن، کە "پرۆسەکانی لەیەکدان" (بۆ وشـەی لێکـدراو) و "پرۆسـەکانی لکانـدن" ("لاگرەکـانی هەڵگواسـتن" drrivational affixes)ن[٧٠]. مۆرفۆلـۆژیی ئـەرکی وشەدروستکردنە لە فەرهەنگدا/ پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکان و شکاندنەوەو ڕیزبوونە لە سینتاکسدا[٧١].

---

[٧٠] محەمەدی مەحویی، (٢٠١٠ : ٤٦).

[٧١] بێستوون حەسەن ئەحمەد، (٢٠١٢: ٣٣) و نەرمین عومەر ئەحمەد، (٢٠١٠: ٣٢).

هەرچەندە ڕێگاکانی دەوڵەمەندبوونی فەرهەنگی زمان بە پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکان جۆراوجۆرن* و هۆکارەکانی وەکو پێشکەوتنی زانست و تەکنەلۆژیا و بازرگانی و بزوتنەوەی ڕامیاری و ئەدەبی و تەنانەت داگیرکاری و داگیرکراوی و گەلێك هۆکاری تر دەبنە هۆی دەوڵەمەندبوونی فەرهەنگی زمان**، بەڵام ئێمە بە لای ئەو دیاردانە ناچین و خۆمان بە پرۆسەی وشەدروستکردن و زیاتر پرۆسەی لەیەکدان و وشەی لەیەکدراو و کەمێکیش پرۆسەی هەڵگواستن و وشەی هەڵگوێزراو خەریکدەکەین, کە وشە دروستکردن بەو ڕێگایانە لە زۆربەی زمانەکانی جیهان و زمانە ئارییەکان و ئێستای زمانی کوردیدا زیاتر ڕێگای سەرەکی و بەبەرهەمن[٧٢].

## ٢/١–١–١) لەیەکدان و وشەی لێکدراو

وشەلەیەکدان پرۆسەیەکە/ کردەیەکەو وشەی لێکدراو ئەنجامی/ دەرکردەی ئەو پرۆسەیە/ کردەیەیەو ڕێگایەکی گرنگ و بەبەرهەمی وشەدروستکردنە[٧٣]، کە لە ڕێی چەند تاکە توخمێکی سەربەخۆ (مۆرفێمی سەربەخۆ)ەوە، بە یاریدەی مۆرفێمێکی بەستێنەر یان بەبێ ئەو مۆرفێمە، دروستدەکرێت و بەدەستدەخرێت[٧٤] و وەکو تەنها وشەیەك ئەرك دەبینن[٧٥]. دەبێت لە نووسینیشدا بەیەکەوە بنووسرێن[٧٦]. وەك: / مارماسی, بانەوبان, هێلکەوڕۆن,.../.

زمانەوانانی کورد هەندێکیان وەها باسی وشەی لێکدراویان کردووە، کە لە دوو وشە، یان لە دوو وشە زیاتر پێکهاتووە[٧٧]، هەندێکی تریان پێیانوایە، کە وشەی لێکدراو لە دوو مۆرفێم یان زیاتر پێکهاتووە[٧٨]. وشە وەکو لێکسیم لە فەرهەنگدا تۆمارکراوەو یەکەیەکی فەرهەنگییە. دەشێت وشەیەکی سادە بێت یان ناسادە. ئەگەر پێمانوابێت، کە وشەی لێکدراو لە دوو وشە پێکدێت, ئەوا وشە لێکدراوەکانی / سەرهەڵگرتن, دەستزێڕین, ...هتد/ لە وشەیەکی سادەو وشەیەکی هەڵگوێزراو پێکهاتوون / سەر + هەڵگرتن، دەست +

---

* بڕوانە: عەبدولواحید موشیر دزەیی، ( ٢٠١٣ : ٨٩ – ٩٢ ) و سەلام ناوخۆش , نەریمان خۆشناو، (٢٠٠٩ : ٤٣٥ – ٤٣٧ ).

** بڕوانە: ڕۆژان نوری عەبدوڵا، (٢٠١٣: ٢٠٤–٢٢٧).

[٧٢] ئەوڕەحمانی حاجی مارف، (١٩٧٧: ٤٧).

[٧٣] محەمەد عومەر عەول، (٢٠٠١: ١٨).

[٧٤] محەمەدی مەحویی، (٢٠١٠: ٨٢) و عەبدولواحید موشیر دزەیی، (٢٠١٣: ٨٩–٩٠).

[٧٥] غازی عەلی خورشید، (٢٠١١: ٦٨).

[٧٦] Stageberg.n.c, (١٩٨١: ١٢١).

[٧٧] بڕوانە:ئەوڕەحمانی حاجی مارف، (١٩٧٧: ٨٣ و ٢٠٠٢: ١٣٣, ڕۆژان نوری، (٢٠١٣: ١٥٥), عەبولواحید موشیر، (٢٠١٣: ٨٩), شەهاب شێخ تەیب، (٢٠١٢: ٢٣٨), غازی عەلی خورشید، (٢٠١١: ٦٨), کامیل حەسەن بەسیر، (٢٠١٣: ٣٩), میدیا مراد محمدامین، (٢٠٠٩: ٩٠).

[٧٨] بڕوانە: محەمەدی مەحویی، (٢٠١٠: ٨٢), یووسف شەریف، (٢٠١٣: ١١).

زێڕین/، بەمەیش پێناسەکەمان بۆ وشەی لێکدراو دەگۆڕێت و دەبێت بڵێین وشەی لێکدراو لە دوو وشەی سادە یان لە وشەیەکی سادەو وشەیەکی هەڵگوێزراو پێکهاتووە/ پێکدێت, کە وشە هەڵگوێزراوەکەیش خۆی لە دوو مۆرفێم پێکهاتووە. لە نموونەیەکی وەك / پیاوکوژ/ دا, / کوژ/ ڕەگێکە، واتای کردارەکەی هەڵگرتووە, کە لە فەرهەنگدا وەکو ناوی کرداری / کوشتن/ هەڵگێراوە، بەڵام ڕەگی کردارەکە بە سەربەخۆیی بەکارناهێنرێت[79]، کەواتە ڕاسترە، ئەگەر بگوترێت وشەی لێکدراو، وشەیەکە لە دوو مۆرفێمی سەربەخۆ/ ڕەگ یان زۆرتر لە ئەنجامی پرۆسەی لەیەکدان (بە یارمەتی مۆرفێمێکی بەستێنەر, یان بەبێ ئەو مۆرفێمە ) دروستبوون/ دروستدەبن. کەرتەکانی جێگەی چەسپاویان هەیەو جێگۆڕکێ ناکەن و لەیەکتر دوورناکەونەوەو فراوانناکرێن و هەموو وشەکە تاکە هێزێکی[*] سەرەکی وەردەگرێت[80]، ئەگەر جێگۆڕکێ بە کەرتەکانی بکرێت دەرکردەکەی یان واتایەکی جیاوازی دەبێت، یان ڕێگەی پێنادرێت. نموونەکانی (٢٧، ٢٨، ٢٩) ئەمە دەخەنەڕوو:

٢٧-أ- / مارماسی/ /* ماسیمار/

ب- / دەموچاو/ /* چاوودەم/

٢٨- منداڵەکە دەموچاوی دەشوات.

٢٩- منداڵەکە دەم و چاوو دەستی دەشوات.

لە نموونەکاندا ئەوە دەردەکەوێت , کە پێویستە، وشەی لێکدراو لە نووسیندا کەرتەکانی بەدەمیەکەوە بە لکاوی بنووسرێن, / دەموچاو/ نەك / دەم و چاو/. ئەمەیش لەبەر ئەوەی وشەی لێکدراو وەك پێکهاتوویەك لێیدەڕوانرێت و وەك یەکەیەکی زمانی (لێکسیم) هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکرێت، چونکە وشەی لێکدراو جومگەکانی جێگەی چەسپاویان هەیەو ناتونرێت فراوان بکرێت[81]. ئەگەر فراوانکرا، ئەوا دەبێت بە فرێز و یەکەیەکی سینتاکسیی.( بڕوانە نموونەی (٢٩)!). بەم پێیە زاراوەی لەیەکدان تا ڕادەیەك گشتییەو دەشێت

---

[79] بڕوانە: محەمەدی مەحویی، (٢٠١٣: ١٤٩).

[*] لە بەر فراوانی بابەتەکە ئەم لایەنە لە لێکۆڵینەوەکەدا باسنەکراون.

[80] بڕوانە: محەمەد مەعروف، (٢٠١٠: ٢٨٠) و محەمەدی مەحویی، (٢٠١٠: ٢٣٠-٢٣٥).

[81] محەمەدی مەحویی، ( ٢٠١٠: ٨٣) و محەمەد مەعروف فەتاح، (٢٠١٠: ٢٨٠).

لە هەموو ئاستەکانی زماندا بەکاربێت، بەڵام وشەی لێکدراو زاراوەیەکە بەرانبەر بە جۆرێك لە جۆرەکانی وشە لە ئاستی مۆرفۆلۆژیدا[٨٢].

لە وشەی لێکدراودا, ئەو مۆرفیمانەی وشە لێکدراوەکەیان پێکهێناوە, لە ڕووی دروستەوە جیاوازییان هەیە. یەکێکیان (سەری ڕێزمانی)یە و /head/ ئەوی دییان (تەواوکەر)ە /complement/. سەری ڕێزمانی لە ڕووی واتاوە هەمیشە تەواوکەر دیاریدەکات, لە کاتێکدا تەواوکەر لە ڕووی ڕێزمانییەوە وشە لێکدراوەکە دیاریدەکات[٨٣] (/ پیاوکوژ، چاوجوان/). سەرەوەرپیزبوونی جومگەکانی وشەی لێکدراو لە زمانی کوردیدا، ڕێسائاسا بەپێی ڕێسای سەرکۆتاییە. سەرە ڕێزمانییەکان لە زمانی کوردییدا کرداری کات و کەسدار (قەدی کردار بە جێناوی لکاوی بکەرییەوە), قەدی کردار (ڕەگی کردار بە مۆرفیمی کاتەوە), ڕەگی کردار، ئاوەڵناوو پێشناوە سینتاکسییەکان و پێشناوی فەرهەنگی و مۆرفۆسینتاکسیی/ە/ن[٨٤].

زمانەوانانی کورد چەندین پۆلکردنیان بۆ وشەی لێکدراو کردووە[٨٥]. هەریەکەیان بە پێی تیۆرییەك و لە سەر بنەمایەك لە وشەی لێکدراو دواون. بە پێی پۆلە ڕەگەزی فەرهەنگی، یان بە پێی سەری ڕێزمانی و سەری واتایی، یان بە پێی جومگەی یەکەم و دووەمی وشە لێکدراوەکەو ...هتد کراون. بە گشتی زمانەوانان لە ڕووی واتاو فۆرمەوە، وشە لێکدراوەکانیان پەسنکردووە. بە پێی زۆرێك لە تیۆرە جیاوازەکان لە ڕێککەوتن و بەیەکەوە هاتنی وشەکاندا، هەردوو بنەمای ڕێزمانی و واتایی ڕۆڵدەبینن و گرنگیان هەیە[٨٦].

لە زۆرێك لە وشە لێکدراوەکاندا، بە پێی تیۆری حوکمکردن و بەستنەوە، جومگەیێکی وشە لێکدراوەکە حوکمی جومگەکەی تری وشەلێکدراوەکە دەکات و دەبێتە سەری ڕێزمانی پێکهاتەی وشە لێکدراوەکە. لە زمانی کوردیشدا، لەبەر ئەوەی سەرکۆتاییە و لە ڕستەدا کردار حوکمی فرێزەکانی ڕستە دەکات، لە پێکهاتەی وشە لێکدراوەکانیشدا سەری ڕێزمانی دەکەوێتە کۆتایی وشە لێکدراوەکەوە، هەرچەند لە هەندێك پێکهاتەی وشەی لێکدراوی وەکو / پیرەمێرد و شۆخەژن و گێلەپیاو/ دا, سەری ڕێزمانی دەکەوێتە

---

[٨٢] میدیا مراد محمدامین، (٢٠٠٩: ٩٠).

[٨٣] بێستوون حەسەن ئەحمەد، (٢٠١٢: ٣٩).

[٨٤] محەمەدی مەحویی، (٢٠١٠: ٨٤–٨٥).

[٨٥] بڕوانە: محەمەد مەعروف فەتاح، (٢٠١٠: ٢٨٠–٢٨٢), ئەورەحمانی حاجی مارف، (١٩٧٧: ٨٣–٩٥), سەلام ناوخۆش, نەریمان خۆشناو، (٢٠٠٩: ٣٩–٤٣), محەمەدی مەحویی، (٢٠١٠: ٨٢–١١٦), فەرهاد تۆفیق حەسەن، (٢٠١٠: ٤٨–٦٨).

[٨٦] فەرهاد تۆفیق حەسەن، (٢٠١٠: ٤٨).

سەرەتاوە, بەڵام ئەمەیش بەپێی پێڕەوەو یاسابەندە. وشەی لێکدراو چەند تەرزێکی جیاوازیان هەیە, کە ئەمانە هەندێکیانن:

**١/٢-١-١-١) وشەی لێکدراو بە بێ مۆرفێمی ناوگر**

ئەم تەرزانەی هەیە:

١) ناو + ئاوەڵناو ← (ناوێکی ئاوەڵناوی )

ئەم وشە لێکدراوانە لە ناوێکی گشتی و ئاوەڵناوێك پێکدێت (بڕوانە ١/٢) و ئاوەڵناوەکە دەبێتە سەری ڕێزمانی پێکهاتەی وشەلێکدراوەکە. (بڕوانە نموونەکانی (٣٠)!).

٣٠-أ- / چاو/ + / شین/ ← / چاوشین/

ب- / ڕوو/ + / ڕەش/ ← / ڕووڕەش/ *

دەبێت زۆربەی ئەم وشەلێکدراوانە لە پێشدا فرێزێکی خستنەپاڵ بوبێتن و بە لابردنی /ی/ی خستنەپاڵ بوبێتن بە وشەی لێکدراوو لە فەرهەنگدا تۆمارکرابێتن[٨٨]. ئاوەڵناوەکە، وەك جومگەی دووهەمی دروستەکە دەرخەری ناوەکەیەو سەری ڕێزمانییە, کە لە دروستەی فرێزیشدا سەرە واتاییەکان ناوی گشتین و سەرە ڕیزمانییەکانیش, کە هەڵگری ناونیشانی فرێزەکەن, بۆ دەرخستنی ئەو ناوە (سەرەواتاییەکە) ڕێکخراون[٨٩].

٢) ناوی ئاوەڵکرداری + ناو ← ناو

بڕوانە نموونەکانی (٣١) و بیشڕوانە نموونەکانی (١٤٤) و ئەو شیکردنەوانەی لەوێدا دراون.

٣١- أ- / سەر/ + / بان/ ← / سەربان /

ب- / لا/ + / چاو/ ← / لاچاو /

---

* وشەی / ڕووڕەش / و هەریەك لە وشەکانی وەك / سەرشۆڕ, دەستکورت, سەرگەورە، .../ ئیدیۆمن .

[٨٨] هیدایەت عەبدوڵڵا موحەمەد، (٢٠٠٢: ٦٩).

[٨٩] عەبدولجەبار مستەفا مەعروف، (٢٠١٠: ٦٥).

٣) ناو + ناو ( ناوی کرداری ) ← ناوی کرداری[٩٠]

بڕوانە نموونەکانی ( ٣٢ ) و بیشڕوانە نموونەکانی (١٤٩) و بەراوردیان بکە بە (١٣٧) و (١٤٦).

٣٢–أ– / چێشت/ + / لێنان/ ← / چێشتلێنان /

ب– / چاو/ + / گێڕان/ ← / چاوگێڕان /

٤) ناو + قەدی کردار ← ( ناوی شت, ئاوەڵناو )

لـەم دروستەیەیـشدا کـردار حـوکمی ناوەکـەی پـێش خـۆی دەکـات و دەبێتـە سـەری ڕێزمـانی, بڕوانـە نموونەکانی ژمارە( ٣٣ ):

٣٣–أ– / دەست/ + / کەوت/ ← / دەستکەوت /

ب– / دەست/ + / کرد/ ← / دەستکرد /

٥) ناو + ڕەگی کردار ← ئاوەڵناو (ناوێکی کارای ئاوەڵناوی)

بڕوانە نموونەکانی ژمارە ( ٣٤ ) و بیشڕوانە (١٤٦).

٣٤–أ– / پیاو/ + / کوژ/ ← / پیاوکوژ /

ب– / گوڵ/ + / فرۆش/ ← / گوڵفرۆش /

٦) ناو + ناو ← ناو

ئەم تەرزەی وشەی لێکدراو لە چەشنی ( دەرخەر + دەرخراو )ن, ناوە دەرخەرەکە بە وەکیەکلێکردنی سیمانتیکی لە دروستەی فرێزدا هەڵدەگەڕێتەوەو دەکەوێتە دوای دەرخراوەکەوە. نموونەکانی ژمارە ( ٣٥ ) ئەمە دەسەلمێنن[٩١]. بیشڕوانە (١٣٧).

٣٥–أ– / مار/ + / ماسی/ ← / مارماسی / = { ماسیی ماریی }

---

[٩٠] ) بڕوانە: ئەوڕەحمانی حاجی مارف، (٢٠٠٠–أ: ٩٨ – ١٠٦)، فەرهاد تۆفیق حەسەن، (٢٠١٠: ٥٢).

[٩١] بڕوانە: محەمەدی مەحویی، (٢٠١٠: ٩١).

ب– / کەو/ + / مار/ ← / کەومار / = { ماری کەوە }

پ– / گا/ + / بەرد/ ← / گابەرد / = {بەردی گایی} = {بەردی وەك گا}

ت– / گا/ + / کۆتر/ ← / گاکۆتر / = { کۆتری وەك گا }

٧) ناو + ئاوەڵناوی کراو ← ئاوەڵناو ( حاڵەت )

دروستەی ئەم ئاوەڵناوە لێکدراوانە لە چەشنی ( دەرخراو + دەرخەر )ن و ئاوەڵناوە کراوەکەو ئاوەڵناوە کردووەکە سەری ڕێزمانیی وشە لێکدراوەکەن و حوکمی ناوەکەی پێش خۆی دەکات. جیاوازییان لەگەڵ نموونەکانی (٣٠) دا ئەوەیە، کە نموونەکانی (٣٠)، بەزۆری لە ئاوەڵناوێکی چۆنێتی سادە دروستدەبێت، بەڵام نموونەکانی (٣٦) هەمیشە لە ئاوەڵناوێکی هەلگوێزراو (ئاوەڵناوی کراوو ئاوەڵناوی کردوو) دروستدەبێت. بڕوانە نموونەکانی ژمارە (٣٦):

٣٦–أ– / مل + / پێچراو/ ← / ملپێچراو /

ب– / سەر/ + / شکاو/ ← / سەرشکاو /

٨) حاڵەت + ناوی کرداری ← ناوی کرداری ( حاڵەت )

٣٧–أ– / مۆڕە/ + / کردن/ ← / مۆڕەکردن /

ب– / توڕە/ + / بوون/ ← / توڕەبوون /[٩٢]

٩) ئاوەڵناو + ئاوەڵناو ← / ئاوەڵناو /

٣٨–أ– / ڕەش/ + / بەڵەك/ ← / ڕەش بەڵەك /

ب– / دەمری/ + / بەڵەك/ ← / دەمریی بەڵەك /[٩٣]

---

[٩٢] فەرهاد تۆفیق حەسەن، (٢٠١٠: ٥٤).

[٩٣] نموونەکان لە محەمەدی مەحویی، (٢٠١٠: ٨٨)ەوە وەرگیراون.

**٢/١-١-١-٢) وشەی لێکدراو بە یارمەتی مۆرفێمی بەستێنەر**

١) ئاوەڵناو + /-ە- / + ناو ← ناو

دروستەی ئەم وشەلێکدراوانە لە چەشنی (دەرخەر + دەرخراو)ن، بە یارمەتی مۆرفێمی بەستێنەری /-ە-/، دەرخەری دروستەکە سەری ڕێزمانییە. ئەم وشانە لەگەڵ نموونەکانی ژمارە (٣٠) بە وەکیەکلێکردنی سیمانتیکی لە دروستەی فرێزدا هەمان دروستەی فرێزی ئاوەڵناوییان هەیە[٩٤] و سەری ڕێزمانی دەکەوێتە کۆتایی فرێزەکەوە، بەڵام کە دەپەڕنەوە بۆ ناو خانەی فەرهەنگ, لە ئەنجامی ئەوەی جومگەکانی فرێزەکە جێگۆڕکێ دەکەن و مۆرفێمی /-ە- /ی بەستێنەر دەکەوێتە نێوان هەردوو کەرتەکەوە. واتە لە ڕێی /-ە-/ ی دیاریکەرەوە ئاوەڵناوەکە وەك دەرخەر بۆ ناوەکە گۆدەکات[٩٥] .

٣٩-أ- / گێل/ + /-ە-/ + / پیاو/ ← / گێلەپیاو /

ب- / شۆخ/ + /-ە-/ + / ژن/ ← / شۆخەژن /

بە هەمان دروستەی (سەر + تەواوکەر) هەندێك ناو بە نیشانەی واتایی ئاوەڵناوەوە دەتوانن ببن بە دەرخەری پێکهاتەی وشەی لێکدراو، بە بێ یارمەتی مۆرفێمی بەستێنەر, بەڵام لە ڕێی هێزخستنەسەری ئاوەڵناوەکەوە (بڕوانە نموونەکانی (٤٠)!) .

٤٠-أ- / شا/ + / پیاو/ ← / شاپیاو /

ب- / گا/ + / بەرد/ ← / گابەرد /[٩٦]

٢) ناو + /-ە-/ + ناو ← ناو

ئەم تەرزەی ناوی لێکدراو, دارشتنێکی فرێزییان هەیەو لە چەشنی (دەرخراو+دەرخەر)ن. ناوە دەرخەرەکە دەبێتە سەری واتایی ناوەلێکدراوەکە. لەبەر ئەوەی لە زمانی کوردیدا (ناو) ناتوانێت دۆخی ڕێزمانی بدات, نابێت بە سەری ڕێزمانی, بۆیە لە ڕووی واتاوە سەر دروستدەکەن[٩٧]:

---

[٩٤] بڕوانە: عەبدولجەبار مستەفا مەعروف، (٢٠١٠: ٥٨-٦٦).

[٩٥] هیدایەت عەبدوڵڵا موحەمەد، (٢٠٠٢: ٧٠).

[٩٦] محەمەدی مەحویی، (٢٠١٠: ٨٧).

٤١–أ– / قژ/ + /–ە–/ + / سەر/ ← / قژەسەر /

ب– / گوڵ/ + /–ە–/ + / گەنم/ ← / گوڵەگەنم /

٣) ناو + /–ە–/ + ئاوەڵناو + /–ە/ ← ناو

دروستەی ئەم جۆرە وشانە (دەرخراو+دەرخەر)ن و ئاوەڵناوەکە سەری ڕێزمانیی دروستەکەیە و حوکمی ناوەکەی پێش خۆی دەکات ( بڕوانە (٤٢ )!).

٤٢–أ– / هەنجیر/ + /–ە–/ + / زەرد/ + /–ە/ ← / هەنجیرەزەردە /

ب– / فیشەك/ + /–ە–/ + / شێت/ + /–ە ← / فیشەکەشێتە /

دەیشکرێت پێکهاتەی ئاوەڵناوەکە لێکدراو بێت، بەمەیش پێکهاتەی وشە لێکدراوەکە (ناو+/–ە–/+ئاوەڵناوی لێکدراو+/–ە) دەبێت ( بڕوانە (٤٣)! ).

٤٣–أ– / هەرمێ/ + /–ە–/ + / لاسوور/ + /–ە/ ← / هەرمێ لاسوورە /

ب– / سێو/ + /–ە–/ + / لاسوور/ + /–ە/ ← / سێوەلاسوورە/[٩٨]

٤) ناو + /–او/,یان/–ەو–/ + ناو ← ناو(ئاوەڵکردار ئاسا)

لەم وشەلێکدراوانەدا هەریەك لە کەرتەکانی وشەکە ناتوانن ببن بە دەرخەر بۆ ئەوی تریان و دۆخی ڕێزمانی نادەن، لەبەر ئەوە نابن بە سەری ڕێزمانی. ئەم وشانە لە زماندا بە ( جووتە وشە/ جووشە reduplication ) ناسراون و لە زۆربەی زمانەکاندا هەن. لە زمانی کوردیدا زیاتر لە ڕێگایەکی دروستبوونیان هەیە، کە جگە لە ڕێگای ناوبەند، دەشێت وشەکە دووبارەبکرێتەوە[٩٩].

٤٤–أ– / دەست/ + /–او–/ + / دەست/ ← / دەستاودەست /

ب– / شاخ/ + /–ەو–/ + / شاخ/ ← / شاخەوشاخ /

---

[٩٧] هیدایەت عەبدوڵڵا، (٢٠٠٢: ٧٣).

[٩٨] فەرهاد تۆفیق حەسەن، (٢٠١٠: ٥٥).

[٩٩] وریا عەمەر ئەمین، (٢٠١١: ٤٢).

٥) ناو + /–به–/ + ناو ← ناو(ئاوەڵکردار ئاسا)

٤٥–أ– / ساڵ/ + /–به–/ + / ساڵ/ ← / ساڵ به ساڵ /

ب– / دەستە/ + /–به–/ + / دەستە/ ← / دەستە به دەستە /

دەیشکرێت دوو ژمارە به یارمەتی مۆرفێمی ناوبەندی /–به–/ لێکبدرێن و ئاوەڵکردار ئاسایەك دەرکردەکەی بێت.

٤٦–أ– / یەك/ + /–به–/ + / یەك/ ← / یەك به یەك /

ب– / دوو/ + /–به–/ + / دوو/ ← / دوو به دوو/[100]

٦) ناو + /–به–/ + ناو ← ناو

پێکهێنەری ئەم ناوە لێکدراوانە دوو ناون، بە یارمەتی مۆرفێمی لێکدەر، دروستەی (دەرخراو+دەرخەر)یان هەیە. ناوە دەرخەرەکە هەڵگری نیشانەی ئاوەڵناوەو سەری ڕێزمانی وشەکەیەو دەرخراویش سەرە واتاییەکەیەتی ( بڕوانە (٤٧ )! ).

٤٧–أ– / کولێرە/ + /–به–/ + / ڕۆن/ ← / کولێرە بەڕۆن /[101]

ب– / کولێرە/ + /–به–/ + / قیمە/ ← / کولێرە به قیمە /

٧) ناو + /–و–/ + ناو ← ناو

پێکهێنەرەکانی ئەم ناوە لێکدراوانە دوو ناون و به یارمەتی مۆرفێمی بەستێنەری /–و–/پێکهاتوون. لەم وشەیەدا دەرخەرو دەرخراو نین. واتە، ئەم پێکهاتەیە لە ڕووی دروستەوە، ناوی یەکەم لەگەڵ ناوی دووەمدا دەبنە تەواوکەری یەکترو ناوێکی لێکدراو دروستدەکەن[102]، کەواتە سەرو تەواوکەرمان نییە, چونکە لە

---

[100] ئەوڕەحمانی حاجی مارف، (١٩٩٨: ١٦٠).

[101] نموونەی ٤٧–أ لە ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ( ١٩٧٩: ١٣٤)ەوە وەرگیراون.

[102] هیدایەت عەبدوڵلا، (٢٠٠٢: ٨٢).

سینتاکسیشدا مۆرفێمی /–و–/ هیچ دۆخێکی ڕێزمانی بە لای چەپ یان بە لای ڕاستدا نادات و تەنیا ڕۆڵی خستنەتەکیەکی فرێزەکان دەبینێت.[١٠٣].

٤٨–أ– / دایك/ + /–و–/ + / باوك/ ← / دایکوباوك /

ب– / هێلکە/ + /–و–/ + / ڕۆن/ ← / هێلکەوڕۆن /

شایانی تێبینیکردنە, بۆ لەیەکدانی دوو وشە بەیارمەتی مۆرفێمی بەستێنەری /– و– /, لە پێکهاتەی سینتاکسدا بەزۆری دەبێت هەر دوو وشەکە لەیەك پۆلەڕەگەزی فەرهەنگی بن, بڕوانە نمونەکانی ژمارە (٤٨) و وشەکانی / گورجوگۆڵ, گەرموگوڕ،.../. ئەمەیش لە پێکهاتەی فرێزدا تەواو ڕاستە[١٠٤]. مەرج نییە لە مۆرفۆلۆژیدا، پێکهاتەی ئەم وشە لێکدراوانە سەر بە یەك پۆلە ڕەگەزی فەرهەنگی بن, بڕوانە نموونەی (٤٩):

(٨) ناو + /–و– / + قەد ← ناو (ئاوەڵکردار ئاسا )

٤٩–أ– / دەست/ + /–و– / + / برد/ ← / دەستوبرد /

## ٢/١–١–٢) هەڵگواستن و وشەی هەڵگوێزراو

پرۆسەی هەڵگواستن یەکێکە لە پرۆسەکانی وشەدروستکردن. هەڵگواستن کردەیەکەو وشەی هەڵگوێزراو دەرکردەکەیەتی, کە بە یارمەتی مۆرفێمەکانی هەڵگواستن ( Derivation morpheme ) (پێشگرprefixes و ناوگرinfix و پاشگرsufixes ) لەگەڵ مۆرفێمێکی تر/ وشەیەکی تر دروستدەکرێت[١٠٥]. واتە هەڵگواستن زیادکردنی مۆرفێمی هەڵگوێزەرە بۆ ڕەگێک یان قەدیك بۆ دروستکردنی وشەیەکی نویٚ بە واتایەکی نوێوە[١٠٦]. زمانی کوردی بەزۆری پێشگر و پاشگر, یان هەردوو پێشگرو پاشگر پێکەوە بۆ هەڵگواستنی وشەی نویٚ بەکاردەهێنێت[١٠٧]. ( بڕوانە: / بکوژ, وردیلە, بێکاری, .../!).

[١٠٣] عەبدولجەبار مستەفا، (٢٠١٠: ٨٢).

[١٠٤] هەمان سەرچاوە ، (٢٠١٠: ٨١–٨٢).

[١٠٥] Stageberg.N.C, (١٩٨١: ١٢١).

[١٠٦] Fromkin,V.(٢٠٠٣: ٨٣).

[١٠٧] ئەوڕحمانی حاجی مارف، (١٩٧٧: ٤٨).

دەشێت مۆرفێمەکانی هەڵگواستن لە زمانی کوردیدا سەری وشە ئاڵۆزەکە پێکبهێنن و تایبەتێتییەکانی خۆیان بدەن بە وشەکە[108]. مۆرفێمە هەڵگوێزەرەکان، یەکێك لە ئەدگارە گرنگەکانیان ئەوەیە، کە دەشێت پۆلەڕەگەزی بناغەکانیان بگۆڕن، بە واتا >> ناو << دەتوانرێت لە >> کردار << ەوە >>ئاوەڵناو << لە >> ناو<< ەوە و >> ناو << لە >> ئاوەڵناو<< ەوە هەڵبگوێزرێت و ...هتد. زاراوەکانی >> لە ناوەوە هەڵگوێزراو << = >>لەناو خستن<< ... >>لە کردارەوە هەڵگوێزراو<< = >>لە کردار خستن<< ... هەن و بیستراون[109]. بڕوانە نموونەکانی (٥٠-٥٧)[110], بەڵام دەیشگونجێت وشە نوێیەکە لە هەمان پۆلەڕەگەزدا بمێنێتەوە, (بڕوانە: /ئاسنگەر, دانساز, ناڵبەند, گاوان, هونەرمەند,.../)[111].

### ١/٢-١-٢-١) ناوی هەڵگوێزراو

وشەی هەڵگوێزراو لە مۆرفێمێکی سەربەخۆ و لاگرێك دروستدەبێت, کە لە زمانی کوردیدا بە زۆری بە یارمەتی پاشگر پێکدێت و بە زۆری لە (ناو یان ئاوەڵناو یان کردار یان ئاوەڵکردار) هەڵدەگوێزرێت[112]. ئەو ناوانەی، بە یارمەتی پاشگر دروستدەبن، سەرکۆتایین، بەڵام ئەو ناوانەی بە یارمەتی پێشگر دروستدەبن بە پێچەوانەی یاسای سەرکۆتایی زمانی کوردییەوەن.

### أ) هەڵگواستنی ناو بە یارمەتی پێشگر

لە زمانی کوردیدا، هەندێك پێشگر هەن, کە بە ڕەگی کردار یا ناوەوە دەلکێن و ناوی هەڵگوێزراو دروستدەکەن[113].

٥٠-أ- / پێ-/ + / ویست/ ← / پێویست/ (لە کردارەوە هەڵگوێزراو)

ب- / بەر-/ + / کوڵ/ ← / بەرکوڵ/ (لە کردارەوە هەڵگوێزراو)

---

[108] بڕوانە: محەمەد مەعروف, سەباح ڕەشید، (٢٠٠٦: ٦٢).

[109] محەمەدی مەحویی، (٢٠١٠: ١٨٣-١٨٤).

[110] بۆ نموونەی وشەی هەڵگوێزراو لەم پارەی ئەم بەشەدا, پشت بەم سەرچاوانە بەستراوە: (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ناو: ١٩٧٩)، (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ئاوەڵناو: ١٩٧٩)، (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ئاوەڵکردار: ١٩٩٨)، (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: کردار: ٢٠٠٠-أ).

[111] بڕوانە: ئەوڕەحمانی حاجی مارف، (١٩٧٩: ١٠٧-١١٠).

[112] هەمان سەرچاوە، (١٩٧٩: ١٠٧).

[113] ئەوڕەحمانی حاجی مارف، (١٩٧٩: ١٣٣).

پ- / هاو-/ + / ڕێ/ ی ← / هاوڕێ/ (لە ناوەوە هەڵگوێزراو)

ب) هەڵگواستنی ناو بە یارمەتی پاشگر

٥١-أ- / ئاگر/ + /- دان/ ← / ئاگردان/ ( لە ناوەوە هەڵگوێزراو )

ب- / سەوز/ + /-ەڵان/ ← / سەوزەڵان/ ( لە ئاوەڵناوەوە هەڵگوێزراو )

پ- / کوشت/ + /-ار/ ← / کوشتار/ ( لە کردارەوە هەڵگوێزراو )

ت- / نووس/ + /-ەر/ ← / نووسەر/ ( لە ڕەگی کردارەوە هەڵگوێزراو )

ج- / پێش/ + /-ین/ ← / پێشین/ ( لە ئاوەڵکردارەوە هەڵگوێزراو )

٢/١-١-٢-٢) ئاوەڵناوی هەڵگوێزراو

بۆ دروستکردنی ئاوەڵناوی هەڵگوێزراو, هەندێك پێشگر و پاشگر هەن, کە دەچنەسەر ناو یان ئاوەڵناو یان کردار یان ئاوەڵکرداری سادە و ئاوەڵناوی هەڵگوێزراویان لێدروستدەکەن[١١٤].

أ) هەڵگواستنی ئاوەڵناو بە یارمەتی پێشگر

٥٢-أ- / بە-/ + / هێز/ ← / بەهێز/ (لە ناوەوە هەڵگوێزراو)

ب- / نە-/ + / خۆش/ ← / نەخۆش/ (لە ئاوەڵناوەوە هەڵگوێزراو)

پ- / ب-/ + / کوژ/ ← / بکوژ/ (لە ڕەگی کردارەوە هەڵگوێزراو)

ب) هەڵگواستنی ئاوەڵناو بە یارمەتی پاشگر

٥٣-أ- / زێر/ + /-ین/ ← / زێڕین/ (لە ناوەوە هەڵگوێزراو)

ب- / تەخت/ + /-انی/ ← / تەختانی/ (لە ئاوەڵناوەوە هەڵگوێزراو)

پ- / لەرز/ + /-ۆك/ ← / لەرزۆك/ (لە ڕەگی کردارەوە هەڵگوێزراو)

---

[١١٤] هەمان سەرچاوە، (١٩٩١: ٧٦).

ت-/ مرد/ + /-وو/ ← / مردوو/ (له کردارەوە هەڵگوێزراو)

**۲/۱-۱-۲-۳) کرداری هەڵگوێزراو**

کردار له زماندا بـه شـێوەی نـاوی کرداریـی لـه فەرهەنگـدا تۆماردەکرێـت. (زۆرتـرین و بڵاوتـرین کـرداره هەڵگوێزراوەکان له کرداری ترەوە هەڵگوێزراون. کرداری لەناو هەڵوێزراو یان له ئاوەڵناو هەڵوێزراو کەمتر بـاو و بڵاون وەك کرداری له کردار هەڵوێزراو)[115]. کرداری هەڵگوێزراو له زمانی کوردیدا زۆرتر بـه یارمـەتی پێـشگر دروستدەکرێت, چەند پێشگرێکیش هەن, که کردار هەڵدەگوێزن, ئەم کردارانه وەك یەکەیەکی فەرهـەنگی لـه سینتاکسدا بەکاردەهێنرێن (بڕوانه نموونەکانی (٥٤-٥٥)!).

**أ) هەڵگواستنی کردار به یارمەتی پێشگر**

٥٤-أ- / ڕا-/ + / خستن/ ← / ڕاخستن/

ب- / هەڵ-/ + / کردن/ ← / هەڵکردن/

پ- / دا-/ + / گرتن/ ← / داگرتن/

ت- / وەر-/ + / گەڕان/ ← / وەرگەڕان/

**ب) هەڵگواستنی کردار به یارمەتی پاشگر**

٥٥-أ- / کردن/ + / -ەوە/ ← / کردنەوە/

ب- / سوتان/ + /-اند/ ← / سوتاندن/

**۲/۱-۱-۲-٤) ئاوەڵکرداری هەڵگوێزراو**

---

[115] محەمەدی مەحویی، (۲۰۱۰: ۱۸۷).

ئاوەڵکرداریش بە یارمەتی پێشگر یان پاشگر یان هەردوو (پێشگرو پاشگر) پێکەوە دروستدەبێت[116].

بەڵام ئاوەڵکردار بە گشتی لە زماندا بە >> پارتیکڵ << دادەنرێت و زۆرکەم یان بە دەگمەن لەم چەشنە پرۆسانەدا کاردەکات[117]. بڕوانە نموونەکانی (٥٦–٥٧):

**أ)هەڵگواستنی ئاوەڵکردار بە یارمەتی پێشگر**

**٥٦–أ–** / بە–/ + / کوڵ/ ← / بەکوڵ/

ب– / بە–/ + / ناو/ ← / بەناو/

**ب) هەڵگواستنی ئاوەڵکردار بە یارمەتی پاشگر**

٥٧–أ– / شەو/ + /–ێ/ ← / شەوێ/

ب– / درەنگ/ + /–ان/ ← / درەنگان/

لە گەڵ ئەوەی پرۆسەکانی لەیەکدان و لکاندنی لاگرەکان پرۆسەی سەرەکی و بەبەرهەمی وشەدروستکردنن لە زمانی کوردی و زۆرینەی زمانەکانی تردا، بەڵام تەنها ئەم دوو پرۆسەیە لە زمانەکاندا نین، بۆیە لێرەدا چەند پرۆسەیەکی تر دەخرێنەڕوو.

## ١/٢–١–٣) تێکەڵکردن Belending

زاراوەیەکی زمانەوانییە، بریتییە لە تێکەڵکردنی دوو بەشی بچووکی دوو وشە بۆ دروستکردنی وشەیەکی نوێ. ئەم پرۆسەیە بە جۆرێکی تایبەت لە پرۆسەی لەیەکدان دادەنرێت[118]، کە بەشی یەکەمی وشەی سەرەتاو بەشی دووەمی وشەی کۆتایی بۆ وشە نوێیەکە وەردەگیرێت، وەکو (/ ڕۆژنامە/ + /گۆڤار/ ← / ڕۆڤار/).

## ١/٢–١–٤) پارچەلێوەرگرتن/ وردکردنەوە clipping

[116] ئەوڕەحمانی حاجی مارف، (١٩٩٨: ١٥٣).

[117] محەمەدی مەحویی، (٢٠١٠: ١٨٤).

[118] نەرمین عومەر ئەحمەد، (٢٠١٠: ٣١).

پرۆسەیەکە، پارچەیەك لە سەرەتای یان کۆتایی وشـە وەردەگیرێـت، بـە واتـای/ لـە جیـاتی  وشـەکە[119] .
وەکو بەکارهێنانی وشەی \Lab \ لـەبری \Labrotory\ لـە زمـانی ئینگلیـزی و لـە زمـانی کوردیـدا ئـەم پرۆسەیە بەبەرهەم نییە. زۆرتر بۆ ناوی تایبەتی کەس بەکاردەهێنرێت، وەکو / گوڵە/ لە بری / گوڵاڵە/ یان / گوڵباخ/. چەشنێکی تری وردکردنەوە لە زمـانی کوردیـدا، لابردنـی پارچـەیەکی/ وشـەیەکی دەسـتەواژەکەیە، وەکو بەکارهێنانی / سلێمانی/ لە بری { شاری سلێمانی }[120] .

## ١/٢-١-٥) ئەکرۆنێم Acronymy

وەرگرتنی پیتی یەکهەمی وشەکانی فرێزێك و لێکدانی ئەو پیتانەیە بۆ دروستکردنی وشەیەکی نـوێ. لـەم پرۆسەیەدا پیتەکان دەبنە نوێنەری ئەو وشانەی پیتەکانیان لێوەرگیراوە، بـۆ نموونـە وشـەی \NATO\ لـە بری دەستەواژەی { North atlantic treaty organization } بەکار دەهێنرێت. نموونەی لە زمـانی کوردیشدا بەکارهێنانی ( پ.ز ) یە لە بری { پێش زایین }.

## ١/٢-١-٦) وەرگرتن Borrowing [121]

وەرگرتنی وشەیە لە زمانێکی ترەوە. پرۆسەیەکە لە هەموو زمانـە زیندووەکانـدا پـەیڕەودەکرێت[122]. ئـەو وشانەی وەردەگیرێن، دەکەونە ژێر کاریگەری فۆنۆتاکتیکی زمانی دووهەم، وەکو / کتێب/ ، کە لە / کتاب/ی عەرەبییەوە وەرگیراوە.

## ١/٢-٢) وشە دروستکردن لە سینتاکسدا

شکاندنەوە، کە لە زانستی زمـانی کوردیـدا گەردانکردنیـشی پێـدەگوترێت, پرۆسـەیەکە تێیـدا وشـەکانی زمان لە چوارچێوەی ئاخاوتندا/ قسە(کردن)/ نووسیندا بە پێی یاسا مۆرفۆلۆژییەکانی زمانێکی دیـاریکراو لـە فرێزو ڕستەدا پەسندەکات و شییاندەکاتەوە بۆ سەگمێنتە پێکهێنەرەکانیان. لەم پرۆسەیەدا، لەگەڵ هەنـدێك وشەدا مامەڵە دەکەین، کە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە ئەرکی ڕێزمانییەوە هەیە. لەم بەشەدا هەوڵدەدرێت ئەو

---

[119] بڕوانە: شێرکۆ حەمەئەمین قادر، (٢٠٠٢: ١٤) و .(١٤٤ :١٩٨١) Stageberg,N.C
[120] محەمەدی مەحویی، (٢٠١٠: ١٦١).
[121] بڕوانە: هەمان سەرچاوە، (٢٠١٠: ١٢٦) و بیشڕوانە: ڕۆژان نوری عەبدوڵڵا، (٢٠١٣: ١٢٩).
[122] کامیل حەسەن بەسیر، (٢٠١٣: ٢٨).

گۆڕانكارییانەی، كە بە هۆی ئەركی ڕێزمانییەوە بە سەر وشەدا دێن شیبكرێتەوەو بچەسپێنرێت[123] . كەواتە لە دروستەیەكی بەرجەستە دەدوێین, نەك لە دروستەیەكی فەرهەنگی. ئەمەیش وەكو هەڵگواستنەكان لە لاگرەكانەوە فۆرمی نوێی وشەیەك دادەڕێژن نەك دروستكردنی وشەیەكی نوێ, بەمەیش ئەو مۆرفێمە ناسەربەخۆیانەی تەنها ئاكاری فۆرمە تاكە تاكەكانی وشە دیاریدەكەن, پێیاندەگوترێت، >>مۆرفێمەكانی شكاندنەوە inflectional morphemes <<[124]، یان >>شكێنەرەوەكان inflexives <<. شكێنەرەوەكان دتوانن لەگەڵ مۆرفێمە سەربەخۆكانداو لەگەڵ هەڵگوێزراوەكانداو هەروەها لەگەڵ وشەی لێكدراویشدا دەربكەون، كە ناوی >> قەد stem << یان لێنراوە[125], ( بڕوانە نموونەكانی (٥٨)!)، واتە شكێنەرەوەكان هەموو ئەو فۆرمە مۆرفۆلۆژییانە دەگرێتەوە، كە لە شێوەی لاگر گۆكردنی سینتاكتیكیان لە بارەكانی وەكو ناسراوی و نەناسراوی، ژمارە(تاك و كۆ)، تاف، ڕووكار، ... دا هەیە. ئەم فۆرمانە بە گشتی مۆرفێمی ناسەربەخۆن، واتە وەك یەكەیەكی مۆرفۆلۆژی ئازاد پڕواتا نین، بەڵكو هەڵگری واتان و بە سەبەخۆیی بەكارناهێنرێن، لە كاتێكدا مۆرفێمە سەربەخۆكان جگە لەوەی بەپێی پۆلی ڕێزمانی ڕۆڵدەبینن, وەك دانەیەكی مۆرفۆلۆژییش هەڵگری واتایەكی تایبەتین[126] .

٥٨-أ- / ئاسنگەر/ ← / ئاسنگەر+-ەكە/ ← / ئاسنگەرەكە/

ب- / جوان/ ← / جوان+ترین/ ← / جوانترین/

پ- / خوار/ ← / خوار+تر/ ← /خوارتر/

ت- / گرتن/ ← { گرتم, دەگرم, بیگرم, گرتوومە, دەمگرت, دەتگرت, نەتگرت,...}

ج- / سەركەوتن/ ← {سەركەوتم, سەركەوتین, سەركەوتن، ...}

چ- خاڵە/ خاڵۆ, مامە/ مامۆ, كچێ, پورێ,...

---

[123] یووسف شەریف سەعید، (٢٠١٣-أ: ٧).

[124] Fromkin,V. (٢٠٠٣: ١٠٠).

[125] محەمەدی مەحوی، (٢٠٠٩-أ: ٢٣٨).

[126] بڕوانە: ئەبوبەكر عومەر قادر، (٢٠٠٣: ١٨) و بیشڕوانە Fromkin,V.(٢٠٠٣: ١٠٠)

لە نموونەکاندا وشەیەك بە فۆرمی جۆراوجۆرەوە بەکارهێنراوە، کە >> پەرادیگمای شکاندنەوە << ی ئەو وشەیە دروستدەکەن،[١٢٧]. مۆرفیمە شکێنەرەوەکان توانای گۆڕینی واتا و گۆڕینی پۆلەڕەگەزی فەرهەنگیيان نییە، بەڵام توانای دەستنیشانکردنی پۆلەڕگەزی فەرهەنگیيان هەیە، یان لە ڕێگەی شکێنەرەوەکانەوە، لە پەیوەندییەکی ستوونیدا پۆلەڕەگەزە فەرهەنگییەکان دەستنیشاندەکرێن، کاتێك وشەکان لە ڕووی مۆرفۆلۆژییەوە لە دەربڕیندا بە فۆرمی جۆراوجۆرەوە بەرجەستەدەکرێن ( بڕوانە نموونەکانی (٥٩)!).

٥٩- کوڕەکە, کچەکە, دارەکە, ئاسنگەرەکە,...

دەبێت ئاماژە بەوەیش بکرێت، کە >> شکێنەرەوەکان inflexives << بە پێی یاساکانی ڕستەسازی هەر زمانێك لەگەڵ پۆلی ڕێزمانی دیاریکراودا شوێنیان پێشبینیکراوە[١٢٨]. بۆ نموونە، لە زمانی کوردیدا لە کرداردا مۆرفیمەکانی کاتی ڕابوردوو لە پێش مۆرفیمەکانی کەس و ژمارەوە دێن (بڕوانە (٦٠)!).

٦٠- خواردم ←—— خوار د م

خوار ↓ ڕەگی کردار

د ↓ م. ڕابوردوو

م ↓ م. کەس و ژمارە

لە شکاندنەوە قەدەوشەیەك ( سەرەناو, کردار, ئاوەڵناو, جێناو ) بە گوێرەی گۆکردنی پەرادیگمای خۆی لە ڕستەدا توشی گۆڕینی مۆرفۆلۆژییانەی جیاواز دەبێت. لە ڕێگەی قەدەوەو شکاندنەوەی ڕەگەوە دەبێت یان لە ڕێگەی لاگرلکاندنەوە. زانایانی مۆرفۆلۆژی فۆرمدروستکردنەکانی شکاندنەوە ناو دەنێن >>پۆلەڕەگەزەکانی شکاندنەوە<<، بەڵام بۆ لێکسیمە هەڵگوێزراوەکان ناگوترێت پۆلەڕەگەزەکانی هەڵگوێزەری[١٢٩]. لە هەڵگواستندا قسە لە گۆڕینی واتای بناغەکە دەکرێت، بەڵام لە شکاندنەوەدا واتای بناغەکە ناگۆڕێت.

[١٢٧] بڕونە: محەمەدی مەحویی، (٢٠١٠: ٢٤٢).

[١٢٨] ئەبوبەکر عومەر قادر، (٢٠٠٣: ٢٢).

[١٢٩] محەمەدی مەحویی، (٢٠١٠: ٢٤٥-٢٤٧).

## ٢/١-٢-١) لەیەکدان (وشەی دروستکراو لە سینتاکسدا)

لە سینتاکسدا وشەکانی فەرهەنگ دەهێنرێن و جێکەوتەکانی ڕستەیان پێپڕدەکرێنەوە. دەشێت ئەو وشەیە، وشەیەکی سادەبێت، یان وشەیەکی ناسادە بێت (هەڵگوێزراوو لێکدراو). وشەکان بە یارمەتی مۆرفێمەکانی شکاندنەوە ڕستەیەکی ڕێزمان دروستمان پێدەبەخشن. زۆرجار لەبەر ئەوەی وشەی ئامادەکراوی ناو فەرهەنگمان بەرانبەر بە چەمکەکان نییە، لەبەر ئەوە لە سینتاکسدا وشەی بۆ دروستدەکرێت (واتە سینتاکس ڕۆڵی وشەدروستکردن دەبینێت)، واتە جگە لە پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکان بۆ دروستکردن و داهێنانی وشەی نوێ، سینتاکسیش ئەو ڕۆڵە دەبینێت. زمان هۆکاری سەرەکی کردەی لە یەکگەیشتنەو بۆ پێویستییەکانی قسەپێکەرانی بە تەواوی و پڕاوپڕەو فەرهەنگەکەی بەردەوام وشەی نوێیان بۆ دێت و تێیدا هەڵدەگیرێن[١٣٠].

لە زمانی کوردیدا، بەشێك لە وشە لێکدراوەکان لە ئەنجامی کردە سینتاکسییەکانەوە دروستبوون و بوون بە لێکسیمی ناو فەرهەنگ. چەشنێکی ئەو وشانە، کە دێنە ناو فەرهەنگەوە لە دوو مۆرفێمی واتادار، یان زیاتر بە شێوەیەکی زنجیرەیی دروستبوون بە بێ یارمەتی مۆرفێمە سینتاکسییەکان، بەشەکەی تریان، مۆرفێمە سینتاکسییەکان لەگەڵ خۆیاندا دەهێننە ناو فەرهەنگەوە. وشە تازە دروستبووەکان دەشێت ناوبن، یان ئاوەڵناو، یان ئاوەڵکردار، یان کردار، یان کرداری ئاڵۆزو لێکدراو، کە بە کردارە ڕازێنراوەکان ornative verb ناسراون و بە پێی وشەدروستکردنەکەیان، ناو یان ئاوەڵناو یان ئاوەڵکردار لەگەڵ کردارێکدا لە یەکدەدرێت و دەکرێت بە کردار[١٣١]، کەواتە لەم کردەیەدا سینتاکس وشەکان دروستدەکات، نەك مۆرفۆلۆژی. ئەو وشانەی، کە لە ئەنجامی ئەم پرۆسەیەدا دروستدەبن، کاتێك دەگەڕێنەوە بۆ ناو فەرهەنگ لە ڕیزمانی دەکەون. ئەمەیش پێچەوانەی کرداری بە ڕێزمانی بوونە، کە وشەکان لە فەرهەنگەوە بۆ سینتاکس دەهێنرێت. واتە وشەکان دەبن بە یەکەیەکی فەرهەنگی و کاتێك دەگەڕێنەوە بۆ ناو ڕستەکان، دەبێت جارێکی تر بکەونە بەر یاسا سینتاکسییەکان، بەمەیش وشە تازە دروستبووەکان، کە دەچنە ناو فەرهەنگەوە لەگەڵ وشە ئاساییەکانی مۆرفۆلۆژی تێکدەچڕژێن و ئەنجامەکانیان یەکتری دادەپۆشن[١٣٢].

---

[١٣٠] بڕوانە: هەمان سەرچاوە، ( ٢٠١٠: ١١٧).

[١٣١] محەمەدی مەحوی، (٢٠٠٦: ٥٩).

[١٣٢] ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی، ڕەحیم قادر سورخی، (٢٠١٤: ١٠٥)

بە بۆچوونی ( لیپکا )و ( کاستۆڤسکی ) ئەگەر وشە دروستکراوەکان لە ڕووی دروستەوە (یاسا ئاساییەکانی پێکهاتنی وشە) یاسابەند بن، ئەوا بەوشەبوونێکی/ بەلێکسیمبوونێکی یاسا بەندە ( systematic lexicalization )، بڕوانە نموونەکانی (٦١)، بەڵام ئەگەر گۆڕانەکان واتایی بن و واتای هەریەك لە پێکهاتەی وشەکە لە کۆی واتای کەرتە پێکهێنەرەکانییەوە وەرنەگیرێت، ئەوا ئیدیۆم(idiom)ە ( بڕوانە نموونەی (٦٢)!).

٦١-أ- هیوا دڵی خۆشە. / دڵخۆش/ ئاوەڵناو

ب- دزەکە لە سەربانی خانووەکە خۆی شاردبووەوە. / سەربان/ ناوی ئاوەڵکرداری

پ- نەسرین نان دەکات. / نانکردن/ ناوی کرداری

٦٢-أ- کەسێکی سوێندخۆرە. / سوێندخواردن/

لە ئەنجامی ئەوەی باسکرا، وا دەردەکەوێت مەرجی سەرەکی دروستکردنی وشەکان لە سینتاکسداو گەڕانەوەیان بۆ ناو فەرهەنگ Lexicalization لە ڕێزمانی کەوتنە Degrammaticalization, کە پێچەوانەی ڕێزمانیبوونە Grammaticalization، بەڵام مەرج نییە هەموو ئەو وشانەی کە لە سینتاکسەوە بۆ ناو فەرهەنگ دەگەڕێنەوە بەتەواوەتی لە ڕێزمانی بکەون، بەڵکو دەکرێت بە شێوەیەکی سینتاکسی بچنەناو فەرهەنگەوە، تەنانەت هەندێکیان ڕێگە بە وەکیەکلێکردنی سیمانتیکی لە دروستەی فرێزدا نادەن ( بڕوانە نموونەکانی (٦٣)!).

٦٣-أ- دارتاشەکە مێزی دار دروستدەکات. / مێزی دار/ ≠ {*داری مێز} ناو

ب- منداڵەکە شیر دەخوات. / شیرخواردن/ {خواردنی شیر} ناوی کرداری

پ- ئەو، کە نەخۆشە، دەستیشی کورتە. / دەستکورت/ {دەستی کورت} ئاوەڵناو

ت- /سەوزەگیا/ ← { گیای سەوز }

ج- /چاوپیس/ ← { چاوی پیس }

ئەو وشانەی لە سینتاکسەوە دەچنەناو فەرهەنگەوە، کاتێك لە سینتاکسدا بە کاردەهێنرێنەوە، جومگەکانیان ڕێگە بە لێکترازانیان نادەن[١٣٣]، بەڵام ناوی کرداری ڕێگە بە لێکترازانی جومگەکانی وشەکان دەدەن، بە تایبەتی لە دروستە مۆرفۆسینتاکسییەکاندا[١٣٤] و ئەو ناوانەی، کە لە شێوەی فرێزی خستنەپاڵدا دروستبوون. بڕوانە(٦٤)، بەڵام ئیدیۆم بە زۆری ڕێگە بە لێکترازانی جومگەکانی نادات، ئەگەر ڕێگە بە لێکترازانی جومگەکانی بدات، ئەوا بە واتای یەکەیەکەی جومگەکانییەوە بەکارهاتووە (بڕوانە {سوێندمخوارد} و بڕوانە (٦٥)!).

٦٤- أ-منداڵەکە مێزە تەختەکەی شکاند. / مێزی تەختە/

ب-/ نانخواردن/ - ژیرا نان لەسەر مێز دەخوات.

٦٥-/ چاوپیس/ - کابرا چاوی چەپی پیسە. واتای (چاوپیس) ناگەیەنێت.

### ٢/١-٢-٢) مۆرفۆلۆژی وشەدروستکردن لە سینتاکسدا

لە سینتاکسدا بەرانبەر بە مۆرفۆلۆژی شکاندنەوە، مۆرفۆلۆژی وشەدروستکردن هەیە. زمان کاتێك وشەیەکی بەرانبەر بە واتایەك نییە، یان چەمکێکی نوێ لە قۆناغێکی نوێدا هەبێت و وشەی بەرانبەری نەبێت، ئەوا زمان وشەیەکی بۆ دادەهێنێت، یان وشەیەکی بۆ دروستدەکات. زۆر جار وشە نوێیە دروستکراوەکە بەر یاسا مۆرفۆلۆژییەکانی زمان ناکەون. سینتاکس ئەو ڕۆڵەدەگێڕێت و ناچار بە ڕستەو فرێز چەمکەکە دەردەبڕێت. دواتر لە قۆناغێکیتردا وشەکان دەست لە هەندێك کەرەستەی ڕێزمانی هەڵدەگرن و بەرەو بەلێکسیمبوون lexicalization دەچن، چونکە زمان تەواوو پڕاوپڕە. ئەم کردەیە وشە نوێیەکە دەبێتە لێکسیك و دەتوانرێت بۆ بەکارهێنانێکیتر ڕابکێشرێت[١٣٥]. بە لێکسیمبوون بابەت و چەشتی لێکسیکۆلۆژییە. ئەوەی لێرەدا پێویستە ئاماژەی بۆ بکرێت، پرۆسەکانی دروستکردنی وشەیە لە سینتاکسداو پەسنکردنیانە.

---

[١٣٣] محەمەدی مەحویی، (٢٠١٠: ٨٣) و محەمەد مەعروف فەتاح، (٢٠١٠: ٢٨٠).

[١٣٤] یووسف شەریف سەعید، (٢٠١٣-ب: ٦٠)، بیشڕوانە: وریا عومەر ئەمین، (٢٠٠٩: ٢٧) و محەمەدی مەحویی، (٢٠١١: ١٩٣-١٩٩).

[١٣٥] ساجیدە عەبدوڵلا فەرهادی، ڕەحیم قادر سورخی، (٢٠١٤: ١٠٩).

دەتوانرێت لە سینتاکسدا وشە بۆ پۆلەڕەگەزە سەرەکییەکانی فەرهەنگ دروستبکرێت، هەریەکەیان بە پڕۆسەی تایبەتی خۆی. واتە کاتێك ناوێك لە سینتاکسدا دروستدەکەین ناوەکە بە تایبەتێتی فرێزی ناوییەوە دروستدەکرێت، بەڵام دەرکردەی ئەم کردەیە/ پڕۆسەیە مەرج نییە لە فەرهەنگدا تەواو پەیڕەوی یاسا سینتاکسییەکان بکات و مۆرفێمە سینتاکسییەکان وەکو خۆیان لە فەرهەنگدا تۆماربکرێن، (بڕوانە نموونەکانی (٦٦)!). ئەو وشانەی، کە لە ئەنجامی ئەم پڕۆسەیەدا دروستدەبن (ناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵکردار، کردار)ن. دەشێت مۆرفێمی سینتاکسییان لەگەڵدا ببێت، یان نەبێت.

ناوەکان جگە لە پڕۆسەکانی وشەدروستکردن لە مۆرفۆلۆژیدا، کە لە ئەنجامی وشەدروستکردن و وشەداهێنانەوە دەچنەناو فەرهەنگەوە، لە سینتاکسیشدا دروستدەبن و دەبنە کەرەستەی فەرهەنگی. دەشێت مۆرفێمە سینتاکسییەکانیان لەگەڵدا بێت، یان نەبێت[136]، بڕوانە نموونەکانی (٦٦)!

٦٦–أ– سەرۆکی کۆمار گەڕایەوە بۆ کوردستان. ← / سەرۆك کۆمار/

ب– سەرۆکی هەرێم وتارێکی بۆ تەلەفزیۆنەکان دا. ← / سەرۆکی هەرێم/

پ– جلی کوردیم کڕیوە. ← / جلی کوردی/

ت– منداڵەکە زۆر هاتو چۆ دەکات. ← / هاتوچۆ/

ئەو ناوانەی دەرخراو تایبەت کراوە بە دەرخەرەوە، کە خاوەنێکی دیاریکراوە، پێیاندەگوترێت (وێنەگرتنی دەنگ بە دەنگ)، ناتوانن لە فرێزەوە ببن بە وشەیەکی لێکدراوی فەرهەنگی[137].

٦٧– قاسپەی کەو، گرمەی هەور، بۆڕەی مانگا، خوڕەی ئاو، باڕەی مەڕو بزن، جیڕەی دەرگا، ...

بەرانبەر بەم فرێزانە/ قاسپەقاسپ، گرمەگرم، بۆڕەبۆڕ، خوڕەخوڕ، باڕەباڕ، جیڕەجیڕ،.../ یش هەن. ئەمانەی دواییان تەرزێکی دروستکردنی مۆرفۆلۆژین، نەك سینتاکسی.

ئەو ناوانەی، کە دروستەی فرێزی ئاوەڵناوییان هەیە، دەتوانن بە دوو چەشن ببن بە وشەیەکی لێکدراوی ناو فەرهەنگ: أ) وشە لێکدراوەکە جومگەکانی لە هەمان جێکەوتەی فرێزەکەدان بە بێ مۆرفێمی خستنەپاڵی

---

[136] بڕوانە: هیدایەت عەبدوڵڵا موحەمەد، (٢٠٠٢: ٦٥–٦٧).

[137] هیدایەت عەبدوڵڵا موحەمەد، (٢٠٠٢: ٦٧).

/–ی/. هیچ یەکەیەك ناچێتە نێوانیانەوە، چونکە دروستەیەکی یەکگرتووی ناوەوەی خۆی هەیە. زۆربەی زۆری ئەم جۆرە وشانە لە( ناوی ئەندامێکی لەشی مرۆڤ + ئاوەڵناوێك ) پێکهاتوون، کە تایبەتمەندن بە مرۆڤەوەو بۆ واتای خوازەیش بەکاردەهێنرێن[138]. بڕوانە نموونەکانی (٣٠)! )، ب) جومگەکانی وشە لێکدراوەکە جێگۆڕکێ دەکەن و مۆرفیمی خستنەپاڵ لادەبرێت، وەك: (/ ڕەشمار، کەرپیاو،.../) بیشڕوانە نموونەکانی (٤٠)، یان /–ە/ ی پێشناو دەکەوێتە نێوان هەردوو جومگەکەوەو دۆخی ڕێزمانی دەدات بە ( ناو )ەکەی کۆتایی دروستەکە. دروستەی ( سەر + تەواوکەر ) یان دەبێت[139]، وەك: (/ نەرمەباران، تەڕەپیاز، سەوزەگیا، .../) و بیشڕوانە نموونەکانی (٣٩)!

لە زمانی کوردیدا چەند پێشگرێك هەن، لە سینتاکسدا کە دەچنە سەر ناو، دروستەیەکی مۆرفۆلۆژیی ئاوەڵناوئاسا (ئاوەڵناوی داڕێژراو/ لێکدراو) دەرکردەکەیەتی. ئەم پێشگرانە لە بنجدا پێشناوەکانن، بە تایبەتی / لە–، بە–/ بۆ باری ئەرێ (کردن) و / بێ–/ بۆ باری نەرێ (نەکردن) ئەم ڕۆڵە دەبینن[140].

٦٨–أ– کچێکی قسە لەڕووە. ← / قسەلەڕوو/

ب– منداڵەکە هەمیشە دەمی بە پێکەنینە. ← / دەمبەپێکەنین/

پ– / بەهێز، بێ هێز، بەپێز، بەتام، بەناز، بەجەرگ، بەتوانا، بێ توانا، .../

بەڵام لێکدراوی ئاوەڵکرداری لە ڕستەدا دروستدەکرێت[141]. بڕوانە /زوو زوو، درەنگ درەنگ، پەلەپەل، .../.

پێشتر ئەوە خرایەڕوو، کە کردارە هەڵگوێزراوەکان زۆرتر بە یارمەتی پێشگر دروستدەبن. زمانی کوردی لە بەر ئەوەی پێشگری کەمە، لە پریپۆزیشنەکانەوە پێشگری هەلگوێزەر وەردەگرێتەوەو وشەی هەلگوێزراویان لێپێکدەهێنێت. پریپۆزیشنەکان لە یەکەیەکی سینتاکسییەوە دەبن بە یەکەیەکی فەرهەنگی[142]. بە بۆچوونی (محەمەدی مەحویی، ٢٠١٠: ٢٠٨)، پێشناوەکانی /پێ–، تێ–، لێ–/ پێشناوی

[138] هەمان سەرچاوە، (٢٠٠٢: ٦٩).

[139] هەمان سەرچاوە، (٢٠٠٢: ٧٠).

[140] هیدایەت عەبدوڵلا موحەمەد ، (٢٠٠٢: ٥٢).

[141] محەمەدی مەحویی، (٢٠١٠: ١١٣).

[142] ساجیدە عەبدوڵلا فەرهادی، ڕەحیم قادر سورخی، (٢٠١٤: ١٠٨).

فەرهـەنگی و مۆرفۆسینتاکسیین و پێـشناوەکانی /بـە، بـۆ، لـە/ پێـشناوی سینتاکـسین و پێـشناوی /–ە/ پێشناوی هەر سێ پێکهاتەی سینتاکسی، مۆرفۆسینتاکسی، فەرهەنگییە، بڕوانە نموونەکانی (٦٩):

| سینتاکسی | مۆرفۆسینتاکسی | فەرهەنگی |
|---|---|---|
| ٦٩– | | |
| أ– نەسرین دیارییەکی بە ئارام دا. | – پێی دا. | – / پێدان/ |
| ب– ئارام دیارییەکی لە نەسرین وەرگرت. | – لێی وەرگرت. | – / لێوەرگرتن/ |
| پ– نەسرین دیارییەکی بۆ ئارام نارد. | – بۆی نارد | – / بۆناردن/ |
| ت– دیارییەکی بۆ ناردو نامەیەکیشی تێدا دانا. | – تێی دانا/ تێیدادانا. | – / تێدادانان/ |
| ج– ئاوارەکانمان گرتە خۆمان. | – گرتماننەخۆ. | – / گرتنەخۆ/ |

هەندێك کرداری تر هەن، کە مـۆرفێمی سینتاکسییان لەگەڵدا نییـە، بـەڵام ناوێـك، کـە بابـەتی سـەرەکی کردارێکی تێپەڕە، هاوپێچی کردارەکەی دەبێت. یەکەیەکی بەوشەبووی هـاوپێچ/ بەسـتراو بەرهەمـدەهێنێت ( بەو مەرجەی کرداره بەرهەمهاتووەکە، واتایـەکی لێکـدراوی ڕوونـی هـەبێت و ناوەکـە (بـەرکار) یـان بـەرکارە ناڕاستەوخۆکە پەیوەندی ڕێزمانی لـە نێوانیانـدا هـەبێت و کردارەکـە لـە ڕووی واتاییـەوە نـەگۆڕابێت، وەك: / سـوێندخواردن/، کـە پرۆسـەیەکی جیـاوازە لــە پرۆسـە وشەدروسـتکردنە مۆرفۆلۆژییـەکان، کـە جومگـەی کردارەکـە بـە واتـای بنـەڕەتی خـۆی نایـەت، کـە پرۆسـەیەکی بێبەرهەمـە. ئـەم پرۆسـەیە بـە هاوپێـچکردن Icorporation ناسراوە ( بڕوانە نموونەکانی (٧٠)!).

٧٠– / سێو خواردن، نان خواردن،....../

چـەند دروسـتەیەکی تـر هـەن، کـە تـەواو سینتاکـسیین، بـەڵام ئەمانـە زیـاتر لـە فرێزێـك دەچـن وەکـو لەدروسـتەیەکی مۆرفۆلـۆژی (بڕوانـە نموونـەکانی (٧١)!). پەیوەسـت بـەم شـیکردنەوەیەوە دەبێـت ئامـاژە بەوەیش بکرێت، کە چەند مۆرفێمێکی سینتاکسیش هەن، کە ناچـنەناو پرۆسـەی وشەدروسـتکردنەوەو نابنـە بەشێك لە وشە نوێیـە دروسـتکراوەکە، وەك مۆرفێمـەکانی بـانگکردن و نیـشانەی دۆخ و کلیتیکـەکان، بڕوانـە نموونەکانی (٧٢)، مۆرفێمەکانی تافی ڕابردوویش نابێت بە بەشێك لە وشەمۆرفۆلۆژییەکان، بڕوانـە / خۆکـوژ/

و نموونەکانی (٣٤)، بەڵام نموونەی وەکو (٤٩– / دەستوبرد/)یش هەیە، مەگەر /–ن/ ی لە کردارخستن/ چاوگ بە کۆتایی کرداری تافی ڕابردووەوە بلکێت[١٤٣], وەکو لە نموونەی (٧٣)دا دیارە.

٧١– / کلاّولەسەر، چەکلەشان،.../

٧٢–أ– کوڕە ← / کوڕ/ نەك /* کوڕە/

ب– کتێبەکەم ← / کتێب/ نەك /* کتێبەکەم/ یان /* کتێبم/

٧٣– نووستم ← (/ نووس/ + /–ت/ + /–ن/ ) ← / نووستن/

لەبەر ئەوەی لەم لێکۆڵینەوەیەدا، بە پێی سیمانتیکی پیکهاتە، گفتوگۆو ڕوونکردنەوەکان لە سەر سیمای واتایی وشەکان کراوە، لەبەر ئەوە سەرەتا ئاماژە بە سیمای واتایی و جۆرەکانیان دەدرێت.

## ٣/١) سیمای واتاییەکان Semantic features

لە مێژووی زمانەوانیدا چەندین تیۆری جیاواز، پەیوەست بە پەیوەندی نێوان وشە/ هێماو واتاوە هاتوونەتەئاراوە. هەریەکەیان بە پێی چەند پێوەرێکی هەمەجۆر کاریانکردووە. زمانەوانانیش لە باسکردن و ناوبردنی ئەو تیۆرانەدا جیاوازییان هەیە[١٤٤]. لە زۆربەی ئەو تیۆرانەیشدا بۆ دیاریکردن و دەستنیشانکردنی واتای وشە پشت بە ڕێگای سیمای واتایی بەستراوە.

بۆ شیکردنەوەی واتای وشە سێ ڕێگە دەستنیشانکراون. زانایان لەسەر دوو ڕێگەیان کۆکن، کە گرفتیان کەمەو توشی تەمومژی واتاییان ناکات, ئەوانیش ڕێگەی بواری واتایی و شیکردنەوەی وشەیە بۆ سیما واتاییەکان[١٤٥]. واتە سیما واتاییەکان ڕێگایەکی سەرەکی شیکردنەوەی واتای وشەیە.

سیما واتاییەکان، ئەو نیشانەو سیمانەن, کە واتای دەربڕاوە زمانییەکانیان پێشیدەکرێتەوە, یاخود ئەو بنەمایانەن, کە وشەو لێکسیمەکانیان پێپۆلێندەکرێت[١٤٦]. سیما واتاییەکان بە زۆری لە هەندێك بواری

---

[١٤٣] بڕوانە: محەمەدی مەحویی: (٢٠١١: ١٥٣–١٥٤).

[١٤٤] بڕوانە : ١– سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو , بەرگی(٣,٢,١), (٢٠٠٩: ٢٩١–٣١٨) دە تیۆری باسکردووە، ٢– محەمەدی مەحویی، (٢٠٠٩–ب: ٣–٩) چوار تیۆری باسکردووە.

[١٤٥] فەرهاد تۆفیق حەسەن ,(٢٠١٠: ٤١–٤٢)و بێستوون حەسەن ئەحمەد (٢٠١٢ :٤٧) لە سازان ڕەزا، (٢٠٠٩: ٢٥)ەوە وەریانگرتووە, بیشڕوانە (محمد معروف فتاح, (١٩٩٠–١٥٨).

فەرهەنگدا جێبەجێکراون، تا ڕادەیەك، هەمیشە ئەو وشانە بە سیمانتیکی بە سەربەخۆ ناسراون، وەك سەرەناوەکان substantive، ئاوەڵناوەکان و کردارەکان، وەك مۆرفێمی لێکسیکی/ فەرهەنگی ڕوون و ئاشکرا بینراون و زۆر دەگمەن (وشە گۆکەرەکان/ پارتیکڵەکان) ی وەك پێشناوەکان و مۆرفێمەکانی بەندو دیاریکەرەکان determiner بە مۆرفێمە ڕێزمانیەکانییەوە شیکردنەوەی نیشانەیان بۆکراوە[١٤٧]. لە ڕێگەی سیما واتاییەکانەوە واتای وشەکانی ناو فەرهەنگ ڕوون دەبێتەوە. بەمەیش پەیوەندییە واتاییەکانی نێوان وشەکان (وشە هاوواتاو دژواتاو فرەواتاو هاوبێژ)ەکان ڕووندەبێتەوە.

لە بارەی بوونی وشە هاوواتاکانەوە، بۆچوونی جیاواز هەیە, بەڵام ئەگەر دوو وشە هەموو سیما واتاییەکانیان وەکیەك بوون, یان لە زۆربەی سیما واتاییەکانیاندا وەکیەك بوون, ئەوە هاوواتان، بڕوانە (٧٤), ئەگەر وشەیەك دوو واتا بگەیەنێت, لە یەکێك لە سیما واتاییەکاندا وەکیەك بن, ئەوا فرەواتایە، بڕوانە (٧٥), ئەگەر وەکیەك نەبن, ئەوا هاو بێژە[١٤٨]. (بڕوانە(٧٦)).

٧٤-

| / ئافرەت/ | / ژن/ |
|---|---|
| + گیاندار | + گیاندار |
| + مرۆڤ | + مرۆڤ |
| + مێ | + مێ |
| +شوکردوو | ± شوکردوو |

[١٤٦] فەرهاد تۆفیق حەسەن, (٢٠١٠: ٤١).

[١٤٧] محەمەدی مەحویی, (٢٠٠٩-ب: ١٦٨).

[١٤٨] دارا حەمید محەمەد، (٢٠٠٦: ٣٩).

٧٥– / زمان/ / زمان/

| / زمان/ | / زمان/ |
| --- | --- |
| + ئەندامی لەش | – ئەندامی لەش |
| + زیندوو | + زیندوو |
| + هاو بەشی ئاخاوتن | + چێژ (بۆ چێشتن) |
| + هۆکارێکە بۆ ئاخاوتن | |

٧٦– / خاڵ/ / خاڵ/

| / خاڵ/ | / خاڵ/ |
| --- | --- |
| + گیاندار | – گیاندار |
| + مرۆڤـ | – مرۆڤـ |
| + نێر | + نیشانەیەکی خڕە |
| + برای دایك | + لەسەر پێستی مرۆڤــ |
| | +ەلە نوسین بوونی هەیە |

سیما واتاییەکان, بە پێی پۆلەڕەگەزەکان دەگۆڕێن. سـیما واتاییـەکانی نـاو ئاسـانتر دەستنیـشاندەکرێن, وەك لە سیما واتاییەکانی کردار، لە ناو ناوەکانیشدا ناوە کۆنکرێتییەکانی وەکو /دایك، کـوڕ، دار، بـەرد، .../ سـیما واتاییـەکانیان ئاسـانتر دیاریـدەکرێن[149] , بـەڵام >>سـێم – شـیکردنەوە<<ی وشـە ئەبـستراکتییەکان گرفتیان هەیە, وەك بۆ نموونە لە وشە هەستی و هەستیارەکاندا [150] بڕوانە(٧٧):

٧٧– / هێز, مردن, سەرلێشێوان, شەرم, جوان, جوانی, ..../

[149] بێستوون حەسەن ئەحمەد, (٢٠١٢: ٤٩).

[150] محەمەدی مەحویی, (٢٠٠٩–ب: ١٦٩).

ئەو سیما واتاییانەی، کە بۆ واتای وشەیەك دیاریدەکرێن, پێکهاتەکانی ناوەوەی واتای وشەن و ناوی >>sem<< یان لێنراوە. کۆکراوەی سێمەکانی وشەیەك ( چەپکە سێمەکانی sem_clusters ) لەگەڵ وشەیەکی هەمان کێڵگەی واتایی خۆیدا, سێمێکیان هاوبەشەو ئەم نیشانەیە بە noem ناسراوە[١٥١]. بۆ نموونە واتای وشەی / ژن/ بۆ سێمەکانی [ + مرۆڤ ، +مێ +شووکردوو ] شیتەڵدەکرێت, بەرانبەر بەمە واتای وشەی / پیاو/ بۆ سیمەکانی [ +مرۆڤ , +نێر, +ژنهێناو ] شیتەڵدەکرێت, لێکسیمەکانی/ ژن/ و / پیاو/ [+مرۆڤ ]یان هاوبەشە (NOEM)ە.

دوو جۆری سەرەکی لە سیمای واتایی هەن، کە سیما واتاییە جیهانییەکان و سیما واتییە تایبەتەکانن.

١/٣–١) سیما واتاییە جیهانییەکان

دەشێت بگوترێت دەستنیشانکردنی سیما واتاییەکانی وشە لە هەموو زمانێکدا وەکەیەکن، بۆ نموونە وشەی / پیاو/ بە واتا فەرهەنگییەکەیەوە، دەشێت خاوەنی ئەو سیما واتاییانە بێت، کە لە شیکردنەوەی نموونەکانی (٨٣)دا بەدەستهاتوون. ئاسان نییە کۆمەڵێك سیمای واتایی جیابکەینەوەو بڵێین ئەم سیمایانە لە هەموو زمانەکانی جیهاندا وەکیەکن، لەم ڕووەوە (مجید ماشطة) دەڵێت: " ناتوانین لیستێك سیمای واتایی جیابکەینەوە وبڵێین ئەمانە لە هەموو زمانەکانی دونیادا هەن و وەکو یەکن "[١٥٢]، بەڵام دەتوانرێت لەسەر چەند بنەمایەك هەندێك سیمای واتایی دەستنیشانبکرێت[١٥٣]:

أ) دابەشکردنە سەرەتاییەکان/ گشتییەکان: مەبەست لەو سیمایانەیە, کە دابەشکردنە یەکهەمەکانیان لە نێوان دوو وشە یان دوو کەرەستەی بەرانبەردا پێدەکرێت, بۆ نموونە کەرەستەکانی سروشت, دابەشکردنی یەکەمیان بۆ[ +گیاندار ]و [ –گیاندار ]و لە دابەشکردنی دووهەمدا بەسەر [ +مرۆڤ ]و [ –مرۆڤ ] دابەشدەکرێت, ئەمەیش لە زۆربەی زمانەکانی جیهاندا وەکو یەکن, کەواتە دەتوانین بڵێین ئەم سیما واتاییانە جیهانین.

[١٥١] هەمان سەرچاوە، (٢٠٠٩–ب: ٩٧).

[١٥٢] بێستوون حەسەن ئەحمەد, (٢٠١٢: ٥١) و فەرهاد تۆفیق حەسەن, (٢٠١٠: ٤٢) لە مجید ماشطة، (٢٠٠٩: ٩٨)ەوە وەریانگرتووە.

[١٥٣] ئەم بنەمایانەم لە: فەرهاد تۆفیق حەسەن، (٢٠١٠: ٤٢) و بێستوون حەسەن ئەحمەد, (٢٠١٢: ٥٢)ەوە وەرگرتووە.

ب) چەمکی گشتی/ بنەڕەتی: ئەو سیما واتاییانەن، کە چەمکی گشتی یان چەمکی بنەڕەتی وشەکانن, لە دیاریکردنی واتاکاندا زۆرجار واتای ئاوەزی پێکدەهێنین و وەکو سیمای واتایی جیهانی دادەنرێن[١٥٤]. پێکهاتەی ناوەڕۆکەکان/ سێمەکانی وشەیەك، کەمیان جیهانین و گشت لێکسیمەکانیش ناتوانرێت ڕێبازی شیکردنەوەی پێکهاتەیان/ نیشانەیان بەسەردا جێبەجێبکرێت, بەڵام دەتوانرێت ناوەڕۆکی بەشێك لە لێکسیمەکان لە فۆرمی توخمە پێکهێنەرە/ پێکهاتە جیهانییەکانی ناوەڕۆکدا دابڕێژرێت و بخرێتەڕوو[١٥٥]. پۆلکردنی مرۆڤەکان بۆ تەمەن و ڕەگەز سیماکانی [ +/-مرۆڤ ] و [ +/-نێر ] و [ +/-(کامڵ/ هەراش/ منداڵ)] لە سیما جیهانییەکانن.

### ١/٣-٢) سیما واتاییە تایبەتەکان

ئەو سیما واتاییانەن, کە لە زمانێکی دیاریکراودا بەرانبەر بە وشەو کەرەستەکان دادەنرێن. ئەم سیمایانە پەیوەندییان بە (کەلتوور, دابونەریت, شوێن, سەردەم, چین, توێژ، تەمەن, .......هتد) ییەوە هەیە. ئەم سیمایانە لە ئەنجامی دوو هۆکارەوە هەڵدەبژێردرێن و دەستنیشاندەکرێن[١٥٦]:

أ) هۆکاری کەلتووری و دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکان و تەمەن و چین و توێژ: بێگومان دیاریکردنی واتای وشە بەپێی کەلتوورو دابونەریت و کەسەکان لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ گۆمەڵگایەکی تر دەگۆڕێت، تەنانەت لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تریش دەشێت جیاواز بێت.

ب- پۆلێنکردنی کەرەستەکان و دیاریکردنی سنووری واتاییان: دەستنیشانکردنی سنووری واتایی کەرەستەکان بەپێی زمانەکان دەگۆڕێت. ئەمەیش پەیوەندی بە فەرهەنگی تاکەکانی ئەو زمانەوە هەیە. بۆ نموونە لە زمانی ئینگلیزیدا وشەی /grape/ بەواتای ترێ, میوەیەکی تازە بەکار هاتووە لە کاتێکدا وشەی /raisin/ بە واتای مێوژ بەکاردێت, ئەمە بۆ زمانی کوردیش ڕاستە, کە وشەی / ترێ/ و / مێوژ/ ئەو واتایانەی زمانی ئینگلیزییان هەیە, بەڵام لە زمانی فەڕەنسیدا تەنها یەك وشە بەکاردێت, کە گوزارشت لەو

---

[١٥٤] بیشروانە: محمد معروف فتاح، (١٩٩٠: ١٥٨).

[١٥٥] محەمەدی مەحویی, (٢٠٠٩-ب: ١٦٥).

[١٥٦] فەرهاد تۆفیق حەسەن, (٢٠١٠: ٤٣).

دوو شته بکات و ئەویش وشەی /raisin/ە. بەمەیش وشەی /raisin/ لە زمانی فەرەنسیدا چەمکێکی فراوانتری هەیە لە وشەی /raisin/لە زمانی ئینگلیزی و کوردیدا[157].

## ١-٤) پۆلەڕەگەزە فەرهەنگییەکان و پۆلێنکردنی باووڕۆیشتوو

دیۆنی سیۆس ترکس نزیکەی (١٠٠ پ.ز)، پۆلەڕەگەزە فەرهەنگییەکانی زمانی یۆنانی بۆ هەشت بەش دابەشکردووە. پاشان ڕۆمانییەکان ئەم دابەشکردنەیان بە کەمێك ئاڵوگۆڕی بچووك بە سەر زمانی لاتینیدا سەپاند[158]. دوو بۆچوون لە بارەی بەشەکانی ئاخاوتنەوە هەیە. یەکەمیان بۆچوونی ئەوروپییە، کە بۆ پۆلەڕەگەزەکانی (ناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵکردار، کردار، ناوی کرداری، ئامرازی پەیوەندی، پێشناو، ئامرازی سەرسوڕمان و بانگهێشتن) دابەشکردووە. بۆچوونی دووهەمیان/ قوتابخانەی ڕووسییش، پۆلەڕەگەزەکانی ( ناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵکردار، کردار، ژمارە، جێناو، پێشناو، ئامرازی پەیوەندی، ئامرازی سەرسوڕمان و بانگهێشتن، پارتیکڵ ) یان جیاکردووەتەوە[159]. پاشان دروستەکارییەکان/ ڕۆنانکارەکان بە سەر پۆلێنکردنە دێرینەکاندا چوونەوە، ئێستا زانایانی زمانناسی دوو کۆمەڵەی سەرەکی لەیەکترجیادەکەنەوە، کە پۆلەڕەگەزە سەربەخۆکان، کە بریتین لە (ناو، ئاوەڵناو، کردار، ئاوەڵکردار)و پۆلەڕەگەزە ناسەربەخۆکان، کە (ئامرازی نیشانە، ئامرازی پرسین، ئامرازی بەستن، ئامرازی سەرسوڕمان، ژمارە، پێشناوەکان، جێناو) دەگرێتەوە[160]. ژمارەی بەشەکانی ئاخاوتن و دابەشبوونی بیرەکان بە سەریاندا لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە جیاوازە. ئەوەی بە تەواوی دەرکەوتووە ئەوەیە، کە هەموو زمانێك ناوو کرداری هەیە[161].

هەندێك لە زمانەوانانی کورد پۆلەڕەگەزە فەرهەنگییە سەرەکییەکانی (ناوو ناوی کرداری، ئاوەڵناو، ئاوەڵکردار)یان بە چەند جۆرێك پۆلێنکردووە. بۆ هەر یەك لەو پۆلێنکردنانە بنەمایەك هەیە. دەکرێت فۆرم

---

[157] کلۆد جێرمان و ڕیمۆ لۆبلان, (٢٠٠٦: ٢٣).

[158] یووسف شەریف سەعید، (٢٠١٣-أ: ١٣).

[159] هەمان سەرچاوە، (٢٠١٣-أ: ١٣).

[160] محەمەد مەعروف فەتاح، (٢٠١٠: ٣٠١) و بیشڕوانە: غازی عەلی خورشید، (٢٠١١: ٨٧).

[161] محەمەد مەعروف فەتاح، (٢٠١٠: ٣٠٩).

بێت یان واتـا. ئـەو پۆلێنكردنانـەی لـە سـەر بنـەمای فـۆرم/ پێكهاتـە كـراون زۆر لەیەكدەچـن[162]، بـەڵام ئـەو پۆلكردنانەی لە سەر بنەمای واتا كراون، زمانەوانان بۆچوونیان جیاوازە[163].

## ١/٤-١) چەشنەكانی ناو

نـوری عـەلی ئـەمین (٢٠١٢)[164]جگـە لـە پێناسـەی نـاو, لـە چـەند ڕوویەكـەوە چەشـنەكانی نـاوی دەستنیشانكردووە. لە ڕووی دروسـتەوە ناوەكـانی بـۆ نـاوی سـادەو نـاوی لێكـدراو(ناسـادە) دابەشـكردووە, مەبەستی لەناوی لێكدراو ناوی داڕێژراوو لێكدراویشە.

دواتر لە لاپەڕە(٦٨-٧٥) داو لە ژێر ناونیشانی پیتە پاشگری ناودا لەو پاشگرانە دواوە, كە دەچنە سـەر ناو. لەژێر ناونیشانی جۆرەكانی ناودا kindof noon, بەم چەشنە ناوەكانی دەستنیشانكردووە. بەلایـەوە ناوی تایبەتی كەسێ یا شتێكی موعەیـەن پیـشاندەدات, وەك: /شاسـوار، هـەورامان، .../، نـاوی گشتی ئـەو ناوانە دەگرێتەوە, كە یەك ڕەگەزیان هەیە, وەك: / كوڕ، شار، .../، ناوی ماددی قەبارەی هەیـەو ئـەبینرێت, وەك: / چەقۆ، پەنیر، .../، ناوی مەعنـەوی/ ئەبـستراكت قـەبارەی نییـە, بـەڵام ئـەتوانرێت تەسـەور بكرێـت، وەك: / ترس جوانی، .../ و ناوی كۆمەڵیش لە وتندا تاكەو لە واتا كۆیە، وەك: / لەشكر، هۆز، .../.

پاشان لە باسی جنسەكانی/ توخمەكانی ناودا ناوی نێر masculine noon , وەك: /دارا، بـاوك، ئەسـپ، .../، نـاوی مـێ feminine noon , وەك: / مـایین، مریـشك، پرشـنگ، .../، نـاوی بێلایـەن neuter noon وەك: / ئەسـتێرە، خـانوو، .../ ی جیاكردووەتـەوە[165]. پاشـتریش لـە ژێـر ناونیـشانی (ئـامرازی پێنـاس)دا، لـە نـاوی ناسـراو/ شـوناس وەك: / نانەواكـە، كەوەكـە، .../ و نـاوی نەناسـراو/ نەشـوناس وەك: /هەناری/ هەنارێك، كەوایەك، .../ دواوەوە[166]. پاشان لە باسی ژمارەی نـاودا نـاوی تـاك وەك: / كـچ، منـاڵ،

---

[162] بڕوانە: نوری عەلی ئـەمین، (٢٠١٢)، محەمـەد ئـەمین هـەورامانی (١٩٧٤)، ڕێزمـانی ئاخـاوتنی كـوردی، (٢٠١١)، ئـەوڕەحمانی حـاجی مـارف، (١٩٧٧، ١٩٧٩، ١٩٩١، ١٩٩٨، ٢٠٠٠-أ)، عەبدولواحید موشیر دزەیی، (٢٠١٣)، یووسف شەریف سەعید،(٢٠١٣-أ).

[163] بڕوانە: سەرچاوەكانی پێشوو.

[164] نوری عەلی ئەمین, (٢٠١٢: ٥٩-٧٦).

[165] نوری عەلی ئەمین,(٢٠١٢: ٦٣-٦٤).

[166] هەمان سەرچاوە، (٢٠١٢: ٦٤-٦٦).

.../ و نـــاوی کـــۆ وەك: / کـــەوان، شـــارەزایان، گاگـــەل، .../ ی لـــە گـــەڵ مۆرفێمـــەکانی تـــاك و کـــۆ دەستنیشانکردووە[١٦٧].

محەمەد ئەمین هەورامانی (١٩٧٤)، لەسەر بنەمای فۆرم/ قەوارەو ناسیاری و ژمارەو ڕەگەزەوە ناوەکانی کردووە بە چەند پۆلێکەوە[١٦٨]. لە ڕووی دروستە(قـەوارە/ ڕواڵـەت ) ەوە نـاوی سـادە/ سـاکار وەك: / شـێر، دەفتەر، .../ و ناوی لێکدراو وەك: / گوڵەبەڕۆژە، کانی مانگـا، .../ ی جیـا کردۆتـەوە, بـەڵام دواتـر لـە ژێـر ناونیشانی (ناوی داتاشراو/ ناوی دروستکراو) بە سەربەخۆیی لـە نـاوی هـەڵگوێزراو دواوە[١٦٩]، وەك: / ئـازایی، پێچان، چەشتە، شێرۆ، ژێرپیاڵە، .../. پاشان لە ڕووی واتـاوە، لـە ژێـر ناونیـشانی (لـە ڕووی ناسـیارییەوە) ناوەکانی بۆ ناوی تایبەتی، کە بە ناوی (ناوی ناسراو)و ناوی گـشتی بـە نـاوی (نـاوی ئاسـایی/ Common Nouns) جیاکردۆتەوە. ناوە گشتییەکانیـشی دابەشکردووەتەسـەر ژمێـردراو، وەك: / لادێ، شـار، گـەل/ و نەژمێردراو، وەك: / گۆشت/. پاشان ناوەکانی لە ڕووی ژمـارەوە بـۆ نـاوی تـاك و نـاوی کـۆی دابەشـکردووەو ئاماژەی بە ناوی کۆمەڵیش کردووە. لە ڕووی توخمیشەوە ناوی نێرو نـاوی مـێ و نـاوی بێلایـەن/ وشـکەناوی جیاکردووەتەوە.

لیژنەی زمان و زانستەکانی کۆڕی زانیاری کورد (٢٠١١) ناوی لە سەر دوو بنەما پۆلێنکردووە[١٧٠]:

١) لە سەر بنەمای پێکهاتە، کـە بـۆ نـاوی سـادە وەك: / بـەرد، بـا ، .../ و نـاوی ناسـادە پـۆلکردووەو نـاوە ناسادەکانیشی بۆ ناوی لێکدراو وەك: / دڵشاد، کەومار، .../ و ناوی هەڵگوێزراو وەك: / داسوولکە، پیاوەتی، .../ دابەشکردووە، بەڵام پرۆسەکانی دروستکردنی ناوی لێکدراوو ناوی هەڵگوێزراوی نەخستووەتەڕوو.

٢) لە سەر بنەمای واتا، کە ئەمەیشی لە سەر سێ بنەمای سەرەکی پۆلێنکردووە. ئەوانیش پۆلیتریـان هەیـە: أ) ناو لە ڕووی (مەفهوم/مەضمون)/پەراوێزەوە: ناوی گشتی / مەڕ، کوڕ، شـار/، نـاوی تایبـەتی / هەڵەبجـە، نەسرین، تانجەرۆ/، ناوی کۆمەڵ / لەشکر، پـۆل، گـەل/، ب) نـاو لـە ڕووی ڕەگـەزەوە: نـاوی نێـر/ نێرینـە: / پیاو، ئەسپ، کەڵەشێر، پیرۆت، .../، ناوی مێ/ مێینە: / ماین، پور، مریشك، ... /، ناوی دوو لایـەن / کـەو،

---

[١٦٧] هەمان سەرچاوە، (٢٠١٢: ٦٦–٦٨).

[١٦٨] بڕوانە: محەمەد ئەمین هەورامانی،(١٩٧٤: ١٤٠–١٥٥).

[١٦٩] هەمان سەرچاوە، (١٩٧٤: ١٥١–١٥٥).

[١٧٠] ئاخاوتنی کوردی بە پێی لێکۆڵینەوەی لیژنەی زمان و زانستەکانی کۆڕی زانیاری کورد، (٢٠١١: ١١–٤٢).

گیسك، وەستا، .../، ناوی بێلایەن / دار، خانوو، هەوار، نوێن، ڕۆیشتن، .../، پ) ناو لە ڕووی سەربەخۆیی هەبوونەوە: ناوی بەرجەستە/ مادی: لە سەر بنەمای بەرکەوتنی یەکێك لە پێنج هەستەکەی مرۆڤ جیاکراوەتەوە/ خوێ، کەرە، .../ ، ناوی مەعنەوی/ گوزارە: / پیاوەتی، هێز، .../. ئەم سەرچاوەیە لە ڕووی (ناسراوی و نەناسراوی، تاك و کۆ) باسی ناوی نەکردووە[١٧١].

ئەوڕەحمانی حاجی مارف (١٩٧٩)، تا ڕادەیەکی زۆرو لە سەر بنەمای هەمان کارەکانی زمانەوانانی پیش خۆی لە سەر (ناو) لە زمانی کوردیدا کۆڵیوەتەوە[١٧٢] و سەرچاوەیەکی گرنگی زمانەوانی کوردییە. ئەم زمانەوانەیش لە سەر چەند بنەمایەك ناوەکانی پۆلێنکردووە:

١) ناو لە ڕووی ناوەڕۆکەوە: ناوی تایبەتی proper noun ، کە بە سەر گیاندارێك یان بێگیانێك دابڕابێت، وەك: / نەسرین، شێرکۆ، کورد/، ناوی گشتی common noun ، کە خاوەنی یەك ڕەگەزن، ناوی کەس بێت، یان ئاژەڵ ، یان شت ، یان بیرو مەفهوم یان هەر شتێکیتر، وەك: / دایك، کچ، ژن، ...، شێر، ئەسپ،...، دار، بەرد، ...، بڕوا، هێز ،.../. ئاماژە بەوەیش کراوە، کە ناوی گشتی دەتوانێت ببێت بە ناوی تایبەتی، وەك: / ڕووبار، تاڤگە، ،.../ و بە پێچەوانەیشەوە، کە زۆرتر واتای مەجاز و ئیدیۆم وەردەگرێت، وەك: (بەکر مەرگەوەڕ)، کە ناوی قارەمانێکی داستانی (مەم و زین)ە. ناوی کۆمەڵ Collective noun ، کە لە ڕواڵەتدا تاکەو لە ناوەڕۆکدا کۆ نیشاندەدات، وەك: / گەل، میللەت، هۆز، .../

٢) ناو لە ڕووی هەبوونەوە: ناوی مادی/ بەرجەستە Material noun ، ناوی ئەو شتانەیە، بەر یەکێك لە هەستەکانی مرۆڤ بکەوێت، وەك: / کەو، دار، گوڵ، ئاسمان، .../، ناوی مەعنەوی/ واتایی Abstract noun ، ناوی ئەو شتانەیە، بوونی سەربەخۆیان نییە، بەڵکو لە شتی بەرهەست، یان لە بیرو خەیاڵدا پەیدادەبێت. ئەمەیشی پۆلکردووە بۆ ناوی مەعنەوی بنجی، وەك: / خەم، بڕوا، شەرم، .../ و ناوی مەعنەوی ڕۆنراو/ دروستکراو، بە دروستەی (ناو/ ئاوەڵناو + پاشگر)، وەك:/ منداڵی، پیاوەتی، ...، جوانی، گەورەیەتی، بەرزێتی، .../.

٣) ناو لە ڕووی دروستە/ ڕۆنانەوە[١٧٣]، ناوەکانی بۆ سادەو ناسادەو ناوە ناسادەکانیشی بۆ هەلگوێزراوو لێکدراو دابەشکردووە. ناوە هەڵگوێزراوەکان وەك ناوی پیشە، وەك: / ئاسنگەر، دانساز، .../ و ناوی واتایی

---

[١٧١] بڕوانە: ئەوڕەحمانی حاجی مارف، (١٩٧٩: ٥١-٥٤، ١٣٧-١٦٣، ١٨٦-٢١٨).

[١٧٢] هەمان سەرچاوە، (١٩٧٩: ٩٣-٢١٨).

وەك: /پیاوەتی، دزێتی، .../ و ناوی شوێن وەك: / كۆگا، كارگە، .../ و ناوی بچووككراوە وەك: / برالە، گۆزەڵە، .../. لە دروستكردنی ناوی لێكدراویشدا ئاماژە بە ڕۆڵی ناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵكردار، كردارو چەند ئینتەرفێكسێك كراوە، وەك: / بەردەنوێژ، هێلكەوڕۆن، كولێرەبەڕۆن، ڕەشماڵ، ڕەشەبا، دارتاش، دەستوبرد، هاتوچۆ، .../.

٤) ناو لە ڕووی ژمارەوە، ناوی تاك وەك: / مەلا، كچ، .../ و ناوی كۆ وەك: / ژنان، شاران، باخات، ئاغاوات، میوەجات، دێهات، دەردەها، كوڕگەل/ ی دەستنیشانكردووە.

٥) ناو لە ڕووی ڕەگەز/ جنسەوە[١٧٤]، ناوی نێر وەك: / پیاو، شێركۆ، ئەسپ، نانەوا، .../ و ناوی مێ وەك: / ژن، نەسرین، ماین، نانكەر، .../ و ناوی دوولایەن وەك: / كۆتر، مراوی، دوژمن، هاوڕێ، .../ و ناوی بێلایەن وەك: / ژوور، نان، دار، ترێ، .../ ی دەستنیشانكردووە.

## ١/٤-٢) چەشنەكانی ناوی كرداری

نوری عەلی ئەمین (٢٠١٢)، ناوی كرداری بە چاوگ ناوبردووەو دوو پۆلێنی بۆ كردووە[١٧٥]:

١) لە ڕووی فۆرمەوە، (أ) چاوگی سادە، كە یەك ڕیشەی هەیە، وەك: / كێڵان، پژمین، نووستن، بردن، جوون/ و (ب) چاوگی لێكدراو[١٧٦]، كە لە بناغەیەك زیاتری هەیە. دەشێت بناغەكە ناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵكردار، ... بێت، بەڵام بناغەكەی تر دەبێت ناوێكی كرداری بێت، وەك: /یاریكردن، چاككردن، وەرگەڕان، لەبەركردن، دەستلێدان، لەدایكبوون، .../ .

٢) لە ڕووی تێپەڕی و تێنەپەڕییەوە، ناوی كرداری تێنەپەڕ، كرداری تێنەپەڕی لێدروستدەكرێت، وەك: / ڕژان/ و ناوی كرداری تێپەڕ، كە كرداری تێپەڕی لێدروستدەكرێت، وەك: / ڕستن/. پاشان لە گۆڕینی ناوی كرداری تێنەپەڕ بۆ ناوی كرداری تێپەڕ دواوە، وەك: /شڵەقان + دن/ ← / شڵەقاندن/، / وەرین/ ← / وەران یان وەراندن/، ... هتد.

---

[١٧٣] ئەوڕەحمانی حاجی مارف ، (١٩٧٩: ١٠٠-١٣٧) و بیشرۆانە: ئەوڕەحمانی حاجی مارف، (١٩٧٧: ٤٩-٦٥، ٨٤-٨٦).

[١٧٤] ئەوڕەحمانی حاجی مارف ، (١٩٧٩: ١٦٣-١٨٦).

[١٧٥] نوری عەلی ئەمین، (٢٠١٢: ١٣٦-١٣٧).

[١٧٦] نووسەر مەبەستی لە چاوگی هەڵگوێزراوو چاوگی لێكدراویشە.

پاشـان ڕەگـی کـرداری هەنـدێك نـاوی کـرداری سـادەی خـستووەتەڕوو، وەك: / کێـڵ/ لـە /کـێڵان/. لـە کۆتایشدا هەندێك لەو پاشگرە هەڵگوێزەرو شکێنەرەوانەی خستووەتەڕوو، کە دەچنە کۆتـایی ڕەگـی کـردارو وشەی نوێ دروستدەکەن و فۆرمی نوێ دادەڕێژن، وەك: / وەڕە، ڕووەك، خـشۆك، فڕۆکـە، فڕگـە، فرۆشـیار، بڕندە، نووزن، وتار، زانا، لەرزانە، سووتەمەنی، کێڵرا، داپۆشراو، ئەخوێنرێ، بەخشەر، وەراندن/[177].

محەمەد ئەمین هەورامانی (١٩٧٤)، لەبەر ئەوەی لە باسی کەرەستەکانی ڕستە لـە کـردار دواوە، باسـی ناوی کرداری نەکردووە، بەڵام چەند پۆلێنێکی بۆ کردار کردووە[178]. سەرەتا کـرداری دەستنیـشانکردووە، (أ) کـرداری یارمەتیـدەر Helping – Verb ، کـە کـرداری بێهێـزی دەستنیـشانکردووەو بەلایـەوە دەبێـت بـە پاشگری ناو یان ئاوەڵناو، وەك لە (پەروین کچە، پەروین کامەرانە) و کـرداری / دەسـت – پێکـرد/ دەسـت – بە – کرد/، (ب) کرداری بزێو، بەشداری لە کاری ماسوولکەیی وەك: / هەڵـسان، هەناسـەدان/ و بەشـداری لـە کاری فیکری وەك: / خوێندن/ دەکات.

پاشان چەشنەکانی کرداری لە ڕووی دروسـتەی مۆرفۆلۆژییـەوە خـستووەتەڕوو، کـە (أ) کـرداری سـادە/ ساکار، وەك: / نووست، دەخوا/ و (ب) کرداری لێکـدراو، وەك: / هەڵدەسـتێ، سـەردەکەوێ/. لـە کۆتاییـشدا کرداری لە ڕووی هێـزەوە پـۆلێنکردووە بـۆ (أ) کـرداری تێپـەڕ وەك: ( مـەی کراسـێکی کـڕی )، (ب) کـرداری تێنەپەڕ، وەك: ( نەرمین نووست ).

لیژنەی زمان و زانـستەکانی کـۆڕی زانیـاری کـورد (٢٠١١)، چـەند پـۆلێنێکی بـۆ نـاوی کـرداری کـردووە. پۆلێنی یەکهەم لە سەر بناغەی تافی ڕابردوو کراوە[179]. دوو کۆمەڵەی (أ) چاوگی پیتی Consonant ، ئەو ناوەکردارییانـە دەگرێتـەوە کۆتاییـان بـە مـۆرفێمی تـافی ڕابـردووی /–د، –ت/ هـاتووە، وەك: / کـردن، سوتاندن، کـەوتن، .../، (ب) چـاوگی دەنگـی ڤـاوڵ/ بـزوێن، کـە ئـەو ناوەکردارییانـە دەگرێتـەوە، مـۆرفێمی تافیان بە /–ا، –وو، –ی/ کۆتاییهاتووە، وەك: /کێڵان، سووتان، گروون، چوون، نووسین، فڕین، ../.

[177] نوری عەلی ئەمین، (٢٠١٢: ١٤١–١٤٦).

[178] محەمەد ئەمین هەورامانی، (١٩٧٤: ١٥٥–١٦٣).

[179] ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی، (٢٠١١: ٢٢٣–٢٢٧).

پاشان له ڕووی هێزەوە[١٨٠] دوو جۆر ناوی کرداری دەستنیشانکردووە، (أ) ناوی کرداری تێنەپەڕ، کە لە ناوی چاوگی وەك: / ترسان/ لە / ترس/، لەرزین/ لە / لەرز/، یان لە ناو یان ئاوەڵناو وەك: / شەلین/ لە / شەل/، ترشان/ لە ترش/، یان لە ناوی کرداری وەك: / نووستن، ڕۆیشتن، .../، یان لە ناوی کرداری تێپەڕەوە، کە دەکرێت بە بکەرنادیار (چاوگی کارانادیار )، وەك: / کوژران، خوران، گیران/ سەرچاوەی گرتووە، (ب) ناوی کرداری تێپەڕ، کە جگە لەو ڕێگایانەی سەرەوە، وەك: / پرسین/ لە / پرس/، / دزین/ لە / دز/، خواردن، بەستن، ../، بە هۆی پاشگری /-اندن/ سەرچاوەی گرتبێت، وەك: / لەرزاندن، سووتاندن، .../. ئاماژە بەوەیش کراوە، هەندێك ناوی کرداری بەیارمەتی پێشگرو پاشگر دروستبوون، بەبێ بوونی ئەو پێشگرو پاشگرانە واتا نابەخشن، وەك: / کولانەوە، چووزانەوە، حەسانەوە، هەڵواسین، .../.

لە ڕووی فۆرمیشەوە[١٨١]، (أ) ناوی کرداری سادە، وەك: / خواردن، نووستن، وەرین، .../و (ب) ناوی کرداری نادەسادەی دەستنیشانکردووە، کە ئەمیش سێ پۆلە: یەکەم: هەڵگوێزراو، وەك: / هەڵکردن، تێکردن، داکردن، خواردنەوە، .../، دووەم: لێکدراو، وەك: / سەربڕین، دەستکەوتن/، سێیەم: ئاوێتە، کە جگە لە ناوی کرداری و وشەی واتادار، پێشگرو پاشگر بەشداری لە پێکهاتەکەیدا دەکەن، وەك: / دەستپێکردن، دوورکەوتنەوە، ڕوونکردنەوە،.../.

ئاماژە بەوەیش کراوە، کە ناوی کرداری ناسادە دەبێت لە ڕووی واتاوە لەو ناوە کردارییە سادەیە جیاواز بێت کە لێوەی وەرگیراوە، ئەگەرنا جۆرێکە لە گوزارشت. بۆ نموونە /پیاوکوشتن/ دەتوانرێت بە وەکیەکلێکردنی سیمانتیکی (کوشتنی پیاو) ی لێدروستبکرێت و هەمان واتای هەبێت، بەڵام / سەربڕین/، کە واتای / کوشتن/ ی هەیە، (بڕینی سەر) ناتوانریت هەمان واتای / کوشتن/ بدات. لە کۆتایشدا ئاماژە بەوە کراوە ناوی کرداری وەکو کردار دەتوانێت گیرەکی سینتاکسی ناکردنی/ نەرێکردنی / نە-/ وەربگرێت، وەك: / نەنووستن، نەگرتن، هەڵنەئەنگوتن، سەرنەبڕین، پێلێهەڵنەبڕین/.

محەمەد مەعروف فەتاح (٢٠١٠)، لە ڕووی دروستەوە کرداری بۆ هەڵگوێزراوو لێکدراو پۆلێنکردووە[١٨٢]:

---

[١٨٠] هەمان سەرچاوە، (٢٠١١: ٢٢٨-٢٣٠).

[١٨١] ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی ، (٢٠١١: ٢٣).

[١٨٢] محەمەد مەعروف فەتاح، (٢٠١٠: ٢٣٥-٢٩٧).

أ) کرداری هەڵگوێزراو، نووسەر پێی وایە زمانی کوردی کرداری سادەی نییە، بەڵکو لە سەر چەند بنەمایەك کرداری سادەو کرداری هەڵگوێزراو لە ڕووی وەرگرتنی مۆرفێمی شکێنەرەوەو هەڵگوێزەرەوە وەکیەك دەبینێت، کە ئەمانەن[183]:

١- واتای کردار لە کۆی واتای مۆرفێمەکانییەوە دێت.

٢- لە ڕووی سینتاکسەوە کرداری سادەو کرداری هەڵگوێزراو ڕێگانادەن کەرەستەی وەکو (ناو، ئاوەڵکردار، ...) بچێتە نێوانیانەوە.

٣- جومگەکانیان جێگاناگۆڕن و پێشوپاشناکەن، وەك: (ئاوەکە هەڵدەچێت، *ئاوەکە دەچێت هەڵ)،

٤- لە ڕووی هێزەوە، هێز دەکەوێتە سەر کەرتی یەکەم.

٥- گیرەکی شکێنەرەوەو گیرەکی هەڵگوێزەر وەکیەك دەکەونە پێش ڕەگی کردارەوە.

لە بەر ئەم هۆکارانەو لەبەر ئەوەی بە لای کەمەوە لە دوو مۆرفێمی ڕەگی ڕابردوو و جێناوی لکاو/ کلیتیك کەمتر بەشداری لە پێکهاتەکەیدا ناکەن، کرداری سادە لە زمانی کوردیدا نییە[184].

ب) کرداری لێکدراو، لە کردارێکی هەڵگوێزراوو مۆرفێمێکی سەربەخۆ (ناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵکردار، ...) لە پێش کردارەکەوە وەك: (بەڵێنیدا، جیابۆوە، توندیکرد، ...) پێکدێت. چەند کردارێکی دیاریکراو بەشداری لە پێکهاتەی کرداری لێکدراودا دەکەن، کە چالاکترینیان (بوو، کرد، هەبوو) ن و کرداری تریش وەکو (برد، خوارد، دانا، گرت، هەڵگەڕا، ...)[185]. کرداری لێکدراو بە لایەنی کەمەوە لە سێ مۆرفێمی (وشەی واتادار و گیرەك و ڕەگی کردار) پێکدێت، وەك: (بەڵێنی دا، جیا بۆوە، توندیکرد)[186].

کرداری لێکدراویشی لە سەر بناغەی جۆری کرداری هەڵگوێزراو پۆلێنکردووە بۆ (أ) ڕووداوگەیەن/ ڕووداوگێڕ، کە کردارێکی خۆکردو لە ژێردەسەڵاتی بکەردایە بەهێزبێت وەك: (شەڕیکرد، شرپیکرد، سوێندی خوارد)، یان بێهێزبێت وەك: (خۆشیدەوێ، حەزیلێکرد، داوایکرد) و (ب) کرداری بارگەیەن، کە کردارێکی

[183] هەمان سەرچاوە، (٢٠١٠: ٢٤١-٢٤٤).

[184] محەمەد مەعروف فەتاح ، (٢٠١٠: ٢٤٦).

[185] هەمان سەرچاوە، (٢٠١٠: ٢٤٦-٢٤٨).

[186] هەمان سەرچاوە ، (٢٠١٠: ٢٤٩).

خۆنەکردەو لە ژێر دەسەڵاتی بکەردا نییە[187]، بەهێزبێت، وەك: (لە پڕ بە لادا هات، دەرباز بوو)، یان بێهێز بێت، وەك: (دڵیان بەیەکترەوەیە).

ئەوڕەحمانی حاجی مارف (٢٠٠٠–أ) یش وەکو لیژنەی زمان و زانستەکانی کۆڕی زانیاری کورد (٢٠١١)، لە سەر بناغەی مۆرفێمی تاف کرداری کردووەتە پێنج کۆمەڵەوەو نموونەی بۆ تێنەپەڕو تێپەڕ هێناوەتەو، ئەو کۆمەڵانەیش بە یەکێك لەمانە کۆتاییانهاتووە: /–ان/ ، وەك: /ئاوسان، بێژان، .../، /–ین/ ، وەك: / بارین، ئاژنین، .../، /–وون/ ، وەك: / چوون، دروون، .../، /–تن/، وەك: / کەوتن، ئاژوتن، .../، /–دن/، وەك: / مردن، بردن، .../[188]. نووسەر وای داناوە ناوی کرداری فۆرمی گەردانندەکراوی کردارەو ڕووداو ڕادەگەیەنێت. کردار ڕێژەو کات و کەس و ژمارەی هەیە، بەڵام لە ناوی کرداریدا نییە، بۆیە لەم ڕووەوە ناوی کرداری لە ناوی واتایی دەچێت، بەڵام ناو شت دەستنیشاندەکات، ناوی کرداری پرۆتسێس[189].

پاشان کرداری لە ڕووی هێزی پەیوەندی بە بەرکارەوە دابەشکردووە بۆ[190]:

١) کرداری تێنەپەڕ لە ڕووی هێزەوە دوو جۆرە[191]: (أ) تێنەپەڕی خوازەکی/ الارادي، کە بکەر/ کارا ڕۆڵێکی ئاشکراو خوازەکی هەیە، وەك: ( ئازاد هات )، (ب) تێنەپەڕی ڕوودان، وەك: ( ئاوەکە ڕژا ). ئەم کردارانە زۆربەیان لە ناوی کرداری ئەلفییەکانەوە وەردەگیرێن، وەك: / ڕژان، شکان، سووتان، .../.

٢) کرداری تێپەڕیش لە ڕووی هێزەوە دوو چەشنە: (أ) ئەو کردارانەی پێویستیان بە یەك بەرکار هەیە، وەك: ( گورگ مەڕ دەخوات )، (ب) ئەو کردارە تێپەڕانەی پێویستیان بە دوو بەرکار هەیە، وەك: ( پارە ت دەدەمێ).

پاشان باسی لە ڕۆڵی پاشگری تێپەڕاندن کردووە، کە /–اندن/ ە، نەك /–اند/، وەك: / گەڕان/ بەرانبەر بە / گەڕاندن/ و ... هتد. ئاماژە بەوەیش کراوە هەندێك کردار ناکرێن بە تێپەڕ، بەڵکو بەرانبەریان کرداری تێپەڕ هەیە، وەکو کردارە تێنەپەڕەکانی / هاتن، مان، ڕۆیشتن، کەوتن، .../ بەرانبەر بە / هێنان، هێشتن، ناردن،

---

[187] هەمان سەرچاوە ، (٢٠١٠: ٢٥١–٢٦٤).
[188] ئەوڕەحمانی حاجی مارف ، (٢٠٠٠–أ: ٣٣–٣٥).
[189] ئەوڕەحمانی حاجی مارف ، (٢٠٠٠–أ: ٣٧).
[190] هەمان سەرچاوە، (٢٠٠٠–أ: ٤٤– ٥٢).
[191] هەمان سەرچاوە، (٢٠٠٠–أ: ٥٠– ٥٢).

خستن، .../. دەیشکرێت هەندێك کردار بە هەردوو ڕێگاکە بکرێت بە تێپەڕ، وەك / کەوتن/ بەرانبەر بە / کەواندن/ و /خستن/، / بزووتن/ بەرانبەر بە / بزواندن/ و / بزاوتن/ و ... هتد. هەندێك کرداری تریش هەر تێنەپەڕن و ناکرێن بە تێپەڕو بەرانبەریشیان کرداری تێپەڕ نییە، وەك: / سرەوتن، نیشتن، زان، گەنین، .../. ئەمە ڕێگەی مۆرفۆلۆژییە، بەرانبەر بەمە ڕێگای لێکسیکیش بە یارمەتی وشەکانی / هێنان، خستن، .../ هەیە، وەکو ( هێنایە پێکەنین/ خستەپێکەنین، ...)[192].

پاشان لە ڕووی دروستەوە کردار/ ناوی کرداری بەسەر سادە و ناسدەداو ناسادەیش بە سەر هەڵگوێزراوو لێکدراودا دابەشکردووە. بەم شێوەیە:

١) کرداری سادە، وەك: / بوون، چوون، دان، جوون، دروون، .../.

٢) کرداری هەڵگوێزراو بە یارمەتی پێشگرو پاشگرو هەندێك کرداری سادە. پیشگرەکانیش دوو چەشنن، (أ) پێشگری سادە، وەك لە نموونەکانی / ڕادان، ڕاخستن، هەڵکردن، هەڵبوون، داکەوتن، داگرتن، ڕۆکردن، ڕۆچوون، وەردان، وەرگێڕان، ڕێخستن، ڕێخشاندن، پێکەنین، پێگەیشتن، تێگەیشتن، تێگرتن، لێخوڕین، لێدان، وێچوون، وێکەوتن، .../، (ب) پێشگری ناسادە، وەك: / پێدابردن، پێداچوون، پێوەگرێدان، پێوەدروون، تێدابوون، تێداچوون، تێوەگلان، تێوەچوون، پێڕاگەیشتن، پێڕاچوون، تێڕاکردن، لێڕاهاتن، .../. دوو پاشگریشی دەسنیشانکردووە، کە یارمەتی دروستکردنی کرداری هەڵگوێزراو دەدەن[193]، ئەوانیش پاشگری /–ەوە/، کە چەند واتایەك دەگەیەنێت. گرنگترینیان واتاکانی (دووبارەکردنەوە وەکو / نووستن – نووستنەوە/، گۆڕینی واتای وشە، وەکو / بەربوون – بەربوونەوە/، گۆڕینی چەمکی/ مەفهومی وشە، وەکو / کردن – کردنەوە/، لەگەڵ پاشگری /–اندن/، کە ڕۆڵی سەرەکی گۆڕینی کرداری تێنەپەڕە بۆ کرداری تێپەڕ، وەك: / سووتاندن، نواندن/.

---

[192] هەمان سەرچاوە، (٢٠٠٠–أ: ٥٣–٥٩، ٩٠–٩٤).

[193] ئەوڕەحمانی حاجی مارف ، (٢٠٠٠–أ: ٨٥).

٣) کرداری لێکدراو[١٩٤]، بە یارمەتی ناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵکردار، ژمارەو کردارێك/ ناوێکی کرداری دروستدەبن. دەکرێت ئەو وشانەی بەشداری لە کردارە لێکدراوەکە دەکەن سادە بێت، یان ناسادە, وەك: / ملنان، شەڕکردن، جێگەکردنەوە، چڵکاوخواردن، سووربوون، .../.

پاشان لە سەر بناغەی وشە، قەدی کردارو ڕەگی کرداری دەستنیشانکردووە. لەگەڵ خستنەڕووی ڕۆڵی هەریەکەیان لە دروستکردنی وشەی نوێی وەکو ناوی کردوو و ناوی کراوو ناوی چاوگ و ناوی جێگا/ شوێن و ناوی ئامێر[١٩٥]. بۆ نموونە ناوی کراو بە یارمەتی پاشگری /–وو، –ە/* لە قەدی کرداری تێنەپەڕی ڕوودان دروستدەبێت، وەك: / کەوتوو، داماو، هەڵچوو، بووە، مردە، لێکەوتە، پەککەوتە، .../. هەروەها ناوی کارا لە ناوی کرداری و پاشگرەکانی /–ەوار/ و /–گار/ دروستدەبێت، بەڵام چالاك نین، وەك: / خوێندەوار، کردگار/. ناوی کردوو/ بەرکاریش لە قەدی کرداری تێنەپەڕی خوازەکی پاشگری /–وو/ یان ناوی کراو/ کارا بە یارمەتی پاشگری /–وو/ دروستدەبێت، وەك: / مردوو، سووتاو، کێڵراو، .../ و قەدی تێپەڕی /–ت، –د/ بە یارمەتی پاشگری /–ە/، وەك: / کوشتە، گرتە، گەستە، .../. ناوی چاوگیش لە قەدی کردارو پاشگرەکانی /–ار، –ە، –وو/–ەوە، –ەمەنی/ دروستدەبێت، وەك: /کوشتار، گوتە، کردەوە، خواردەمەنی، .../. ناوی جێگا/ شوێننیش لە قەدو پاشگری /–گە/–گا، –مان/، وەك: : / پەرستگە/ پەرستگا، نیشتمان/. ناوی ئامێر لە قەدی کردار دروستنابێت.

ڕەگی کرداریش بە یارمەتی پێشگرەکانی / ب–، نە–/ و پاشگرەکانی /–ەر، –ا، –یار، –گار/ لە گەڵ ڕەگی کرداری تێنەپەڕو پاشگرەکانی /–ۆك، –نۆك، –ەك، –ندە، –دە/–یدە/ ناوی کراو/ کارا دروستدەکات، وەك: / بوێر، نەمر، خوێنەر، توانا، کڕیار، پارێزگار، گەڕۆك، ترسنۆك، نووسەك، گەزندە، دیدە/. بە هەمان چەشن لە گەڵ وشەی واتاداریشدا ناوی کراو/کارا دروستدەکرێت، وەك: / دەستبڕ، ڕەشپۆش، پێشگر، .../. ناوی کردوو/ بەرکاریش لە ڕەگی کردار بە یارمەتی پاشگری /–وو/و وشەی واتادارو ڕەگ دروستدەبێت، وەك: /کێڵراو، بەرکوڵ، سەرئێشە، .../. ناوی چاوگیش یان لە ڕەگ دروستدەبێت، وەك:

---

[١٩٤] هەمان سەرچاوە، (٢٠٠٠–أ: ٩٨–١٠٥).

[١٩٥] هەمان سەرچاوە، (٢٠٠٠–أ: ١٠٦–١٨٢).

* ئەگەر کردارە تێپەڕەکە لێکدراوبێت، بە یارمەتی پاشگری /–وو، –ە/ دەبێتە ناوی کراو/ کارا، چونکە وشەی پێشەوەی جێگەی بەرکار دەگرێتەوە، بەڵام کرداری سادەو هەڵگوێزراوی تێپەڕ، ناتوانێت ناوی کراو/ کارای لێدروستبکرێت، وەك: /پیاوکوشتوو، باوکمردە، ../. بڕوانە: هەمان سەرچاوە، (٢٠٠٠–أ: ١١٥).

/ لەرز، ئێش، پێچ، پرس، .../، یان بە یارمەتی پاشگرەکانی /-ە، -ست، -ش/-شت، -اك/، وەك: / لەرزە، کوشتە، توانست، وەرزش/ وەرزشت، پۆشاك، .../. ناوی جێگا/ شوێنیش لە ڕەگی کردار بە یارمەتی پاشگری /-گە/-گا، -ەن/ دروستدەبێت، وەك: / لەوەڕگە/ لەوەڕگا، سووتەن، .../. ناوی ئامێریش لە ڕەگی کردارو پێشگری / پێ-/ وەکو / پێخەف، .../ و پاشگرەگانی /-ەك، -ك، ik- ،-کە، -نگ/ لە گەڵ ڕەگی کرداری تێنەپەڕ، وەك: / کوتەك، کوتك، پێچکە، بێژنگ/ و پاشگرەکانی /-ۆك/-ۆکە، -ە/ لە گەڵ ڕەگی کرداری تێپەڕ، وەك: / فڕۆك/ فڕۆکە، ماڵە/، یان وشەی واتادارو ڕەگی کردار، وەك: / بەفرماڵ، دەستەسڕ، بەرماڵ، .../[196].

لە کۆتاییدا پۆلێنێکی بۆ کرداری بکەردیار/ کارادیارو کاراناديار کردووە[197]. بە لایەوە /-ر/ مۆرفێمی گۆڕینی کرداری کارادیارە بۆ کرداری کاراناديار/ بزر. ئەم مۆرفێمە بە کۆتایی ڕەگی کرداری ڕانەبردووەوە دەلکێت. بۆ ئەمەیش سێ حاڵەت/ دۆخ هەیە: (أ) ئەگەر کردارەکە لە شێوەی ناوی کرداری بێت، ئەوە/ ڕەگ + -ر + ان/ دەبێت، وەك: / هێنران، ماڵران، .../،(ب) ئەگەر کردارەکە لە ڕێژەی ڕانەبردوودا بێت، ئەوە مۆرفێمی تافی ڕانەبردوو وەردەگرێت، وەك: ( دەهێنرێ، دەماڵرێ )، (پ) ئەگەر کردارەکە لە ڕێژەی ڕابردوودا بێت، ئەوە مۆرفێمی تافی ڕابردوو /-ا/ وەردەگرێت، وەك: ( هێنرا، ماڵرا، ... ) .

بەم پێیە (/-ان/ نیشانەی چاوگە، /-ێ/ مۆرفێمی تافی ڕانەبردووە، /-ا/ مۆرفێمی تافی ڕانەبردووە) لە ڕێژەی کارا بزریدا. ئەمە دەستوورێکی گشتی زمانی کوردییە. لەگەڵ ئەمەیشدا چەند حاڵەتێکی بیژۆکیشی دەستنیشانکردووە، کە لەو دەستوورە لادەدەن. هەندێك لەمانە پەیوەستن بە کاریگەری شێوە دیالێکتەکان و کاریگەری فۆنۆلۆژی زمانی کوردی، وەك: / گوتران، هاویشتران/ هاوێژران، خوران، بران، گیران، گێڕدران، .../[198].

## ١/٤-٣) چەشنەکانی ئاوەڵناو

---

[196] ئەوڕەحمانی حاجی مارف ، (٢٠٠٠-أ: ١٥٠-١٧٤).

[197] هەمان سەرچاوە، (٢٠٠٠-أ: ٣٢٧-٣٤٢).

[198] ئەوڕەحمانی حاجی مارف ، (٢٠٠٠-أ: ٣٢٧-٣٣١، ٣٣٣-٣٤٢).

زمانـەوانانی کـورد لـە ڕێگـەی توێژینەوەکانیانـەوە چـەند پۆلێکیـان بـۆ ئاوەڵنـاو وەکـو پۆلەڕەگـەزێکی فەرهەنگی کردووە. هەر نووسەرە لە سەر بنـەمای کارەکـانی پـێش خۆیـان و لـە سـەر چـەند بنەمایـەك ( بـە گشتی لە سەر بنەمای فۆرم و واتا ) پۆلێنکردنەکەیان ئەنجامداوە.

نـوری عـەلی ئـەمین (٢٠١٢)، پێـنج جـۆر ئاوەڵنـاوی دەستنیـشانکردووە[١٩٩]، ئـەوانیش ئاوەڵناوەکـانی ( خەبەری/ چۆنێتی، ئیشاری، فرمانی/ کرداری، چەندی، پرسیاری )[٢٠٠]ین.

١) ئاوەڵناوی خەبەری: نووسەر ئاوەڵناوی چۆنێتی بە ئاوەڵناوی خەبەری ناوبردووە. پێی وا بووە، کە جۆری ناوێك یان جێناوێك بە یارمەتی /–ی/ خستنەپاڵەوە پێ هەڵدەدرێت، یان کردارێکی بێهێزی پێ تەواودەکرێت، وەك: ( ئەسپی چاك ئاوزەنگی ناوێت. / چاك/)، ( قژی کوێستان زەردە. / زەرد/ ) .

پاشان ئاوەڵناوی چۆنێتی لە ڕووی فۆرمەوە بە سەر ئاوەڵناوی سادە وەك: / ڕەش، سـوور، پـان، .../ و ئاوەڵنــاوی لێکــدراو وەك: / بــەدخوو، دەم بــە پێکــەنین، .../ دا دابەشــکردووە. ئاوەڵنــاوی هــەڵگوێزراوو ئاوەڵناوی لێکدراوی لە یەکتر جیانەکردۆتەوە، پێکەوە لە چونێتی دروستبوونیان دواوە، وەك: / گەردن بلور، چاوشین، فرگە/. پاشانیش سێ پلەی ( چەسپیو، بەراورد، باڵا ) ی جیاکردووەتەوە[٢٠١]. دواتریش بەشێك لـەو پاشگرانەی دەچنەسەر ئاوەڵناو، لە ژێر ناونیـشانی (پیتـە پاشـگری ئاوەڵنـاوی خەبـەری SUFEIXES OF ADJECTIVE ) خستووەتەڕوو، کە دەکرێت دەرئەنجامەکەی ناو بێت وەك: / ڕاستە، چاکە/، یـان ئاوەڵنـاو بێت وەك: / گێلۆکە، سەوزەڵە، .../ .

٢) ئاوەڵناوی ئیشاری، ئەمەیش دوو جۆرە: (أ) ئاوەڵناوی ئیـشاری موعەیـەن، وەك: /ئـەم...ە، ئـەم ...یـە، ئەو ...ە، ئەو ...یە/ وەك: {ئەم سێوە} و (ب) ئاوەڵناوی ئیشاری موبهەم ، وەك: / یێ/ ێك، یـەك، کـە، تـر، دی، دی کە/ لە وەك / هەناریێ، شانۆیەك، مەڕێکی کە، .../.

٣) ئاوەڵناوی فرمانی/ کرداری، ئەمەیش دوو جۆرە: أ) ئاوەڵناوی بکەر، کە ئەمەیش دوو جۆرە[٢٠٢]:

---

[١٩٩] نوری عەلی ئەمین، (٢٠١٢: ١٠٦–١٣٢).

[٢٠٠] توفیق وەهبی پێنج جۆر ئاوەڵناوی (چۆنی، نیشانی، ژمارەیی، موبهەم، پرسی)ی دەستنیـشانکردووە. بڕوانـە: تـەوفیق وەهبـی،(١٩٢٩: ٦١–٨١).

[٢٠١] نوری عەلی ئەمین،(٢٠١٢: ١٠٩–١١٠).

[٢٠٢] هەمان سەرچاوە ، (٢٠١٢: ١٢٠–١٢٢).

١- ئاوەڵناوی بکەری سادە: لە قەدی کرداری تێنەپەڕ، یارمەتی پاشگری /-و/ دروستدەبێت، وەك: / ڕزیو، مردو، کەوتو/. یان لە ڕەگی کرداری تێپەڕ بە یارمەتی پاشگری /-ەر/ یان پێشگری / ب-/ دروستدەبێت، وەك: / فرۆشەر، چێنەر، بفرۆش، بچێن/.

٢- ئاوەڵناوی بکەری لێکدراو/ ناسادە، وەك: / نانکڕ، جگەرەکێش، ئارامگر، سوێندخوار/خۆر، پێلێخەر، ژنهێنەر، لەناوبەر، هەڵواسەر/.

ب) ئاوەڵناوی کراو، وەك: / تەکێنراو، بەخشراو، کوژراو، ڕاکێشراو، خوێنڕێژراو، .../.

٤) ئاوەڵناوی چەندی، دوو جۆرە: أ) ئاوەڵناوی چەندی موبهەم، وەك: / هەموو، هەندێ، تۆزێ، هیچ، گەلێ، گشت، هەر، نە، زۆر/ فرە، کەم، .../ و ب) ئاوەڵناوی چەندی موعەیەن، کە دەرخراوەکەی بە ژمارە دیاریدەکات، وەك: / یەك، سیانزە، بیست و چوار، حەوتەمین، پێنج پێنج، چواریەك، .../.

٥) ئاوەڵناوی پرسیاری، وەك: / چەند، چ، کام، چی، چۆن، ../ لە نموونەیەکی وەکو : (چەند کوڕێ؟ ، سەبەتەی چی؟، چۆن ولاتێ؟/ ولاتێکی چۆن؟).

محەمەد ئەمین هەورامانی (١٩٧٤)، بەلایەوە ئاوەڵناو دەشێت وشەیەك بێت، یان ڕستەیەك بێت و پەسنی ناو یان جێناو دەکات. پاشان ئاوەڵناوی لە ڕووی فۆرمەوە/ قەوارەوە بە سەر سادە/ ساکار وەك: / ئازا، سوور، .../ و ناسادە/ لێکدراو وەك: /ڕێکوپێك، دەستکرد، بیستویەك/ دا دابەشکردووە لە ڕووی واتاوە ئاوەڵناوی پۆلێننەکردووە[٢٠٣].

لیژنەی زمان و زانستەکانی کۆڕی زانیاری کورد (٢٠١١)، ئاوەڵناوی وەکو ناو پۆلێنکردووە[٢٠٤]، أ) لە ڕووی فۆرمەوە، ئاوەڵناوی بۆ سادەو ناسادە پۆلکردووە. بە بێ ئەوەی چۆنێتی دروستبوونی پێکهاتەکانیان بخاتەڕوو، ب) لە ڕووی واتاوە/ گوزارەوە، ئەندامانی لیژنە بۆچوونی جیاوازیان هەبووە. تەنانەت پلەکانی ئاوەڵناویان وەکو جۆرێکی ئاوەڵناو داناوە.

[٢٠٣] محەمەد ئەمین هەورامانی، (١٩٧٤: ١٦٣-١٦٥).

[٢٠٤] ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی، (٢٠١١: ٦٦-٧٩).

به لای ئـەوڕەحمانی حـاجی مارفـەوە، ئاوەڵنـاو واتـای چۆنێتی و خاسـیەت و نیشانە ڕادەگەیـەنێت[205]. سەربەخۆیی تەواوی نییە. هەمیشە مەبەستی ناو نیشاندەدات. لە ئاوەڵنـاودا خـەیاڵ لـە بـارەی گیانـدار یـان بێگیان یان بیر یان کارێکەوە هەیە. ئەمەیش یارمەتیدەرە بۆ ئـەوەی ئاوەڵنـاو بـە بـێ نـاو بـەکاربهێنرێت[206]. سێ پۆلێنکردنی سـەرەکی لـە سـەر بنـەمای واتـاو فـۆرم و پلـەکانی ئاوەڵنـاوەوە بـۆ ئاوەڵنـاو کـردووە.بـەم شێوەیە:

١) ئاوەڵنـاو لـە ڕووی واتـاوە[207]: أ) ئاوەڵنـاوی چـۆنێتی، ڕاسـتەوخۆ واتـای چـۆنێتی خاسـیەت و نیـشانە ڕادەگەیەنێت. واتای لێکسیکی ئاوەڵنـاوی چۆنێتی هەمـەجۆرە، وەك: ڕەنـگ / سـپی, سـوور, سـەوز, ئـاڵ, ڕەش, .../، خاسیەت, / ترش, سوێر, گەرم, قورس, پتەو, .../، جۆری سیفەت, / ڕەزیل, ڕووخـۆش, .../، شێوەی مـرۆڤ وگیانـدار دەردەبـڕن, / خـڕ, قەڵـەو, لاواز, ڕووت, .../، چـەمکی دەورووبـەر, / ڕاسـت, چـەپ, یـان,.../ و هـیتر، ب) ئاوەڵنـاوی نیـسبی, ڕاسـتەوخۆ تایبەتمەنـدی شـت ڕاناگەیـەنێت, بـەڵکو لـە ڕێگـای پەیوەندییـەوە بـە دیاردەیەکەیـەوە یـان ڕووداوێکـەوە واتـای دەردەکـەوێت. جیـاوازی هـەرە دیـاری لەگـەڵ ئاوەڵنـاوی چـۆنێتیدا, لـە ڕووی فۆرمەوەیـە, کـە هەمیـشە ئاوەڵنـاوی نیـسبی ناسـادەیە, بـەڵام ئاوەڵنـاوی چۆنێتی دەشێت سادە بێت, یان ناسادە. بۆ ئەم دیاردەیـەیش کۆمـەڵێك گـیرەك یارمـەتی دروسـتبوونی ئـەم ئاوەڵناوە دەدەن, کە دیارترینیان پاشگرەکانی / –ی, –ین, –انە, –ەکـی, –ە/ ن, وەك: /کـوردی, زێـڕین, پیاوانە, دەشتەکی, بەهارە, .../، پ) ئاوەڵناوی نادیار, گوزارشت لە شتێکی دیاریکراو ناکات, دوو جۆری لـە زمانی کوردیدا هەیە:

١– ئاوەڵناوی نادیاری جیاکەرەوە, کە ئاوەڵناوەکانی / تر, کە, دی, دیکە, دن, .../ ی دەستنیـشانکردووە، کە بەپێی ناوچەکان( شێوە دیالێکتەکان ) و دیالێکتەکان بەکاردەبرێن. ئەم ئاوەڵناوانە یەك واتایان هەیە, کە بەرانبەرە بە وشەی /other/ی ئینگلیزی و / اخر/ ی عەرەبی, بۆیە دەشێت لەجێی یـەکتر بـەکار بهێنرێـت. ئەم ئاوەڵناوانە ڕۆڵی دەرخەر دەبینن و بە دوای دەرخراودا دێن، وەك: / مودەیێکی تر، لایەکی کە، مـانگێکی دی، .../.

[205] ئەوڕحمانی حاجی مارف، (١٩٩١: ٥٨).

[206] هەمان سەرچاوە، (١٩٩١: ٦٢).

[207] هەمان سەرچاوە، (١٩٩١: ٦٣–٧٥).

٢- ئاوەڵنـــاوی نادیـــاری دیـــاریکردن، کـــە ئاوەڵناوەکـــانی / وا، ئـــاوا، وەهـــا، ئاوەهـــا، وەهـــە، .../ ی دەستنیـشانکردووە. هـەموویان یـەك واتایـان هەیـە، کـە بەرانبـەرە بـە وشـەی /such/ ی ئینگلیـزی. ئـەم ئاوەڵناوەیش وەك ئاوەڵناوی نادیاری جیاکەرەوە بە زۆری لە دۆخی خستنەسەردا دەبینریت و ڕۆڵی دەرخـەر دەبینێت و بە دوای دەرخراودا دێت، وەك: {پێکەنینی وا }.

٢) ئاوەڵنـاو لـە ڕووی ڕۆنانـەوە/ دروسـتەی مۆرفۆلۆژییـەوە[٢٠٨]، زمانـەوان ڕاسـتەوخۆ باسـی لـە ئاوەڵنـاوی هەلگوێزراوو ئاوەڵنـاوی لێکـدراو کـردووە، واتـە بـە لایـەوە لـە ڕووی فۆرمـەوە ئاوەڵنـاوی سـادەو ئاوەڵنـاوی هـەلگوێزراوو ئاوەڵنـاوی لێکـدراومان هەیـە. بـۆ ئـەم مەبەسـتەیش چـەند ڕێگایـەکی دروسـتبوونی ئاوەڵنـاوی هەلگوێزراو وەك: /بێهۆش، بەهێز، جیهانی، زێڕین، ...، نەخۆش، نارێـك، تـەختانی، بـۆزۆ، ...، نـەمر، بـوێر، لەرزۆك، دیار، ...، سەرەکی، سەروو، .../ و ئاوەڵناوی لێکـدراو وەك: / گـەردنبلوور، سـەرگەرم، سەرشـکاو، قوڕبەسەر، خۆشباوەڕ، کورتەباڵا، ئاشـتی خـواز، دووربـین، دوودڵ،.../ ی خـستووەتەڕوو و پێکهاتـەکانیانی دەستنیشانکردووە، کە ( ناو، ئاوەڵناو، ئـاوەڵکردار، کـردار ) بەشـداری لـە دروسـتبوونیاندا دەکـەن، بـە بـێ ئەوەی ئاماژە بەوە بکـات، کـە دەرئەنجامەکـەی کـام جـۆرەی ئاوەڵنـاوە. لەبـەر ئـەوەی نموونـەکان زۆرن و پێکهاتەکانیان جۆراجۆرن، لێرەدا ناخرێنەڕوو. داوا لە خوێنەر دەکرێت، بڕوانێتە سەرچاوەکەی.

٣) پلەکانی ئاوەڵنـاو، نووسـەر سـێ پلـەی بـۆ ئاوەڵنـاو دەستنیـشانکردووە. هـەر سـێ پلەکـەیش هـەر یـەك گوزارشتیان/ دەلالەتیان هەیە، بەڵام پلەی بەراوردو باڵا تایبەتمەندی نیسبییان تێدایە. واتە بە گـشتی دۆخـی پلەی ئاوەڵنـاوی بـۆ پلـەی چەسـپیوو پلـەی نیـسبی دابەشـکردووە، پلـەی نیـسبیش پلـەکانی بـەراوردو بـاڵا دەگرێتەوە[٢٠٩]، کە ئەمانەن: (أ) پلەی چەسپیو، کە ئاوەڵناوێکی ڕووتەو هـیچ نیـشانەیەکی مۆرفۆلـۆژی نییـە. دەبێتە بناغەی پلەی بەراوردو پلەی باڵا، وەك: / تیژ، گەرم،بێ بەرهەم، سەر گەرم .../، (ب) پلەی بـەراورد، بۆ گەردانکردنی ئەم پلەیـەی ئاوەڵنـاو دوو ڕیگـەی دەستنیـشانکردووە: یەکهـەمیان ڕێگـەی مۆرفۆلـۆژی، بـە زیادکردنی مۆرفێمی بەراورد /-تر/ بۆ ئاوەڵناوی پلەی چەسـپیو، وەك: / خۆشـتر، چـاکتر، .../، دووهـەمیان ڕێگەی لێکسیکی، بـە یارمـەتی وشـەی وەك: / پـتر، زیـاتر، زۆرتـر، کـەمتر، .../ دروسـتدەکرێت، وەك: (پـتر جوانە، زیاتر ئازایە، کەمتر ترشە، ...)، (پ) پلەی بـاڵا، یـان بـە ڕێگـەی مۆرفۆلـۆژی، بـە یارمـەتی مـۆرفێمی

[٢٠٨] ئەوڕحمانی حاجی مارف ، (١٩٩١: ٧٦-٩١).

[٢٠٩] ئەوڕحمانی حاجی مارف ، (١٩٩١: ٩٤، ٩٨).

باڵای /–تر + –ین/ دروستدەکرێت، وەك: / جوانترین، ئازاترین، .../، یان ڕێگەی لێکسیکی، ئەمەیش دوو جۆرە: بە یارمەتی وشەی / هەرە/ و ئاوەڵناوی پلەی چەسپیو، وەك: / هەرە شیرین، .../، بە یارمەتی دەستەواژەی وەك / لە هەموو، لە هەموو شت، لە سەر تا پایان، لە تێکڕا، .../ و ئاوەڵناوی پلەی بەراورد، وەك: ( جگە لەوەش لە هەموو شت خراپتر: دڵی خاڵییە، کوورەم تیا نییە ئاگر ) .

دەربارەی ئاوەڵناوی کراوو ئاوەڵناوی کردوو، لە ژێر ناونیشانی ( بوونی هەندێ بەشەئاخاوتن بە ئاوەڵناو ) دا ئەوەی خستووەتەڕوو، کە ئەم ئاوەڵناوانە لە ناوی کراوو ناوی کردوو دروستدەبێت. بە زۆری خاسیەتی ڕێزمانی ئاوەڵناوی چۆنێتی وەردەگرن[210]، ئاوەڵناوی کردوو، وەك: ( پیاوی مردوو، منداڵی نوستوو، ...،/ سەربەست، پیاوکوژ، ڕاستگۆ/). ئاوەڵناوی کراو، وەك: / سوتاو، کوژراو، نوسراو، ...، بەشخوراو، دەستبڕاو، .../.

محەمەد مەعروف فەتاح (٢٠١٠)، پێی وایە، ئاوەڵناو پۆلەڕەگەزێکی فەرهەنگی سەرەکی زمانی کوردی نییە، بەڵکو زۆر نزیکە لە ناو یان بەشێکە لە ناو، چونکە ژمارەی ئاوەڵناو لە زمانی کوردیدا کەمەو چەند ناوچەیەکی واتایی کەم دادەپۆشێت و گرنگی ئاوەڵناو ناگاتە ناوو کردار. لەبەر ئەوە لە زمانی کوردیدا پۆلەڕەگەزە سەرەکییەکان سیانن ( ناو، کردار، پێشناو)[211].

لێکۆڵەر کارەکەی لە سەر بنەمای مۆرفێم ئەنجامداوە. پشتی بە وشەی یەك بناغەیی بەستووە. بۆ ئەم مەبەستەیش سێ تایبەتی بۆ ئاوەڵناو داناوە، کە دەبێت هەموو کاتێك لە وشەیەکدا هەبن، بۆ ئەوەی بە ئاوەڵناو دابنرێت[212].

١– لە ڕووی واتاوە ئاوەڵناو بێت ( ڕەنگ، تایبەتی شت، بارستایی، ... ) .

٢– لە ڕووی فۆرمەوە ئاوەڵناو بێت، پاشگری /–تر، –ترین/ وەربگرێت.

٣– لە ڕووی گۆکردنەوە ئاوەڵناو بێت. واتە ئەو گۆکردنانەی هەبێت کە ئاوەڵناو هەیەتی.

---

[210] هەمان سەرچاوە، (١٩٩١: ١٢٤–١٢٦).

[211] محەمەد مەعروف فەتاح، (٢٠١٠: ٣٠٣).

[212] هەمان سەرچاوە، (٢٠١٠: ٣٠٧–٣٠٨).

به لایەوە بۆ ئەوەی وشەیەك بە ئاوەڵناو دابنرێت، دەبێت یەکێك لەم حەوت چەمکە (بارستایی، ڕەنگ، تایبەتی فیزیکی شت، تایبەتی کەسی، خێرایی، تەمەن، بەها ) دەربڕێت. ئەمەیش بۆ هەموو زمانەکان ڕاستە، بەڵام مەرج نییە، هەموو زمانێك ئەم حەوت چەشنە ئاوەڵناوەی هەبێت. تەنانەت زمان هەیە ئاوەڵناوی نییە[٢١٣]. زمانی کوردیش ناوچە بیرییەکانی ( تایبەتی کەسی، خێرایی، تەمەن، بەها ) ی نییە[٢١٤]، بەڵکو لە ڕووی واتاوە ئاوەڵناوەکانی بۆ سێ چەشن پۆلێنکردووەو تایبەتییە سینتاکسی و مۆرفۆلۆژییەکانی خستووەتەڕوو[٢١٥].

١- ئاوەڵناوی بارستایی، وەك: / گەورە، بچووك، درێژ، کورت، بەرز، نزم، .../

٢- ئاوەڵناوی ڕەنگ، وەك: / سپی، سەوز، ڕەش، قاوەیی، خۆڵەمێشی، .../

٣- ئاوەڵناوە ڕواڵەتییەکان، وەك: / ڕەق، نەرم، گەرم، سارد، تاڵ، شیرین، .../، کە بە زۆری بە یارمەتی لاگرە هەڵگوێزەرەکان لە بەشەکانی تری ئاخاوتنەوە دروستبوون.

به لایەوە ئاوەڵناو لە زۆر باردا لە بەشەکانی تری ئاخاوتن ( بە تایبەتی ناو ) جیاناکرێتەوە. بۆ ئەم مەبەستەیش دوو بەڵگەی هێناوەتەوە، أ) بەڵگەی مۆرفۆلۆژی، کە ناوو ئاوەڵناو وەکویەك لاگرە هەڵگوێزەرو شکێنەرەوەکان وەردەگرن، وەك: { پیاوەکە، پیاوێك، پیاوەکان، ...} بەرانبەر بە { جوانەکە، جوانێك، جوانەکان } و / منالی/ بەرانبەر بە / کوێری/، ب) بەڵگەی سینتاکسی، کە ئاوەڵناو ئەو گۆکردنانەی هەیە، کە ناو هەیەتی، وەکو گۆکردنی بکەری ناو: ( کتێبە گەورەکەیانم بۆ بێنە )، ئاوەڵناو: ( گەورەکەیانم بۆ بێنە).

## ١/٤-٤) چەشنەکانی ئاوەڵکردار

نوری عەلی ئەمین (٢٠١٠)، ئاوەڵکردار بە وشەیەك، دەستەواژەیەك، ڕستەیەکی شوێنکەوتوو ناودەبات، کە پەسنی بەشێکی ئاخاوتن بکات، جگە لە ناوو جێناو. پاشان ئاوەڵکرداری لە ڕووی دروستەو واتاوە

---

[٢١٣] هەمان سەرچاوە، (٢٠١٠: ٣١٠).

[٢١٤] هەمان سەرچاوە، (٢٠١٠: ٣١٠).

[٢١٥] هەمان سەرچاوە، (٢٠١٠: ٣١١-٣١٦).

پۆلێنکردووە[٢١٦]. دروستەی ئاوەڵکرداری بۆ (أ) ئاوەڵکرداری سادە، وەك: / بەیانی، لا، فرە، هەمیشە/ و (ب) ئـــاوەڵکرداری لێکـــدراو، وەك: / پاشـــەوپاش، لالا، کـــەم کـــەم، پشتاوپـــشت، .../ و (پ) ئـــاوەڵکرداری دەســـتەواژەیی، وەك: /ســـبەی بـــەیانی، ڕۆژی هـــەینی، زۆر زۆر، .../ دابەشـــکردووە. بـــەبێ ئـــەوەی باســـی ئاوەڵکرداری هەڵگوێزراوی کردبێت. لە ڕووی واتایشەوە ئـاوەڵکرداری بـۆ چـەند چەشـنێك پـۆلێنکردووە، کـە ئەمانەن:

١) ئاوەڵکرداری کات ADVERB OF TIME ، کە ئـەو بـە ئـاوەڵکرداری تـافی نـاویبردووە، وەك: / بـەهار، هاوین، زستان، هەینی، ئێستە، ئێستا، هەنووکە، هەر ئێستا، تا ئێستا، .../. /بەهار، هاوین، زستان، .../ لە نموونەکاندا ناوی کاتن نەك ئاوەڵکرداری کات.

٢) ئـاوەڵکرداری شـوێنی ADVERB OF PLACE ، وەك: / دوور، نزیـك، بـەرەودوا، سـەرەوخوار، لالا، پشتاوپشت، پاشـەوپاش، چـەپ، سـەر، خـوار، دوا، .../. تێیانـدا / پشتاوپـشت، پاشـەوپاش/ ئـاوەڵکرداری شوێن نیین، بەڵکو چۆنێتی ڕوودان دەردەخەن.

٣) ئاوەڵکرداری چەندی ADVERB OF QUJATITY ، وەك: / گـەلێ، فـرە، زۆر، کـۆڵێ، تـۆزێ، هەنـدێ، نەختێ، کەمێ، بڕێ، چۆڕێ، پێچێ، تۆزە تۆزە، تێر تێر، کەم کەم، .../.

٤) ئـــاوەڵکرداری چـــۆنیی/ ئاوەڵنـــاو ADVERB OF QUALITY ، وەك: / بـــەگورجی، بەدڵـــشکاوی، بەڕەگەوە، بەکوڵ، بەگوڕ، بەشەرمەوە، لەترسانا، لە خۆشیدا، .../ .

٥) ئـــاوەڵکرداری نـــەفی ADVERB OF NEGATIVE ، وەك: / نـــا، نـــە، مـــە، بـــێ، نـــی/ لـــە وشـــەو دەستەواژەکانی وەکو: / ناپیاو، ناپاك، ناسڕم، نەمر، نەکەوت، نەکەوتووە، نەکەوتایە، نەخۆم، مەچێنە، بێ کەس، گەرم نییە/، کە هەموویان لاگری سینتاکسین، نەك ئاوەڵکردار.

٦) ئاوەڵکرداری وەرامی، کە بەلایەوە ئەو ئاوەڵکردارەیە، کە دان بە ڕوودانی کـرداردا دەنێـت، یـان دانیپێـدا نانێت، وەك: ( بەڵێ، ئا، ئەرێ، نەخێر، خراپە، جوانـە، دروسـتە، باشـە، ڕاسـتە )، کـە ئەمانـە بـە بۆچـوونی ئەوڕەحمانی حاجی مارف (١٩٩٨: ١٢٢)، بابەتی هەمەجۆرن.

---
[٢١٦] نوری عەلی ئەمین، (٢٠١٠: ١٧٦–١٨٢).

محەمەد ئەمین هەورامانی (١٩٧٤)، ئـاوەڵکرداری بـەو وشـانە دانـاوە، کـە پەسـنی کـردار، یـان ئاوەڵنـاو دەکەن[٢١٧]، وەك: / باش/ لە ڕستەی ( ئەو باش دەڕوا بە ڕێوە ) و / فرە/ لە ڕستەی ( ئـەو فـرە وریایـە ) دا. زمانەوان پێی وایە، جاری وا هەیە، کە چەند وشەیەك دەچنە جێگـای ئـاوەڵکردارو ئـەو گۆکردنـەیان دەبێـت، وەك بۆ نموونە ( بەسەر زمانی دەتدوێنیٚ/ زۆر زۆر دواکەوتووە ).

پاشان ئاوەڵکرداری لە ڕووی فۆرمەوە پۆلێنکردووە بۆ (أ) ئـاوەڵکرداری سـادە/ ڕووت، وەك: / بـەرز/ لـە ڕستەی (ئەو بەرز دەڕوانیٚ)دا، (ب) ئاوەڵکرداری لێکـدراو، وەك: / چـین چـین، ویـزە ویـز، میـزە میـز، مرخـە مـرخ، پرخـە پـرخ، ...، ئـاخ و ئـۆخ، بریـق و بـاق، ورتـە ورت،.../. هەنـدێك لەمانـە نـاوی دەنگـن، وەکـو: / مرخەمرخ، پرخەپرخ، .../.

لیژنەی زمان و زانستەکانی کۆڕی زانیاری کورد (٢٠١١)، لـە ڕووی دروسـتەو واتایـشەوە لـە ئـاوەڵکرداری کۆڵیوەتەوە[٢١٨]. لە ڕووی واتاوە نۆ چەشنی لە ئاوەڵکردار دەستنیشانکردووە، کە ئەمانەن:

١) ئـاوەڵکرداری چـۆنی/ چـۆنێتی، کـە چـۆنێتی ڕوودانـی کـار ڕادەگەیـەنن، وەك: / ژیرانـە، بـە ژیـری، بانەوبان،شاخەوشاخ، .../ لە ڕستەیەکی وەکو ( بارام ژیرانە هاتە ژوورەوە ) دا.

٢) ئاوەڵکرداری کات، کە کاتی ڕوودانی کار دەردەخەن، وەك: / دوێنیٚ، سبەی، تازە، دەمێکە، پارنـا پێـرار، چەند ڕۆژێکی تر/ لە ڕستەیەکی وەکو ( دوێنیٚ هاتم ) دا.

٣) ئاوەڵکرداری شوێن، دەبێت لە ڕستەدا شوێنی ڕوودانی کار دەربخەن، وەك: / لەسەر، لەژێر، لـەکن، لـەلا، لـە تەنیـشت، لـە بـن، سـەریٚ، دەریٚ، خـواریٚ، لـە سـەرەوە، لـە خـوارەوە، .../ لـە ڕسـتەیەکی وەکـو: ( چۆلەکەکەم لەسەر دارەکە دی ).

٤) ئاوەڵکرداری وەسفی، کە چۆنێتی کارەکە دەردەخات و لە بناغەدا ئاوەڵناوی چـۆنین، وەك: / خێـرا، زۆر، کەم، فرە، گەلێك، نەختیٚ، زوو، درەنگ، جوان/ لە ڕستەیەکی وەکو: (بارام خێرا ڕۆیشت ) دا. ئەم چەشـنەی

---

[٢١٧] محەمەد ئەمین هەورامانی، (١٩٧٤: ١٦٥–١٦٧).

[٢١٨] ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی، (٢٠١١: ٢٣٦–٢٥١).

ئـاوەڵکردار لـە گـەڵ ئـاوەڵکرداری چـۆنیدا هـەمان واتایـان هەیـە، بـەڵام لـە ڕووی دروسـتەوە جیـاوازن، کـە ئاوەڵکرداری چۆنی فرە مۆرفێمییەو ئاوەڵکرداری وەسفی تاك مۆرفێمییە[219].

٥) ئاوەڵکرداری تەرتیبی، وەك: / دوو دوو، پۆل پۆل، جار جار، دەم دەم، تاو تاو، سـاڵ ناسـاڵ، قـوم قـوم، کەمە کەمە،.../ لە ڕستەیەکی وەکو ( منداڵەکان دوو دوو هاتن ) دا.

٦) ئـاوەڵکرداری تکـراری/ دووبارەکردنـەوە، کـە دووبارەبوونـەوەی کارەکـە ڕادەگەیـەنن، وەك: /دیـسان، دووبارە، هەر جارە، .../ لە ڕستەیەکی وەکو ( کەوەکە دیسان بە داوەوە بوو ) دا.

٧) ئاوەڵکرداری تەئکیدی، بۆ دڵنیایی کارەکە بەکاردێت، وەك: / تێر تێر، پڕ بە دڵ، جـوان جـوان، هەڵبـەت، بێگومان، .../ لە ڕستەیەکی وەکو ( تێر تێر لە ئاوەکەم خواردەوە ) دا.

٨) ئـاوەڵکرداری نـەفی، وەك: / هـەرگیز، هـەرگیزاو هـەرگیز، بـە هـیچ کلـۆجێ، بـە هـیچ ڕەنگـێ، .../ لـە ڕستەیەکی وەکو ( هەرگیز دەست لە وڵاتم هەڵناگرم ) دا.

٩) ئاوەڵکرداری پرسیاری، وەك: / کەی، چۆن، لە کوێ، .../، وەك لە (کەی هاتیت ) دا.

پاشـان دەمڕاسـتی لیژنـە (مەسـعود محەمـەد)، کردارېەنـدی/ ڕسـتەی بێکـرداری کردووەتـە بنـەمای تاقیکردنـەوە بـۆ ئـاوەڵکردار بـوونی ئـەو وشـانەی، کـە ئاوەڵنـاو دەبێتـە تەواوکـەری کـرداری بێهێـز، بـەڵام ئاوەڵکردار نابێتە تەواوکەری کرداری بێهێز[220].

لە ڕووی دروستەیشەوە ئاوەڵکردارییـان پـۆلێنکردووە بـۆ[221] (أ) ئـاوەڵکرداری سـادە، لـە تـەنها وشـەیەك پێکدێت، وەك: / کەی، کەم، باش/، ئەگەر لە ڕستەدا پەسـنی کـردار بکـات، (ب) ئـاوەڵکرداری ناسـادە، دوو چەشنە: یەکهەمیان ئاوەڵکرداری هەلگوێزراو/ داڕژاو، کە بـە یارمـەتی پێـشگرو پاشـگر دروسـتدەکرێن، وەك: /سەرێ، خوارێ، هاوینێ، شەوەکی/ و دووهەمیان ئـاوەڵکرداری لێکـدراو، وەك: / شاخەوشـاخ، چێـشتەنگاو، کەوتوڕەوت، کەم کەم، تاو تاو، تێرو پڕ/، (پ) ئاوەڵکرداری دەستەواژەیی/ سارِسـتە، کـە لـە کۆمـەڵێك وشـە

[219] ئەوڕەحمانی حاجی مارف، (١٩٩٨: ١٢٦).
[220] ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی، (٢٠١١: ٢٤٦-٢٤٩).
[221] هەمان سەرچاوە، (٢٠١١: ٢٥٠-٢٥١).

بەبێ کردار دروستدەبێت و بە تەنها نایەن، بەڵکو دەبێت لە ڕستەدا بن، وەك: / هەفتەی ئایندە، مانگی داهاتوو، لەمەولا، بەبەرگەوە، بە دڵشکاوی/.

ئەوڕەحمانی حاجی مارف (١٩٩٨)، ئاوەڵکردار وەك پۆلەڕەگەزێکی سەرەکی لەسەر بنەمای مۆرفۆلۆژی و سینتاکس و سیمانتیك جیادەکاتەوە. بەلایەوە ئاوەڵکردار تایبەتمەندی ڕوودان، یان تایبەتمەندی تایبەتی، یان تایبەتمەندی بارودۆخ دەستنیشاندەکات، یان ئاوەڵکردار چۆنێتی، یان ڕادەی ڕوودان، یان ڕادەی چۆنێتی شتێك، یان بارودۆخی جیاوازی ڕوودانی کارێك لە ڕووی شوێن، کات، هۆ، مەبەست، ... ڕادەگەیەنێت[٢٢٢]. لەسەر دوو بنەما ئاوەڵکرداری پۆلێنکردووە:

١) چەشنەکانی ئاوەڵکردار لە ڕووی واتاوە، بۆ دوو دەستەی سەرەکی (أ) ئاوەڵکرداری دەرخەرو (ب) ئاوەڵکرداری بارودۆخ دابەشدەکات و لە ڕووی سیمانتیك و سینتاکس و مۆرفۆلۆژییەوە جیاوازییان دەخاتەڕوو. لە ڕووی واتاوە دەستەی (أ) تایبەتمەندی چۆنێتی ڕووداوەکە نیشاندەدات، بەڵام دەستەی (ب) بارودۆخی ڕووداو لە ڕووی (کات، شوێن، ...) نیشاندەدات. لە ڕووی سینتاکسیشەوە دەستەی (أ) پەیوەندییان بە جۆری ڕوودانەوە نییەو نابن بە بەشێك لە کردارەکەو پێوەی نالکێن، دەستەی (ب) هەمیشە دەوری ڕوونکردنەوەی حاڵەتی ڕوودان دەبینن و چۆنێتی ڕوودان دەردەخەن و بە کردارەکەوە دەبەسترێنەوە. لە ڕووی وشەدروستکردنیشەوە دەستەی (أ) و دەستەی (ب) ئاوەڵکرداری سادەو ناسادەیان هەیە. لە پۆلەڕەگەزەکانی ترەوە وەرگیراون، بەڵام لە ڕووی واتای مۆرفۆلۆژییەوە دەستەی (أ) پەیوەندی پتەویان بە ئاوەڵناوەوە هەیە[٢٢٣].

پاشان ئەو دوو دەستە سەرەکییەیشی بەم شێوەیە بۆ چەشنەکانیان پۆلێنکردووە[٢٢٤]:

أ- ئاوەڵکرداری دەرخەر خاسیەتی ڕوودان، یان نیشانەی چۆنێتی و چەندێتی، یان جۆری جێبەجێکردن ڕادەگەیەنێت و سێ جۆرە:

---

[٢٢٢] ئەوڕەحمانی حاجی مارف، (١٩٩٨: ١٣٣-١٦٧).

[٢٢٣] ئەوڕەحمانی حاجی مارف ، (١٩٩٨: ١٣٦-١٣٨).

[٢٢٤] هەمان سەرچاوە، (١٩٩٨: ١٤٠-١٥٢).

١- ئاوەڵکرداری چۆنێتی، واتای چۆنێتی ڕوودان، یان گوزارشت نیشاندەدات، وەك: / خێرا، هێدی، هێمن، جوان، باش، خراپ، بە ژیری، بە سواری، .../، کە ئەمانە لە بنچینەدا ئاوەڵناون و گۆکردنی ئاوەڵکردارییان هەیە[٢٢٥]. وەڵامی پرسیاری (چۆن؟) دەداتەوە.

٢- ئاوەڵکرداری چەندێتی، چەندێتی ڕوودان، یان ڕادەی توندی ڕوودان، یان ئەندازەی چەندێتی ئاوەڵناوو ئاوەڵکردار دیاریدەکات. وەڵامی پرسیاری ( چەند؟، کەم یان زۆر؟، تا چ ڕادەیەك؟، ...) دەداتەوە. ئەوانیش واتای بەهێزبوون و بێهێزبوون/ جەمسەریان هەیە، وەك: / زۆر، فرە، گەلێك، یەکجار، تەواو، پڕ، ...، کەم/ کەمێك، نەختێ، تۆزێ/ تۆزێك، .../.

٣- ئاوەڵکرداری شێوە یان جێبەجێبوون، کە شێوە یان جۆری جێبەجێبوونی کارێك نیشاندەدات. وەڵامی پرسیاری ( چۆن؟، بە چ جۆرێك؟، بە چ شێوەیەك؟، ...) دەداتەوە. هەندێکیان بۆ بەراوردکردن و لێکچواندن بەکاردەهێنرێن، وەك: / شێرانە، ژیرانە، ئازایانە، مەردانە، منداڵانە، گورگ ئاسایی، .../ و هەندێکی تریان بەدوایەکداهاتنی کردارەکە نیشاندەدات، وەك: / دەستە دەستە، پۆل پۆل، یەك یەك، .../، بەشێکی تریشیان گشتێتی شێوەی ڕوودانەکەو جێبەجێکردنی ڕادەگەیەنن، وەك: / بە دوو قۆڵی، پێکەوە، .../.

ب- ئاوەڵکرداری بارودۆخ، یارمەتی نیشاندانی پەیوەندی ڕوودان بە کات، یان شوێن، یان هۆو مەبەست، دڵنیابوون/ تەئکیدو دووبارەکردنەوەو نەفی دەدات. شەش چەشنی لێکجیاکردۆتەوە:

١- ئاوەڵکرداری کات، ئاماژە بۆ کاتی ڕوودان دەکات و بە ( کەی؟، لە کەیەوە؟، تاکەی؟، چ کاتێ؟، چ وەختێ؟، ...) پرسیاری لێدەکرێت، وەك: / ئێستا، ئەمڕۆ، سبەینێ، دەستبەجێ، هاوینێ، بەم زووانە، .../. بەشێك لەم ئاوەڵکردارانە لە بناغەدا ناوی کاتن. کاتێك دەبن بە ئاوەڵکردار، کە کاتی ڕوودانی ئاوەڵکردارەکە نیشانبدەن، وەك: / شەو، هاوین، زستان/.

٢- ئاوەڵکرداری شوێن، شوێنی کارێك، یان ڕووی بزوتنەوەی کارێك نیشاندەدات. وەڵامی پرسیاری ( لە کوێ؟، بۆ کوێ؟، لە کوێوە؟، ...) دەداتەوە، وەك / سەر، ژێر، خوار، بن، پاش، پێش، ...، لە سەر، لە ژێر، ...، لە سەرەوە، لە ژێرەوە، ...، بۆ لای سەرەوە، بۆ لای ڕاست، ئێرە، ئەوێ، لێرە، لەوێ، تا ئێرە، .../. ئەمانەیش بەشێکیان لە بناغەدا ناوی شوێنن.

---

[٢٢٥] هەمان سەرچاوە، (١٩٩٨: ١٤١-١٤٢).

٣- ئاوەڵکرداری هۆو مەبەست، ئاماژە بە هۆی ڕوودانـی کارێك دەکـات و مەبەسـتی جێبـەجێکردنی کارەکـە دەردەخات. وەڵامی پرسیاری ( بۆچی؟، لەبەرچی؟، بۆ چ مەبەستێك؟، ...) دەداتەوە، وەك: / لە بێعەقڵیدا، لە توڕەییدا، لە ترسا، لە برسا، ...، بە خۆڕایی، لەبەر ئەوەی، چونکە، بە دەم خـەوەوە، ...، لـە داخـا، لـە قینا، بە ئەنقەست، .../.

٤- ئاوەڵکرداری تەئکیدی، جـەختکردن لـە جێبـەجێکردنی کارێـك دەردەخـات، وەك: / هەڵبـەت، هـەر، ...، بێگومان، بێ سێ و دوو، بێ چەندوچوون، .../.

٥- ئاوەڵکرداری دووبارەکردنەوە، ئاماژە بۆ دووبارەکردنەوەی ڕوودان دەکات، وەك: /دووبارە، دیسان، سەر لە نوێ، جارێکی دی/ جارێکی تر، هەر جارە/ هەر جارێ، .../.

٦- ئاوەڵکرداری نەفی، نەفی کردارەکە ڕادەگەیەنن، وەك: / هەرگیز، هەگیزاوهەرگیز، .../.

ئاماژە بەوەیش کراوە، کە دەشێت ئاوەڵکردارێك لە هەردوو چەشنی ئاوەڵکرداری دەرخەرو ئـاوەڵکرداری بـارودۆخیش دابنرێـت، بـۆ نموونـە/ زۆر، یەکـسەر، دەسـتبەجێ، .../ دەتوانرێـت بـە ئـاوەڵکرداری چـۆنێتی دابنرێت، چونکە چـۆنێتی ڕوودان دەردەخـات. دەیـشتوانرێت بـە ئـاوەڵکرداری کـات دابنرێـت، چـونکە کـاتی ڕوودانی کار دەردەخات[٢٢٦].

٢) چەشنەکانی ئاوەڵکردار لە ڕووی دروستەوە/ ڕۆنانـەوە، کـە بـۆ سـێ چەشـنی سـەرەکی دابەشـدەکات: أ) ئاوەڵکرداری سادە، وەك: / خێرا، هێدی، هێمن، ...، زۆر، کەم، ...،ئێستا، پار، ...، سەر، ژێر، خـوار، بـن، چەپ، ڕاست، .../، ب) ئاوەڵکرداری ناسـادە، ئەمـەیش دوو چەشـنە: یەکهـەمیان ئـاوەڵکرداری هـەڵگوێزراو/ داڕێژراو، لە بناغەیەك و پێشگرێك، یان پاشـگرێك،یان پێـشگرو پاشـگر پێکـەوە دروسـتبووە/ دروسـتدەبێت. وەکو لە نموونەکانی / بێ گومان، بە گوڕ، لە کن، هاوینێ، سەرێ، هاوینان، ساڵێ/ ساڵێك/ سـاڵەك، پیاوانـە، شەوەکی، شێر ئاسایی، بێباکانە، بێنازی، بە ژیری، بە سپیەتی، .../. دووهەمیان ئـاوەڵکرداری لێکـدراو، بـە لای کەمەوە دوو بناغـەی تێدایـە، وەك: / پـۆل پـۆل، یـەك یـەك، جـوان جـوان، ...، پشتاوپـشت، بانـەوبان، ڕۆژبەڕۆژ، ...، پڕ بە دڵ، یەکجار، دوو سبەی، ...، هەر ڕۆژ، هـەر یـەك، ...، ئـەم سـاڵ، ئـەو سـاڵ، ...، لـە سەر لا، لە سەر پشت، سەر بـەرەو ژوور، ...، تێـرو پـڕ، سـەر لـە نـوێ، دەمـەو ڕوو، .../، پ) ئـاوەڵکرداری

[٢٢٦] ئەوڕەحمانی حاجی مارف ، (١٩٩٨: ١٥١-١٥٢).

دەستەواژەیی لە دەستەواژەیەك پێكهاتووە، كە كرداری لە گەڵدا نییە. ئەمەیش لە دوو چەشندا دەخاتەڕوو. ئەوانیش ئاوەڵكرداری دەستەواژەیی سادە، كە بە یارمەتی پێشناوو پاشناوەكان دروستدەبێت، وەك / لەماڵەوە، لە ماڵدا، لە هەولێرڕا، بۆ ماڵەوە، بە ئاسمانەوە.../ و ئاوەڵكرداری دەستەواژەیی ناسادە، وەك: لای سەرەوە، لە هەموو لا، بە هیچ چەشنێ، هەفتەی ئایندە، وەك جاری جاران، .../.

لە كۆتاییشدا ئاماژەی بەوە كردووە، كە ئەو پۆلەڕەگەزانەی یارمەتی دروستكردنی ئاوەڵكردار دەدەن، پەیوەندی واتاییان بە بنجەكەیانەوە دەمێنێتەوە، ناو واتای كەس یان بیر یان شت، ئاوەڵناو واتای چۆنێتی و ژمارە واتای چەندێتی و كردار واتای ڕوودان و جێناو واتای كەس و ژمارەی تێدایە، وەك: / هاوینێ، جوان، یەك یەك، بە پاڵكەوتنەوە، تۆ ئاسایی، .../. هەر لە سەر ئەم بنجینەیەیش ئاوەڵكرداری ناوی، ئاوەڵناوی، ژمارەیی (كە ژمارەیان كەمەو بە زۆری لێكدراون)، ئاوەڵكرداری، كرداری لەیەكجیاكردووەتەوە[٢٢٧].

زمانەوانان لە پۆلێنكردنی باووڕۆیشتوودا بە گشتی پۆلێنكردنەكەیان لە سەر بنەمای فۆرم و واتا ئەنجامداوە، لەم لێكۆڵینەوەیەدا پشت بەو بنەمایانە بەستراوە، بە تایبەتی ئەوانەی تاڕادەیەك چەسپاون، كە زمانەوانان خستوویاننەتەڕوو، چونكە ناتوانرێت بۆ هەموو پۆلەڕەگەزە فەرهەنگییەكان بە هەموو ئەو بنەمایانەدا بچینەوە، جا چ لە ڕووی مۆرفۆلۆژییەوە بێت، یان سینتاكس، یان سیمانتیك، لەگەڵ ئەوەیشدا ئەم كارە لەو ڕووەوە جیاوازە، پۆلەڕەگەزە فەرهەنگییەكان بە پێی سیما واتاییەكانیان لە بەكارهێنانیدا تاقیدەكرێنەوە، كە دەشێت دروستكردنی وشەیەكی نوێ، وردتر ناولێبنرێت، بەم پێیە چەشنەكانی پۆلەڕەگەزەكان وردتر دەخرێنەڕوو. لەم لێكۆڵینەوەیەدا زیاتر لەسەر ناوەكان و بە تایبەتی ناوی لێكدراو كاركراوە، كە دەتوانرێت لە بری ناوی تایبەتی بگوترێت ناوی تایبەتی كەس، ناوی تایبەتی وڵات، یان ئەو ناوانەی لە پۆلێنكردنە كۆنەكەدا لە پۆلێكدا دانراون، بە پێی ئەم لێكۆڵینەوەیە دەشێت پۆلی تریان هەبێت، بۆ نموونە ناوەكانی / كوردستان، ئەرمەنستان، شەكردان، ئاگردان.../ لە پۆلێنكردنە كۆنەكەدا ناوی شوێنن، بەڵام بە پێی ئەم لێكۆڵینەوەیە / كوردستان و ئەرمەنستان/ ناوی وڵاتن، بە یارمەتی پاشگری /–ستان/ دروستبوون، كە ئەم پاشگرە ناوی گشتیش دروستدەكات، كە لە سیمای [ + فراوان ] دا لە گەڵ ناوی وڵاتدا لەیەكدەچن، وەكو لە / دارستان، كوێستان، .../ دا دەبینرێت, بەڵام پاشگری / –دان/ ناوی گشتی شوێنی بچووك وەكو / ئاگردان/ و ناوی گشتی كەرەستە وەكو / شەكردان/ دروستدەكات.

---

[٢٢٧] ئەوڕەحمانی حاجی مارف ، (١٩٩٨: ١٦٤–١٦٧).

## بەشی دووهەم

## پۆلەڕەگەزە فەرهەنگییەکان و لاگرەکان

لــەم بەشــەی لێکۆڵینەوەکــەدا، پۆلەڕەگــەزە فەرهەنگییــەکان و لاگرەکــان بــە پێــی بــەکارهێنان و تاقیکردنەوەیان لە ناو وشە ناسادەو فرێزو ڕستەکاندا بەسندەکرێن، بۆ ئەم مەبەستە پەنابراوەتەبەر ڕستەو فرێزو وشەکانی زمانی کوردی، تیایدا ئەدگارەکانی پۆلەڕەگەزە فەرهەنگییەکان و لاگرەکان دەردەکەون و بە پێـی سـیما واتاییــەکانیان لێکجیادەکرێنــەوە، لــەم کــارەدا، هەرچــەندە وەکــو پــۆلێنکردنی باووڕۆیــشتوو کارنەکراوە، بەڵام پشت بەو کارانەیش بەستراوە.

### ١/٢) پۆلێنکردن بە پێی بەکارهێنان

لێـرەدا مەبەسـت لـە بـەکارهێنان، بـەکارهێنانی مۆرفۆلۆژییانــەو سینتاکـسییانەی وشــەو لاگرەکانــە. چەشنەکانی وشەکان پۆلەڕەگەزی فەرهەنگیان lexical categories هەیـەو لـە فەرهەنگدا تۆمـارکراون، لەگەڵیاندا هەندێك گروپە–وشە یان فرێـز بـۆ چـەند پۆلۆڕەگـەزێکی فرێـز phrase categories بـە پێـی ئەدگارەکانیان پۆلێندەکرێن. ئەو توخمانەی هەمان ئەدگاری ڕێزمانییان هەیە، سەر بـە هـەمان پۆلەڕەگـەزی سینتاکسین[٢٢٨]. بۆ دەستنیـشانکردنی چەشـن و جۆرەکـانی وشـەکان، چـەند مـەرج و ڕێگایـەك هـەن، کـە لـە ڕێگەی مۆرفۆلۆژی و سـینتاکس و سـیمانتیکەوە تاقیدەکرێنـەوە[٢٢٩]: (أ) شـامەرجی دابەشـبوون/ لەبریدانانـە substition – criterion ، کـە لـە ڕێگـەی جێکەوتـەی position وشـەکانەوە لـە ڕسـتەدا چەشـنی وشــەکان دەستنیــشاندەکرێن (بڕوانــە (٧٨)!). (ب) شــامەرجی مۆرفۆلۆژییانــە morphological criterion ، کــە لــە ڕێگــەی مۆرفێمــە شــکێنەرەوەکانی پۆلەڕەگەزەکانــەوە چەشــنی وشــەکان دەستنیشاندەکرێن (بڕوانە (٧٨)!). بۆ نموونە، ناو مۆرفێمی شـکانەوەی تایبـەت بـە خـۆی هەیـە، هـەروەها ئاوەڵناوو کرداریش، لە ڕێگەی ئەم مەرجانـەوە دەتوانرێـت ناوێـك لـەبری ناوێـك و کردارێـك لـەبری کردارێـك و ...هتد دابنرێت. لـەم مەرجانـەدا واتـا گـرنگ نییـە، بـەڵکو ئـەدگارو نیـشانەی وشـەکان گـرنگن، لەگـەڵ ئـەم مەرجانەدا، (پ) شامەرجی سـیمانتیکیش semantic criterion هەیـە. ئـەم مەرجـەیان لـە پـۆلێنکردنی

---

[٢٢٨] محەمەدی مەحویی، (٢٠١١: ٤٧–٤٨).

[٢٢٩] بڕوانە: هەمان سەرچاوە: (٢٠١١: ٤٨–٥١) و محەمەد مەعروف فەتاح، (٢٠١٠: ٣٠٧–٣٠٨).

وشەکاندا ڕۆڵێکی لاوەکی هەیە، چونکە گرانە پێناسەیەکی هاوبەش بۆ گشت پۆلەڕەگەزەکان بکرێت و لە لایەکی تریشەوە ئەدگارو نیشانەی دابەشبوونانەو مۆرفۆلۆژییانە بۆ تاقیکردنەوەو لێوردبوونەوەی وشەکان ئاسانترن.

٧٨- قوتابییەکە/ قوتابییەك کتێبێکی باش/ باشتری خوێندەوە/ دەخوێنێتەوە.

بۆ پۆلێنکردنی وشەکانی فەرهەنگ، شامەرجی دابەشبوون/ لەبریدانان پێویستە، کە تێیدا دەتوانرێت جێکەوتەی position پۆلەڕەگەزێك دەستنیشانبکرێت*، لەگەڵ ئەوەیشدا دەتوانرێت شامەرجی مۆرفۆلۆژی لە وشە چەماوەکان/ نیشانەوەرگرەکان و گەردانکراوەکاندا پەیڕەوبکرێت. واتە دەتوانرێت وشەیەك لە پۆلەڕەگەزی ناو یان ئاوەڵناو یان کردار ... لە بری وشەیەکی تر دابنرێت، کە سەر بە هەمان پۆلەڕەگەزی سینتاکسی بێت.

ڕستەی سادە لە وەچەپێکهاتەکانی بەشی بکەری و بەشی کرداری پێکدێت. بەشی بکەری جێکەوتەی فرێزێکی ناوییەو بەشی کرداریش جێکەوتەی فرێزێکی کردارییە. ئەم دوو بەشە هەبوونیان لە ڕستەدا خورتییە[٢٣٠]، هەرچەندە لە کرمانجی ناوەڕاستدا دەتوانرێت بکەر بە فۆنەتیکی گۆنەکرێت[٢٣١]. دەشێت هەر وەچەپێکهاتەیەك لە فرێزێك زیاتر لەخۆبگرێت[٢٣٢] (بڕوانە (٧٩)! و بیشڕوانە هێڵکاری ژمارە (٢-١) و (٢-٢)!، کە بەپێی ڕوونکردنەوەکە هێڵکارییەکان خراونەتەڕوو).

٧٩-أ- منداڵەکە نوست.

ب- کوڕەکە نان دەخوات.

---

* لە ڕێزمانی دروستەکاریدا ئاستی ستوونی و ئاستی ئاسۆیی هەن. لە ڕێگەی ئاستی ستوونییەوە دەتوانرێت لە ڕستەو فرێزەکاندا وشەیەکی فەرهەنگی لە بری وشەیەکی تر دابنرێت، کە سەر بە هەمان پۆلەڕەگەزی فەرهەنگی بێت.


[٢٣٠] عەبدولجەبار مستەفا مەعروف، (٢٠١٠: ١١).

[٢٣١] بڕوانە: محەمەدی مەحویی، (٢٠١١: ١٥).

[٢٣٢] عەبدولجەبار مستەفا مەعروف، (٢٠١٠: ١٣) و محەمەدی مەحویی، (٢٠٠١: ٣٧).


(٢–١) هێڵکاری ڕستەی تێنەپەڕ

(أ) مناڵەکە نوست




(٢–٢) هێڵکاری ڕستەی تێپەڕ

(ب) کوڕەکە نان دەخوات





پەیوەست بەمەوە، لە ڕستەدا دەشێت لە وەچەپێکهاتەکانی بکەری و کرداریدا زیاتر لە فرێزێک بەشداربیکات، بۆ نموونە کردارە تێپەڕەکان دەشێت داوای بەرکارێك یان بەرکارێکی ڕاستەوخۆو بەرکارێکی

ناڕاستەوخۆ بکەن، کە دەبنە پێکهاتەی ناو وەچەپێکهاتە سەرەکییەکانی ڕستەکان[٢٣٣] (بڕوانە (٨٠)!). ئەم فرێزانە پۆلەڕەگەزی سینتاکسین، بە پۆلەڕەگەزە فەرهەنگییەکان پڕدەکرێنەوە.

٨٠– ماموٚستاکە کتێبێکی بۆ قوتابییەکە کڕی.

(٢–٣) هێڵکاری ڕستەی (٨٠)




فرێزەکان بە پۆلەڕەگەزە فەرهەنگییەکان پڕدەکرێنەوە. پۆلەڕەگەزە فەرهەنگییەکان ناوو ئاوەڵناوو ئاوەڵکردارو کردارو جێناوەکانن. پۆلەڕەگەزە سینتاکسییەکانیش فرێزی ناوی و فرێزی ئاوەڵناوی و فرێزی ئاوەڵکرداری و فرێزی کرداری و فرێزی پێشناوی و فرێزی ڕادەو فرێزی دیارخەرین[٢٣٤]. جگە لە فرێزی پێشناوی ، کە لە ڕاستەوە بۆ چەپ حوکمی دۆخی ڕێزمانی دەکات و سەرسەرەتایە، فرێزەکانی تری زمانی کوردی لە چەپەوە بۆ ڕاست حوکم دەکەن و سەرکۆتایین.

---

[٢٣٣] عەبدولجەبار مستەفا مەعروف، (٢٠١٠: ١٣).

[٢٣٤] بڕوانە: هەمان سەرچاوە، (٢٠١٠: ٨١) و بەراوردی بکە بە: ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی، (٢٠١٣: ١٠–٢٠).

دەبێت وشە لە فەرهەنگدا واتایەکی هەبێت و سەر بە یەکێك لە پۆلەڕەگەزە فەرهەنگییەکان بێت، بەڵام دەشێت لە ڕستەدا گۆکردنێکی تری هەبێت و لە بەکارهێناندا وەکو پۆلەڕەگەزێکی تر بەکاربهێنرێت[٢٣٥]، بۆ نموونە وشەی / باش/ ئاوەڵناوە، بەڵام دەتوانرێت ئاوەڵکرداریش بەکاربهێنرێت. ئەمە بۆ وشەی / پیاو/ یش ڕاستە، کە ناوە، دەتوانرێت ئاوەڵناوی بەکاربهێنرێن، بڕوانە نموونەکانی (٨١) و (٨٢)!

٨١–أ– ئارام ئۆتۆمبێلێکی باشی کڕی. [ + ئاوەڵناو ]

ب– پیاوێکی باڵابەرز خۆی کرد بە ژوورەکەدا. [ + ناو ]

٨٢–أ– ئارام ئۆتۆمبێلەکەی باش کڕی. [ + ئاوەڵکردار ]

ب– کابرایەکی زۆر پیاوە. [ + ئاوەڵناو ]

واتای هەریەك لە وشەکانی / باش/ و / پیاو/ لە فەرهەنگدا، جیاوازە لەو واتایەی لە بەکارهێنانیاندا هەیە. ئەمەیش لە بەکارهێنانی ئەو دوو وشەیە بە واتا فەرهەنگییەکەیانەوە لە (٨١ أ و ب) دەسەلمێنرێت. دوای دەرهێنانی سیماواتاییەکانیان بە بەراورد بە نموونەکانی (٨٢ أ و ب).

لە نموونەکانی (٨١) و (٨٢) ەوە دەردەکەوێت، کە دەشێت وشەیەك لە ئەنجامی گۆکردنی جیاوازەوە، واتای جیاوازی هەبێت، بەڵام ئەگەری ئەوە زۆرترە وشە لە زماندا زۆرتر بە واتا فەرهەنگییەکەیەوە بەکاربهێنرێت. سیما واتاییەکانی وشەیەك دەتوانرێت بە بەکارهێنانی وشەکە، لە ڕستەو فرێزو وشە ناسادەکاندا بەدەستبخرێن، لەبەر ئەوە بۆ دەستخستنی سیما واتاییە بنچینەییەکانی وشەی / پیاو/ لە خوارەوە ئەم وشەیە لە بەکارهێنانەکانیدا دەخرێنەڕوو. پاشان بۆ دەستخستنی سیما واتاییەکانی وشەکانی تری ئەم بەشەی توێژینەوەکەو بەشی سێهەم پشت بە هەمان پرۆسە دەبەسترێت. بڕوانە نموونەکانی (٨٣)!

٨٣–أ– پیاوێکی سەرسپی لە پێشبڕکێیەکەدا بەشداری کردووە. [ + ناو ]

ب– پیاوێك لە سەربانی باڵەخانەکە کەوتەخوارەوەو دەستی شکا. [ + گیاندار ]

پ– پیاوێکم بینی خەریکی نانخواردن بوو. [ + مرۆڤـ ]

---

[٢٣٥] بڕوانە: محەمەدی مەحویی، (٢٠١٣)و (٢٠١٤).

ت– ئەو دزەی لە بازاڕی ژنان دزیکرد، پیاو بوو، ژن نەبوو. [ + نێر ]

ج– سیروان ئیستا گەورە بووەو بووە بە پیاو. [ + کامڵ/تەمەندار ]

چ– ئەو پیاوە هەمیشە لە سەرتاشخانە ڕیش و سمێڵی دەتاشێت. [ + ڕیش و سمێڵدار]

ح– ئەو پیاوە هێشتا ژنی نەهێناوە. [ + ڕەبەن ]

خ– ساڵی پار ئەو پیاوە ژنی هێنا. [ + ژنهێنان ]

د– پیاوەکەی نەسرین بە نیازە ژنێکی تر بهێنێت. [ + ژندار، + مێرد ]

ر– شەش مانگە ئەم پیاوە ژنەکەی مردووە. [ – ژندار ]

ز– ئەو پیاوە دوو منداڵی هەیە. [ + منداڵدار ]

س– پیاوەکە دوو ساڵە ژنی هێناوە، بەڵام منداڵیان نابێت. [ – منداڵدار ]

ش– پیاوانی شارەکەتان هەموویان بەم کارە دڵخۆشن. [ + ژماردن ]

دەبێت ئاماژە بەوەیش بدرێت، کە بەکارهێنان تاکە ڕێگە نییە بۆ بەدەستخستنی سیما واتاییەکان، بەڵکو دەبێت لە ڕێگەی کێڵگەی واتاییشەوە سیماکانی وشە بەدەستبخرێن. لەم ڕێگەیەیشەوە، سیما واتاییەکانی وشەی / پیاو/ لە ئەنجامی بەراوردکردنی بە وشەکانی تری کێڵگەی ئەندامانی خێزان وەك ( / ژن، کوڕ، کچ، منداڵ/) و بەپێی ڕەگەزو تەمەن بەدەستدەخرێت، ( بڕوانە (٨٤)!). ڕستەکانی (٨٣ أ– ت) بۆ هەریەك لە وشەکانی / ژن، کوڕ، کچ/یش دەخوات و ڕاستە. واتە دەتوانرێت لەو ڕستانەدا لە بری وشەی / پیاو/، هەریەکێك لەو وشانە دابنرێت.

٨٤–أ– ئەو ژنە ساڵی پار شوویکرووە. [ – نێر، + شووکردوو ]

ب– ناسك کچە، هێشتا شوینەکردووە. [ – شووکردوو ]

پ– ژنەکە دوو منداڵی هەیە. [ + منداڵدار ]

ت– * کچەکە دوو منداڵی هەیە. [ – منداڵدار ]

ج– * گەورەکچەکە دوو منداڵی هەیە [*] . [ – منداڵدار ]

چ– ئافرەتانی زانکۆ، بە ژن و کچەوە، مانیانگرت. [ ± ژن، ± کچ ]

ح– کوڕەکە بە نیازە ژن بهێنێت. [ + نێر، – پیاو ]

خ– ئەم ئافرەتانە/ ژنانە/ کچانە/ کوڕانە بەشداری لە ئاهەنگەکە ناکەن. [ + ژماردن ]

دەرهێنانی سیماواتاییەکانی وشەی / پیاو/ لە ڕستەکانی (٨٣)داو بەراورد بە سیماکانی وشەکانی/ ئافرەت، ژن، کچ، کوڕ، گەورەکچ/ لە ڕستەکانی (٨٤)دا، کە بە واتا فەرهەنگییەکەیانەوە بەکارهاتوون بەم جۆرەیە:

| /پیاو/ | / ئافرەت/ | / ژن/ |
|---|---|---|
| + ناو | + ناو | + ناو |
| + گیاندار | +گیاندار | + گیاندار |
| + نێر | – نێر | – نێر |
| + کامڵ/ تەمەندار | ± کامڵ/ تەمەندار | + کامڵ/ تەمەندار |
| + ژنهێنان | ± شووکردوو | + شووکردوو |
| ± خێزاندار | ± خێزاندار | ± خێزاندار |
| ± منداڵدار | ± منداڵدار | ± منداڵدار |
| + ژماردن | + ژماردن | + ژماردن |

[*] لەم لێکۆڵینەوەیەدا سیمای واتایی بۆ دەربڕاوە ناڕێزمانییەکان دانروە بە واتای ئەوەی سیما واتاییەکە بووەتەهۆی ناڕێزمانیبوونی دەربڕاوەکە.

| / کچ/ | / گەورەکچ/ | / کوڕ/ |
| --- | --- | --- |
| + ناو | + ناو | + ناو |
| + گیاندار | + گیاندار | + گیاندار |
| + مرۆڤـ | + مرۆڤـ | + مرۆڤـ |
| – نێر | – نێر | + نێر |
| ± کاملّ/ تەمەندار | + کاملّ/ تەمەندار | – کاملّ/ تەمەندار |
| – شووکردوو | – شووکردوو | + ڕەبەن |
| – خێزاندار | – خێزاندار | – پیاو |
| – منالّدار | – منالّدار | – منالّدار |
| + ژماردن | + ژماردن | + ژماردن |

بە سەرنجدان لە سیماکانی وشەکانی سەرەوە، درك بەوە دەکرێت، کە ئەو وشانە هەموو سیماکانیان نەخراونەتەڕوو، چونکە سیماکانی وشەکانی زمان بە پێی بەکارهێنان و گۆکردن و بە پێی کێڵگەی واتایی بەدەستدەخرێن. گرنگ ئەوەیە، کە وشەکانی زمان خاوەنی واتان، واتاکانیش لە سیماکانیاندایە. کۆی سیما واتاییەکانی وشەیەك بە یەکەوە ناوەڕۆکی وشەکە پێکدێنن. دروستەی ناوەڕۆکەکە بریتییە لە سەرەوریزبوونی سیماکان.

پەیوەست بەوەی خرایەڕوو، دەشێت وشە لە ڕستەدا گۆکردنێکی تری هەبێت و تەنانەت سەر بە پۆلەڕەگەزێکی تری فەرهەنگیش بێت. ( بڕوانە وشەی پیاو لە ڕستەکانی (٨٥) دا !).

٨٥–أ– ئازاد کەسێکی زۆر پیاوە/ پیاوترە لە ئەو. [ + ئاوەڵناو ]

ب– کوڕەکە پێشتر زۆر پیاو بوو، ئێستا وا نییە. [ + ئەدگار ]

پ– ئەوە زۆر پیاوە، متمانەپێبکە. [ + جێی متمانە ]

ت– ئەم پیاوەتییە، مەگەر لە پیاوێکی وا بوەشێتەوە. [ + خاوەن پیاوەتی/ چاکە ]

ج– پیاوەکەی هێرۆ ئۆتۆمبێلێکی نوێی کڕی. [ + مێرد ]

لە بەکارهێنانەکانی وشەی / پیاو/ لە ڕستەکانی (٨٥) دا، دەردەکەوێت، کە ئەم وشەیە گۆکردنێکی ئاوەڵناویی هەیە. ئەم گۆکردنانە جیاوازە لە گۆکردنەکانی لە ڕستەکانی (٨٣) دا، کە گۆکردنی ناویی هەیە. دەشێت وشەی / پیاو/ وەکو ئاوەڵناو، ئەم سیما واتاییەکانی [ + ئەدگار، + جێی متمانە، + خاوەن چاکە/ پیاوەتی، ... ] ی هەبێت.

واتای پراگماتیکی وابەستەی دەوروبەری قسەکردنەکەیەو لەم لێکۆڵینەوەیەدا پشتگوێخراوە، چونکە واتا پراگماتیکییەکان لە کرۆکە واتای لێماکانی فەرهەنگ دوورکەوتوونەتەوەو بەشێك نین لە واتاکانی لێماکە[٢٣٦]، بەڵام وشە کرۆکە واتاو توێکڵە واتای هەیە، لە چوارچێوەی دروستە مۆفۆلۆژی و سینتاکسییەکاندا دەردەکەون و دەبنە بەشێك لە بەکارهێنانەکانی توێژینەوەکە، بڕوانە نموونەکانی (٨٣) و (٨٥) !

وشەی / مار/ سەر بە پۆلەڕەگەزی ناوەو یەکێکە لە ئەندامەکانی کێڵگەی واتایی (خشۆکەکان) و چەند سیمایەکی جیاکەرەوەی هەیە، کە ئەدگارو ئاکاری ئەو گیانلەبەرە دەردەخەن. بەرانبەر بەمە وشەی / ماسی/ یش ناوەو سەر بە کێڵگەی واتایی (گیانلەبەرە ئاوییەکان)ە. ئەمیش سیمای جیاکەرەوەی خۆی هەیە. کاتێك وشەی / مارماسی/ لەو دوو وشەیە دروستدەکرێت، دەشێت چەند سیمایەکی واتایی هەبێت، کە جیا بێت لە دوو وشە بنجییەکە. بڕوانە (٨٨) . / مارماسی/ ناوێکە، دەتوانرێت بە شامەرجی مۆرفۆلۆژی و شامەرجی دابەشبوون/ لەبریدانان ئەمە بسەلمێنرێت، بڕوانە (٨٩) و (٩٠)[٢٣٧] !

٨٦–أ– باخەوانەکە مارێکی لە باخەکەدا بینی. [ – مرۆڤ ]

ب– هەر گوێم لە خشپەی بوو، زانیم مارە. [ + خشۆك ]

---

[٢٣٦] محەمەدی مەحویی، (٢٠٠٦: ١٨).

[٢٣٧] لە ڕستەکانی (٩٠ أ، ب، پ) /مارماسی و ماسی و کیسەڵ/ ناون، چونکە گۆکردنی بەرکارییان هەیە.

پ– مارێکی باریك و لووس له باخچەکەماندایە. [ + باریك و لووس ]

ت– ژەهری مار بۆ داوودەرمان بەکاردەهێنرێت. [ + ژەهراوی ]

ج– ماری دەیمی له ماری ئاوی ژەهری زۆرترە. [ ± ئاوی ]

٨٧–أ– ڕاوچییەکە ماسییەکی بە تۆڕ گرت. [ + ناو ]

ب– باشترین گۆشت مرۆڤـ بیخوات، گۆشتی ماسییە. [ – مرۆڤـ ]

پ– لە گیاندارە ئاوییەکاندا، ماسییەکان جوانترینیانن. [ + ئاوی ]

ت– ماسییەکان، لەبەر ئەوەی ژەهریان نییە، کەس سڵ لە خواردنیان ناکاتەوە. [– ژەهراوی ]

٨٨–أ– مارماسی لە ئاودا دەژی. [ + گیاندار، + ئاوی ]

ب– مارماسی وەك مار باریك و لووسە، بەڵام ژەهری نییە. [ + باریك و لووس،– ژەهراوی ]

پ– ڕاوچییەکە دوو مارماسی بە تۆڕ گرت. [ +ناو، + ژماردن ]

٨٩–أ– مارماسییەکە ب– مارماسییەك پ– مارماسییەکان ( ناو )

٩٠– أ– ڕاوچییەکە مارماسییەکی بە تۆڕ گرت . ( بەرکار )

ب– ڕاوچییەکە ماسییەکی بە تۆڕ گرت . ( بەرکار )

پ– ڕاوچییەکە کیسەڵێکی بە تۆڕ گرت . ( بەرکار )

لە تێڕوانین بۆ نموونەکانی (٨٦–٩٠)، دەتوانرێت بگوترێت هەریەك لە وشەکانی / مار، ماسی، مارماسی/ خاوەنی ئەم سیما واتاییانەن:

| أ- / مار/ | ب-/ ماسی/ | پ- / مارماسی/ |
|---|---|---|
| + ناو | + ناو | + ناو |
| + گیاندار | + گیاندار | + گیاندار |
| − مرۆڤ | − مرۆڤ | − مرۆڤ |
| + خشۆك | − خشۆك | − خشۆك |
| + باریك و لووس | + باریك و لووس | + باریك و لووس |
| + ژەهراوی | − ژەهراوی | − ژەهراوی |
| +/− ئاویی | + ئاویی | + ئاویی |
| + ژماردن | + ژماردن | + ژماردن |

## ٢/١-١) پۆلێنکردن و دەرهێنانی سیما واتاییەکان

### ٢/١-١-١) وشەی لێکدراو

پۆلێنکردنەکانی زمانەوانان بۆ پۆلەڕەگەزەکانی ناوو ناوی کرداری, ئاوەڵناو, ئاوەڵکردار لە(١/ ٤)دا خرانەڕوو. پۆلێنکردنەکان لە ڕووی دروستەو ئەرك و واتاوە کراون، لە دروستەدا پێکهاتەکانی وشەکانی پۆلەڕەگەزە سەرەکییەکان دەستنیشانکراون و لە پۆلێنکردنی واتایشیاندا چەمك و واتای چەشنەکانی ئەو پۆلەڕەگەزانە جیاکراونەتەوە.

پۆلەڕەگەزە فەرهەنگییە سەرەکییەکان, فرەچەشن و فرەجۆرن، واتە هەر پۆلەڕەگەزێکیان چەشنی جیاواز و جۆراوجۆریان هەیە. پێکهاتە سەربەخۆکانی وشەلێکدراوەکان, دەبێت سەر بە یەکێك لە پۆلەڕەگەزەفەرهەنگییەکان بن. لەسەر بنەمای پۆلێنکردنەکانی زمانەوانان و بەپێی سیما واتاییەکانی ئەو

پێکهاتانـه چـەند نموونەیـەك دەخرێنـەڕوو, پاشـان لـە (٢/٢) دا چەشـنەکانی/ دروسـتەکانی پۆلەڕەگـەزەکان دەستنیشاندەکرێن. بڕوانە (٨٦–٨٨)!

/ مارماسی/ وشەیەکە لە دوو نـاو دروسـتبووە ( نـاو + نـاو ← نـاو )، هەریـەك لـە پێکهاتـەکانی وەکو ناو بەکارهێنراون. بەهەمان تەرزی / مارماسی/ وشەیەکی وەکو / گابەرد/ یان / کەرپیاو/ دروسـتبوون. بەڵام پێکهاتەی یەکەمیان ناوێکە بە گۆکردنی ئاوەڵناوییـەوە. دروسـتەی هەریەکـەیان نـاوێکی لێکـدراوە، لـە ناوێکی ئاوەڵناوی و ناوێك دروستبوون. ئەمە بۆ وشەی / کەومار، ... / یش ڕاستە. بڕوانە نموونـەکانی (٩١– ٩٣) و سیما واتاییەکانیان، کە لە خوارەوەیاندا خراونەتەڕوو.

٩١–أ– گایەکی گۆشتنە. [ + گیاندار ]

ب– گۆشتی گا گرانە. [ – مرۆڤـ ]

پ– قەسابەکە دوو گای کڕی. [ + ناو ، + ژماردن ]

ت– هەندێك کەس وەکو گای گێل هەر ملدەنێن. [ + جووڵە ]

ج– بەرانێکم بینی دەتگوت گایە، ئەوەندە زل و گەورە بوو. [ + زلی و قەبارەی گەورە ]

٩٢–أ– پاردە دیواری لە بەرد هەڵچنراوە. [ + چشت ]

ب– شاخەکان بەردن و بیابانەکانیش لم. [ + سروشتی ]

پ– کەللەی دەڵێی بەردە، ئەوەندە ڕەقە. [ + ڕەق ]

ت– بەردێکی گەورەی کێشا بە بەردە بچووکەکەداو وردی کرد. [– زلی و قەبارەی گەورە]

ج– کابرا وەکو بەرد لە جێی خۆی ناجولێتەوە. [ + جووڵە ]

چ– منداڵەکە دوو بەردی بە پەنجەرەکەدا کێشا. [ + ناو ، + ژماردن ]

٩٣–أ– گابەردەکان دەکەن بە کەرەستەی بیناسازی. [ + شت ، + سروشتی ]

ب– سەرخۆشەکە شووشەکەی کێشا بە گابەردەکەداو وردیکرد. [ + ڕەق ]

پ– گابەرد هەر بەردە، بەڵام گەورەیە. [ + زلی و قەبارەی گەورە ]

ج– ڕەنگە لە دۆڵەکەدا سەد گابەرد هەبێت. [ + ناو ، + ژماردن ]

لە تێڕوانین بۆ نموونەکانی (٩٠–٩٣)، دەتوانرێت بگوترێت، کە هەریەك لە وشەکانی / گا، بەرد، گابەرد/ خاوەنی ئەم سیما واتاییانەن:

| / گا/ | / بەرد/ | / گا بەرد/ |
| --- | --- | --- |
| + ناوی ئاوەڵناوی | + ناو | + ناو |
| + گیاندار | + شت | + شت |
| – مرۆڤ | + سروشتی | + سروشتی |
| + زلی و قەبارەی گەورە | ± زلی و قەبارەی گەورە | + زلی و قەبارەی گەورە |
| + جووڵە | + ڕەق | + ڕەق |
| + ژماردن | + ژماردن | + ژماردن |

پەیوەست بە دروستەی ( ناوی ئاوەڵناوی + ناو ← ناو ) ەوە، وشەی /ڕەشمار/ لە (٩٥)دا و وشەی / ڕەشماڵ/ لە (٩٧) دا، دروستەی ( ئاوەڵناو + ناو ) یان هەیەو دەرکردەکانیان ناوی لێکدراون. سەری واتایی وشە لێکدراوەکان ئاوەڵناوی / ڕەش/ ە، سیماکانی لە (٩٤) دا دەخرێنەڕوو، سیماکانی ناوەکانی / مار/ یش لە (٨٦)و /ماڵ/ یش لە (٩٦)دا دەخرێتەڕوو.

٩٤–أ– بۆ یادی کیمیاباران و ئەنفال، جلی ڕەش دەپۆشم. [ + ئاوەڵناو ]

ب– ڕەنگی ڕەشم لە هەموو ڕەنگەکان پێ جوانترە. [ + ڕەنگ ]

پ– ڕەنگی ڕەش لە هەموو ڕەنگەکان تۆخترە. [ + تۆخ ]

ت– تۆخترین ڕەنگ ڕەشە، کاڵترین ڕەنگیش سپییە. [ – سپی ]

٩٥–أ– دوو ڕەشمار لە باخەکەدان. [ + ناو، + ژماردن ]

ب– ڕەشمارێکی باریك و لووس، بە خشپە خۆی کرد بە ناو باخەکەدا. [ +گیاندار، + باریك و لووس، +خشۆك ]

ب– ڕەشمار مارێکی ژەهراوییە. [ + ژەهراوی ]

پ– ڕەنگی ڕەشمار ڕەشێکی تۆخە. [ +ڕەنگی ڕەش ]

سیماکانی / ڕەشمار/ و پێکهاتەکانی بەم شێوەیە دەخرێنەڕوو:

| / ڕەش/ | / مار/ | / ڕەشمار/ |
|---|---|---|
| + ئاوەڵناو | + ناو | + ناو |
| + ڕەنگ | + گیاندار | + گیاندار |
| – سپی | + گشتی | + گشتی |
| + تۆخ | + بەرجەستە | + خشۆك |
| + گشتی | + باریك و لووس | + باریك و لووس |
| | + ژەهراوی | + ژەهراوی |
| | + ژماردن | + ژماردن |

٩٦–أ– ئەم ماڵە ماڵی ئێمەیە. [ + ناو ]

ب– ماڵی ئێمە لە ماڵی دلێر دوورترە. [ + شوێن ]

پ– ماڵە کۆنەکەی ڕووخاندو سەرلەنوێ دروستیکردەوە. [ + بینا ]

ت– ئیمە لەم ماڵەدا دەژین. [ + بۆ ژیان ]

ج– ماڵەکەی گواستەوە بۆ خانووە نوێیەکەی. [ – خانوو، + کەرەستەی ناوماڵ ]

چ– دوو ماڵیان هەیە. یەکێکیان لە شارو ئەویتریان لە گوند. [ + ژماردن ]

٩٧–أ– کۆچەرییەکان لە ژێر ڕەشماڵدا دەژین. [+ شت ، + بۆ ژیان ]

ب– هەر لە دوورەوە بە ڕەشییەکەیدا دیارە، ڕەشماڵە. [ + ڕەنگی ڕەش ]

پ– ڕەشماڵەکە ئاگری گرت. [ + ناو ]

پ– لە فیستیڤاڵەکەدا چواردە ڕەشماڵیان هەڵدابوو. [ + ژماردن ]

سیماکانی / ڕەشماڵ/ و پێکهاتەکانی، بە پێی بەکارهێنانەکانیان بەم شێوەیە دەخرێنەڕوو:

| / ڕەش/ | / ماڵ/ | / ڕەشماڵ/ |
|---|---|---|
| + ئاوەڵناو | + ناو | + ناو |
| + ڕەنگ | + شوێن | + شت |
| – سپی | + بینا | + ڕەنگی ڕەش |
| + تۆخ | + بۆ ژیان | + بۆ ژیان |
| + گشتی | + گشتی | + گشتی |
| | + ژماردن | + ژماردن |

بە هەمان تەرز نموونەکانی (٩٥) و (٩٧)، وشەکانی / سەوزەگیا، گێلەپیاو/ یش دروستەی ( ئاوەڵناو + ناو ) یان هەیە، بە یارمەتی مۆرفێمی بەستێنەری / – ە –/ دروستبوون. بەکارهێنانەکانی / سەوز/ لە (٩٨)داو / گیا/ لە (٩٩)داو / سەوزەگیا/ لە (١٠٠)داو / گێل/ لە (١٠١)داو / پیاو/ لە (٨٣)داو / گێلەپیاو/ یش لە (١٠٢)دا خراونەتەڕوو!

٩٨–أ– كراسەكەی من لە كراسەكەی ئازاد زۆر سەوزترە. [ + ئاوەڵناو ]

ب– ڕەنگی ئۆتۆمبێلەكەی من سەوزە، ئەوەی ئارام سپییە. [ + ڕەنگ ]

پ– ئۆمبێلەكەی من سەوزی تۆخە، ئەوەی سروە سەوزی كاڵە. [ ± تۆخ ]

٩٩–أ– مناڵەكان چوون بۆ گیا كردن. [ + ناو ]

ب– گیا لە بەهاراندا سەوزدەبێت. [ + ڕووەك ، + سروشتی ]

پ– ڕەنگی سەوزی وەكو ڕەنگی گیام پێ جوانە. [ + ڕەنگی سەوز ]

ت– شوانەكە گیا بۆ بەرخەكان دەهێنێتەوە. [ + ئالیك ]

ج– ئەم گیا سەوزو جوانە، كە وشكبوو دەبێت بە پووش. [ + تەڕو پاراو ]

ج– *شوانەكە یەك گیای بۆ بەرخەكان هێنایەوە. [ – ژماردن ]

چ– شوانەكە یەك باوەش گیای بۆ بەرخەكان هێنایەوە.

١٠٠–أ– مەڕەكان هەموو سەوزەگیاكەیان خوارد. [ + ناو ]

ب– سەوزەگیا لە بەهاراندا سەوزدەبێت. [ + ڕووەك ، + سروشتی ]

پ– ڕەنگی سەوزی وەكو ڕەنگی سەوزەگیام پێ جوانە. [ + ڕەنگی سەوز ]

ت– شوانەكە سەوزەگیا بۆ بەرخەكان دەهێنێتەوە. [ + ئالیك/ لەوەڕ ]

ج– گیا تا سەوزتر بێت ، زیاتر تەڕو پاراوە. [ + تەڕو پاراو ]

چ– * مەڕەكان دوو سەوزەگیایان خوارد. [ – ژماردن ]

ح– مەڕەكان دوو باوەش سەوزەگیایان خوارد.

خ– * مەڕەكان دوو باوەش زەردەگیایان خوارد.

سیما پێکهێنەرەکانی / سەوزەگیا/ و پێکهێنەرەکانی بە پێی بەکارهێنانەکانی لـە نموونـەکانی (٩٨، ٩٩، ١٠٠)، بەم شێوەیە دەخرێنەڕوو.

| / سەوز/ | / گیا/ | / سەوزەگیا / |
| --- | --- | --- |
| + ئاوەڵناو | + ناو | + ناو |
| + ڕەنگ | + ڕووەك | + ڕووەك |
| ± تۆخ | + سروشتی | + سروشتی |
| + گشتی | + بەرجەستە | + بەرجەستە |
| + ڕواڵەت | + ڕەنگی سەوز | + ڕەنگی سەوز |
| | + تەڕو پاراو | + تەڕو پاراو |
| | + لەوەڕ | + لەوەڕ |
| | — ژماردن | — ژماردن |

بە تێڕوانین لە سیماکانی وشەکانی / گیا/ و / سەوزەگیا/ لە نموونەکانی (٩٩) و (١٠٠) دا، دەردەکـەوێت، کـە وشـەی / سـەوزەگیا/ وەك وشـەیەکی فەرهـەنگی/ مۆرفۆلـۆژی کاتێـك پێویـستە، بەرانبـەر بـە وشـەی /*زەردەگیا/ بوەستێتەوە، واتە / سەوزەگیا/ وەکو / گیا/ یەو سـیماکانی /گیـا/ی هەیـە. تاکـە جیاوازییـان لەوەدایە، کە / سەوزەگیا/ خاوەنی سیمای [ + تەڕو پاراو ] یە، بەم پێیەیش، سەوزەگیا دەشێت قۆنـاغێکی تەمەنی گیا بێت، چونکە گیا هەموو کاتێك سەوزو تـەڕو پـاراو نییـە. گیـا لـە قۆنـاغی وشـکبووندا دەبێـت بـە پووش[٢٣٨]. لە بەرانبەر وشەکانی / گیا/ و / پووش/، لە زمانی کوردیدا دەتوانرێت { گیای تەڕ/ گیـای سـەوز } و { گیای وشك } یان / پوش/ بەکاربهێنرێت.

نموونەکانی (٩٥) و (٩٧) و(١٠٠) ئەوە دەسەلمێنن، کە / ڕەش/ و / سەوز/ ئاوەڵناون لە کێڵگـەی واتـایی ڕەنـگ و دەتـوانن ببنـە دەرخـەری ناوێـك گیانـداربێت یـان بێگیـان، چـونکە ئاوەڵنـاوی ڕەنـگ تایبەتمەنـدی

[٢٣٨] پووش، واتە گیای وشك. بڕوانە: هەژار، (١٣٨٨: ١١٤).

سروشتی شت و گیانلەبەر دەردەخەن[٢٣٩]. ئاوەڵناوەکە دەرخەری ناوەکەیە، ناوەکەیش دەبێت بەرجەستە بێت بۆ ئەوەی دروستەی ( ئاوەڵناو + ناو)ی هەبێت. هەر ئەم ئاوەڵناوە لە کێڵگەی واتایی ڕەنگ[٢٤٠] دەتوانێت ببێتە دەرخەری ناوی بەرجەستەو نابەرجەستەیش لە دروستەی ( ناو + ئاوەڵناو ) ، کە دەرکردەکەی ئاوەڵناوی لێکدراوە بۆ کەس. بڕوانە (١٠١) و بەراوردیبکە بە (٩٥) و (٩٧) و (١٠٠)!

١٠١-أ- / بەختڕەش/

ب- / ڕەنگزەرد/

پ- / ڕووسوور/

ت- ئەو بەختڕەشە تا ئێستا دوو جار ماڵەکەی سووتاوە. [+ ئاوەڵناو ]

ج- ئازاد هەر لە منالییەوە، وا بەختڕەشبووە. [ + ئەدگار ]

سیماکانی / بەختڕەش/ و پێکهێنەرەکانی بەم شێوەیە دەخرێنەڕوو:

| / بەخت/ | / ڕەش/ | / بەخت ڕەش/ |
|---|---|---|
| + ناو | +ناو | + ناوی ئاوەڵناوی |
| − بەرجەستە | + ڕەنگ | + ئەدگار |
| + گشتی | − سپی | |
| + ناو | + تۆخ | |
| | + گشتی | |

[٢٣٩] محەمەدی مەحویی (٢٠١٤: ١٣٢).

[٢٤٠] بۆچوونی زمانەوانان لە بارەی ئەو بیرو واتایانەی ئاوەڵناوی کوردی دەریدەبڕێت جیاوازە. ( محەمەد مەعروف فەتاح (٢٠١٠: ٣١١-٣١٦))، پێی وایە ئاوەڵناوی کوردی لە ڕووی واتاوە بیرەکانی ( بارستایی، ڕەنگ، ڕواڵەت/ تایبەتی فیزیکی) دەردەبڕێت، لە هەموو زمانەکانی جیهاندا ئەوەی تێبینیکراوە بیرەکان حەوتن ( بارستایی، ڕەنگ، ڕواڵەت، تایبەتی کەسی، تەمەن، جووڵەو خێرایی، نرخ و بەها ).

وشه مۆرفۆلۆژییەکانی/ ڕەشمار، ڕەشماڵ، سەوزەگیا/، سەرە ڕێزمانییەکانیان ئاوەڵناون بە سیمای [ + ڕەنگ ]. ئاوەڵناو بەم دروستەیەوە، ناتوانێت لە گەڵ ناوی گشتی مرۆڤـ وەك بۆ نموونە / کوڕ، کچ، ژن، پیاو/ دا وشەی مۆرفۆلۆژی دروستبکات. ئاوەڵناوەکە مۆرفێمی بەستێنەری لە گەڵدا بێت یان نەبێت ( بڕوانە (١٠٢) !).

١٠٢–أ– /* ڕەشەکوڕ/

ب– /* زەردەکچ/

پ– /* سەوزەپیاو/

ت– /* سوورپیاو/

ئاوەڵناو بە یارمەتی مۆرفێمی بەستێنەرو بە سیمای [ + ئاکار ] ەوە، دەبێت بە دەرخەری ناوو وشەی مۆرفۆلۆژیی لە چەشنی / گێلەپیاو/ دروستدەکات. بڕوانە بەکارهێنانەکانی / گێلەپیاو/ لە (١٠٤) داو پێکهاتەکانی لە (٨٣)و (١٠٣) دا !

| | |
|---|---|
| ١٠٣–أ– ئەم لە ئەو گێلترە. | [ + ئاوەڵناو ] |
| ب– کەسێکی گێل و تێنەگەیشتووە. | [ + مرۆڤـ ] |
| پ– وەکو گای گێل هەر ملدەنێت. | [ – مرۆڤـ ] |
| ت– ئەوەندە گێلە بە تۆپینی سەگ، دەڵێت مرد. | [ + نەزان ] |
| ج– پێشتر زۆر گێل بوو، ئیستا کەمێك باشترە. | [ + ئاکار ] |

چ– /* گێلەژن/ بەرانبەر بە { ژنێکی گێلە }/ { ژنی گێل }

ح– / گێلەپیاو/

خ– /* گێلەکوڕ/ بەرانبەر بە { کوڕێکی گێلە }

د– /* گێلەگا/ بەرانبەر بە { گای گێل }

به تێڕوانین له بەکارهێنانـەکانی وشـەی / گێـل/ لـە دروسـتە مۆرفۆلـۆژی و سینتاکسییەکاندا درك بـەوە دەکرێت، کە / گێل/ وەکو وشەی مۆرفۆلۆژی تەنها لە گەڵ وشەی / پیاو/ دا دێت، بەڵام لـە دروسـتەی فرێـزو ڕستەکاندا دەبێتە دەرخەر ناوی گشتی مرۆڤ و گیانلەبەری تریش، بەم پێیە/ پیاو/ لە دروستەی مۆرفۆلـۆژیی /گێلـەپیاودا/ دا سـیمای [ + مرۆڤـ ] ی هەیـە. وشـەکانی /* گێلـەژن، *گێلـەکوڕ، .../ بەرانبـەر بـە وشـەی /گێلەپیاو/ وشەی ئەگەرین، یان دەتوانرێت بگوترێت ئەو وشانە وشەیەکی فەرهەنگی پیویست نین.

١٠٤–أ– ئەم دوو گێلەپیاوە زۆر ناشارەزان، نابێت لەم کارگەیەدا کاربکەن. [+ناو،+ ژماردن]

ب– ئەو گێلەپیاوە نیشتمانی خۆی بە بەشێك لە خاکی بێگانە دەزانێت. [ +مرۆڤـ ، + نەزان ]

پ– * ژنێکی گێلەپیاوە. بەڵام { ژنێکی گێلە }! [ – مێ ]

ت– گێلەپیاوێك هاتبوو بۆ کارکردن، نەمدەناسی. [ + گشتی ]

سیماکانی / گێل، پیاو، گێلەپیاو/ بە پێی بەکارهێنانەکانیان بەم شێوەیە دەخرێنەڕوو:

| / گێل/ | / پیاو/ | / گێلەپیاو/ |
| --- | --- | --- |
| + ئاوەڵناو | + ناو | + ناو |
| + گیاندار | + گیاندار | + گیاندار |
| ± مرۆڤ | + مرۆڤ | + مرۆڤ |
| + نەزان | + نێر | + نەزان |
| + ئاکار | + کامڵ/ تەمەندار | + گشتی |
| + گشتی | + گشتی | + ژماردن |
| | + ژماردن | |

هەر بەیارمەتی مۆرفێمی بەستێنەری / – ە – / و بە پێچەوانەی وشەکانی / سەوزەگیا/ و / گێلەپیاو/ ەوە، ئاوەڵناوێك دەبێتە دەرخەر بۆ ناوێك لەپێش خۆیەوە. دروستەی (دەرخراو + دەرخەر) یان هەیە، دەرکردەکەیان ناوێکی لێکدراوە، کە تایبەتێتی تێدایەو زۆرتر تایبەتکراوە بۆ کەس و شوێن و شتێکی دیاریکراوو ناسراوەو بەرجەستەیە. بڕوانە (٩٢)و (٩٤)و (١٠٥)و سیما واتاییەکانی وشەکەو پێکهێنەرەکانی لە خوار نموونەکانی (١٠٥)!

| | |
|---|---|
| ١٠٥–أ– بەردەڕەش قەزایەکی زۆر خۆشە. | [ + ناو ] |
| ب– دوێنێ چووم بۆ بەردەڕەش. | [ + شوێن ] |
| پ– * بەردەڕەشێکم بینی زۆر خۆشبوو. | [ + تایبەت ] |
| ت– * دوو بەردەڕەشم بینی، زۆر خۆش بوون. | [ – ژماردن ] |
| ت– * بەردە ڕەشەکە زۆر خۆشە[241]. | [ – گشتی ] |
| ج– * سێبەری بەردە ڕەشەکە زۆر خۆشە[242]. | |
| چ– / بەردەڕەش/ | [ + ناوی شوێن ] |
| ح– / بەردەسوور/ | [ + ناوی شوێن ] |
| خ– / کێلەشین/ | [ + ناوی شوێن ] |

بە پێی بەکارهێنانەکانیان، دەشێت سیما واتاییەکانی وشەی / بەردەڕەش/ و پێکهێنەرەکانیان بەم شێوەیە بن:

[241] لە ڕستەکانی (١٠٤–ت و –ج) دا، / بەردەڕەش/ بە واتای / بەردەڕەش/ وەك ناوێکی تایبەتی بەکارنەهاتووە، بەڵکو دروستەیەکی سینتاکسی هەیە. بە پێچەوانەی ڕستەی (١٠٤–أ)، کە ناوێکی تایبەتییەو وشەیەکی مۆرفۆلۆژییە.

[242] لەم ڕستەیەدا دروستەی { بەردەڕەشەکە } وەك دروستەی سینتاکسی، وشەی / بەرد/ ناوێکی گشتییە، بەڵام وەك دروستەی مۆرفۆلۆژی دەشێت / بەردەڕەشەکە/ناوێکی تایبەتی بێت بۆ بەردەڕەشەکەی کەعبە. ئەمەیش جیاوازە لە گەڵ وشەی / بەردەڕەش/. لە / بەردەڕەشەکە/دا مۆرفێمی سینتاکسی / –ەکە/ بەشداری کردووە. دەیششێت کەسێك ناوی /بەردەڕەش/ی نەبیستبێت، وەکو بەردی کەعبە سەیری وشەکە بکات.

| / بەرد / | / ڕەش/ | / بەردەڕەش/ |
| --- | --- | --- |
| + ناو | + ئاوەڵناو | + ناو |
| + سروشتی | + ڕەنگ | – گیاندار |
| + شت | – سپی | + شوێن |
| + ڕەق | + تۆخ | + تایبەت |
| ± زلی و قەبارەی گەورە | + گشتی | – ژماردن |
| + ژماردن | | |

بە هەمان پرۆسەی لێکدان و بە یارمەتی مۆرفێمی بەستێنەر، دەتوانرێت ناوێکی تایبەتی بۆ کەس دروستبکرێت. ئەم ناوانە ناچنەناو فەرهەنگەوە، بەڵکو دەتوانرێت هەندێك لەم ناوانە، لەبەر ناسراوییان لە ئینسایکلۆپیدیادا جێگەیان بکرێتەوە، وەکو بۆ نموونە / ئازادەڕەش/. دەیشکرێت بە بێ یارمەتی مۆرفێمی بەستێنەر ناوی تایبەتی دروستبکرێت. وەك / شێرکۆ بێکەس، عەبدوڵلا پەشێو، .../[243].

هەر بەیارمەتی مۆرفێمی بەستێنەری / –ە– /، دوو ناوی سادە لێکدەدرێن، بۆ دروستکردنی ناوێکی لێکدراو. ناوی یەکەم دەبێتە دەرخەری ناوی دووهەم، لەبەر ئەوەی ناو ناتوانێت حوکم بکات، لە هەندێکیاندا پێشناوی /–ە–/ پەیدا دەبێت بۆ ئەوەی لە ڕاستەوە بۆ چەپ حوکم بکات، چونکە هەندێك لەم ناوانە لە پێشدا فرێزی پێشناوی بوون (/ بەردەنوێژ/ لە { بەرد بۆ نوێژ }ەوە)، وەکو ناوەکانی/ بەردەنوێژ، گوڵەگەنم، (/ کاسەسەر/)[244]/. ( بڕوانە وشەی / گوڵەگەنم/ لە (١٠٨)و پێکهێنەرەکانی ئەو وشەیە (١٠٦)و (١٠٧)و وشەی / بەردەنوێژ/ لە (١١٠)و پێکهێنەرەکانی لە (٩٢)و (١٠٩)! هەروەها (٤١) لە لاپەڕە (٣٤)دا ! ).

١٠٦–أ– مناڵەکە گوڵی لە دارەکە کردەوە. [ + ناو ، – گیاندار ]

[243] بڕوانە: ڕۆژان نوری عەبدوڵلا (٢٠١٣: ١٦٤).

[244] ڕۆژان نوری عەبدوڵلا، (٢٠١٣: ١٥٦).

ب– دارهەنارەكە گوڵی گرتووە. [ + بەری درەخت ]

پ– گەنمەكە گوڵی گرتووە. [ + بەری ڕووەك ]

ت– باخچەكەمان پڕە لە گوڵی زەردو سوورو ڕەنگاوڕەنگ. [ + ڕەنگدار ]

ج– عەترێكم كڕیووە، لە بۆنی گوڵەباخ. [ + بۆندار ]

چ– دوو گوڵم بۆ كرد بە دیاری. [ + ژماردن ]

ح– / گوڵەگەنم/

خ– / گوڵەباخ/

د– { گوڵی باخ }

ر– { گوڵی نایلۆن }

١٠٧–أ– گەنمە ڕژاوەكەیان كۆكردەوە. [ + ناو ]

ب– دەغڵەكە گەنمی گرتووە. [ + بەری ڕووەكی گەنم ]

پ– گەنم دەكرێت بە ئاردو ئاردیش بە نان بۆ خواردن. [+ خواردن ]

ت– { گەنمەكە ، گەنمەكان ، گەنمێك } [ + گشتی ]

ج– * جوتیارەكە دوو سەد گەنمی كڕی. [ – ژماردن ]

چ– جوتیارەكە دوو سەد كیلۆ گەنمی كڕی.

ح– / دەنكەگەنم/

خ– { گەنمی كوڵاو }

د– { گەنمی قەناری }

ر– { گەنمی مسکی }

١٠٨–أ– حەزم لە گوڵی گەنم/ گوڵی هەنار/ گوڵی باخە. [ + فرێزی خستنەسەر ]

ب– حەزم لە گوڵەگەنم/ گوڵەهەنار/ گوڵەباخە. [ + ناو ]

پ– گەنمەکە گوڵی گرتووە. [ + بەری دەغڵی گەنم ]

ت– گوڵەگەنمەکانیان کۆکردەوەو کوتایان و گەنمەکەیان هاڕی بۆ خواردن. [ + بۆ خواردن ]

ج– * گوڵەگەنمەکە بۆنی زۆر خۆشە. [ – بۆندار ]

چ– گوڵەگەنمەکە هێشتا سەوزە/ تەڕە. [ + ڕەنگی سەوز ]

ح– گوڵەگەنمەکە زوو زەرد/ وشك بوو. [ + ڕەنگی زەرد ]

خ– * درەوان/ دروێنەوانەکە[٢٤٥] هەزار گوڵەگەنمی دروێنە کرد. [ – ژماردن ]

د– دروێنەوانەکە دوو گوڵەگەنمی لە دەغڵەکە کردەوە. [ + ژماردن ]

سیما واتاییەکانی گوڵە گەنم و پێیکهێنەرەکانی بە پێی بەکارهێنانەکانیان بەم شێوەیە:

| / گوڵ / | / گەنم / | / گوڵەگەنم/ |
|---|---|---|
| + ناو | + ناو | + ناو |
| – گیاندار | – گیاندار | – گیاندار |
| + ڕەنگدار | + بەری دەغڵی گەنم | + ڕەنگدار |
| ± بۆندار | + بۆ خواردن | – بۆندار |
| + ژماردن | – ژماردن | ± ژماردن |

[٢٤٥] هەژار، (١٣٨٨: ٢٩١).

١٠٩–أ– ئەم نوێژە کاتی نەهاتبوو، کە ئارام کردی. [ + ناو ]

ب– نوێژکردن لە زۆربەی ئایینەکاندا عیبادەتێکی سەرەکییە. [ + عیبادەت ]

پ– مەلاکە شەو تا بەیانی سەری لە سوژدەدایە و نوێژدەکات. [ + سوژدەبردن ]

ت– ئازاد دوو نوێژی کرد. [ + ژماردن ]

ج– ئازاد دوو ڕکات نوێژی کرد.

چ– { نوێژی بەیانی }

ح– { نوێژی سونەت }

خ– /* بەرماڵەنوێژ/

د– / بەردەنوێژ/ ( بەردێك بۆ نوێژکردن )

ر– / دەستنوێژ/

١١٠–أ– پیرەمێردەکە لە سەر بەردەنوێژەکە نوێژیکرد. [ +ناو ، + شت ]

ب– خانەقاکە بەردەنوێژی لێیە. [ + سروشتی ]

پ– ئازاد لە سەر بەردەنوێژەکە نوێژ دەکات. [ + بۆ نوێژکردن ]

ت– * پیاوێك بەردەنوێژێکی بۆ مزگەوت کڕی. [ + چەسپاو ]

ج– لەو خانەقایەدا دوو بەردە نوێژ هەیە. [ + ژماردن ]

لە تێڕوانین بۆ بەکارهێنانەکانی وشەی / بەردەنوێژ/ و پێکهێنەرەکانی دەشێت ئەم سیما واتاییانەی هەبێت:

| / بەرد / | / نوێژ / | / بەردەنوێژ/ |
| --- | --- | --- |
| + ناو | + ناو | + ناو |
| + شت | + عیبادەت | + شت |
| + سروشتی | + کردەیی | + سروشتی |
| ± زلی و قەبارەی گەورە | + سوژدەبردن | + بۆ نوێژکردن |
| + ڕەق | − ژماردن | + چەسپاو |
| + ژماردن | | − ژماردن |

بە هەمان تەرزی وشەی / مارماسی/، ناوێکی ئاوەڵکرداری بەبێ یارمەتی مۆرفێمی بەستێنەر دەبێتە دەرخەر بۆ ناوەکەی دوای خۆی. دەرکردەکەی ناوێکی لێکدراو دەبێت بۆ شوێن[٢٤٦]. بڕوانە بەکارهێنانەکانی / سەربان/ لە (١١٣)داو بەکارهێنانەکانی پێکهێنەرەکانی لە (١١١)و (١١٢)دا، بیشڕوانە / وشەی ناومال/ لە (١١٦)داو بەکارهێنانەکانی پێکهێنەرەکانی لە (١١٤)و (١١٥)دا!

١١١–أ– سەری خانووەکەمان دارە. [ + ناوی ئاوەڵکرداری ]

ب– ئازاد سەری خانووەکەی بە چیمەنتۆ دەگرێت. [ + ڕووبەری سەرەوە ]

پ– گوڵێکم لە سەر مێزەکە دانا. [ + شوێن ]

ت– * دوو سەری/ سەرەکانی خانووەکانمان شت. [ – ژماردن ]

ج– / سەربان/

چ– / سەرکردە/ [ + مرۆڤـ ]

[٢٤٦] بڕوانە: محەمەدی مەحویی، (٢٠١٠: ٩٠).

ح– / سەردار/ [ + مرۆڤـ ]

١١٢–أ– بانی[٢٤٧]/ سەری خانووەکەمان چیمەنتۆیە. [ + بەشی سەرەوە ]

ب– جادەوبانەکەیان نوێکردەوە.

١١٣–أ– نەسرین سەربانی خانووەکەی شت. [ + ناو ، + شوێن ]

ب– سەربانەکەمان ڕووخا. [ + بەشی سەرەوە ]

پ– ئارام لە سەر سەربانی خانووەکەی ژوورێکی دروستکردووە. [ + بینا ]

ت– مناڵەکە تۆپەکەی هەڵدایە سەربانی خانووەکە. [ + بەرزایی ]

بە پێی بەکارهێنانەکانی وشەی / سەربان/ و پێکهێنەرەکانی، دەشێت خاوەنی ئەم سیما پێکهێنەرانە بن:

| / سەر/ | / بان/ | / سەربان/ |
|---|---|---|
| + ناوی ئاوەڵکرداری | + ناوی شوێن | + ناوی شوێن |
| + شوێن | + شوێن | + شوێن |
| + ڕووبەری سەرەوە | + بەشی سەرەوە | + بەشی سەرەوە |
| + بەش | – ژماردن | + بینا |
| – ژماردن | | + بەرزایی |

١١٤–أ– ناو ژوورەکەم پاککردەوە. [ + ناوی ئاوەڵکرداری ]

[٢٤٧] لە ناوچەی گەرمیان وشەی / بان/ بە واتای /سەر/ بەکاردەهێنرێت. وەك بۆ نموونە: / بان خانی، بان قاپ/ و { دەچمە بان خانی } دا دەبینرێت.

ب– کتێبەکەی لە ناو جانتاکەدا هەڵگرتووە. [ + بەشی ناوەوە ]

پ– کتێبەکەی لە (ناو) پۆل/ ماڵ بەجێهێشتووە. [ + بینا ]

ت– * ناوەکانی ژوورەکەم پاککردەوە. [ – ژماردن ]

١١٥–أ– ماڵێکی نوێمان کڕی. [ + ناوی شت/ شوێن ]

ب– لە ماڵی شیرین میوانین. [ + شوێن ]

پ– خوا بتداتێ لە ماڵی وادا بژیت. [ + بۆ ژیانی مرۆڤ ]

ت– ماڵێکیان هەیە، ڕەنگە بیست ژووری تێدا بێت. [ + خانوو ]

ج– ئاوارەکـان فریانەکـەوتن ماڵەکـەیان کۆبکەنـەوە، دەسـتی منداڵـەکانیان گرتـووەو هـەڵهاتوون. [ + کەلوپەل ]

چ– خاوەنی ماڵ و سامانێکی زۆرە، هەر دەیشڵێ خوا نایدات. [ + سامان ]

١١٦–أ– ناوماڵەکەیان هەمووی کاشییە. [ + ناو ]

ب– دزەکە لە ناوماڵی خۆیدا دەستگیرکرا. [ + ناو خانوو ]

پ– چەتەکان خۆیان لە ناوماڵێکدا حەشاردابوو. [ + بەشی ناوەوە ]

ت– چەتەکان خۆیان لە ناو ماڵەکاندا حەشاردابوو. [ + لە نێوان ماڵەکاندا ]

ج– ناوماڵەکەمان بۆیاخکرد. [ + خانوو ]

چ– * دوو ناوماڵیان هەیە. [ – ژماردن ]

سیما واتاییەکانی / ناوماڵ/ و پێکهێنەرەکانی، بە پێی بەکارهێنانەکانیان بەم شێوەیەن:

| / ناو/ | / ماڵ/ | / ناوماڵ/ |
| --- | --- | --- |
| + ناوی ئاوەڵکرداری | + ناوی شت | + ناوی شوێن |
| + شوێن | + شوێن | + شوێن |
| + بەشی ناوەوە | + بۆ ژیانی مرۆڤ | + بەشی ناوەوە |
| − ژماردن | + خانوو | + خانوو |
| | + ژماردن | − ژماردن |

وشەی / ناوماڵ/ دەشێت جارێکی تر بەر پرۆسەی وشەدروستکردن بکەوێت و هەڵبگوێزرێت بە پاشگری /− ی/ و وشەی / ناوماڵی لێدروستبکرێت، کە ناوە بۆ شت نەك شوێن، ( بڕوانە (١١٧)! ).

١١٧−أ− کە لە هەندەران هاتنەوە، هەندێك ناوماڵی نوێیان کڕی. [ + ناوی کەلوپەل ]

ب− ئەم ئۆتۆمبێلە بۆ ناکڕیت، ماڵێکی بێخەوشە. [ + ناوی شت ]

ئاوەڵکردار دەتوانێت بە یارمەتی مۆرفێمی بەستێنەری /− ە− / لەپێش ناوی کاتەوە بێت و ناوی لێکدراو بۆ کات دروستبکات، کە واتایەکی نوێی هەبێت، ( بڕوانە / پاشەڕۆژ/ لە (١٢٠)داو پێکهێنەرەکانی لە (١١٨)و (١١٩)دا! ).

١١٨−أ− لەپاش دوو کاژێری تر دێم بۆ لات. [ + ئاوەڵکرداری کات ]

ب− ئۆتۆمبێلەکەی لە پاش ئۆتۆمبێلەکەی هیواوە ڕاگرتووە. [ + ئاوەڵکرداری شوێن ]

پ− ئێستا نا، پاشتر دێم بۆ لات. [ + کات ]

ت− * ئیستا نا، پاشێکی تر دێم بۆ لات. [ − دیاریکردن ]

ج− ئۆتۆمبێلەکەی لە دوو پاش ئۆتۆمبێلەکەی هیواوە ڕاگرتووە. [ − ژماردن ]

١١٩−أ− ڕۆژی سەد جار بانگی دەکەم. [ + کات ]

ب– دەبێت لە شەوو ڕۆژێکدا چوار جار دەرمانەکانی بخوات. [ + نیوەی شەوو رۆژ ]

پ– بە ڕۆژی ڕووناك هەڵیانکوتایە سەریان. [ + ڕووناك ]

ت– ڕۆژێك، ڕۆژەکە، ڕۆژەکان [ + گشتی ]

ج– ئەو ڕۆژەم لەبیرماوە، حکومەت پێکهێنرا. [ + دیاریکردن ]

چ– ڕۆژان ڕۆژی لە دوایە. [ + کۆ ]

ح– فەرمانبەران دە ڕۆژە موچەیان وەرنەگرتووە. [ + ژماردن]

١٢٠–أ– پیاوی خراپ، پاشەڕۆژێکی باشی نابێت. [ + ناوی ئاوەڵکرداری کات ]

ب– وا بخوێنێت، پاشەڕۆێکی باشی نابێت. [ + ئایندە ]

پ– * ئەم پاشەڕۆژەمان باشترە لەوەی پێشوو. [ – دیاریکردن ]

ت– * لە سایەی پێشمەرگەوە پاشەڕۆژەکانمان ڕوونە. [ – ژماردن ]

سیما پێکهێنەرەکانی / پاشەڕۆژ/ و پێکهێنەرەکانی بە پێی بەکارهێنانەکانی لە ڕستەکانی سەرەوە:

| / پاش / | / ڕۆژ / | / پاشەڕۆژ/ |
|---|---|---|
| + ناوی ئاوەڵکرداری | + ناوی کات | + ناوی کات |
| + کات | + کات | + کات |
| – دیاریکردن | + نیوەی شەوو ڕۆژێك | + ئایندە |
| – ژماردن | + ڕووناك | – دیاریکردن |
| | + گشتی | – ژماردن |
| | + دیاریکردن | |
| | + ژماردن | |

ڕەگی کردار دەبێتە دەرخەری ناوێکی دەرخراوو سەری ڕێزمانی ناوێکی لێکدراوە، کە ناوێکی کارای لێکدراوە، دەتوانرێت ئاوەڵناوی گۆبکرێت. ( بڕوانە بەکارهێنانەکانی (١٢٢) و پێکهێنەرەکانی لە (٨٣) و (١٢١)داو بیشرپوانە / دەستبڕ/ لە (١٢٥)داو پێکهێنەرەکانی لە (١٢٣)و (١٢٤)دا!).

١٢١–أ– کوشتن و ئاوخواردن لای ئەوان وەك یەکە. [ + کردەیی ]

ب– تیرۆریستەکە تا ئێستا بیست کەسی کوشتووە. [ + مرۆڤـ ]

پ– گورگەکان کەوتنەناو ڕانەکەو حەوت مەڕیان کوشت. [ – مرۆڤـ ]

ت– چەتەکان ماڵەکان دەڕوخێنن و پیاوو ژن و مناڵەکانیش دەکوژن. [+ مرۆڤـ کوشتن ]

ج– ڕاوچییەکە ئاسکێکی کوشت. [ + ئاژەڵ کوشتن ]

چ– خۆی کوشت و کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا. [ + ژیان لێسەندن ]

ح– / پیاوکوشتن/ [ + مرۆڤـکوشتن ]

خ– / بەرازکوشتن/ [ – مرۆڤکوشتن ]

١٢٢–أ– پیاوێکی پیاوکوژە. [ + ناوی ئاوەڵناوی کارایی ]

ب– پیاوکوژەکە دەستگیرکرا. [ + مرۆڤـ ]

پ– پیاوکوژە دەستگیرکراوەکە شەش پیاوو ژن و مناڵی کوشتووە. [ + مرۆڤکوژ ]

ت– ئەو پیاوکوژەی مناڵەکەی کوشت، لە سێدارەدرا. [ + دیاریکردن ]

ج– هەموو پیاوکوژەکانیان دەستگیرکرد. [ + ژماردن ]

چ– پیاوکوژەکە پیاوێکی تریشی کوشت. [ + بەرکاری ]

ح– { پیاوی پیاوکوژ } [ + ناوی ئاوەڵناوی ]

خ– { پیاوکوژەکە، پیاوکوژێك، پیاوکوژەکان } [ + دیاریکردن ]

بە پێی بەکارهێنانەکانی / پیاوکوژ/ و پێکهێنەرەکانی، دەشێت خاوەنی ئەم سیما واتاییانەبن:

| / پیاو / | / کوژ/ ڕەگی کرداری / کوشتن/ | / پیاوکوژ/ |
|---|---|---|
| + ناو | + کردەیی | + ناوی کارای ئاوەڵناوی |
| + گیاندار | ± مرۆڤ | + مرۆڤ |
| + مرۆڤ | ± مرۆڤکوشتن | + مرۆڤکوژ |
| + نێر | + ژیان لێسەندن | + دیاریکردن |
| + کامڵ/ تەمەندار | + بەرکاری | + بەرکاری |
| + ژماردن | | + ژماردن |

١٢٣–أ– دەستی مناڵەکە بگرە. [ + ناو ]

ب– دەستی مناڵەکە سووتا. [ + ئەندامی لەش ]

پ– پەنجەکانی دەستی چەپی مناڵەکە سووتا. [ + پەنجەدار ]

ت– لەپی دەستی مناڵەکە سووتا. [ + لەپدار ]

ج– لە تەقینەوەکەدا دەستی لە مەچەکەوە بڕاوەتەوە. [ + بە مەچەکەوە ]

چ– دەتوانێت پشکۆ بە دەست بگرێت. [ + بۆ گرتن ]

ح– مناڵەکە هەردوو دەستی خۆی بریندارکرد. [ + ژماردن ]

خ– / دەستبڕ/ [ + هەڵخەڵەتاندن ]

د– / دەستماڵ/ [ + ناوی شت ]

ر– / کاربەدەست/ [ + مرۆڤـ ، + کارمەند ]

ز– / بەردەست/ [ + بۆ کارکردن و یارمەتیدان ]

ژ– / دەستگێڕ/ [ + کەسێك کاڵا بە دەست بگێڕێت ]

س– / دەستکرد[٢٤٨]/ [ + شتی بە دەست دروستکراو ]

١٢٤–أ– دارفرۆشەکە دوو کۆڵ داری بڕیوە. [ + کردەیی ]

ب– حکومەت ئۆتۆمبێلە کۆنەکان لە ناوەڕاستەوە دەبڕێتەوە. [ + لەتکردن ]

پ– منداڵەکە بە چەقۆ دەستی خۆی بڕی. [ + بریندارکردن ]

ت– / بڕینەوە/ [ + لەتکردن ]

ج– / دەستهەڵبڕین / [ – لەتکردن و بریندارکردن، + دەستبەرزکردنەوە ]

١٢٥–أ– پیاوی دەستبڕی وەك ئەمەم نەبینیوە. [ + ناوی ئاوەڵناوی ]

ب– * سەگێکی دەستبڕە. [ + مرۆڤـ ]

پ– ئەوان بە ماڵ و منداڵەوە دەستبڕن. [ + مرۆڤـ ]

ت– فرۆشیارەکە نەتخەڵەتێنێت، زۆر قۆڵ/ دەست بڕە. [ + هەڵخەڵەتاندن ]

ج– قۆڵی لە بندا بڕی و زیانێکی زۆری لێدا. [ + زیانلێدان ]

چ– ئەم دەستبڕە، مەگەر من باش بیناسم. [ + دیاریکردن ]

ح– * پیاوەکە دەستی مەڕەکەی بڕی. [ + بڕین ]

خ– هەموو دەستبڕەکانیان دەستگیرکردووە. [ + ژماردن ]

---

[٢٤٨] وشە مۆرفۆلۆژییەکان لە ( محەمەدی مەحویی (٢٠٠٦: ٢١–٢٧)) ەوە وەرگیراون.

بە پێی بەکارهێنانـەکانیان، وشـەی / دەسـتبڕ/ و پێکهێنـەرەکانی، دەشـێت ئـەم سـیما پێکهێنەرانـەیان هەبێت:

| / دەست / | / بڕ / ڕەگی کرداری /بڕین/ | / دەسـبڕ/ دەزبڕ/ |
| --- | --- | --- |
| + ناو | + کردەیی | + ناوی کارای ئاوەڵناوی |
| + ئەندامی لەش | + لەتکردن | + مرۆڤـ |
| + پەنجەدار | + بریندارکردن | + هەڵخەڵەتاندن |
| + لەپدار | + بەرکاری | + زیانلێدان |
| + بە مەچەکەوە | | + دیاریکردن |
| + بۆ گرتن | | + ژماردن |

کرداری تێپەڕ بەلایەنی کەمەوە پێویستی بە دوو ئارگۆمێنت (بکـەر و بـەرکار ) هەیـە، پێویسـتە هەریـەك لەو دوو ئارگۆمێنتە لەڕووی ڕێزمان و واتاوە لەگەڵ کرداردا بگونجێت، بـۆ نموونـە، ناتوانرێـت بگوترێـت، { * بەردەکە منالێکی فرێدا}، ئەگەر چی ئەم ڕستەیە لەڕووی ڕێزمانەوە/ سینتاکسەوە یاسابەندەو کەرەسـتەکان لە جێکەوتەی خۆیاندان، بەلام لە ڕووی سیمانتیکەوە ئەو ڕستەیە ڕێگەپێنەدراوە. ئەم ئەدگارەی کردارەکـان لە وشەدروستکردنیشدا ڕەنگدەداتەوە، ئەوەتا بەرانبەر بە وشەی / پیاوکوژ/، وشەکانی / خۆکـوژ، سـەگکوژ، بەرازکوژ/ واتا ڕاستن، چونکە / کوشتن/ لە گـەڵ ناوێکـدا ڕێکدەکـەوێت، خـاوەنی سـیمای جیاکـەرەوەی [+ گیاندار، ± مرۆڤـ ، + ناو ] بێت. بەلام ناتوانرێت بگوترێت /*دەستکوژ/، چـونکە /دەسـت/ خـاوەنی سـیمای واتایی [ + گیاندار ] نییە. بەرانبەر بە وشەی / دەستبڕ/ دەزبڕ/ یش، وشەکانی / داربـڕ، جـەرگ/ جگـەر بـڕ/ واتا ڕاسـتن، بـەلام وشـەی /*پیـاوبڕ،*مرۆڤـ بـڕ، *سـەگبڕ/ ڕێگەپێنـەدراون، چـونکە کـرداری / بـڕین/ داوای بەرکارێك دەکات، لـەبار بێـت بـۆ بـڕین و [ – گیانـدار ] بێـت، واتـە نـاوی کـرداری و ڕەگـی کـرداری / بـڕین/ دەچێتەپاڵ ناوێك، کە ئەم سـیما واتاییانـەی هـەبێت: [ – گیانـدار، + بەرجەسـتە، + نـاو ]. ئـەم گونجـان و ڕێککەوتنە واتاییانە بۆ هەموو کردارەکان ڕاستە.

بەهەمان تەرز لەبری ناوێك، ئاوەڵناوێك دەتوانێت وەکو بەرکار، ناوی کارای لێکدراو دروستبکات[٢٤٩]. وەکو/ نوێخواز، کۆنەپەرست، کۆنەفرۆش،.../. بەهەمان شێوە ئاوەڵکرداریش دەتوانێت ئەو ئەرکە ببینێت وەکو لە وشەی / دوورکوژ، دووربین/ دا دەبینرێت، کە وشەیەکی ئیدیەمین، بەڵام ناتوانرێت هەموو وشەکان تاقیبکرێنەوەو هەموو پرۆسەو یاساکانیش بخرێنەڕوو. لەبەر ئەوە بۆ توێژینەوەکانی تر، کە پاشتر لە زانکۆکان پێشکەشدەکرێن، جێدەهێڵرێت.

کردارەکان بە شێوەی ناوی کرداری لە فەرهەنگدا تۆمار دەکرێن. ناوێك[٢٥٠] لەگەڵ ناوی کرداریدا، ناوی کرداری لێکدراو دروستدەکەن[٢٥١]. ناوەکە دەبێتە دەرخەر بۆ ناوەکردارییەکە، بڕوانە (١٢٦) و (١٣٠) و بەراوردیان بکە بە نموونەکانی (١٢٢) و پێکهێنەرەکانی لە (٨٣) و (١٢١) داو (١٢٥) و پێکهێنەرەکانی لە (١٢٣) و (١٢٤) دا، بیشڕوانە نموونەکانی (٣١) و وشەی/ مارماسی/ لە (٨٨) دا، کە لە دوو ناو پێکهاتووە، کە ناوی گیانلەبەرە، بەڵام ناوی کرداری، ناوی چالاکی و ڕوودان دروستدەکەن.

١٢٦–أ– پیاوکوشتن هەر لە ئەوان دەوەشێتەوە. [ + ناوی کرداری ]

ب– پیاوکوشتن و ئاو خواردنەوە لە لای وەك یەکە[٢٥٢]. [ + کردەیی ]

پ– چەتە پیاوکوژەکان دەستیان بە هەر کەسێك بگات دەیکوژن. [ + مرۆڤ کوشتن ]

ت– پیاوەکەی کوشت و کۆتایی بە ژیانی هێنا. [ + ژیان لێسەندن ]

بە پێی بەکارهێنانەکان، سیما پێکهێنەرەکانی / پیاوکوشتن/ و پێکهێنەرەکانی بەم شێوەیەن:

---

[٢٤٩] بڕوانە: ڕۆژان نوری عەبدوڵلا، (٢٠١٣: ١٦١).

[٢٥٠] جومگەی یەکەمی ناوی کرداری دەشێت ( ناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵکردار، ... ) بێت، واتە ئەو وشانەی بەشداری لە وشە نوێیەکەدا دەکەن، ئەو گۆکردنانەیان هەیە. مەبەست لەوەیە ئاساییەو ڕێگەپێدراوە جومگەی یەکەم وشەیەکی سادە بێت ، یان هەڵگوێزراو بێت ، یان لێکدراو بێت. بڕوانە: ئەوڕەحمانی حاجی مارف، (٢٠٠٠–أ: ٩٨–١٠٠) و ڕۆژان نووری عەبدوڵلا، (٢٠١٣: ١٧٤).

[٢٥١] جگە لە ناو، پۆلەرەگەزی تریش بەشداری لە پێکهاتەی ناوی کرداریدا دەکەن، وەکو (ئاوەڵناو، ئاوەڵکردار، جێناوی خۆیی، ژمارە، وشەی بێواتا، ... ). بڕوانە: ئەوڕەحمانی حاجی مارف، (٢٠٠٠–أ: ٩٨– ١٠٢) و بیشڕوانە: یووسف شەریف سەعید، (٢٠١٣: ٥٥–٧٥).

[٢٥٢] ئەم ڕستەیە بەراوردبکە بە (١٢١ أ).

| / پیاو/ | / کوشتن/ | / پیاوکوشتن/ |
| --- | --- | --- |
| + ناو | + ناوی کرداری | + ناوی کرداری |
| + مرۆڤـ | + کردەیی | + کردەیی |
| + نێر | ± مرۆڤـ | + مرۆڤـ |
| + کامڵ/ تەمەندار | ± مرۆڤـ کوشتن | + مرۆڤـ کوشتن |
| + ژماردن | + ژیان لێسەندن | + ژیان لێسەندن |
| | + بەرکاری | |

به بۆچوونی بەشێك لە زمانەوانان، وشەیەکی وەکو / پیاوکوشتن، نانخواردن، .../، نابێت وەکو ناوی کرداری سەیربکرێت[٢٥٣]، چونکە وەکو یەکەیەکی سینتاکی لە ڕستەدا بەکارناهێنرێت، واتە بەشی یەکەمی ناوەکردارییەکە، کە ناوێکە لە ڕستەدا وەك بەرکار گۆدەکرێت. نابێت بەشە پێکهێنەرەکەی کردار وەك بەرکاری ڕاستەوخۆ، یان بەرکاری ناڕاستەوخۆ گۆبکرێت، بەڵام ناوی کرداری لێکدراو/ کرداری لێکدراو دەبێت وەکو یەك دروستەی سینتاکسی گۆبکرێت، بۆ ڕوونکردنەوە ( بڕوانە (١٢٧)!). ئەگەر بڕوانرێتە ڕستەکانی (١٢٦ أ و ب)، وشەی / پیاوکوشتن/ وەکو یەکەیەکی سینتاکسی/ ناوی کرداری بەکارهێنراوە، بەڵام لە ڕستەی (١٢٧ أ) دا ئەو بۆچوونە ڕاستە ( بڕوانە سیما واتاییەکانی وشەی / کوشتن، پیاوکوشتن/. واتە ئەو بۆچوونە ئەگەر ڕاستیش بێت، ئەوا ڕێژەییە، بەڵام وشەی / چاوگێڕان/ وشەیەکی لێکدراوە، چونکە کەرتی یەکەمی دروستەکە لە سینتاکسدا وەکو بەرکار گۆناکرێت.

١٢٧–أ– پۆلیسەکە پیاوێکی کوشت. ( بکەر + بەرکار + کردار )

ب– ڕاوچییەکە ئاسکێکی کوشت. ( بکەر + بەرکار + کردار )

پ– ئازاد نان/ سێو دەخوات. ( بکەر + بەرکار + کردار )

ج– ئازاد سوێنددەخوات ( بکەر + کردار )

---

[٢٥٣] بڕوانە: یووسف شەریف سەعید، ( ٢٠١٣: ٣٢–٣٣).

١٢٨–أ– چاوی هێرۆ سەوزە. [ + ناو ]

ب– پێشمەرگەکە لەشەڕێکدا چاوێکی کوێربوو. [ + ئەندامی لەش ]

پ– پێشمەرگەیەك هەردوو چاوی لەدەستداوەو ئێستا نابینێت. [ + بۆ بینین ]

ت– ئارام چاوی ڕەشە، بەڵام نێچیر چاوی سەوزە. [ + ڕەنگدار ]

١٢٩–أ– گێڕانی دیلەکان بە ناو شاردا، ئازاری خستە دڵی هەموومان. [ + ناوی کرداری ]

ب– داعش پێشمەرگە دیلەکانی بە ناو حەویجەدا گێڕا. [ + کردەیی ]

پ– لە پرسەکەی باوکیدا، هیوا خۆی ئاوی دەگێڕا بە ناو ئامادەبوواندا. [ + هێنان و بردن ]

ت– مریشکفرۆشەکە هەموو ڕۆژێك مریشك دەگێڕێت. [ + بەرکاری ]

١٣٠–أ– چاوگێڕان بە دوای خەڵکیدا، کارێکی جوان نییە. [ + ناوی کرداری ]

ب– هەر چەند چاودەگێڕم، کەسیان نابینم. [ + کردەیی ]

پ– هەرچەند چاوم بۆ کتێبی ڕێزمانی گێڕا، دەستمنەکەوت. [+ بە دواداگەڕان ]

ت– دەڵێن کتێبی ڕێزمانی زۆرە، هەرچەند چاوی بۆ دەگێڕم، هیچ نابینم. [ + بە بینین ]

سیما واتاییەکانی / چاوگێڕان/ و پێکهێنەرەکانی بە پێی بە کارهێنانەکانیان، بەم شێوەیەیە:

| / چاو/ | / گێڕان/ | / چاوگێڕان/ |
|---|---|---|
| + ناو | + ناوی کرداری | + ناوی کرداری |
| + ئەندامی لەش | + کردەیی | + کردەیی |
| + بۆ بینین | + هێنان و بردن | + بەدوادا گەڕان |
| + ڕەنگدار | + بەرکاری | – بەرکاری |

ئاوەڵناویش وەکو ناو دەتوانێت بەشداری لە دروستەی ناوی کرداریدا بکات[٢٥٤]، بەڵام هەموو چەشنەکانی ئاوەڵناو ناوتوانن بەشداری لە پێکهاتەی ناوە کردارییەکاندا بکەن. ئاوەڵناوی نسبی، ئاوەڵناوی نادیار ناتوانن بەشدار بن[٢٥٥]. بە زۆری ئاوەڵناوی چۆنیەتی و ئاوەڵناوی ڕەنگ بەشداری لە دروستە ناوەکردارییەکاندا دەکەن ( بڕوانە وشەکانی / ڕەشکردن، ڕەشکردنەوە، بەرزکردنەوە، نەخۆشکەوتن، سەرخۆشبوون، .../ ). هەروەها ئاوەڵکردارو ژمارەو ... دەتوانن بەشداربن لە دروستکردنی ناوی کرداریدا، وەك لە وشەکانی /پێشخستن، یەکبوون، توشهاتن، پرسکردن، .../[٢٥٦] .

### ١/١-١-٢) وشەی هەڵگوێزراو

وشەو مۆرفێمەکانی فەرهەنگ، چ ئەوانەی سەربەخۆن و چ ئەوانەیش ناسەربەخۆن، خاوەنی سیمای واتایی جیاکەرەوەی خۆیانن. مۆرفێمە هەڵگوێزەرەکان derivational morphems ، لە زمانی کوردیدا لە شێوەی پێشگرو پاشگر، وەکو مۆرفێمە سەربەخۆکان بە ڕێگای لکاندن بە وشەو مۆرفێمەکانەوە دەلکێن و واتای نوێ بە وشە نوێیەکان دەدەن. بەمەیش سیما پێکهێنەرەکانیان دەخەنەسەر وشە نوێیەکە. ئەو پۆلەڕەگەزە فەرهەنگییانەی بەشداری لە پێکهاتەی وشەی هەڵگوێزراودا دەکەن، ناوو ناوی کرداری و ئاوەڵناوو ئاوەڵکردارو ... هتدن. دەرکردەکانیانیش یەکێکن لەو پۆلە ڕەگەزە فەرهەنگییانە.

دەرهێنانی سیما واتاییەکانی مۆرفێمە هەڵگوێزەرەکان، وەکو مۆرفێمە سەربەخۆکانی وشە لێکدراوەکان، لە گەڵ ئەو وشانەدا دەردەکەون، کە پێوەی لکاون. سیما واتاییەکانیان ئەدگارو ئاکاری پۆلەڕەگەزەکان دەردەخەن و جۆرەکانی ناو/ بیرەکانی پۆلەڕەگەزەکان دەخەنەڕوو, هەر وەکو چۆن ئەو بیرانە لە وشە سادە یەك مۆرفێمییەکانیشدا هەیە. لێرەدا سیمای هەندێك لەو لاگرانە دەخرێنەڕوو بە پێی پێویستی بەراورد دەکرێن بەو لاگرانەی نزیکی واتاییان هەیە، یان لە لایەن زانایانی زانستی زمانی کوردییەوە یەك جۆر ئەرك و گۆکردنیان بۆ دانراوە، بەمەیش جیاوازی ئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیە لە گەڵ کارەکانی پێشوودا (بڕوانە پۆلێنکردنی باوو ڕۆیشتوو) دەردەکەوێت.

---

[٢٥٤] ناوی کرداری لێکدراو، یان هەڵگوێزراو، لە پێکهاتەکەیاندا ناوێکی کرداری هەیە، کە دەشێت بە سادە ناو ببرێت، لەو ڕووانگەیەوە، کە ئەو مۆرفێمەی/ ڕەگەی هەڵگری واتای کردارەکەیە، سادەیە. هەندێك زمانەوان لە ڕووانگەی مۆرفێمەوە لە کردار دەڕوانن و بە لایانەوە هەموو کردارەکانی زمانی کوردی کرداری هەڵگوێزراون. بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە: محەمەد مەعروف فەتاح، (٢٠١٠) و یووسف شەریف سەعید، (٢٠١٣).

[٢٥٥] بڕوانە: یووسف شەریف سەعید، (٢٠١٣: ٤٠).

[٢٥٦] بڕوانە: ئەوڕەحمانی حاجی مارف، (٢٠٠٠-أ: ٩٩-١٠٢).

پێشگرو پاشگرەکان، بە پێی شامەرجی مۆرفۆلۆژییانە morphological criterion دەتوانن چەشن و جۆری پۆلەڕەگەزە فەرهەنگییەکان دەستنیشانبکەن، بۆ نموونە هەندێك پاشگر دەچنە سەر ناو، جۆرە ناوێك دروستدەکەن، کە پیشەو ئیشی کەسێك دەستنیشاندەکەن. ئەگەر چی زۆرینەی ئەو پاشگرانە سیما پێکهێنەرەکانیان لەیەکەوە نزیکن، بەڵام ناتوانرێت بە هاوواتا سەیربکرێن، چونکە سیماکانیان بە پێی ئەو ناوەی دەچنەسەریان جیاوازن. زۆری ئەو ناوانەی پاشگری /–گەر/ وەردەگرن خاوەنی سیمای واتایی [– گیاندار، +بەرجەستە، + کانزا ] ن، بڕوانە / ئاسنگەر/ لە ڕستەکانی (١٣٢) و /ئاسن/ لە (١٣١) و هەندێك لەو وشە مۆرفۆلۆژییانەی پاشگری /–گەر/ وەردەگرن، وەك لە نموونەکانی (١٣٣) دا .

١٣١–أ– ئاسنەکە ژەنگیهەڵهێناوە. [ + ناو، – گیاندار ]

ب– پەنجەرەکە لە ئاسن دروستکراوە. [ + بەرجەستە ]

پ– لە کانزاکاندا ئاسن زۆر هەرزانە. [ + کانزا ]

ت– * ئاسنەکانم کڕین.

ج– دەرگا/ پارچە ئاسنەکانم کڕین. [ – ژماردن ]

چ– { دەرگای ئاسن }

ح– { ئاسنی پۆڵا }

١٣٢–أ– ئاسنگەرەکە دوو ساڵە کارناکات. [ + ناو ]

ب– ئاسنگەرەکە دوو ساڵە وازی لە پیشەکەی هێناوە. [ + پیشەیی ]

پ– ئاسنگەرێکی دەستڕەنگینە. [ + دەستی ]

ت– ئاسنگەرەکە دەرگاو پەنجەرەی ئاسن دروستدەکات. [ + کانزای ئاسن ]

ج– ئاسنگەرەکان یەکێتییەکیان پێکهێنا. [ + ژماردن ]

١٣٣–أ– / ئاسنگەر/

ب– / مسگەر/

پ– / خومگەر/[257]

ت– / برینگەر/[258]

بە پێی بەکارهێنانەکانیان وشەی / ئاسنگەر/ و پێکهێنەرەکانی لە ڕستەو وشە مۆرفۆلۆژییەکاندا دەشێت خاوەنی ئەم سیما واتاییانە بن:

| / ئاسن/ | / – گەر/ | / ئاسنگەر/ |
| --- | --- | --- |
| + ناو | + پیشە | + ناو |
| – گیاندار | + دەستی | + پیشەیی |
| + بەرجەستە | + کاری مرۆڤ | + دەستی |
| + کانزا | + کارکردن لەو کانزایە | + کانزای ئاسن |
| – ژماردن | + ناوی کارا | + ژماردن |

لەم کارەدا ناتوانرێت بۆ هەر پاشگرێك ژمارەیەکی زۆر وشەی مۆرفۆلۆژی بهێنرێتەوەو پاشان بۆ هەر یەکە لەو وشانەو ئەو ناوەی بەشداری لە پێکهاتەکانیاندا دەکەن، بۆ دەستنیشانکردنی سیما واتاییەکانیان ژمارەیەکی زۆر ڕستەو دەربڕاوی مۆفۆلۆژی بهێنرێتەوە، لە بەر ئەوە بۆ وشەی / مسگەر/ و / مس/، کە دەتوانرێت لە هەندێك لەو نموونانەی بۆ /ئاسنگەر/ و / ئاسن/ خرانەڕوو لە بری ئەو دوو وشەیە دابنرێن، بۆیە دەشێت سیما واتاییەکانی وشەی / مسگەر/ و پێکهێنەرەکانی بەم شێوەیەی خوارەوە بن.

[257] هیدایەت عەبدوڵلا موحەمەد، ( ٢٠٠٢: ٥٣).

[258] ڕۆژان نوری عەبدوڵلا، ( ٢٠١٣: ٣٤).

| / مس/ | / – گەر/ | / مسگەر/ مزگەر/ |
| --- | --- | --- |
| + ناو | + پیشە | + ناو |
| – گیاندار | + دەستی | + پیشەیی |
| + بەرجەستە | + کاری مرۆڤـ | + دەستی |
| + کانزا | + کارکردن لەو کانزایە | + کانزای مس |
| – ژماردن | + ناوی کارا | + ژماردن |

پاشگری /–گەر/ لە گەڵ ئەو ناوانەیشدا بەکاردەهێنرێت، کە سیمای [+ کانزا ] یان نییە. وەکو لە وشەکانی / خومگەر، برینگەر، کیمیاگەر،.../ دا دەبینرێت، کە ئەمانەی دواییان بە ئەنالۆژی دروستبوون[٢٥٩]، بەڵام لە ڕاستیدا بەو جۆرە دروستە، کە لە گەڵ ئەو ناوانەدا بەکاربهێنرێت، کە [ + کانزا ] ن، چونکە بەرانبەر بە ئەو وشانە وشەی تریش هەن، وەکو / خومچی، برینپێچ/. لەبەر ئەوەی کانزاکان شتێکی بەرجەستەن، ئەم پاشگرە لە گەڵ ئەو وشانەدا بەکاردەهێنرێت، خاوەنی سیمای واتایی [ +ناو، – گیاندار، + کانزا، + بەرجەستە ] بن.

بۆ بەراورد کردن بەو وشانەی پاشگری /–گەر/ وەردەگرن، ئەم وشانە دەخرێنەڕوو، کە پاشگری /–ساز/ وەردەگرن. بەمەیش جیاوازی ئەو دوو پاشگرە لە ڕووی هەڵبژاردنی ناوو دەرکردەی وشە هەڵگوێزراوەکە دەردەکەوێت ( بڕوانە (١٣٤) و (١٣٥)!).

١٣٤–أ– مناڵەکە دانێکی هەڵکێشا. [ + ناو، + بەرجەستە ]

ب– ئەو دوو دانەی پار پڕینەکردنەوە، ئەمساڵ هەڵیکێشان. [ +دیاریکردن، + ژماردن ]

پ– دانسازەکە، دانی دەستکردیش دەچێنێت. [ + ناو، + دیاریکردن، + پیشە ]

ت– دانسازەکان لە دروستکردنی داندا هەموویان وەکیەك شارەزا نین. [ + دەستی، + ژماردن ]

---

[٢٥٩] بڕوانە: نەرمین عومەر ئەحمەد، (٢٠١٠: ٧١).

ج– چەخماخسازەکان بە بیٚ مۆڵەت کاردەکەن.     [ + ناو، + پیشە، + دیاریکردن، + ژماردن ]

١٣٥– / دانساز[٢٦٠]، چەخماخساز[٢٦١]/

سیما پێکهێنەرەکانی پاشگری /–ساز/ و ئەو ناوانەی، لەگەڵیدا دەردەکەون، بە پێـی نموونـەکانی (١٣٤) و (١٣٥)، بەم شێوەیە دەخرێنەڕوو.

| / دان/ ددان/ | / – ساز/ | / دانساز/ |
|---|---|---|
| + ناو | + پیشە | + ناو |
| – گیاندار | + کاری مرۆڤـ | + پیشە |
| + بەرجەستە | + دروستکردن/ ئامادەکردن | + دەستی |
| + دیاریکردن | + ناوی کارا | + دیاریکردن |
| + ژماردن | | + ژماردن |

| / چەخماخ/ | /– ساز/ | / چەخماخساز/ |
|---|---|---|
| + ناو | + پیشە | + ناو |
| – گیاندار | + کاری مرۆڤـ | + پیشە |
| + بەرجەستە | + دروستکردن/ ئامادەکردن | + دەستی |
| + دیاریکردن | + ناوی کارا | + دیاریکردن |
| + ژماردن | | + ژماردن |

[٢٦٠] / ساز/ یەکێکە لەو مۆرفێمانەی ناوی کارا دروستدەکەن، زمانەوانان وەکو پاشگر سـەیریدەکەن و پێیانوایـە لـە نـاوی کـرداری / سـاختن/ ی فارسییەوە وەرگیراوە. بڕوانە: ئەوڕەحمانی حاجی مارف، (١٩٧٩: ١٠٨). لە زمانی کوردیشدا ئەم مۆرفێمە وەکو پێشگریش لەگەڵ ناوی کرداریدا دەبینرێت. وەکو / سازکردن/.

[٢٦١] بەرانبەر بەم ناوە، ناوی / چەخماخچی/ یش دەبینرێت و دەبیسترێت. بڕوانە: هەژار، (١٣٨٨: ٢١٤).

به گشتی هەر دوو پاشگری /– گەر، – ساز/ لە زمانی کوردیدا کەم بەرهەمن و زۆر چالاك نین. دیارترین جیاوازییان ئەوەیە، پاشگری /–ساز/ دەچێتەسەر ئەو ناوانەی، [ – کانزا ] ن، بەڵام پاشگری /–گەر/ دەچێتەسەر ئەو ناوانەی، کە خاوەن سیمای [ + کانزا ] ن. ئەم دوو پاشگرە لەوەدا لەیەکدەچن، کە سیمای [ + پیشە ] یان هەیەو ناوی خاوەن پیشە دروستدەکەن، کە لە ڕووی واتاوە وەکو ناوی کارا خۆیان دەنوێنن. ناتوانین بە ڕێگای مۆرفۆلۆژی لەبرییەکتریاندابنێین ( بڕوانە نموونەکانی (١٣٦)!). هەندێك پاشگریش هەن، ناوی شوێن دروستدەکەن. هەر وەکو چۆن ناتوانرێت پاشگرەکانی پیشە لە برییەکتردابنرێن، بە هەمان شێوە بۆ پاشگرەکانی شوێنیش ڕاستە ( بڕوانە نموونەکانی (١٦٣) و (١٦٤) و سیما واتاییەکانی پاشگرەکانی /–ستان/ و /–دان/!).

١٣٦– أ– */ مسساز، ئاسنساز/

ب– */ دانگەر/، بەڵام بڕوانە / چەخماخگەر/ یان / چەخماخچی/

## ٢/٢) پرۆسەو یاساکانی وشەدروستکردن

پرۆسەکانی وشەدروستکردن زۆرو جۆراوجۆرن. لەیەکدان و هەڵگواستن سەرەکییەکانیانن. لە ڕێگەی پرۆسەو یاساکانەوە تەرزەکانی وشەی لێکدراوو هەڵگوێزراوو پرۆسەکانی تری وشەدروستکردن دەسنیشاندەکرێن. دەرکردەکانیان بەرهەمی ئەو پرۆسەو یاسایانەن. لەم پارەدا پرۆسەو یاساکانی وشە لێکدراو بە پێی بەکارهێنانەکانیان لە (١/٢)دا بەکارهێنران دەخرێنڕوو[٢٦٢].

لەیەکدان پرۆسەیەکە، وشەی لێکدراو دەرکردەکەیەتی (بڕوانە (١/٢–١–١)). لەیەکدان پرۆسەیەکە تیایدا دوو مۆرفێم/ دوو وشە یان زۆرتر لەیەکدەدرێن بۆ دروستکردنی وشەیەکی نوێ. ئەم پرۆسەیە لە هەموو پۆلە ڕەگەزە سەرەکییەکانی فەرهەنگدا دەبینرێت. بۆ هەر پۆلەڕەگەزێك چەند تەرزێکی لەیەکدان هەیە، کە بە پێی پۆلەڕەگەزەکان جیاوازن، بۆ نموونە ئەو وشە لێکدراوانەی لە پۆلەڕەگەزی ناون، تەرزەکانی

---

[٢٦٢] پرۆسەو یاساکانی دروستکردنی وشە لێکدراوو هەڵگوێزراوەکان زۆرو فرە چەشنن، لەم لێکۆڵینەوەیەدا ناتوانرێت گشت ئەو پرۆسانە بخرێنەڕوو، چونکە هەریەکە ئەو پۆلەڕەگەزانە خاوەنی ژمارەیەکی زۆری پرۆسەی وشەدروستکردنن، کە هەر یەکەیان توێژینەوەیەك و بگرە زیاتر هەڵدەگرن.

دروستکردنیان له دوو ناو یان ناوو ئاوەڵناو ... هتد دروستدەبن[263]، بەڵام بۆ نـاوی کـرداری هەمیـشە دەبێـت نـاوێکی کـرداری بەشـداری کـرداره لێکدراوەکـە بکـات. لـە خـوارەوە تـەرزەکانی وشـەی لێکـدراو بـە پێـی بەکارهێنانەکان لە (١/٢) دا دەخرێنەڕوو.

نـاوە لێکـدراوەکان بـە چـەند تـەرزێکی جیـاوازو جۆراوجـۆر دروسـتدەبن. ئـەو وشـانەی بەشـداری لـە پێکهاتەکانیاندا دەکەن ناوو ئاوەڵناوو ئـاوەڵکرداو ژمـارەو ڕادەو ... هتـدین. نـاوە لێکـدراوەکان بەیارمـەتی مۆرفیمی بەستێنەر یان بە بێ ئەو مۆرفیمە لێکدەدرێن. لێرەدا چەند تەرزێکیان دەخرێنەڕوو.

١) ناو + ناو ← ناو

وەك:

١٣٧- / مار/ + / ماسی/ ← / مارماسی/

ئەو ناوە لێکدراوانەی بە پرۆسەی ( ناو + ناو ) دروستدەبن، چەند تەرزێکی هەیە. لەوەدا هاوبەشـن، نـاو لـە زمـانی کوردیـدا ناتوانێـت دۆخـی ڕێزمـانی بـدات. لـەڕووی دەرخـەرو دەرخـراوەوە، دەشـێت دەرخـراو پێشبکەوێت، یان پاشبکەوێت. ئـەم تـەرزەی نـاوی لێکـدراو، لـە دوو نـاوی سـادە لـە چەشـنی ( دەرخـەر + دەرخراو ) پێکدێت، ناوی یەکەم دەرخەری ناوی دووەمـە، نـاوی دووەمـیش دەرخـراوەو سـەری واتـایی نـاوە لێکدراوەکەیە. ناو لە زمانی کوردیدا ناتوانێـت دۆخـی ڕێزمـانی بـدات، لێـرەدا نـاوی دەرخـراو دەبێتـە سـەری واتایی ناوە لێکدراوەکە (براونە (١٣٧) و بیـشڕوانە (٣٥)!). بـۆ ئـەوەی نـاوێکی لـەم چەشـنە دروسـتبکرێت، دەبێت سیماکانیان بە پێی بەکارهێنانەکانیان بێت، کە لە (١/٢) دا خرانەڕوو (بڕوانە نموونـەکانی (٨٦-٩٠) و بە تایبەتی سیماکانیان لە لاپەڕە (٩٤)دا!).

ئەو ناوە لێکدراوانەی، لە دوو ناو دروستدەبن، چەند چەشنێکیان هەیـە. جگـە لـە نموونـەی /مارماسـی/، زۆر جار ئەم ناوانە لە لەیەکدانی خستنەسەرو لە لەیەکدانی خستنەپاڵ، لە دوای لابردنی مۆرفیمی خستنەپاڵ دروسـتدەبن، شـوێنی ناوەکـان یـان وەکـو خۆیـان دەمێننـەوە یـان دەچـنە شـوێنی یـەکتر ( بڕوانـە/ بـراژن، مەلاژن/!) . جاری وایش هەیە مۆرفیمی خستنەپاڵ دەگۆڕدرێت بە مۆرفیمی /-ە-/، بە گۆڕینەوەی شـوێنی

[263] بڕوانە: ئەوڕەحمانی حاجی مارف، (١٩٧٩: ١٣٤-١٣٧).

ناوەکان (بڕوانە/ پەخشانەشیعر/!)، یان بە بێ ئەو گۆڕانە. (بڕوانە (٤١)!). دەیشکرێت بە هەمان دروستەی سینتاکسییەوە بچنەناو فەرهەنگەوە[٢٦٤] ( بڕوانە / دەرگای حەوشە/!).

٢) ناوی ئاوەڵناوی + ناو ← ناو

وەك:

١٣٨- / گا/ + / بەرد/ ← / گابەرد/

ناوە ئاوەڵناوییەکە سەری ڕێزمانی وشە لێکدراوەکەیە، ناوی دووهەمیش سەری واتاییە. بە وەکیەکلێکردنی سیمانتیکی novilierung لە دروستەی فرێزدا دەبێت بە فرێزی ئاوەڵناوی ( بڕوانە نموونەکانی (٩١-٩٣) و بەتایبەتی سیماکانیان لە لاپەڕە (٩٦) دا و بەراوردی بکە بە (٤٠)!).

٣) ئاوەڵناو + ناو ← ناو

وەك:

١٣٩-أ- / ڕەش/ + / مار/ ← / ڕەشمار/

ب- / ڕەش/ + / ماڵ/ ← / ڕەشماڵ/

ئاوەڵناوەکە سەری ڕێزمانی ناوە لێکدراوەکەیە. ناوەکەیش سەری واتاییە. ناوە لێکدراوەکە لە چەشنی ( دەرخەر + دەرخراو ) ە. ئەو ناوە لێکدراوانەی بەم تەرزە دروستدەبن، دەشێت خاوەنی ئەو سیما واتاییانە بن، کە لە (١/٢) لە لاپەڕە (٩٧) و (٩٨)دا بە پێی بەکارهێنانەکانیان دەستکەوتوون ( بڕوانە نموونەکانی (٨٦، ٩٤-٩٧)!).

٤) ئاوەڵناو + / -ە-/ + ناو ← ناو

وەك:

١٤٠-أ- / سەوز/ + /-ە-/ + / گیا/ ← / سەوزەگیا/

---

[٢٦٤] بڕوانە: ڕۆژان نوری، (٢٠١٣: ١٥٧-١٥٩)، بیشڕوانە: محەمەد مەعروف فەتاح، (٢٠١٠: ٢١-٢٢).

ب- / گێل/ + /-ە-/ + / پیاو/ ← / گێلەپیاو/

ئەم ناوە لێکدراوانە بە هەمان تەرزی وشەکانی / ڕەشماڵ و ڕەشمار/ ن. لەوەدا جیاوازن، ئەمەیان بە یارمەتی مۆرفێمی بەستێنەر دروستبوون. ئاوەڵناوەکە سەری ڕێزمانی ناوە لێکدراوەکەیەو بە پێی ئەلفوبێی عەرەبی لە ڕاستەوە بۆ چەپ حوکمی دۆخی ڕێزمانی دەکات ( بڕوانە نموونەکانی (١٤٠) بەکارهێنانەکانیان لە (٩٨-١٠٠) و (٨٣، ١٠٣-١٠٤) و بەراوردیان بکە بە (٣٩)!). بۆ ئەوەی ناوێك بەم تەرزە دروستبکرێت، دەشێت ئەو سیما واتاییانەیان هەبێت، کە لە لاپەڕە (١٠٠) و (١٠٤) دا خرانەڕوو.

٥) ناوی ئەبستراکت + ئاوەڵناوی ڕەنگ ← ئاوەڵناو

وەك:

١٤١- /بەخت/ + / ڕەش/ ← / بەختڕەش/

ئاوەڵناوەکە سەری ڕێزمانی وشە لێکدراوەکەیە. دەرکردەکەی وشەیەکی ئیدیۆمییە. وشە لێکدراوەکە دەتوانێت وەك یەك دروستەی سینتاکسی گۆکردنی ئاوەڵناوی هەبێت لەڕستەدا (بڕوانە (١٤١) و بەکارهێنانەکانی لە (١٠١) دا!)، بە تایبەتی بڕوانە سیما واتاییەکانی وشەکەو پێکهێنەرەکانی لە لاپەڕە (١٠٢) دا .

٦) ناو + / -ە-/ + ئاوەڵناوی ڕەنگ ← ناوی شوێن

وەك:

١٤٢- / بەرد/ + / -ە-/ + / ڕەش/ ← / بەردەڕەش/

ئەم ناوانە لە بنچینەدا دروستەیەکی سینتاکسی خستنپاڵیان هەبووە لە چەشنی (تەواوکەر + سەر ). کاتێك بوون بە وشەیەکی مۆرفۆلۆژی، مۆرفێمی خستنەپاڵی / -ی/ گۆڕاوە بۆ ناوگری / -ە-/ و هەر بە دروستەی ( تەواوکەر + سەر ) ماونەتەوە( بڕوانە (١٤٢) و بەکارهێنانەکانی لە (١٠٥) دا، بە تایبەتی بڕوانە سیماکانی وشەکەو پێکهێنەرەکانی لە لاپەڕە (١٠٦) دا، بیشڕوانە وشەی / بەردەسوور/[٢٦٥] ):

[٢٦٥] وشەی / بەردەسوور/ ناوی گەڕەکێکی قەزای کەلارە، کە ئەم قەزایە ئێستا ناوەندی ئیدارەی گەرمیانە.

٧) ناو + / –ە–/ + ناو ← ناوی گوڵ/ ناوی شت

وەك:

١٤٣–أ– / گوڵ/ + / –ە–/ + / گەنم/ ← / گوڵەگەنم/

ب– / بەرد/ + / –ە–/ + / نوێژ/ ← / بەردەنوێژ/ ( ناوی شت)

لە دروستەی ئەم ناوە لێکدراوانەدا دوو ناو بە یارمەتی مۆرفێمی بەستێنەری / –ە–/ بەشدارن و دروستەکەیان ناوێکی لێکدراوە بۆ ناوی گوڵ. دەشێت جۆری گوڵ، یان گوڵ وەکو بەری ڕووەك یان درەخت لە کۆی سیماکانی وشەکە هەبێت، وەك: / گوڵەباخ، گوڵەهێرۆ، گوڵەهەنار، .../ ( بڕوانە (١٤٣–أ) و بەکارهێنانەکانی وشەکەو پێکهێنەرەکانی لە (١٠٦–١٠٨) دا و بە تایبەتی سیماواتاییەکانی وشەکەو پێکهاتەکانی لە لاپەڕە (١٠٨) دا !)، یان دەشێت دەرکردەکە ناوی شت بێت ( بڕوانە (١٤٣–ب) و بەکارهێنانەکانی وشەکەو پێکهاتەکانی لە (٩٢، ١٠٩–١١٠) دا و بە تایبەتی بڕوانە سیماکانیان لە لاپەڕە (١٠٩) دا !).

٨) ناوی ئاوەڵکرداری + ناو/ ناوی ئاوەڵکرداری ← ناوی شوێن

وەك:

١٤٤–أ– / سەر/ + / بان/ ← / سەربان/

ب– / ناو/ + / ماڵ/ ← / ناوماڵ/

ئەم تەرزەی ناوی لێکدراو لە چەشنی ( دەرخەر + دەرخراون )، ناوە ئاوەڵکردارییەکە سەری ڕێزمانی وشە لێکدراوەکەیە ( بڕوانە (١٤٤) و بەراوردییبکە بە (٣١)!). دەشێت ئەم تەرزەی ناوی لێکدراو سیما واتاییەکانی دروستەکەو جومگەکانی بەو شێوەیە بێت، کە لە لاپەڕ (١١١) بە پێی نموونەکانی (١١١–١١٣) و لە لاپەڕە (١١٢) بە پێی بەکارهێنانەکانی نموونەکانی (١١٤–١١٦) دا خراونەتەڕوو.

٩– ئاوەڵکردار + / – ە–/ + ناوی کات ← ناوی کات

وەك:

١٤٥- / پاش/ + /-ه-/ + / ڕۆژ/ ← / پاشەڕۆژ/

ئاوەڵکردار دەتوانێت بە یارمەتی مۆرفێمی بەستێنەری /- ه- / لەپێش ناوی کاتەوە بێت و ناوی لێکدراو بۆ کات دروستبکات، کە واتایەکی نوێی هەبێت ( بڕوانە (١٤٥) و بەکارهێنانەکانی لە نموونەکانی (١١٨-١٢٠)داو بە تایبەتی بڕوانە سیماکانی وشەکەو پێکهێنەرەکانی لە لاپەڕە (١١٤) دا).

١٠) ناو + ڕەگی کردار ← ناوی کارا/ ناوی ئاوەڵناوی

وەك:

١٤٦-أ- / پیاو/ + / کوژ/ ← / پیاوکوژ/

ب- / دەست/ + / بڕ/ ڕەگی کرداری / بڕین/ ← / دەستبڕ/

ڕەگی کردار سەری ڕێزمانی ناوە لێکدراوەکەیەو حوکمی ناوەکەی پێش خۆی دەکات و لە چەشنی ( دەرخراو + دەرخەر ) ە (بڕوانە (١٤٦) و بیشڕوانە بەکارهێنانەکانی وشەکان و پێکهێنەرەکانیان لە نموونەکانی (١٢١،٨٣-١٢٢) و (١٢٣-١٢٥) و بە تایبەتی سیماکانی وشەکان و پێکهێنەرەکانیان لە لاپەڕە (١١٥-١١٦) و (١١٧)دا !).

جگە لەم تەرزە، کە جومگەی پێشەوەی ناوە، ئاوەڵناویش لە پێش ڕەگی کردارەوە بێت و ناوێکی کارای ئاوەڵناوی دروستبکات لە چەشنی ( دەرخراو + دەرخەر ) ە. ڕەگی کردار سەر ڕێزمانییە و سەری واتایی ناوە لێکدراوەکەیە. لە پێکهاتەی ئاوەڵناوەکەدا ناوێك هەیە، بەڵام بە فۆنەتیکی دەرنەبڕاوە ( بڕوانە یاسای ژمارە (١١) ی ئەم بەشەو نموونەی (١٤٧)!)

١١) ئاوەڵناو + ڕەگی کردار ← ناوی کارا/ ناوی ئاوەڵناوی

وەك:

١٤٧- / نوێ/ + / خواز/ ← / نوێخواز[٢٦٦]/ ( ناوی کاری ئاوەڵناوی )

---

[٢٦٦] ڕۆژان نوری عەبدوڵڵا، (٢٠١٣: ١٦١) نموونەکانی بۆ ئەم پرۆسەیە /نوێخواز، کۆنەپەرست، کۆنە فرۆش/ە، بەڵام وشەی /کۆنە/ لە دوو نموونەی کۆتایی ناوی هەڵگوێزراون. لە ( ناو + /-ه/ ) دروستبوون.

دەیشکرێت ئاوەڵکردار بەشداری بکات لە دروستکردنی ناوی کارای ئاوەڵناویدا، دەرکردەکەی دەشێت ناوێك بێت بۆ ئامێر ( بڕوانە (١٤٨–أ)!)، یان دەشێت ناوی شوێن بێت (بڕوانە (١٤٨–ب)!). ڕەگی کردار سەری ڕێزمانی ناوەکەیەو لە چەشنی (دەرخراو + دەرخەر ) ە، بڕوانە یاسای ژمارە (١٢)!

١٢) ئاوەڵکردار + ڕەگی کردار ← ناوی ئامێر/ شوێن

١٤٨–أ– / دوور/ + / بین/ ← / دووربین/ دوربین/[٢٦٧]

ب– / ژێر/ + / کەن/ ← / ژێرکەن /[٢٦٨] ( ناوی شوێن )

١٣) ناو + ناوی کرداری ← ناوی کرداری لێکدراو

وەك:

١٤٩–أ– / پیاو/ + / کوشتن/ ← / پیاوکوشتن/

ب– / چاو/ + / گێڕان/ ← / چاوگێڕان/

لە ڕستەی زمانی کوردیدا کردار حوکمی کەرەستەکانی تری ڕستە دەکات، بەڵام جومگە کردارییەکەی ناوی کرداری لێکدراو، ناوێکە ناتوانێت حوکمی ناوەکەی پێش خۆی بکات. ئەو ناوانەی بەشداری لە دروستەی ناوی کرداری لێکدراودا دەکەن، دەرخەری جومگەی دووهەمی وشە لێکدراوەکەن، کە ناوی کردارییە، جومگەی دووهەمیش دەرخراوە. دەبێت ئاماژە بەوە بکرێت ناوی کرداری لێکدراو دەشێت جومگەی یەکهەمی وشەیەکی سادە بێت، وەکو لە وشەی / چاوگێڕان/، یان هەڵگوێزراو بێت وەکو / ڕێگاگرتن/، لێکدراو بێت وەکو / ماستاوکردن/[٢٦٩]، بەڵام جومگەی دووهەم نابێت و ناشێت وشەیەکی لێکدراوی وەکو / *ماستاوخواردنکردن/ بێت، بەڵام یاساییە، ئەگەر جومگەی کردارەکە هەڵگوێزراو بێت، وەك لە وشەی / سەرهەڵگرتن/ دا دەبینرێت.

[٢٦٧] /دووربین/ بە گۆکردنی / دووربین/ ەوە ناوی کارایە، بەڵام بە گۆکردنی / دوربین/ ەوە ناوی ئامێرە.

[٢٦٨] ڕۆژان نوری عەبدوڵلا، (٢٠١٣: ١٦٢).

[٢٦٩] بڕوانە: ئەوڕەحمانی حاجی مارف ، (٢٠٠٠–أ: ٩٨–١٠٢) و ڕۆژان نووری عەبدوڵلا، (٢٠١٣: ١٧٤).

جیاوازی ئەم ناوە کردارییانە لە گەڵ یاسای نموونەی (١٣٧) ئەوەیە، کە ناوی کرداری، نـاوی چـالاکی و ڕوودان دروستدەکەن، بەڵام نموونەی لە چەشنی (١٣٧) نـاوی شـت و گیانلەبـەر دروسـتدەکەن. بەراوردیـشی بکە بە (١٤٦).

کردار لە ڕستەدا دەتوانێت بیرو چەمکی [ + کردە، + چالاکی، + ڕوودان ] بگەیـەنێت. بـۆ ئـەوەی نـاوی کرداری لێکدراو بیرو چەمکی [ + کردەیی ] دەربڕێت، دەشێت لە چەشنی نموونەکانی (١٤٩) بێت، بیشڕوانە بەکارهێنانـەکانی وشـەکە (١٤٩) و پێکهێنـەرەکانیان لـە (٨٣، ١٢١، ١٢٦) بـۆ / پیاوکوشـتن/ و نموونـەکانی (١٢٨–١٣٠) بۆ / چاوگێڕان/، بە تایبەتی بڕوانە سیماکانیان لە لاپەڕە (١١٩) و (١٢١) دا !

١٤) ناو + ئاوەڵناو ← ناوی شت

وەك:

١٥٠– / پەڕۆ/ + / کۆن/ ← / پەڕۆکۆن/

تەرزی ئەم ناوە لێکدراوانـە لـە دروسـتەی فرێزێکـی خـستنەپاڵەوە وەرگـیران، لـە چەشـنی (دەرخـراو + دەرخەر) ن. ناوەکە سەری واتاییەو ئاوەڵناوەکەی سەری ڕێزمانییە ( بڕوانە (١٥٠) و بەراوردی بکە بـە (٣٠)، پاشان بەراوردیان بکە بە (١٣٩،١٤٠)!).

١٥) ناو + /–ە–/ + ئاوەڵناو ← ناوی تایبەتی

وەك:

١٥١–أ– / ئازاد/ + /–ە–/ + / ڕەش/ ← / ئازادەڕەش/

ب– / مێرگ/ + /–ە–/ + / سوور/ ← / مێرگەسوور/

دروستەی ئەم ناوە لێکدراوانـە لـە چەشـنی ( دەرخـەر + دەرخـراون )، ناوێکـە تایبـەتکراوە بـە کەسـێك (بڕوانە(١٥١–أ)!)، یان شوێنێکەوە ( بڕوانـە(١٥١–ب)!)، ناوەکـە سـەری واتاییـەو ئاوەڵناوەکـەیش سـەری ڕێزمانییە. بەراوردیان بکە بە (١٥٠).

١٦) ژمارە + ناو ← ناوی گیاندار/ ناوی ئاوەڵناوی

وەك:

١٥٢- أ- / هەزار/ + / پێ/ ← / هەزارپێ/

ب- / چوار/ + / چاو/ ← / چوارچاو/

ئەم ناوە لێکدراوانە لە چەشنی ( دەرخەر + دەرخراون ) ( بڕوانە (١٥٢-أ)!)، جاری وایش هەیە دەرکردەکەی ناوێکی ئاوەڵناوییە ( بڕوانە (١٥٢-ب)!).

١٧) ژمارە + ژمارە ← ناو[٢٧٠]

وەك:

١٥٣- أ- / دوو/ + / شەش/ ← / دووشەش/

ب- / دوو/ + / سێ/ ← / دووسێ/

ئەم ناوە لێکدراوانە لە تەرزی ( دەرخەر + دەرخراون )، زۆرتر بۆ کەرەستەکانی یاریکردن بە کاردەهێنرێت ( بڕوانە (١٥٣)!).

ناوی لێکدراو جگە لەو پرۆسانەی سەرەوە، لە ڕێگەی چەند بەستێنەرێکەوە دروستدەکرێن. هەندێك لەو وشانەی بەشداری لە پێکهاتەکانیاندا دەکەن، وشەی بێواتان، یان لە ئەمڕۆدا واتایان نەماوە. تەرزێکی تریش دووبارەکردنەوەی وشەیە. چەند تەرزێکی تریش هەن ( بڕوانە خوارتر)!

١٨) ئاوەڵکردار + /-ە-/ + ناو ← ناو[٢٧١]

وەك:

١٥٤- أ- / پاش/ + /-ە-/ + / لەقە/ ← / پاشەلەقە/

ب- / پاش/ + /-ە-/ + / ڕۆژ/ ← / پاشەڕۆژ/

---

[٢٧٠] ڕۆژان نوری عەبدوڵلا، (٢٠١٣: ١٦٣) وشەکانی / دووسێ، سێچوار، چوارپێنج، هەشتنۆ، ... هتد/ ی وەکو ناوی لێکدراو خستووەتەڕوو، بەڵام ئەو وشانە ژمارەی لێکدراون، نەك ناوی لێکدراو، وەك: دووسێ کتێبم کڕی.

[٢٧١] ئەوڕەحمانی حاجی مارف، (١٩٧٩: ١٣٦).

١٩) ناو + /ـەـ/ + دووبارەکردنەوەی هەمان ناو ← نــاوی کردەیی

ئـەم نـاوە لێکدراوانـە سـەری ڕێزمانیـان نیـە، بـە پرۆسـەیەکی مۆرفۆلـۆژیی ڕاسـتەقینە دروسـتبوون ( بڕوانە(١٥٥)!).

١٥٥- أ- / کەر/ + /ـەـ/ + / کەر/ ← / کەرەکەر/

ب- / چاو/ + /ـەـ/ + / چاو/ ← / چاوەچاو/

٢٠) ناوی دەنگ + /ـەـ/ + دووبارەکردنەوەی هەمان وشە ← ناو

وەك:

١٥٦- أ- / قیڕ/ + /ـەـ/ + / قیڕ/ ← / قیڕەقیڕ/

ب- / گار/ + /ـەـ/ + / گار/ ← / گارەگار/

٢١) ئاوەڵناو + /ـەـ/ + دووبارەکردنەوەی هەمان ئاوەڵناو ← نــاو

وەك:

١٥٧- أ- / لار/ + /ـەـ/ + / لار/ ← / لارەلار/

ب- / خاو/ + /ـەـ/ + / خاو/ ← / خاوەخاو/

٢٢) ڕەگی کردار + /ـەـ/ + دووبارەکردنەوەی هەمان ڕەگی کردار ← نــاو

وەك:

١٥٨- أ- / لەر/ + /ـەـ/ + / لەر/ ← / لەرەلەر/

ب- / تەق/ + /ـەـ/ + / تەق/ ← / تەقەتەق/

٢٣) ناو + /ـوـ/ ناو ← نــاو

لەم ناوە لێکدراوانە دەرخەرو دەرخراو نیین. ناوەکان دەبنە تەواوکەری یەکتر. ئەم ناوە لێکدراوانە، دەشێت لە دوو ناوی پەیوەندیدار بەیەکەوە بێت وەکو /ژنومال، گەنوگوو/، یان دوو ناوی دژبەیەك بێت وەکو /لەرزوتا، بەرزونزم/، یان دوو ناوی ئەندامی لەشی مرۆڤ وەکو /دەموچاو/، یان دوو ناوی شوێن وەکو /جێوڕێ/[٢٧٢] ( بیشروانە نموونەکانی (٤٨)!).

### ٣/٢) بەربەستەکانی وشەدروستکردن

هەرچەندە زمانەوانی نوێ پێیوایە زمان خۆی بەبەرهەمەو پرۆسەو یاساکانی زمان یاسابەندن، ئەم بەبەرهەمییە بۆ پرۆسەکانی وشە دروستکردنیش ڕاستە لە زمانی کوردیدا پرۆسەو یاساکان بۆ تاکە وشەیەك دانانرێت, بەڵکو دەتوانرێت بە پرۆسەیەکی وشەدروستکردن چەندین وشە دروستبکرێت. پرۆسەکانی وشەدروستکردن و وشەداهێنان جۆراوجۆرن. وشە داهێنان یاسا گۆڕە, بە ئەنالۆژی وشەکان بەرهەمدەهێنێت, بەڵام وشە دروستکردن پەیڕەوی یاسا مۆرفۆلۆژییەکان دەکات, کەواتە وشەدروستکردن/وشەبەرهەمهێنان و وشەداهێنان لەوەدا جیاوازن, کە وشەدروستکردن بەپێی یاسایە و یاسا بەندەو دەتوانرێت چەندین وشە بەو پرۆسەیە دروستبکرێت, بەڵام وشە داهێنان یاساگۆڕە، بە ئەنالۆژی وشە دروستدەکات[٢٧٣]. دەبێت ئاماژە بەوە بدرێت کە لە پرۆسەکانی دروستکردن و داهێنانی وشەدا چەند بەربەستێك هەن, کە لە ڕووی واتاو فۆنۆلۆژییەوە لە بەردەم وشەدروستکردندا دەبنە بەربەست ، بەربەستەکانیش ئەمانەن:

#### ٢/٣-١) بەربەستی فۆنۆلۆژییانە Phonological constraints

لایەنی فۆنۆلۆژی لە زمانی کوردیدا زۆر بەکەمی دەبێتە بەربەست لەبەردەم پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکاندا. لە مۆرفێمە شکێنەرەوەکاندا ئەلەمۆرف بەربەستەکە دەشکێنێت[٢٧٤], لەبەر ئەوە مۆرفێمە هەڵگوێزەرەکانی وەك پاشگرەکانی/-ەوان/ و/ -وان / بە ئەلەمۆرفی یەکتردادەنرێن, واتە بەگشتی بڕگەی کۆتایی دەبێتە بەربەست لەبەردەم وشەدروستکردندا (بڕوانە نموونەکانی خوارەوە!).

---

[٢٧٢] بڕوانە ڕۆژان نوری عەبدوڵڵا، (٢٠١٣: ١٦٦- ١٦٧).

[٢٧٣] بڕوانە: ١- نەرمین عومەر ئەحمەد، (٢٠١٠: ١٤).

٢- ساکار ئەنوەر حەمید، (٢٠٠٩: ٢٧).

[٢٧٤] بڕوانە: نەرمین عومەر ئەحمەد، (٢٠١٠: ٢٠).

١٥٩-أ- / باخ/ + /-ەوان/ ← / باخەوان/

ب- / فڕۆکە/ + /-ەوان/ ← / فرۆکەوان/

پ- / مەلە/ + /-وان/ ← / مەلەوان/

هەروەها بۆ وەرگرتنی وشەیەك لە زمانێکەوە بۆ زمانی کوردی دەبێت پەیڕەوی فۆنۆتاکتیك و یاسا دەنگییەکانی زمانی کوردی بکرێت، بۆ نموونە وشەیەکی وەکو /samsung/ دەبێت لە زمانی ئینگلیزییەوە وەربگیرێت نەك لە زمانێکی وەکو عەرەبییەوە, کە دەنگی / نگ/ لە زمانەکەدا نییەو دەبێتە/ سامسۆنج/. واتە دەبێت کورد وشەی/ سامسۆنگ/ وەربگرێت, نەك /سامسۆنج/، چونکە دەنگی / نگ/ لەزمانی کوردیدا هەیە ودەتوانرێت گۆ بکرێت.

وشەیەکی وەك /*مارمێلکەماسی/ ئەگەر لە ڕووی یاسای مۆرفۆلۆژی ( ناو + ناو ) ەوە ڕێگەپێدراو بێت و ئەگەر هەندێك سیمای ماسیش وەك [ + ساف و لووس ] لە هەندێك جۆری مارمێلکەیشدا هەبێت، واتە ئەگەر لە ڕووی واتایشەوە دروست بێت، ئەوا مۆفۆلۆژی ڕێگە لەم وشەیە دەگرێت، چونکە جومگەی یەکەمی وشەکە فرەبڕگەیەو دەرکردەکەیشی وشەیەکە، کە بڕگەکانی زۆرن.

## ٢/٣-٢) بەربەستی مۆرفۆلۆژییانە **Morphological constraints**

هەرچەندە مۆرفێم و مۆرفۆلۆژی پەیوەندییان بە واتاوە هەیە, چونکە قوتابخانە زمانەوانییە نوێیەکان, هەموویان هاوڕان لەسەر ئەوەی, کە مۆرفێم بچووکترین یەکەیە لە دروستەی وشەدا, کە واتاو بەجێهێنانی ئەرکی هەیە[٢٧٥], بەڵام هەندێك بەربەست هەن لەبەردەم وشە دروستکردندا, دەشێت بە بەربەستی مۆرفۆلۆژییانە دابنرێت. بۆ نموونە زۆرجار مۆرفێمە ڕەسەنەکان جیاواز لە مۆرفێمە بیانییەکان، هەڵسوکەوتی جیاوازیان هەیە[٢٧٦]. دەکرێت هەندێك لاگر تەنیا بەو بناغانەوە بلکێن, کە ڕەگەزی ڕەسەنیان هەیە, بۆ نموونە پاشگری/ -ندە/ بەو وشانەوە دەلکێن, کە وشەی هاوبەشی زمانی کوردی و فارسین (بڕوانە(١٦٠)!). هەروەها پاشگری/-چی/ لە پاشگرەکانی تر زیاتر بەو ناوانەوە دەلکێت کە وشەی ڕەسەنی زمانی کوردی نین (بڕوانە(١٦١)!).

---

[٢٧٥] حاتم صالح الضامن، (١٩٨٩: ٥٨).

[٢٧٦] Katamba, (٢٠٠٦: ٧٧).

١٦٠-أ- / كوشندە/

ب- / بەخشندە/

١٦١-أ- / چايچى/

ب- / تەنەكەچى/

### ٣/٢-٣) بەربەستى سينتاكسى Syntactic constraints

مۆرفێمە سینتاکسییەکان, چۆن لە سینتاکسدا بەکاردەهێنرێن, کاتێك وەك يەكەيەكى مۆرفۆلۆژی بەکاردەهێنرێن، لە وشەدروستکردندا پەیڕەوی یاسا سینتاکسییەکان دەکەن. بۆ نموونە مۆرفێمی ناکردنی/نە-/ لە سینتاکسدا زۆرتر وەك پێشگر دەردەکەوێت واتای نەرێ/ نەکردنی هەیە, لە وشەدروستکردنیشدا وەك پێشگر دەردەکەوێت واتای نەرێ/ سلبی تێدایە. لەوەدا جیاوازن لە سینتاکسدا بە گشتی بە کردارەوەن، بەڵام لە وشەدروستکردندا جگە لە ڕەگی کردار زۆر لە گەڵ ناوەڵناودا دەردەکەون (بڕوانە(١٦٢)!).

١٦٢-أ-/ نەخۆش، نەزان، .../

ب- نەچیت بۆ سەیران.

پ- لە ماڵ دەرنەچیت.

### ٣/٢-٤) بەربەستى سيمانتيكى Semantic constraints

لە (١/٢) دا بە پێی بەکارهێنان وشەی نادەو پێکهێنەرەکانی لە ڕستەو تاڕادەیەکیش لە مۆرفۆلۆژیدا بەکارهێنران و سیماکانیان خراونەتەڕوو. بە پێی سیما واتاییەکانی وشەو لاگرەکان دەشێت بگوترێت ئەو وشانەی دروستدەکرێن، دەبێت لە ڕووی واتاوە لەگەڵ یەکتریدا بگونجێن[٢٧٧]، بۆ نموونە کردارێکی لێکدراو[٢٧٨], کە جومگەی یەکەمی ناو بێت, دەبێت لە ڕووی واتاوە جومگەکانی ڕێگەپێدراوبن (بڕوانە( ئەزمونکردن)!).

---

[٢٧٧] هەندێك وشە لە زماندا ئیدیۆمن. واتە وشە نادەکان جومگەکانیان بە واتای خۆیان بەکارنەهێنراون و پەیوەندییان بە واتای جومگەکانیانەوە نییە.

[٢٧٨] بڕوانە: یووسف شەریف سەعید، (٢٠١٣-ب).

یان بۆ نموونە ئەو پاشگرانەی کە دەچنە سەر ناوو ناوی شوێن دروستدەکەن, دەبێت لە ڕووی واتاوە پاشگرەکە لەگەڵ ئەو ناوەدا بگونجێت (بڕوانە نموونەکانی (١٦٣) و (١٦٤) و بەراوردیان بکە بە (١٦٥)!).

١٦٣-أ-/ کوردستان/ ( وڵاتێك، شوێنە کوردانە )

ب-/ ئەرمەنستان/ ( وڵاتێك، کە شوێنی ئەرمەنەکانە )

پ-/ دارستان/ ( شوێنێکی فروان، کە ژمارەیەکی زۆر داری لێیە )

ت-/ گۆڕستان/ ( شوێنێکی فراوان، کە ژمارەیەکی زۆر گۆڕی لێیە )

١٦٤-أ-/ شەکردان/ ( کەرەستەیەك بۆ پاراستن و بەکارهێنانی شەکر )

ب-/ گوڵدان/ ( کەرەستەیەك بۆ هەڵگرتنی گوڵ )

پ-/ ئاگردان/ ( شوێنێك بۆ تێداکردنەوەی ئاگر )

ت-/ خوێدان/ ( کەرەستەیەك بۆ پاراستن و بەکارهێنانی خوێ )

١٦٥-أ-/* خوێستان/ ( شوێنێکی فراوان نییە، کە خوێی تێدا هەڵبگیرێت )

ب-/* گۆڕدان/ ( کەرەستەیەك نییە بۆ بەکارهێنانی گۆڕ )

پ-/* مۆمستان/ ( شوێنێکی فروان نییە، کە مۆمی تێدا بێت )

ت-/* شاردان/ ( کەرەستە/ شوێنێك نییە بۆ شار )

لەنموونەکانی سەرەوەدا درك بەوە دەکرێت, کە وشەکانی (١٦٣) ناوی شوێنی گەورەو وڵات دروستدەکەن, بەڵام وشەکانی (١٦٤) ناوی شوێنێکی بچووك و کەرەستە دروستدەکەن. /کوردستان و ئەرمەنستان/ ناوی وڵاتن, / دارستان و گۆڕستان/ یش ناوی شوێنێکی فراوانن, پەیوەست بەمەوە وشەکانی (١٦٥) ڕێگەپێنەدراون, چونکە سیماکانی پاشگرەکان ڕێگە بەوە نادەن، وشەی لەو چەشنە لە زماندا

دروستبکەن, دەشێت سیماکانی پاشگرەکانی/–ستان/ و /–دان/ پەیوەست بە بەکارهێنانەکانیانەوە بەم شێوەیە بن[279].

| /–ستان/ | /–دان/ |
|---|---|
| + شوێن | ± شوێن |
| + فراوان | ± کەرەستە |
| ± وڵات | – فراوان |
| | + تێدا پاراستن |

بەربەستێکی تری سیمانتیکی، بوونی وشەیەك لە زماندا بەربەستە لەبەردەم دروستکردنی وشەیەکی تر بە هەمان واتا. ئەمە بە بلۆککردنیش ناو دەبرێت، بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا بوونی وشەی / پیس/ بەربەستە لەبەردەم دروستکردنی وشەی/*ناپاك/ بەواتا فەرهەنگییەکەی[280]. هەرچەندە پێشگری/ نا–/ لە زمانی کوردیدا دەتوانێت چەند وشەیەك دروست بکات، بەرانبەر بە وشەیەکی تری زمان بە واتای دژەکەی[281] (بڕوانە نموونەکانی (١٦٦)!).

١٦٦–أ– / ناخۆش/ ( بەرانبەر بە وشەی / خۆش/ )

ب– / ناڕەسەن/ ( بەرانبەر بە وشەی / ڕەسەن/ )

## ٥–٣/٢) بەربەستی جوانکاری/ ئیستاتیکی Aesthetic constrints

لایەنی ئیستاتیکی زمان پەیوەستە بە کۆمەڵەوە. واتە کۆمەڵ ڕێکدەکەوێت لە سەر گۆڕینی وشەیەك بە وشەیەکی تر، کە تا ڕادەیەکی زۆر واتاکانیان لەیەکەوە نزیکن. ئەمەیش لەبەر ئەوەی وشەکە، یان جومگەیەکی وشەکە واتاکەی نزیکە لە واتای وشەیەکی تر، کە بە لای کۆمەڵەوە پەسەند نییە. بۆ نموونە دەتوانرێت لە کرداری /چاوگێڕان/، ناوی کارای /*چاوگێڕ/ دروستبکرێت، بەڵام لەبەر ئەوەی ڕەگی کردارەکە

---

[279] بڕوانە: نەرمین عومەر ئەحمەد, (٢٠١٠: ٨٦–٨٩).

[280] هەندێك وشە لە زماندا واتای ئیەمییان هەیە. جومگەکانی بە واتای فەرهەنگییان بە کارنەهاتوون.

[281] بڕوانە: ساکار ئەنوەر حەمید، (٢٠٠٩: ٣٤–٣٥) و (محەمەدی مەحویی، (٢٠١٤: ١٢٩).

له گەڵ ئاوەڵناوی /گێڕ/ بە واتای [ خوار یان لار ] هاودەنگە، ئەم تایبەتمەندییە وشەی / چاوگێڕ/ ی بلۆککردووە. لە بەرانبەر ئەمە وشەی /چاودێر/ دروستکراوە. لەمەیشەوە ناوی ئەبستراکتی / چاودێری/ و لەمەیشەوە کرداری /چاودێریکردن/ دروستکراوە.

## بەشی سێهەم

## تاقیکردنەوەو هەڵسەنگاندن

لێکدان و هەڵگواستن دوو ڕێگەی سەرەکیی دروستکردنی وشەکانی زمان و داهێنانی وشە نوێیەکانە[٢٨٢]. فەرهەنگی وشەکانی زمان بەردەوام لە فراوانبووندان و وشەی نوێیان بە پێی بیرو شتی نوێ بۆ زیاددەکرێت. لە زمانی کوردی ئەمڕۆدا، لەبەر هاتنەناوەوەی شت/ کەرەستەو داهێنراوی نوێ و گەشەکردنی بیرو چەمکەکان و ئاشنابوونی کۆمەڵگای کوردی بەو شت و داهێنراوە نوێیانەو بەو بیرو ئایدیاو چەمکانەو گەلێك هۆکاری تر، وشەو زاراوەی نوێ بەرانبەر بەو شت و چەمکانە داهێنراون. ئەو وشانەی تازە دروستکراون، بەشێکیان بە پێی پرۆسەکانی وشەدروستکردن لە زمانی کوردیدا دروستکراون و بوون بە وشەی فەرهەنگی، یان لە قۆناغی گواستنەوەدان بۆ ناو فەرهەنگی زمانی کوردی، بەشێکی تریان بە پێی پرۆسەکانی دروستکردنی وشە لە زمانی کوردیدا دروستنەکراون، جا ڕێژەی بەکارهێنانیان لە زماندا زۆر بێت، یان کەم، لە فەرهەنگدا تۆمارکرابن یان نا. لەم بەشەی توێژینەوەکەدا، بە پێی پرۆسەکانی وشەدروستکردن لە زمانی کوردیداو لەسەر بنەمای کارو ئەنجامەکانی بەشی دووەم، بەشێك لەو وشە تازانە لە دوو پاردا تاقیدەکرێنەوەو هەڵدەسەنگێندرێن، پارێك بۆ ئەو وشانە بە پێی پرۆسەکانی وشەدروستکردن لە زمانی کوردیدا دروستکراون، پارێکی تر بۆ ئەو وشانەی بە پێی ئەو پرۆسانە بەرهەمنەهێنراون.

### ١/٣) وشەی دروستبوو بە پێی یاساکانی وشەدروستکردن

هەر وەك چۆن لە بەشی دووهەمدا وشەکانی زمان بە پێی بەکارهێنان تاقیکرانەوەو پرۆسەو یاساکانیان دەستنیشانکران، لەم پارەدا ئەو وشە نوێیانە تاقیدەکرێنەوە، کە بە پێی پرۆسەکانی وشەدروستکردن لە زمانی کوردیدا داهێنراون.

### ١/٣–١) / بەرکەوتە/[٢٨٣]

[٢٨٢] ئەم دوو ڕێگەیە بۆ دروستکردنی وشە لە زماندا ڕێگەی سەرەکین، ڕێگەی تری وشەدروستکردن هەن، ( بڕوانە (بەشی یەکهەم)!).

[٢٨٣] ئەم وشەیە لە کەناڵی ئاسمانی nrt بەکارکاتووە، دەیششێت وەکو وشەیەکی گشتیش بە کارهاتبێت، چونکە ئەم یاسایەی دروستکردنی وشە لە زمانی کوردیدا تا ڕادەیەك بەرهەمدارە.

یەکێك لە پرۆسەکانی دروستکردنی ناوی کارای ئاوەڵناوی، ( قەدی کردار + /–ە/ ) یە. ئەم پرۆسەیە بۆ کردارە تێنەپەڕەکانەو لە کردارە سادەو ناسادەکاندا دەبینرێت. کاتێك ئەم پاشگرە لە گەڵ کرداری تێپەڕدا دێت، قەدەکە وشەیەکی واتاداری لە پێشەوە بێت. وشەکەیش بەر ئەو کارە کەوتووە، کە لە واتای قەدەکەدا هەیە[٢٨٤]. وشەی /بەرکەوتە/ و چەندین وشەی تری فەرهەنگی لە زمانەکەدا بەم پرۆسەیە دروستکراون، بڕوانە (نموونەکانی (١٦٧)!).

١٦٧–أ– / مردە/ لە قەدی کرداری / مردن/ ەوە

ب– / کەوتە/ لە قەدی کرداری / کەوتن/ ەوە

پ– / چووە/ لە قەدی کرداری / چوون/ ەوە

ناوی کارای / بەرکەوتە/ لە کرداری هەڵگوێزراوی / بەرکەوتن/ ەوە وەرگیراوە، پاشان بە یارمەتی پاشگری /–ە/ ی کارایی ناوە کردارییەکە بووە بە ناوی کارا، بۆ ئەم پرۆسەیەیش چەند نموونەیەك دەکرێتە بەڵگە، بڕوانە (نموونەکانی (١٦٨)و (١٦٩)!).

١٦٨–أ– / پەککەوتە/ لە قەدی کرداری / پەککەوتن/ ەوە

ب– / بەرکەوتە/ لە قەدی کرداری / بەرکەوتن/ ەوە

١٦٩–أ– { بەرکەوتەی من } ( ئەو بەشەی بەرمن دەکەوێت )

ب– من لە کۆی پارەکە سەد دۆلارم بەردەکەوێت. ( بەرکەوتەی لە پارەکە سەد دۆلارە)

پ– ئەو خۆی کارەکەی کردووەو هەموو قازانجەکەی بەردەکەوێت. ( هەموو قازانجەکە بەرکەوتەی خۆیەتی )

ت– خانووەکانی ئێمە بەر پرۆژەکە دەکەون. (* خانووەکانی ئێمە بەرکەوتەی پرۆژەکەن )

ج– ئەو خۆی جوانە، هەموو کراسێکی لێدێت. / لێهاتن/

---

[٢٨٤] بڕوانە: ئەوڕەحمانی حاجی مارف ، (٢٠٠٠–أ: ١١٤–١١٥).

چ– خانووی دوو قات پەنجەرەی گەورەی لێدێت.          / لێهاتن/

بە پێی ئەم شیکردنەوانە وشەی / بەرکەوتە/ لە ڕووی یاساوە هەمان یاسای وشەکانی /مردە، چووە، کەوتە/ و بە تایبەتی / پەککەوتە/ ی هەیەو لە ڕووی سیمانتیکیشەوە هەمان واتای ئەو وشانەی هەیە. وشەی / بەرکەوتە/ لە ڕووی واتاوە ناوێکە بۆ ئەو بەشەی بەر کەسێك یان شتێك دەکەوێت، لەبەر ئەوە بە ڕادەیەکی زۆر لە وشەیەك دەچێت، کە بە پێی یاساکانی مۆرفۆلۆژی کوردی و سیمانتیکی کوردی بەرهەمهێنرابێت و ڕێگا پێدراوەو گلەو گازاندەی لە سەر نییە. دەبێت ئەوەیش بزانرێت، پاشگری /–ە/ دەچێتە کۆتایی قەدی کرداری تێپەڕو ناوی کراوی ئاوەڵناوی دروستدەکات. ئەم پرۆسەیەی دواییان تا ڕادەیەك جیاوازە لەوەی پێشوو، چونکە هەرچەندە لە ڕووی یاسای مۆرفۆلۆژییەوە لە یەك نزیکن، بەلام لە ڕووی سیمانتیکەوە جیاوازن. وشەکانی ئەم پرۆسەیە لە کرداری سادەی تێپەڕەو دروستدەکرێن[٢٨٥]، بڕوانە (نموونەکانی (١٧٠)!).

١٧٠–أ– / کوشتە/          ( کەسێك/ گیانلەبەرێك، کە کوژراوە )

ب– / گوتە/          ( دەربڕینێك، کە گوتراوە )

پ– / کردە/          ( کردەیەك، کە کراوە )

ت– / بردە/          (شتێك، کە براوە )

ج– کوشتەی دەستی ڕۆژارم.

چ– کردەی منەو گوتەی تۆ.

## ٣/١–٢) / خۆژێن/[٢٨٦]

ناوی کارای ئاوەڵناوی لێکدراو لە کردارە تێپەڕەکان دروستدەکرێت، واتە دەبێت وشەیەکی واتادار لە پێش ڕەگی کردارەکانەوە بێت، کە لە ڕووی سیمانتیکەوە بەرکاری کردارەکە بێت. ئەم پرۆسەی ( ناو/ جێناو + ڕەگی کردارە )، پرۆسەیەکی بەبەرهەمەو چەندین وشە لە فەرهەنگی زمانی کوردی بەم پرۆسەیە

[٢٨٥] بڕوانە: ئەورەحمانی حاجی مارف ، (٢٠٠٠–أ: ١٢١).

[٢٨٦] ئەم وشەیە لە کەناڵی ئاسمانی ڕووداوەوە وەرگیراوە.

دروستبوون. پەیوەست بە یاسای دروستبوونی وشەی / خۆژێن/ ەوە چەند وشەیەك دەخرێنەڕوو، کە / خۆ/ وەك جومگەی یەکەمی ناوی کارای ئاوەڵناوی بەشداری لە پێکهاتەکەیدا کردووە (بڕوانە نموونەکانی (١٧١)!).

١٧١-أ- / خۆکوژ/ ( کەسێك خۆی خۆی بکوژێت )

ب- / خۆخۆر/ ( کەسێك خۆی خۆی بخوات )

پ- / خۆگر/ ( کەسێك خۆی بگرێت )

ت- / خۆبەخش/ ( کەسێك خۆی ببەخشێت )

ج- /خۆدەرخەر/ ( کەسێك خۆدەربخات و خۆی بخاتە پێش چاو )

ئەو نموونانەی (خرانەڕوو) لە ( خۆ + ڕەگی کردار ) دروستبوون. دەشێت خۆ لەگەڵ قەدی کرداریش ناوی کارای ئاوەڵناوی دروستبکات. بڕوانە / خۆویست/، بە واتای کەسێك تەنها خۆی بوێت.

ئەو نموونانە خرانەڕوو / خۆ/ لە گەڵ ڕەگی کرداری تێپەڕدا ناوە ئاوەڵناوییەکەی دروستکردووە، بەم پێیە دەبێت / ژێن/ یش ڕەگی کرداری تێپەڕ بێت. پرۆسەی گۆڕینی کرداری تێنەپەڕ بۆ کرداری تێپەڕ بە یارمەتی پاشگری /-اند/ پرۆسەیەکی زۆر بەبەرهەمە لە زمانی کوردیدا، کەواتە / ژێن/ ڕەگی کرداری /ژیاندن/ ە، کە لە ناوی کرداری / ژیان/ ەوە دروستکراوە، بڕوانە نموونەکانی (١٧٢)!

١٧٢-أ- / خەوتن/ + /-اند/ ← / خەواندن/

ب- / سووتان/ + /-اند/ ← / سووتاندن/

پ- / ڕژان/ + /-اند/ ← / ڕژاندن/

ت- / ژیان/ + /-اند/ ← / ژیاندن/

بە پێی نموونەکان / خۆژێن/ لە ڕەگی کرداری تێپەڕ بە هەمان یاسا وشەکانی / خۆکوژ، خۆخۆر، خـۆگر، خۆبەخش/ دروستکراوە، کەواتە / خۆژێن/ لە ڕووی یاساکانی مۆرفۆلـۆژی و سـیمانتیکی وشەدروسـتکردنەوە وشەیەکی ڕاست و ڕێگەپێدراوەو گلەو گازاندە لە یاسای دروستکردنی نییە.

## ٢/٣) وشەی دروستبوو دژ بە یاساکانی وشەدروستکردن

ئەو وشانەی لەم پارەدا تاقیدەکرێنەوە، بە هەمان ئەو هەنگاوانـەدا دەڕۆن، کـە لـە پـاری یەکهـەمی ئـەم بەشەدا بۆ وشەکانی پارەکە تاقیکراونەتەوە. وشەکان وشەی گشتین و لە ناو کۆمەڵدا بەکاردەهێنرێن، یان لە بواری ڕاگەیاندندا بەکاردەهێنرێن. لە خوارەوە وشەکان تاقیدەکرێنەوەو هەڵدەسەنگێندرێن!

### ٢/٣–١) /* ئەزموونکردن/[287]

ئەم وشەیە ناوێکی کرداری لێکدراوە. لە دوو جومگـە دروسـتبووە. جومگـەی یەکهـەم ناوێکـەو جومگـەی دووهەم ناوێکی کردارییە. واتە ئەم وشەیە بە پێی پرۆسەی ( نـاو + نـاوی کـرداری ) دروسـتکراوە، بـەڵام بـۆ ئەوەی بزانریت تا چەند وشەیەکی دروستە، دەبێت بە پێی بەکارهێنانی وشەکەو جومگەکانی لە سـینتاکس و مۆرفۆلۆژیدا تاقیبکرێتەوەو لە ڕووی واتاوە سیماکانی بخرێتەڕوو.

/ ئەزموون/ ناوێکی ئەبستراکتە، لـە ڕووی مۆرفۆلۆژییـەوە لـە گـەڵ چـەند وشـەیەکدا دێـت و دەبینرێـت. دەشـێت ئـەو دروسـتەیەی وشـەی / ئـەزموون/ بەشـداری تێـدا دەکـات، وشـەیەکی مۆرفۆلـۆژیی بێـت، یـان سینتاکسی، واتـە دەشـێت بەشـداری لـە دروسـتەیەکدا بکـات و ببێتـە وشـەیەکی فەرهـەنگی، یـان تـەنها لـە سینتاکسدا بەکاربهێنرێت، بڕوانە (نموونەکانی (١٧٣)و(١٧٤)!).

١٧٣–أ– / ئەزمووندار/ [ + کەسێکی بە ئەزموون ]

ب– / بەئەزموون/ [ + کەسێکی ئەزمووندار ]

١٧٤–أ– پیاوێکی ئەزمووندارەو چەندین ساڵە لەو بوارەدا کاردەکات. [ + شارەزایی ]

ب– پیاوێکی بە ئەزموونەو چەندین ساڵە لەو بوارەدا کاردەکات. [ + شارەزایی ]

---

[287] ئەم وشەیە، وشەیەکی گشتییەو لە کەناڵی ئاسمانی ڕووداویش بەکارهاتووە.

پ– پیاوێکە چەندین ساڵە لەو بوارەدا کاردەکات، ئەزموونێکی زۆری هەیە. [+ شارەزابوون]

ت– * دوێنێ دەستیداوەتە ئەو کارەو ئەزموونێکی زۆری لێی هەیە. [ + ماوەی زۆر ]

/ کردن/ ناوی کردارێکە دەتوانێت لە گەڵ ناوو ئاوەڵناودا وشەی مۆرفۆلۆژی نوێ دروستبکات و وەك ناوی کرداری و بە واتایەکی نوێوە لە فەرهەنگدا تۆماربکرێت. بۆ دەرهێنانی سیما واتاییەکانیان وشەی مۆرفۆلۆژی و ڕستە هێنراونەتەوە، بڕوانە (نموونەکانی (١٧٥)و(١٧٦)!).

١٧٥–أ– / نانکردن/ [ + کردنی نانە ]

ب– / سەماکردن/ [ + کردنی سەمایە ]

پ– / یاریکردن/ [ + کردنی یارییە ]

ت– / جوانکردن/ [ + جوانکردنی شتێکە بە کردەوە ]

ج– / هەڵکردن/ [ + هەڵدان/ بەرزکردنەوەی شتێك ]

چ– / زۆرکردن/ [ + زۆرکردنی شتێك ]

١٧٦–أ– نانکەرەکە نان دەکات. [ + کردەیی ]

ب– سەماکەرەکە سەما دەکات. [ + کردەیی، چالاکی ]

پ– یاریکەرەکان یاریدەکەن. [ + کردەیی، چالاکی ]

ت– ئارایشتکەرەکان بووکەکان جواندەکەن. [ + کردەیی، چالاکی ]

ج– پێشمەرگەکان ئاڵای کوردستان لە سەر چیاکان هەڵدەکەن. [ + کردەیی، چالاکی ]

چ– بۆ ئەوەی داهاتەکانیان زۆر بکەن، هەموو ڕۆژێك کاردەکەن. [ + کردەیی، چالاکی ]

بە سەرنجدانی کرداری / کردن/ لە وشە مۆرفۆلۆژی و ڕستەکاندا، درك بەوە دەکرێت، ئەم کردارە سیمایەکی دیاری هەیە، کە [ + کردەیی ]ە. لە گەڵ ئەو ناوو ئاوەڵناوانەدا بەکاردێت، کە بە کردەوە

جێبەجێدەکرێن و چالاکییەك لە جێبەجێکردنەکەیاندا هەیە ( بڕوانە / نانکردن، سەماکردن،.../!). بەڵام /* ئەزموونکردن/ کردەیی نییە، واتە کردنی ئەزموون نییەو کردەیەك نییە، کە جێبەجێبکرێت، واتە [– کردەیی و چالاکی ]یە، بۆیە ئەم ناوە لە گەڵ ئەم کردارەدا نایەت و / * ئەزموونکردن/ لە ڕووی واتاوە وشەیەکی دروست نییە. یاسای دروستکردنی وشەی نوێ لە ناوی کرداری / کردن/ بە جومگەیەکی ناوییەوەو لە گەڵ ناوی / ئەزموون/ بەم جۆرەیە:

(٣–١) یاسای دروستکردنی ناوی کرداری لە ناوی کرداری / کردن/

| ناو | + | / کردن/ | ← | ناوی کرداری |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| [ + ناو<br>+ کردەیی ] | | | | [ + ناوی کرداری<br>+ کردەیی ] |

(٣–٢) یاسای دروستبوونی وشەی / ئەزموونکردن/

| / ئەزموون/ | + | / کردن/ | ← | /* ئەزموونکردن/ |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| [ + ناو<br>– کردەیی ] | | | | [ + ناوی کرداری ] |

وشەی /* ئەزموونکردن/ لەم یاسایە لایداوە، بۆیە ڕێگەی پێنادرێت. وشەی / ئەزموون/، کە [ – کردەیی و – چالاکی ] یە، لە گەڵ وشەی / کردن/ دا نایەت، بەڵام ناوی کرداری هەڵگوێزراوی / کردنەوە/، دەتوانێت لە گەڵ ئەو ناوانەدا بێت، کە [+ کردەیی ] و [ – کردەیی ] ن، بڕوانە (نموونەکانی(١٧٧)!).

١٧٧–أ– نەخۆشەکە بە ئازارەوە ڕۆژی کردەوە. [ – کردەیی، – چالاکی ]

ب– پیاوەکە بە ترسەوە دەرگاکەی کردەوە. [ + کردەیی، + چالاکی ]

### ٣/٢–٢) /* شارەدار/[٢٨٨]

[٢٨٨] / شارەدار/ وشەیەکە لە کەناڵی ئاسمانی ڕووداو بەکارهێنراوە. لە ٢٠١٥/١/٢٣ لە کاتژمێری (٠٠:٢١) .

به تێڕوانین لە وشەکە بیر بۆ ئەوە دەچێت، بە یاسای مۆرفۆلۆژی ( ناو + پاشگر ) دروستکرابێت. بەم پێیە وا وێنادەکرێت وشەکە لە ناوێکی گشتی / شار/ و پاشگری /–دار/ یان /* –ەدار/ دروستکرابێت. لە زمانی کوردیدا پاشگر هەن، بە پیتی ڤاولْ دەسپێدەکەن، لەبەر ئەوە بە دوو شێوە دەبینرێن، وەك بۆنموونە پاشگری / –ەوان/ لە شێوەی /–ەوان/ و /–وان/ دا دەبینرێت لە نموونەیەکی وەك / باخەوان/ و / گاوان/ دا. لە زمانی کوردیدا پاشگری /–دار/ پاشگرێکی چالاکەو دەچێتە سەر ناو، ناوی هەلگوێزراوو ئاوەڵناوی هەلگوێزراو دروستدەکات[289]. ئەم پاشگرە چەند واتایەکی هەیە، بڕوانە نموونەکانی (١٧٨)!

١٧٨–أ– / گیاندار/ [ + ناو، + خاوەنداریێتی ]

ب– / ئاودار/ [ + ئاوەڵناو، + هەبوونی ئاو لە شتەکەدا/ خاوەنداریێتی ]

پ– / دوکاندار/ [ + ناو، + خاوەنی دوکان/ پیشە ]

ت– / نازدار/ [ + ئاوەڵناو، + خاوەنداریێتی ]

بۆ دەربڕینی ئەو واتایانەی لە نموونەکانی (١٧٨) دا خرانەڕوو، ئەم نموونانە دەخرێنەڕوو:

١٧٩–أ– مار گیاندارێکی ژەهراوییە. [ + خاوەنداریێتی ]

ب– میوە ئاودارەکان زۆر خۆشن. [ + ئاوەڵناو ]

پ– دوکاندارەکان مانیانگرت. [ + خاوەن پیشە ]

ت– دوکانداری پیشەیەکی خۆشە. [ + پیشە ]

ج– شیرین کچێکی نازدارە. [ + ئاوەڵناو ]

بە پێی ڕوونکردنەوەکان پاشگری /–دار/، دەشێت سیما واتاییەکانی [ + ناو، + خاوەنداریێتی، + پیشە، + ئاوەڵناو ][290] ی هەبێت. وشەی /* شارەدار/ دەشێت بە واتای خاوەنداریێتی یان پارێزەر/ بەڕێوەبەری

---

[289] بڕوانە: ئەوڕەحمانی حاجی مارف، (١٩٧٩: ١٠٨) و (١٩٩١: ٧٩).

[290] نوری علی أمین، (١٩٥٨: ٢٤–٢٥) پێیوایە پاشگری /–دار/ واتای پارێزەر دەبەخشێت.

هـەبێت، وەك لـە نموونـەكانی سـەرەوە سـیماكانی ئـەو وشـانە خرایـەڕوو، كـە پاشـگری /–دار/ بەشـدارە لـە دروستەكانیاندا.

هەندێك لەو وشانەی بە یارمـەتی ئـەو پاشـگرانەی واتـای خاوەنـدارێتی و پیـشە دەگەیـەنن، دەشـێت بـە یارمەتی پاشگری /–ی/ لە ناو خستن بكرێن بە ناوی هەڵگوێزراو. واتە دوو جار بەر پرۆسەی وشەدروستكردن دەكەون، جارێك دەكرێن بە ناوی خاوەن پیشە/ بەهرەمەندو جارێكی تـریش دەكـرێن بـە نـاوی ئـەو بـوارەی، یان شوێنەی پیشەكەی تیادا ئەنجامدەدرێت/ ناوی بەهرە (بڕوانە نموونەكانی (١٨٠)!).

| | |
|---|---|
| ١٨٠–أ– / مەلەوان/ | [ + بەهرەمەند ] |
| ب– / مەلەوانی/ | [ + بەهرە ] |
| پ– / دوكاندار/ | [ + خاوەن پیشە ] |
| ت– / دوكانداری/ | [ + جۆری پیشە ] |
| ج– /* شارەدار/ | [ + خاوەنێتی ] |
| چ– /* شارەداری/ | [ + جۆری پیشە ] |

بە پێی نموونەكانی سەرەوە، دەشێت وشەی / شارەداری/ لە ڕووی سیمانتیكەوە بەرانبـەر بـە وشـەكانی /مەلەوانی/ و / دوكانداری/ بەرهەمهێنرابێت، بەڵام خۆی لە بنچینەدا وشەی /* شـارەدار/ بـە پێـی یاسـاكانی مۆرفۆلۆژی زمانی كوردی دروستنەكراوە، چونكە پاشگرەكە لـە بنـچینەدا /–دار/ ە نـەك /* –ەدار/. وشـەی /* شارەدار/ بە پێی یاسای ( ناو + پاشـگر ) دروسـتكراوە. پاشـگری وشـەی /* شـارەدار/ دەبێـت /–ەدار/ بێت، چونكە ناشێت بگوترێت پیتی بزوێن مـۆرفیٚمێكی نـاوگرە لـە نێـوان نـاوو پاشـگر. كەواتـە /* شـارەدار/ وشەیەكە ئەگەر بە پێی سیمانتیكی كـوردی بەرهـەمهێنرابێت، تەنانـەت ئەگـەر یاسـای مۆرفۆلۆژییەكەیـشی ڕاستبێت، وەك ( ناو + پاشگر ← ناوی خاوەن پیشە )، ئەوا /–ەدار/ پاشـگرێك نییـە لـە فەرهـەنگی زمـانی كوردیـداو لـەو چەشـنە وشـانە لـە فەرهـەنگی زمـانی كوردیـدا نابینرێـت، كـە بـە یارمـەتی ئـەو پاشـگرە دروستكرابێت. بۆ دەربڕینی ئەو واتایەی لە /*شـارەدار/ دا هەیـە، /شـارەوان/ وشـەیەكی ئەگەرییـە بـە پێـی

یاساکانی مۆرفۆلۆژی و سیمانتیکی زمانی کوردی، جگە لەوەیش / شارەوانی/ وشەیەکە لە ئێستای زمانی کوردیدا بەکاردەهێنرێت.

### ٣-٢/٣) /* کۆڕۆژ/[٢٩١]

ئەم وشەیە وەکو وشەیەکی لێکدراو بەکارهاتووە. بۆ هەڵسەنگاندنی ڕاستی و دروستی وشەکە دەخرێتە بەر تاقیکردنەوە. وشەکە لە دوو جومگە پێکهاتووە، جومگەی یەکەمیان /کۆ/، کە ناوی ئەبستراکتە، لەگەڵ جومگەی دووهەم / ڕۆژ/، کە ناوی کاتە. پێکەوە وشەیەکی نوێی لێدروستکراوەو وەکو ناو بەکاردەهێنرێت.

وشەی / کۆ/ لە چەندین وشەی مۆرفۆلۆژیدا دەبینرێت، لەبەر ئەوەی وشەکە ناوە، لە وشە هەلگوێزراوەکاندا پاشگر وەردەگرێت، لە وشە لێکدراوەکانیشدا بە پێی پرۆسەکانی دروستکردنی وشە لە زمانی کوردیدا خۆی دەنوێنێت، بڕوانە (نموونەکانی (١٨١)!).

١٨١-أ- / کۆمەڵ/[٢٩٢] ( کۆی کەسەکان لە شوێنێکدا )

ب- / کۆڕەو/ ( ڕەوکردن بە کۆمەڵ )

پ- / کۆبوونەوە/ ( کۆبوونەوەی چەند کەسێك/ گیانلەبەرێك لە شوێنێکدا )

ت- / کۆکردنەوە/ ( کۆکردنەوەی کەس و شت و ئەنجامی کۆی شتەکان )

لە وشە مۆرفۆلۆژییەکانی سەرەوەدا / کۆ/ وەك وشەیەکی واتادار بەکارهێنراوە، لەگەڵ ئەوەیشدا / کۆ/ وەك پاشگر لە زمانی کوردیدا لە وشەی /* زانکۆ/[٢٩٣] دا بەکارهێنراوە، بەڵام ئەگەر / کۆ/ وەکو وشەی

---

[٢٩١] ئەم وشەیە ناوی بەرنامەیەکە لە کەناڵی ئاسمانی ڕووداو، تیایدا کۆی هەواڵەکانی ڕۆژێك دەخوێنرێنەوەو دەخرێنەڕوو. بۆ نموونە لە ڕێکەوتی ٢٠١٥/٤/٢٩ وتراوە ( بەڕێزان لە ماوەی ڕابردوو بە یارمەتی هاوکارانم بڵاوکراوەی کۆڕۆژم پێشکەشکردن).

[٢٩٢] وشەی / کۆمەڵ/ وشەیەکی هەڵگوێزراوە. بە پێی یاسای ( ناو + پاشگر ) دروستبووە. واتە ( کۆم + -ەڵ ). ئەگەر چی وشەکە لە دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستی زمانی کوردیدا بە شێوەی / کۆ/ هەیەو دەبینرێت، لە وشەی / کۆمەڵ/ دا لە شێوەی / کۆم/ دەرکەوتووە. ئەمەیش لەبەر ئەوەیە، کە پاشگری وشەکە بە پیتی ڤاوڵ دەستپێدەکات و وشە بنجییەکەیش بە ڤاوڵ کۆتایی پێهاتووە. بەڵام لێرەدا ( م ) بە شێکە لە وشەکە، چونکە لە دیالێکتی کرمانجی ژووروودا وشەکە / کۆم/ ە. کەواتە دەشێت وشەکە لە کۆندا / کۆم/ بووبێت و پاشان گۆڕانکاری بە سەردا هاتبێت و بووبێت بە / کۆ/. بۆ ڕاستی و دروستی ئەم بۆچوونەیش پێویستی بە لێکۆڵینەوەی ئیتیمۆلۆژیانە هەیە، کە لەم توێژینەوەیەدا جێگەی نابێتەوە.

[٢٩٣] بڕوانە: ئەوڕەحمانی حاجی مارف ، (٢٠٠٠-ب: ٦-١٠).

واتادار/ ناو دابنرێت، ئەوە وشەی / زانکۆ/ وشەیەکی ڕاستودروست نییەو بە پێی پرۆسەکانی وشەدروست کردنی زمانی کوردی دروستنەکراون ( بڕوانە یاسای { ناو + ڕەگی کردار } !)، بەڵام ئەم وشەیە ئێستا لە زمانی کوریدا بەکاردەهێنرێت بەرانبەر بە / زانستگا/، واتە وشەی /* زانکۆ/ پێچەوانەی ئەم یاسایەیەو بەم چەشنەیە:

١٨٢- /* زانکۆ/

یاسای (٣-٣) ڕەگی کردار + ناو ← ناو

/ زان/ + / کۆ/ ← /* زانکۆ/

/ کۆ/ وەك وشەیەکی بنجی یەك مۆرفێمی و وەك وشەی هەلگوێزراوو لێکدراویش، بە گشتی واتا کۆی تیادایە، بڕوانە ( نموونەکانی (١٨٣) !).

١٨٣-أ- کۆی هەمووی دەکاتە بیستوپێنج. [ + کۆکردنەوە ]

ب- یەك و یەك کۆبکەیتەوە، دەکاتە دوو. [ + کۆکردنەوە ]

پ- منالەکان کۆبکەرەوە. [ +گروپ ] یان [ + ژماردن ]

ت- ئەو خۆلۆخاشاکە کۆبکەرەوە.

ج- منالەکان کۆبوونەوە.

لە نموونەکانی (١٨٣) دا، (أ و ب) واتای کۆکردنەوەیان هەیە. ڕستەی (پ) دوو واتای هەیە: یەکهەم: (بە واتای منالەکان بکە بە کۆمەلێك/ گروپێك)، دووهەم: ( بە واتای منالەکان بژمێرە بزانە چەند منالن )، بەلام ڕستەی (ت) هیچ کام لەو دوو واتای نییە، بەلکو بە واتای (گردوکۆ) بەکارهاتووە، ڕستەی (ج) یش واتای کۆی تیادایە. لە هەموو ڕستەکاندا / کۆ/ وەك وشەی سەربەخۆو وەك جومگەی وشەی ناسەربەخۆیش واتای کۆکردنەوەو کۆبوونەوەی هەیە.

/ کۆ/ لە دروستەی فرێزیشدا بەکاردەهێنرێت، بەڵام زۆرتر وەك وشەی ڕادەو ئـاوەڵکردار گۆدەکرێـت، لـە گەڵ ئەوەیشدا واتا ڕۆڵی هەیە لە هەڵبژاردنی ئـەو وشـانەی / کـۆ/ لەگەڵیانـدا بـەکاردەهێنرێت، واتـە لـە گـەڵ هەموو وشەیەکدا نایەت، بڕوانە نموونەکانی (١٨٤)!).

١٨٤–أ– کۆی پارەکە چەندە؟ [ + ژماردن ]

ب– کۆی قازانجەکە چەندە؟ بیست دینارە/ کیلۆ گەنمە [ ± ژماردن ]

پ– * کۆی ڕۆژەکە لە بازاڕ بوو. [ + کات، – ژماردن ]

ت– هەموو ڕۆژەکە/ ڕۆژەکە هەمووی لە بازاڕ بوو.

ج– کۆی ماڵەکان دووسەد ماڵە. [ + شت، + ژماردن ]

چ– کۆی شارەکانی کوردستان زۆرە. [ + شوێن، + ژماردن ]

ح– کۆی قوتابیانی هەر پۆلێك سی قوتابییە. [ + کەس، + ژماردن ]

لە نموونەکانی سەرەوەدا بە تاقیکردنەوە ئەوە سەلمێنرا، وشەی / کۆ/ لە پێکهاتەی مۆرفۆلۆژی لە گـەڵ ناوی کاتدا نایەت، بەڵام دەشێت ئەم وشەیە لە گەڵ ناوی کاتیشدا بێت، لە دروستەی فرێزدا دەربکـەوێت[٢٩٤] ( بڕوانە نموونەکانی (١٨٥)!).

١٨٥–أ– کۆی ڕۆژەکانی ساڵێك سێسەدو شەست و پێنج ڕۆژە. [ + کات، + ژماردن ]

ب– کۆی کاتژمێرەکانی ڕۆژەکە لە بازاڕ بوو. [ + کات، + ژماردن ]

/ ڕۆژ/ وەکو وشەی یەك مۆرفیمی ناوی کاتەو دەشێت وەك ناوی شـتیش بـەکاربهێنرێت. ئـەم وشـەیە لـە وشەی مۆرفۆلۆژی و لە فرێزیشدا بەکاردەهێنرێت، بڕوانە نموونەکانی(١٨٦)!).

١٨٦–أ– / ڕۆژ/ [ + ناوی کات/ ناوی شت (خۆر) ]

ب– / ڕۆژانە/ [ + ئاوەڵکردار ]

---

[٢٩٤] بیشڕوانە: محەمەدی مەحویی، (٢٠١٣).

پ- / ڕۆژ تا ئێوارە/ [ + ئاوەڵکردار ]

ت- / ڕۆژهەڵاتن/ [ + ناوی کرداری ]

ج- / ڕۆژهەڵات/ [ + ناوی شوێن ]

چ- / ڕۆژکردنەوە/ [ + ناوی کرداری ]

ح- ڕۆژی هەینی ( فرێزی ناوی )

خ- ڕۆژی ڕووناك ( فرێزی خستنەپاڵ )

بە پێی بەکارهێنانەکانی سەرەوە، وشەی / کۆ/ لە گەڵ ناوی کاتدا نایەت، مەگەر لە فرێزی خستنەسەر/ خستنەتەکیەکدا نەبێت، کە شاناوەکانی ناوی کات ببێتە دەرخەر بۆ ئەو ناوانەی شاناوەکە دەیانگرێتەوە، ( بڕوانە { کۆی ڕۆژەکانی ساڵێك، کۆی کاتژمێرەکانی ڕۆژەکە} ! )، وشەی / کۆ/ یش دەبێتە دەرخەری فرێزە خستنەسەرەکە. بەم پێیە /* کۆی ڕۆژ/ فرێزێکی ڕێگەپێنەدراوە، چونکە / کۆ/ لە گەڵ ناوی کاتدا نایەت. لەبەر ئەوە ناتوانرێت بگوترێت /*کۆڕۆژ/ لە فرێزی /*کۆی ڕۆژ/ یان /* کۆی ڕۆژەکە/ ڕۆژێك/ ڕۆژەکان/ ەوە وەرگیراوە، واتە /* کۆڕۆژ/ واتای کۆی ڕۆژەکەی نییەو لە ڕوویواتاوە ڕێگەپێنەدراوە. ئەگەر بە واتای ( کۆی هەواڵەکانی ڕۆژەکە ) یش بێت، ئەوا دیسان ڕێگە پێنەدراوە، چونکە ئەو دروستەیە، دەبێت دروستەیەکی فرێزی خستنەسەر/ خستنەتەکیەکی هەبێت و بەبێ مۆرفێمی /-ی/ خستنەسەر ئەم دروستەیە ڕێگەی پێنادرێت.

### ٢/٣-٤) /* گوێبیست/

وشەی /*گوێبیست/ وەکو وشەیەکی گشتی ئێستا لە زمانی کوردیدا بەکاردەهێنرێت, بۆ سەلماندنی ڕاستی و دروستی وشەکە, دەبێت بە ڕێگای بەکارهێنانی جومگەکانی وشە لێکدراوەکە لە سینتاتکس و مۆرفۆلۆژیدا تاقیبکرێتەوە ( بڕوانە نموونەکانی (١٨٧)و(١٨٨) ! ).

١٨٧-أ- گوێیەکانی کەڕ بوون. [ + ناو ]

ب- بە گوێی خۆم گوێم لێبوو, هەواڵەکە ڕاستە. [ + بۆ بیستن ]

پ– پێشمەرگەکە لە تەقینەوەکەدا گوێیەکی کەڕ بوو.	[ + ئەندامی لەش ]

ت– چەتەکان هەردوو گوێی بازرگانێکیان بڕی.	[ + دیاریکردن, + ژماردن ]

ج– نەوەد ساڵ تەمەنێتی , کەچی گوێی سوکە.	[ ± توانای بیستنی زۆر ]

چ– بەردەوام گوێقوڵاخە.	[ + گوێگرتن بە وردی ]

ح– / گوێگران /	( کەسێك گوێی بە باشی نەبیستێت )

خ– / گوێسوك /	( کەسێك گوێی زۆر بە باشی ببیستێت )

د– / گوێگرتن /

ر– / گوێلێبوون /	( بیستن )

ز– / گوێپێنەدان /	( گرنگیپێنەدان )

١٨٨–أ– لەم ڕۆژانەدا, ڕۆژی سەد درۆ دەبیستی.	[ + بیستن ]

ب– ئەو دەنگە گەورەیەت بیست.	[– چالاکی ]

پ– هەواڵەکەم بیست.	[ + بەرکاری ]

ت– / بیسەر/ بەرانبەر بە / گوێگر/

ج– / نابیست/ بە واتای / کەڕ/

زۆربەی کرداره لێکدراوەکان واتای ئیدیۆمییان هەیە, بۆ نموونە/ گوێگرتن/ واتای گرتنی گوێی نییە. بەڵکو واتای بیستنی هەیە بەسەرنجدانەوە ( بڕوانە نموونەکانی (١٨٩)!).

١٨٩–أ– گویَ لە ڕادیۆ/ هەواڵەکان دەگرێت.	[ + متابعە ]

ب– گویَ بە قسەی خەڵك نادات.	( / گوێپێنەدان/ )

پەیوەست بەوەی خرایە ڕوو, ئەو پێکەوە هاتووانەی, کە لەگەڵ یەکتریدا هەڵدەکەن، وەك / خوڕەی ئاو، قاسپەی کەو، حیلەی ئەسپ، .../ لە ڕووی سیمانتیکییەوە بەستراون بەیەکەوە[295]، لەبەر ئەوە کاتێك قسەکەر لە / خوڕە/ دەدوێت، / ئاو/ لە هزریدایە، ئەمەیش بۆ / قاسپەی کەو، حیلەی ئەسپ/ یش دەبێت و ڕاستە. هەر هەستێك بۆ ئەرکێکە، لووت بۆ بۆنکردن، گوێ بۆ بیستن، دەم و زمان بۆ چێژو قسەکردن، دەست بۆ هەستکردن بە دەستلێدان، بۆیە وشەی مۆرفۆلۆژی /* لووتبۆن، * دەمقسە، * زمانچێژ، ... هتد/ دروستناکرێت، هەرچەندە دەشێت لە ڕووی مۆرفۆلۆژییەوە ڕێگەپێدراو بن، کەواتە لە ڕووی واتاوە کەم بەهایە. هەر وەکو چۆن پێکەوەهاتووەکانی وەکو / لووت/ لەگەڵ / بۆن/ یان / بۆنکردن/ نایەت، بە هەمان شێوەیش وشەی /* گوێبیست/ لە ڕووی سیمانتیکییەوە پێکەوە هەڵناکەن.

### ٢/٣–٥) /* نیوڕۆژ/[296]

بۆ سەلماندنی ڕاستی و دروستی ئەم وشەیە، بە ڕێگای بەکارهێنان لە مۆرفۆلۆژی و سینتاکس و گونجانی واتا/ ڕێگەی واتا وشەکەو جومگەکانی تاقیدەکرێنەوە. کەرتی یەکەمی وشەکە / نیو/ لە چەند وشەیەکدا هەیەو دەبینرێت. ئەو وشانەی، یان فرێزانەی / نیو/ بەشداری لە پێکهاتەکانیاندا دەکات، دەشێت / نیو/ واتای نیوەی شتەکە، یان ناوەڕاستی شتەکە، یان واتای تری هەبێت، بڕوانە (نموونەکانی (١٩٠)!).

١٩٠–أ– { نیو ڕۆژ } [ + لە ڕۆژێك نیوەی ]

ب– { نیو شەو } [ + لە شەوێك نیوەی ]

پ– { نیو کاژێر } [ + لە کاژێرێك نیوەی ]

ت– / نیوکیلۆیی/ بەرانبەر بە / یەککیلۆیی، دووکیلۆیی، .../ [ + ناوی شت بۆ کێشانە]

ج– { نیو کیلۆ } [ + لە کیلۆیەك نیوەی ]

چ– / نیودینار/ [ + ناوی پارە ]

ح– نیو خولەك [ + لە خولەکێك نیوەی ]

[295] بڕوانە: بیستوون حەسەن ئەحمەد، (٢٠١٢).

[296] / نیوڕۆژ/ ناوی بەرنامەیەکە لە کەناڵی ئاسمانی ڕووداو. تیایدا هەواڵەکانی نیوەی ڕۆژێك دەخوێنرێتەوەو دەخرێتەبەرچاو.

خ– نیو مەتر [ + لە مەترێك نیوەی ]

د– / نیوقۆڵ/ [ + ئاوەڵناو ]

/ نیو/ لە بەکارهێنانەکانی سەرەوەدا، وەك جومگەی وشەی مۆرفۆلۆژی و وەك دەرخەر لە فرێزیشدا، وەك پێشگر دەردەکەوێت. لە گەڵ ناوی کات و شتدا دێت. لە فرێزەکاندا بە واتای ( نیوەی کاتەکە/ شتەکە ) ی هەیە. لە وشە مۆرفۆلۆژییەکاندا ناوی شت یان ئاوەڵناو دروستدەکات. بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییە ڕستەکانی (١٩١) دەخرێنەڕوو!

١٩١–أ– * نیو ڕۆژ لە کاتەکەت گرتم./ نیوەی ڕۆژەکەم لە کاتەکەت بدەرێ.

ب– * نیوشەوم لە کاتەکەت نادەیتێ. / نیوەی شەوەکەم لە کاتەکەت بدەرێ.

پ– نیو کاژێر لە کاتت گرتم.

ت– نیو کاژێرم لە کاتەکەت نادەیتێ.

ج– یەك کیلۆییەك و نیوکیلۆییەکی کڕی بۆ کارەکەی.

چ– نیو کیلۆ سێوی کڕی.

ح– نیو خولەکی تر بانگدەدات.

د– کراسێکی نیوقۆڵم کڕی.

جگە لە وشەی / نیو/، وشەی / نیوە/ یش وەك هاوواتاو نزیك لە واتاو جیاواز لە واتای /نیو/ هەیەو دەبینرێت و بەشداری لە وشە مۆرفۆلۆژی و فرێزەکاندا دەکات (بڕوانە نموونەکانی (١٩٢)!).

١٩٢–أ– / نیوەڕۆ(ژ)/ [ + ناوەڕاستی ڕۆژ ]

ب– / نیوەشەو/ [ + ناوەڕاستی شەو ]

پ– نیوەی ڕۆژ [ + لە ڕۆژێکدا نیوەی ]

ت– نیوەی شەو [ + لە شەوێکدا نیوەی ]، یان [ + ناوەڕاستی شەو ]

ج– پەرداخی نیوە [ + ئاوەڵناو ]

چ– نیوەی ساڵ [ + لە ساڵێکدا نیوەی ]، یان [ + ناوی کات/ ناوەڕاستی ساڵ ]

ح– نیوەی پارەکە [ + لە کۆی هەموو پارەکە نیوەی ]

خ– نیوەی تەمەن [ + لە تەمەندا نیوەی ]

لە پێکهاتەی وشەو فرێزەکانی سەرەوەدا، / نیوە/ لە گەڵ ناوی کاتدا وشەی مۆرفۆلۆژی دروستدەکات لە دروستە مۆرفۆلۆژییەکانداو واتای ( ناوەڕاستی کاتەکەی هەیە )، بەڵام لە فرێزەکاندا بە گشتی واتای ( نیوەی کاتەکە ) ی هەیەو دەشێت واتای ناوەڕاستی کاتەکەی هەبێت. بە گشتی / نیوە/ لە وشەو فرێزەکاندا وەك پێشگر خۆیدەنوێنێت، لە گەڵ ئەوەیشدا دەکرێت لە وشەیەکی وەك / قاپی نیوە/ دا وەك پاشگر دەربکەوێت و گۆکردنی ئاوەڵناوی هەبێت، بڕوانە (نموونەکانی (١٩٣)!).

١٩٣–أ– نیوەڕۆ گەڕامەوە بۆ ماڵ. [ + ناوەڕاستی ڕۆژ ]

ب– نیوەی ڕۆژەکەی بە یاریکردن بەسەردەبات. [ + نیوەی ڕۆژەکە ]

پ– نیوەی شەوەکەی بە ئینتەرنێت دەباتە سەر. [ + نیوەی شەوەکە ]

ت– نیوەی شەو گەیشت. [ + ناوەڕاستی شەو ]

ج– لەو هەموو پەرداخە ئاوە پەرداخێکی نیوەی خواردەوە. [ + ئاوەڵناو، + نیوە ]

چ– لە دوای نیوەی ساڵ وازی لە خوێندن هێنا. [ + ناوی کات ]

ح– نیوەی ساڵەکە کاردەکات و نیوەکەی تریش لە گەشتە. [ + لە ساڵەکە نیوەی ]

خ– نیوەی پارەکەی بۆ ناردووم. [ + لە پارەکە نیوەی ]

ر– نیوەی تەمەنی بە ئازارەوە بەسەربرد. [ + لە تەمەنیدا نیوەی ]

به پێی به کارهێنانەکانی / نیو/ و / نیوە/ لە وشەو فرێزو ڕستەکانداو بە تایبەتی لەگەڵ ناوی کاتداو بە تایبەتیتریش لە گەڵ ناوی کاتی / ڕۆژ/ دا، کە لە (پێشتر) دا لە دروستە مۆرفۆلۆژی و سینتاکسییەکاندا بەکارهێنراو سیماکانی خرانەڕوو، ئەوە سەلمێنرا، کە / نیو/ لەگەڵ ناوی کاتدا وەك وشەی مۆرفۆلۆژی نایەت و لە زمانی کوردیدا ڕێگە پێنەدراوە. پرۆسەیەك لە چەشنی ( نیو + ناوی کات ) لە زمانی کوردیدا نییە، بڕوانە (١٩١–١٩٣). / نیو/ لە گەڵ ناوی شت دەتوانێت وشە دروستبکات، کە بە گشتی ناوی شتن نەك ناوی کات، هەروەها دەیشتوانێت ئاوەڵناوی لێکدراویش دروستبکات (بڕوانە / نیوقۆڵ/ !). لە پێکهاتەی فرێزەکانیشدا لە گەڵ ناوی کاتدا واتای ( نیوەی کاتەکە ) ی هەیە، بەڵام وشەی / نیوە/ لەگەڵ ناوی کاتدا وشەی مۆرفۆلۆژی دروستدەکات و واتای (ناوەڕاستی کاتەکە ) ی هەیە (بڕوانە (١٩١ أ و ب، ١٩٢أ و ب)!)، بەڵام لە گەڵ ناوی شتدا ناتوانێت وشەی مۆرفۆلۆژی دروستبکات. بە پێی ئەم ڕاڤەکردنەو بە پێی بەکارهێنانەکانیان، دروستەکانی (١٩٤) وشەن و دروستەکانی (١٩٥) یش وشە نین و نەبوون بە وشە، دروستەکانی (١٩٦) یش لە نێوان وشەو فرێزدان.

| | |
|---|---|
| ١٩٤–أ– / نیودینار/ | [ + ناوی شت/ پارە ] |
| ب– / نیوکیلۆیی/ | [ + ناوی شت ] |
| پ– / نیوقۆڵ/ | [ + ئاوەڵناوی چۆنییەتی ] |
| ت– / نیوەڕۆ(ژ)/ | [ + ناوی کات ] |
| ج– / نیوەشەو/ | [ + ناوی کات ] |
| چ– / نیوەی ساڵ/ | [ + ناوی کات ] |

١٩٥– نیو ڕۆژ، نیو شەو، نیو خولەك، نیو مەتر

١٩٦–أ– نیوەی شەو ( بڕوانە (١٩٤ج)!)

ب– نیو کاژێر ( بڕوانە (١٩٤پ ، ت)!)

/* نیوڕۆژ/، کە لە کەناڵی ڕووداو بەکاردەهێنرێت، ئەگەر مەبەست لە هەواڵـەکانی نیـوەی ڕۆژەکـە بێـت، ئەوە وشەکە ئەو واتایە ناگەیەنێت، چونکە نەبووە بە وشە، ئەگەریش مەبەستی دروێنەی هەواڵەکانی نیـوەی ڕۆژەکە بێت، وەك لە عەرەبیدا (حصاد اليوم) ی بۆ بەکاردەهێنرێت، ئەوە دیسان ڕێگـە پێنـەدراوە، چـونکە نـەبووە بـە وشـە، کەواتـە بـە پێـی ئـەم ڕوونکردنەوانـە وشـەکە چـەوتە، یـان کـەڵك لـە واتـاو ناوەڕۆکەکـەی وەرنەگیراوە.

## ئەنجامەکان

١- پرۆسەکانی وشەدروستکردن یاساو مەرجی تایبەت بە خۆیان هەیە، کە بۆ پۆلەڕەگەزە جۆراوجۆرەکان و چەشنی دروستەکانیان، واتە سەرەوڕیزبوونیان لە چێوەی دروستەیەکدا، دەگرێتەوە. ژمارەیەك لە وشە دروستکراوە نوێکان بۆیە ڕێگەیان پێنادرێت، چونکە لە ڕووی دروستە مۆرفۆلۆژییەکەیانەوە ڕێگەپێنەدراون. بە واتایەکی تر لە گەڵ دروستە مۆرفۆلۆژییە کوردییەکانی تردا ناگونجێن و پەیڕەوی یاساکانیان نەکردوون.

٢- لە سەر ئاستی سیمانتیکی وشە دروستکراوەکان، بە تایبەتی وشە لێکدراوەکان و هەڵکردنی جومگەکانیان، لە سەر ئاستی چەپکە سیما واتاییەکانیان لە گەڵ یەکتریداو ڕێکەوتنی دروستەی ناوەرۆکی چەپکە سیماکانیان پێکەوە مەرجی سەرەکین. بە زۆری ئەو وشە تازە دروستکراوانە لە ڕووی ئەم بنەما سیمانتیکییەوەیە، کە پەسەند نین.

٣- بەربەستەکانی بەردەم وشەدروستکردن لە وشەیەکەوە بۆ وشەیەکی تر جیاوازە، دەشێت وشەیەك بەربەستێکی هەبێت، یان زیاتر. بۆ نموونە وشەی /* گوێبیست/ لە بەر ڕێککەوتنی واتایی جومگەکانییە، پەسەند نییە، بەڵام وشەیەکی وەك /* مارمێلکەماسی/ نە ڕێککەوتنی واتایی ڕێگەی پێدەدات، نە دروستە مۆرفۆلۆژییەکەی و نە دروستە فۆنۆلۆژیەکەیشی.

٤- لە ئەنجامی تێکەڵبوونی پێکهاتە مۆرفۆلۆژی و سینتاکسییەکانی ڕێزمانی کوردی، هەمیشە پرۆسەو یاساکانی وشەدروستکردن ڕوون نەبوون. نموونە بۆ ئەمە وشە فرێزییەکان و ئەو لاگرانەن، کە تەواو دیارینەکراون سەر بە مۆرفۆلۆژین یان سەر بە سینتاکسن.

# سەرچاوەکان

## کتێب:


١- ئەوڕەحمانی حاجی مارف (١٩٧٧), وشەڕۆنان لە زمانی کوردیدا, چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد, بەغدا.

٢- ئەوڕەحمانی حاجی مارف (١٩٧٩), ڕێزمانی کوردی, بەرگی یەکهەم(مۆرفۆلۆجی)، بەشی یەکهەم(ناو)، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد.

٣- ئەوڕەحمانی حاجی مارف (١٩٧٩), ڕێزمانی کوردی, بەرگی یەکهەم(مۆرفۆلۆجی)، بەشی دووهەم(ئاوەڵناو)، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد.

٤- ئەوڕەحمانی حاجی مارف (١٩٩٨), ڕێزمانی کوردی, بەرگی یەکهەم(مۆرفۆلۆجی)، بەشی چوارهەم(ژمارەو ئاوەڵکردار)، دەزگای ڕۆشنبیری بڵاوکردنەوەی کوردی.

٥- ئەوڕەحمانی حاجی مارف، (٢٠٠٠-أ), ڕێزمانی کوردی, بەرگی یەکهەم(مۆرفۆلۆجی)، بەشی پێنجهەم (کردار)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

٦- ئەوڕەحمانی حاجی مارف، (٢٠٠٠-ب)، زمانی کوردی و خەوشی هەندێ وشە و زاراوەی نوێ، بەشی یەکهەم، بەغدا.

٧- بێستوون حەسەن ئەحمەد (٢٠١٢), کۆمەڵەوشەو پێکەوەهاتن لە زمانی کوردیدا, چاپخانەی لەریا, سلێمانی.

٨- تەوفیق وەهبی (١٩٢٩)، دەستووری زمانی کوردیی، بەرگی یەکهەم، دار الطباعة الحدیثة، بەغدا.

٩- ڕۆژان نوری عەبدوڵڵا (٢٠١٣)، فەرهەنگی زمان و زاراوەسازی کوردی، چاپی دووهەم، چاپخانەی چوارچرا.

١٠- ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی(٢٠١١)، لیژنەی زمان و زانستەکانی کۆڕی زانیاری کورد، چاپی دووهەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

١١- سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو (٢٠٠٩)، زمانەوانی، بەرگەکانی (یەکهەم، دووهەم، سێهەم)، چاپخانەی منارە، هەولێر.

١٢- ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی (٢٠١٣)، هەندێ لایەنی ڕستەسازی زمانی کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

١٣- شەهاب شێخ تەیب تاهیر (٢٠١٢), بنەما و پێکهاتەکانی زاراوە لە زمانی کوردیدا, چاپخانەی کەمال , سلێمانی.

١٤- شیلان عومەر حسەین (٢٠١٢)، پەیوەندی سینتاکس و سیمانتیك لە ڕێزمانی کوردیدا، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

١٥- عەبدولجەبار مستەفا مەعروف (٢٠١٠), دروستەی فرێز لە زمانی کوردیدا, مەڵبەندی کوردۆلۆجی, سلێمانی.

١٦- عەبدولواحید موشیر دزەیی (٢٠١٣)، وشەسازی زمانی کوردی، چاپخانەی ئاوێر، هەولێر.

١٧- غازی عەلی خورشید (٢٠١١)، زمانی فەرمی بۆ کوردستان، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

١٨- کامیل حەسەن بەسیر (٢٠١٣)، بەراوردکارییەك لە نێوان زمانی کوردی و زمانی عەرەبیدا، چاپی دووهەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

١٩- کلۆد جیرمان و ریمۆ لۆبلان، و: د. یوسف سەریف سەعید (٢٠٠٦)، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.

٢٠- محەمەد ئەمین هەورامانی (١٩٧٤), سەرەتایێك لە فیلۆلۆژیی زمانی کوردی, بەڕێوەبەرێتی گشتیی ڕۆشنبیری کوردی.

٢١- کۆمەڵێك زمانەوان, وەرگێڕانی محەمەدی مەحوی (٢٠٠٩-أ), مۆدێل و مۆدێلەکانی ڕێزمان, چاپخانەی ڕەنج, سلێمانی.

٢٢- محەمەدی مەحویی (٢٠٠١)، رستەسازیی کوردیی، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

٢٣- محەمەدی مەحوی- نەرمین عومەر ئەحمەد (٢٠٠٤), مۆدێلی ڕێزمانی کوردی, چاپخانەی ژیر, سلێمانی.

٢٤- محەمەدی مەحویی (٢٠٠٦)، ئاوەزداریی و ڕێزمانی ناوەڕۆك-وابەستە، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

٢٥- محەمەدی مەحویی (٢٠٠٩-ب)، زانستی هێما، هێما، واتاو واتالێکدانەوە، بەرگی دووهەم، زانکۆی سلێمانی، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی.

٢٦- محەمەدی مەحویی (٢٠١٠), مۆرفۆلۆژیی و بەیەکداچوونی پێکهاتەکان, بەرگی یەکەم, زانکۆی سلێمانی, سلێمانی.

٢٧- محەمەدی مەحویی (٢٠١١)، بنەماکانی سینتاکسی کوردیی، بەرگی یەکەم، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی.

٢٨- محەمەد مەعروف فەتاح (١٩٩٠), زمانەوانی , کۆلێژی ئاداب, زانکۆی سەلاحەدین.

٢٩- محەمەد مەعروف فەتاح, سەباح ڕەشید قادر (٢٠٠٦), چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجیی کوردی , بەشی ڕووناکبیری , چاپخانەی ڕوون , سلێمانی.

٣٠- محەمەد مەعروف فەتاح (٢٠١٠)، لێکۆڵینـەوە زمانەوانییـەکان، کۆکردنـەوەو ئامادەکردنـەوەی: شـێروان حسێن خۆشناو و شێروان میرزا قادر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
٣١- نوری عەلی ئەمین (٢٠١٢)، ڕێزمانی کوردی، چاپی دووهەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
٣٢- نوری عەلی ئەمین (١٩٥٨)، گرتنی کەلێنێکی تر لـە ریزمـانی کـوردی ( پێـشگر - پاشـگر )، چاپخانەی مەعارف، بەغدا.
٣٣- هەژار (١٣٨٨)، فەرهەنگی هەنبانەبۆرینە، چاپی شەشهەم، تەهران.
٣٤- وریا عومەر ئـەمین (٢٠٠٩), ئاسـۆیەکی تـری زمانـەوانی, بـەرگی یەکهـەم, چـاپی دووهـەم , چـاپخانەی ئاراس, هەولێر.
٣٥- وریا عەمەر ئەمین (٢٠١١)، پیتۆکەکانی زمانەوانی، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
٣٦- یارا قادر مەلازادەیی (٢٠١٣)، مۆرفۆسینتاکس لە شێوەزاری کۆیەدا، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.
٣٧- یووسف شەریف سەعید (٢٠١٣-أ), وشەسازی چالاکی لێژنەی ڕێزمان, ئەکادیمیای کوردی, چـاپخانەی حاجی هاشم, هەولێر.

٣٨- یووسف شەریف سەعید (٢٠١٣-ب)، کاری لێکدراو لە زمانی کـوردی و فارسـیدا، ئـەکادێمیای کـوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

## نامەی ماستەرو دکتۆرا

١- ئەبوبەکر عومەر قادر (٢٠٠٣), بەراوردێکی مۆرفۆسینتاکس لە زمانی کوردی و فارسی دا, کۆلێـژی زمـان, زانکۆی سلێمانی, ماستەر.
٢- دارا حەمید محەمەد (٢٠٠٦)، پەیوەندییە واتاییەکان لە زمانی کوردیدا، زانکۆی بەغدا، ماجستێر.
٣- ساکار ئەنوەر حەمید (٢٠٠٩), وشەخواستن لە زمـانی کوردیـدا , کـۆلێجی زمـان , زانکـۆی سـەلاحەددین, ماجستێر.
٤- شـێرکۆ حەمەئـەمین قـادر (٢٠٠٢)، مۆرفیمـە بەنـدە لێکسیکی و ڕێزمانییـەکان و ئـەرکیان لـە دیـالێکتی گۆراندا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، ماجستێر.
٥- فـەرهاد تۆفیـق حەسـەن (٢٠١٠), پەیوەندییـە سـیمانتیکییەکان و هەنـدێك دیـاردەی واتـایی لـە زمـانی کوردیدا, کۆلێژی زمان, زانکۆی سلێمانی, ماجستێر.

٦– کەوسەر عەزیز ئەحمەد (١٩٩٠), بیردۆزی مۆرفیم و هەندێ لایەنی وشەسازی کوردی, کۆلێژی ئاداب, زانکۆی سەلاحەدین, ماستەر.
٧– محەمەد عومەر عەول (٢٠٠١)، دابەشبوونی کرداری لێکدراو لە ڕووی داڕشتن و ئەرکەوە –لە کرمانجی خوارووددا–، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، ماجستێر.
٨– میدیا مراد محمدامین (٢٠٠٩)، لێکدان و خستنەپاڵ لە زمانی کوردی دا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، ماستەر.
٩– نەرمین عومەر ئەحمەد (٢٠١٠)، بەبەرهەمی لە مۆرفۆلۆیی کودیدا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، ماستەر.
١٠– هیدایەت عەبدوڵڵا موحەمەد (٢٠٠٢), ڕێککەوتنی واتایی ناو و ئاوەڵناو لە زمانی کوردیدا, کۆلێژی زمان, زانکۆی سلێمانی, دکتۆرا.

## گۆڤارو ڕۆژنامە

١– ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی (٢٠١٤)، ڕەحیم قادر سورخی، پرۆسەی بە وشە بوون لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژمارە (١).
٢– فەریدوون عەبدول محەمەد (٢٠١٢)، پاشماوەی سیستەمی ئێرگەتیڤیی لە کرمانجی ناوەڕاستدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی بەشی B، ژمارە (٣٧).
٣– محەمەدی مەحویی (٢٠١٣)، ئاوەڵکردار، ئاوەڵکرداریی و ناوی کات، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی بەشی B، ژمارە (٤٢).

٤– محەمەدی مەحویی (٢٠١٤)، ئاوەڵناوی کوردیی لەنێوان تیۆری و تایبەتمەندییەکانیدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی بەشی B، ژمارە (٤٤).

## کەناڵی ئاسمانی

١– کەناڵی ئاسمانی ڕووداو

٢– کەناڵی ئاسمانی NRT

**سەرچاوەی عەرەبی**

١– جون لوينز، ت: محمد العانى (٢٠٠٩)، الطبعة الاولى، مطبعة دار الجرير للنشر والتوزيع.

١– حاتم صالح الضامن (١٩٨٩)، علم اللغة، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، جامعة بغداد، مطبعة التعليم العالي، بغداد.

**سەرچاوەی ئینگلیزی**

١- Aitchison,J. (٢٠١٠), Understand Liguistics, Seventh Edition.

٢- Farrokhpey,M. (١٣٧٧), Lingustic, Fourth, Tehran.

٣- Fromkin,V. Rodman,R. Hayams,N.(٢٠٠٣), An Introduction to Language, Seventh Edition, U.S.A.

٤- Katamba.F and Stonham.J, (٢٠٠٦), Modern Linguistics Morphology, Second Edition.

٥- Katz,J.J. and Fodor,A, (١٩٦٣), The structure of a semantic theory.

٦- Scalise,S. (١٩٨٦), Generative Morphology, Foris Publication, Dordrecht, Holand.

٧- Stageberg.N.C, (١٩٨١), An Introductory English Grammar, Forth Edition, Printed in U.S.A.

## مخلص الرسالة

الرسالة موسومة بعنوان ( عمليات و قوانين بناء الكلمة في اللغة الكوردية ( لكنة السليمانية))، استوجب وضع حد فاصل بين المورفولوجيا و النحو، لذا خُصص الفصل الاول لمكونات المورفولوجيا في قواعد اللغة الكوردية، و في هذا النطاق تم التفريق بين مورفيمات بناء الكلمة و تصريفها بقصد تحديد الملمح الدلالي للفصائل المعجمية، حيث تم بيان تصنيف و إخراج الملامح الدلالية فضلاً عن عرض العمليات و القوانين الرئيسة لبناء الكلمة مع موانعها، و نتيجة ذلك توصلنا الى تحديد الملمح الدلالي لعدد من الكلمات و توضيح مناسبة مفاصل كلماته المركبة، و بحسبهِ أُعطي نماذج منع الكلمات المشتقة و المصطنعة، و عليه تم تقسيم الرسالة على مقدمة و فصول ثلاثة مع نتائج.

الفصل الاول: بعنوان ( المورفولولجيا في قواعد اللغة الكردية )، و فيه تم عرض بعض من النظريات الدلالية و المبادئ التي يعمل عليها المورفولوجيا، و عرض قوانين الكلمات المركبة و المشتقة، مع إيراد تصنيفات اللغويين للفصائل المعجمية.

الفصل الثاني: بعنوان ( الفصائل المعجمية واللواحق ) و فيه أُستعمل عدد من الكلمات المركبة و قليل من الكلمات المشتقة مع مكوناتها في الجملة و الى حدٍ ما العقدة/ الفريز و الكلمة غير التامة و من ثم عرض قوانينها حسب استعمالاتها و في النهاية تمت الاشارة الى الاسباب التي تعيق بناء الكلمة.

الفصل الثالث: بعنوان ( الاختبار و التقييم ) و فيه تم تقييم و اختبار مجموعة من الكلمات حديثة النشأة على اساس استعمالات الفصل الثاني في الجملة و المورفولوجيا، و الاشارة الى سلامة تلك الكلمات.

و أخيراً، تم تقديم الاستنتاجات الهامة التي أستمدت من تحليل معطيات الرسالة.

## Abstract

The thesis is entitied ( Word building processes and rules in kurdish language (Sulaimania sub-dialect)). To determine the title, the morphological and syntactic border is needed. So the first chapter includes the morphological construction in kurdish grammar model, Through this way, derivational morphems and inflectional morphems are distiguished. Second chapter is devoted to explore semantic features and lexical categories, so the classification and analysis of semantic features are explained with the process, rules and constrains of word formation. As a result we reached the point of determining the semantic feature of a number of words and necessary explanation is made on the concord. Chapter three provides examples of ill formed words of compound word joints.

Accordingly the thesis consists of three chapters.

First chapter: under title (morphological structure in kurdish grammar model ). In wich the semantic theories are expressed with some of those principles affected by morphology, and also several compound word rules are contructed as well. Then some linguists classification of lexical categories are shown.

Second chapter: carries the ( Lexical categories and Affixes ), in wich a number of compound and derivational words are stated with their classification in sentences and rules are described according to their usage. Then the constrains causes are declared.

Third chpter: Is devoted to ( testing and evaluation ), of new words. In this part a number of newly created words are discussed on the basis of principles of their functions in the second chapter. Also the accuracy and correctness of those words are clearly shown.

Finally, the important conclusions was presented, wich derived from the analysis of the data of the thesis.